# زمانێکی نێرسالار

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

محەمەد فەریق حەسەن

# زمانێکی نێرسالار

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

ناوی کتێب: زمانێکی نێرسالار – لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٦٧
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولیر – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٢١ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

## پێڕست


وەرگێڕان.. پردێک بۆ پەڕینەوەی هزر ........ 7
وەرگێڕ.. هونەرمەندە یان سێبەر؟ ........ 12
وێنەی قارەمانی میللی لە حیکایەتی (سوارچاک)دا ........ 17
خوێندنەوەی شەش حیکایەتی میلیی بڵاو نەکراوە ........ 28
گۆرانی، دەنگدانەوەی مێژووە ........ 38
سەفەر ژیانە ........ 71
بەیەکداچوونی شیعر و ئەفسانە ........ 90
سەرەتایەک بۆ ئەدەبی بەرگری ........ 98
زەبری گێڕانەوە ........ 109
ئاسایشی فەرهەنگی ........ 122
چیرۆک و مەعریفە ........ 131
زمانێکی نێرسالار ........ 135
مێشوولە و فیل ........ 149
فیلی سپی (ئەفسانەیەک لە هیندستانەوە) ........ 154
حەج.. شیعر و نوستالجیا ........ 163
کورتە چیرۆک هێشتا هەر بەڕێوەیە ........ 173

# وەرگێڕان.. پردێک بۆ پەڕینەوەی هزر

گۆتە دەڵێ: "تەنیا دووجاران وەرگێڕان لە دەقە ئەسڵییەکەی تێپەڕاندووە، یەکەمیان کاتێک نیرفاڵ شیعرەکانی منی بۆ زمانی فرەنسی وەرگێڕا، دووەمیشیان کاتێک فیتزجیراڵد چوارینەکانی خیامی وەرگێڕاوە." لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەی وەرگێڕان، بە وەرگێڕانی خودی شیعریشەوە هێشتا درێژەی هەیە، ئەگەرچی ژانری شیعر ئێستا لە پاشەکشەدایە. ئەدەبی کوردییش پێویستی بە ناسینی ئەدەبی میللەتانی دنیا هەیە، تاکو لێیان بەهرەمەند ببێت و، شارەزایان بیشزانن لە کوێی ئەواندا وەستاون. ئەم بەراوردەیش پرۆسەی وەرگێڕان دەیهێنێتە دی.

وەرگێڕان لە خۆیدا بەشداریکردنیشە لە پرۆسەی ڕووناکبیری و گوتوبێژی نێوان گەلان و شارستانەتییەکاندا. کەشفی داهێنەکانی دنیایە لە بۆ تاکی کورد. پشکدارییە لە هۆشیاری و خزمەتی هەڵکشانی ئاستی ڕووناکبیری لەلای تاکی کورد دەکات. لێرەیشەوە گەلان لە یەکتری دەگەن و یەکترییش دەناسن. دەشێ بڵێین: شاڕێگەیەکیشە بۆ کەشفکردنی جیهان و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان لە نێوان گرووپ و گەلە دوور و جیاوازەکاندا. دەکرێت لە ڕێی وەرگێڕانەوە، لە ئەزموونی یەکدووەوە فێر ببین و دەرس وەربگرین.

وەرگێڕان عەجیب ڕۆڵێک لە ناساندنی نووسەر و فەیلەسووفەکان بە دنیا دەگێڕێ. ئەگەر وەرگێڕان نەبوایە، کێ فەیلەسووفێکی وەک سۆران کییەکەگۆ (کیرکیگارد)ی بەدنیا دەناساند؟ ڕەنگە کاتێک ناوبراو لە ساڵی (١٨٤٣)دا، (ڕامانە فەلسەفییەکان)ی لە کۆبنهاون بڵاو کردووەتەوە، حەشیمەتی خودی دانیمارک یەک دوو ملیۆن بووبێت. بزانە چلۆن وەرگێڕان نووسەرێک لە لۆکالەوە دەکات بە جیهانی!

زۆربەی ئەو بەرهەمە کلاسیکییانە سەرەتا وەرگێڕدراونەتە سەر زمانێکی بڵاوی وەک ئینگلیزی و فرەنسی و پاشان لەوێیشەوە بۆ سەر زمانەکانی تر. وەلێ ئەگەر ئێمە تەنیا لە زمانەکانی ترەوە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی، ئەو کردەیە نابێتە دایەلۆگ، یان گوتوبێژی تەواو، چونکە یەکلایەنەیە. گەرەکە لەلایەن خۆیشمانەوە دەزگە و دامەزراوەی وەها هەبێ وەرگێڕانی پێچەوانە لە کوردییەوە بۆ سەر زمانەکانی تر لە ئەستۆ بگرێت و هانیشی بدا.

لەجێیە لانی کەم ئەو بەرهەمانەی خۆمان لەسەریان کۆکین کە ڕووی گەشی ئەدەبی کوردین، بۆ زمانە بڵاوەکان وەربگێڕدرێن. ئەو حەلە وەرگێڕان ڕۆڵی تەواوی خۆی دەبینێت و دەبێتە گوتوبێژی نێوان میللەتان. دەنا ئەگەر هەر لە زمانی بیانییەوە بۆ کوردی بێ، ئەوە تاکلایەنەیە و دەکاتە نیوەی پرۆسەکە. ئەوەندەی من لێرە بیستوومە، زۆر میللەت لەوانەی، کە ناوی (کورد)یان بەرگوێ کەوتووە، باوەڕیان کزە بەوەی کورد خاوەنی کتێب بێت، چ جای داهێنان!

ئێمە کاتێک ڕۆمانێک، یان هەر بابەتێکی تری ئەدەبی، هزری و زانستی بۆ سەر زمانی کوردی وەردەگێڕین، مانای وایە زمانەکەمان بە هەموو توانای خۆیەوە دەخەینە بواری کار و چالاکییەوە. زەروورەتی پرۆسەی وەرگێڕانیش وەهامان لێ دەخوازێت زاراوەی نوێ و دەربڕینی نوێی ئەوتۆ دابهێنین، لەگەڵ واتای وشە و زاراوە بیانییەکاندا بێنەوە و پڕ بەپێستیان بن.

لەبەر ئەو هۆیانەی کە هەموومان دەزانین، زۆرێک لەو زمانانەی وا ئێمە لێیانەوە وەردەگێڕین لە زمانی کوردی دەوڵەمەندترن. لانی کەم ئەوان، یەکگرتوون و بەستاندارد کراون. ساڵەهایە خزمەت کراون و ژێرچەپۆکەی زمانی تر نین. زمانی زانست و سیاسەتن. لێرەدا دەمەوێت بێژم، وەرگێڕان زمانی کوردییشی پێ دەوڵەمەندتر دەبێت. تواناکانیش، واتە توانای زمانزانەکانی کوردیش سەردەخات و دەیانخاتە نێوجەنگەی چالاکی کار و بەرهەمهێنانەوە.

پێم وایە ئەو سەرچاوانەی دەست لەسەر مافە مەدەنییەکانی تاک دادەگرن،

چەمکەکانی یەکسانی و دیموکراسی و مرۆڤدۆستی و گیانی لێبووردن و لەقاودانی توندوتیژی، بێدادی و دیکتاتۆرییەت لە پێشترن بۆ وەرگێڕان. هەروەها کارێکی لەجێیە ئەو سەرچاوانەی باس لە مێژووی کورد دەکەن وەریان بگێڕین. وا چاکە پێشنۆرە بۆ هزر بێت. دوای ئەوانە ئەمجا بێینە سەر شاکارە کلاسیکییەکانی جیهان لە بەستێنەکانی شانۆ و ڕۆمان. چونکە ئەگەر تاک مافەکانی خۆی زانی، ئەوسا دەیشزانێت چلۆن کاریان بۆ بکات و باوەش بۆ ژیان و زانستیش بکاتەوە. ئەوسا بە دڵگەرمییەوە کاریش بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەکەی خۆی دەکات. ڕەوایە لە وەرگێڕانیشدا تاک چەق و تاک ئامانج بێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە، بۆ ئەوەی کارەکان تەواو کۆک و سەرکەوتوو بن و مافی خۆیان بدرێتێ، گەرەکە لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە وەربگێڕدرێن. کاری وەرگێڕانیش لە (پیشە)وە نزیکترە تاکو هونەر و ئەدەب. دەکرێ بڵێم، وەرگێڕان پیشەیەکە، تێکەڵی و ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەدەبدا هەیە. ئەمەش بەو مانایە نایەت گوایە ئەو کەسەی پەیمانگەی وەرگێڕانی نەخوێندبێت ئیدی سەرکەوتوو نابێت و بۆی نییە دەست لەم کارەوە بدات. چونکە سەلیقە و شارەزایی و بەهرە، ڕۆڵی بەرچاویان هەیە. خوێندنی تیۆرییەکانی وەرگێڕان کەس ناکەن بە وەرگێڕی سەرکەوتوو، ئەگەر خۆی خولیای ئەم کارەی نەبێت.

یەک لەباری خۆم، کە چەند هەوڵێکی کەمم لەم بوارەدا هەیە. ئەو کتێبانەی وەرم گێڕاون پێشتر ڕەنگم بۆ نەڕشتبوون. بەڵکو بە زۆری لەسەر داوای تیپێکی شانۆ، یاخۆ لەسەر خواستی دەرهێنەرێک ئەو بەرهەمانەم وەرگێڕاوە. منیش دوای ئەوەی خوێندوومنەتەوە و لە ڕووی ناوەرۆکەوە بە دڵم بوون ئەوجا شانم داوەتە بەر. زۆربەی ئەو کارانەی وەرم گێڕاون شانۆنامەن یان بابەتگەلێکن خۆم بەلامەوە کارێکی بەرز و ناوازە بوون. دوای خوێندنەوەیان بە دڵمدا چوون و لای خۆمەوە پێم خۆش بووە، خوێنەری کوردیش لە چێژی بینینیان لەسەر شانۆ، یان لە خوێندنەوەیان بێ بەش نەبێ.

لێرەدا گرینگ ئەوەیە بە زمانێکی ئەوتۆ وەربگێڕدرێت کە ئەکتەری کوردی

نیــوە زمــان، بۆی لەبەر و (ئەدا) بکرێت. گــەیاندنی بیــرۆکــە و تیــمــە، یان تیمەکان، وەک خۆیان و بەڕوونی گەلێک گرینگە. خۆم حەزم لە بینینی شانۆ بووە. باوەڕ ناکەم شانۆییم لە نێو شاری سلێمانیدا پەڕاندبێت. بە سەرێکی تر، دەزانم شانۆی کوردی لە دەقدا هەژارە، بۆیە شانۆییم وەرگێڕاوە.

وەرگێڕ بەشخوراوە. خاسی نایەژن. پێی دەڵێن خیانەتی لە دەقە ئەسڵییەکە کــردووە، بە تایبــەت ســەبارەت بەوەرگــێڕانی شــیــعر! پــێ دەچێت خــوێنەران، وەرگێڕ وەک ئەدیب و نووسەر نەناسن. پێشتر لە شوێنێکی تریشدا باسم کردووە کە من نەمبیستووە لەسەر وەرگێڕان، کەسێک خەڵات کرابێت. ئەمەش مــانای وایە بە داهێنەری نازانن. لە ڕاســتــیــشــدا ئەو تەنیــا دەقــەکــان وەردەگــێــڕێت، خــۆ دایاننــاهــێنێت. ئەوەندە هەیە وەرگــێــڕانی هەر کــتــێــبــێک ئەزموونێکی نوێ بە وەرگێڕ دەبەخشێت. پتر دەستی بەم کارە ڕادێت. بیری ڕادێت. وەلێ لەگــەڵ بەردەوامــیــدا، لەم پیــشــە بێ ئایە و مــایەیەدا دەبێــتــە کەسێکی سەنعەتکار.

وەهای بە ڕاست دەزانم لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، منداڵ بە هەند بگیرێت و لە بیر نەکرێت. ئەوان پیاوانی داهاتووی نزیکی کۆمەڵن. لە ئێستادا، لە چاو منداڵانی دنیادا، منداڵانی کورد بێبەشن و زۆر کەم دەزانن. ئەوەی بۆ منداڵ هەیە لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. هەر بۆ نموونە، کورد نازانێ چیرۆکی منداڵان بنووسێت، کە لە جیــهــاندا ژانرێکی هەرە بە بایەخە. چونکە منداڵ دەخــاتە ســەر شــارێی بیرکردنەوە. خــەیاڵیشــی فراوان دەکات و هەر لەوێشــەوە بەرەو دنیای داهێنان دەستی دەگرێت. وێڕای ئەوەی فــێری خــوێندنەوەی دەکات و لەســەریشــی ڕادێت. واتە ئەگەر بە نێو تەمەنیشدا چوو تــەرکی ناکات. بەســەر میللەتانی جیهانیشدا دەکرێتەوە و لە گۆشەگیری ڕزگاری دەبێت. بەش بە حاڵی خۆم، ئومێدی گەورەم لەسەر گەورەکان هەڵنەچنیوە.

هــەڵدەکــەوێت دەقی وەرگێڕدراو هاوتای دەقــە ئەسڵــیــەکە بێت و زیاتریش. واتە بە ئەندازەیەک بێ گرێ و کــەموکوورِی بێت، خــوێنەر هەست نــەکات ئەو دەقــە بە زمــانــەکــەی خــۆی نامــۆیە، یان بە زمــانێکی تر نــووســراوە. دەســا ئــەم

جۆرەیان لە کارەکانی (شوکر مستەفا)دا بۆن دەکرێت. خوێنەر وا هەست دەکات شوکر مستەفا خۆی نووسیونی و لە زمانی تورکییەوە نەیهێناون. هەر بەمەیشدا دەگەینە ئەو ڕاستییەیش کە مەرج نییە ئەوەی وا ڕۆمان وەردەگێڕێت خۆیشی ڕۆماننووس بێت. چونکە خودی وەرگێڕان (گوتار)ێکی تری جیاوازە و ئەرکی تری پێ سپێردراوە، جیاواز لە ڕۆمان و ژانرەکانی تر.

وەرگێڕ وەهای لێ چاوەڕوان دەکرێ لە تەواوی واتا، فەلسەفە و ئیماژەکانی نێو ئەو دەقەی کە وەری دەگێڕێت تێگەیشتبێت. وێڕای ئامرازی وەرگێڕان کە بریتییە لە هەردوو زمانەکە. تێگەیشتنی تەواویش لە دەق، مەرجێکی هەرە گرینگی وەرگێڕانە. یان با بڵێم هەر زمانزانینەکە مەرج نییە، بەڵکو ئەویش زۆر گرینگە، داخۆ ئەو ئاماژەیەی کە زمان لە نێوەخنی وشە و ڕستەکاندا پەنهانی کردووە، وەرگێڕ لێیان حاڵی بووە؟ هەرچۆنێک بێت، وەرگێڕان تاکە (بوار)ە بۆ پەڕینەوەی هزری مرۆڤایەتی.

* ئەدوارد فیتزجیراڵد، (١٨٠٩-١٨٨٣)، بۆ یەکەم جار و لەسەر ئەرکی خۆی، لە ساڵی ١٨٥٩دا، چوارینەکانی خیامی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی.

سەرنج: لە ژمارە (٥٥٠)ی ڕۆژنامەی (هەولێر)دا، ڕۆژی ( ٢٠٠٩/٦/٩) بڵاو بووەتەوە.

## وەرگێڕ.. هونەرمەندە یان سێبەر؟

هەندێک لە شارەزایانی بواری فەرهەنگ، وەرگێڕان بەهونەر دەزانن. پێیان وایە لەجێیە، شوێن و پێگەی وەرگێڕ لە پاڵ شاعیر و شانۆنووس و ڕۆماننووسدا بۆ دیاری بکرێت. وەلێ هەندێکیش کاری وەرگێڕان بە پیشە (مهنة / حرفة) دەزانن. واتە لە هونەر و بەهرە ڕووتی دەکەنەوە. بەو هەنجەتەی، گوایە وەرگێڕان، لەوە بترازێ سەرەتەقییەکە بۆ بژێویی ژیان، هیچی تری ئەوتۆی تێدا بەستە نییە. هەیشن بە تەواوکەری شاکارەکانی دەزانن. چونکە تەواوی ئەو کارە ئەدەبی و هونەری و زانستییانەی، کە شیاوی ئەوەن، گەلانی تریش لێیان سوودمەند بن، وەرگێڕ دێت لەسەر سینییەکی زێڕ پێشکێشیانی دەکات.

هەیشن پێیان وایە وەرگێڕان دووبارە داهێنانەوەی دەقە، یان لە نوێ بەرهەمهێنانەوەی دەقە. بەڵام پێم وایە، ڕای وەها زێدەڕۆییی تێدایە. چونکە وەرگێڕ توانای بەرهەمهێنانی نییە و لەسەر خوانی خاوەن بەهرەکان دەژی. دەقێک لە پێش وەرگێڕاندا بنیات نرابێت؛ دەقێک (واتا)ی بەرهەم هێنابێت و پڕ بووبێت لە جوانکاریی ئاشکرا و شاراوە؛ ئیتر بۆچی دەبێ وەرگێڕ، لە نوێ بنیاتی نابێتەوە، یان بیئەفرێنێتەوە؟

هیچ گومانی تێدا نییە کە وەرگێڕ خزمەتێکی مەزن پێشکێش بە خوێنەر دەکات. وەلێ بەتایبەت لەلای ئێمەی کورد، وەرگێڕ خۆی، وەک سەربازی ون، بە نەناسراوی دەمێنێتەوە. دیقەتم داوە، کاتێک کەناڵێکی ڕاگەیاندن، گفتوگۆ لە تەک دەرهێنەرێکی شانۆیی، یان ئەکتەرێکدا ساز دەکات، کەم جار ڕێک کەوتووە یەکێکیان ناوی وەرگێڕی دەقی بەسەر زماندا هاتبێت. لە کاتێکدا وەرگێڕ خۆی ئەو دەقەی بەوان ناساندووە. کەچی ئەوان وەرگێڕیان هەر بە

خەیاڵیشدا نایەت. بڕێ جاران نووسەری دەقەکانیش فەرامۆش دەکەن و خۆیان پێ هەموو شتێکە. لەم ڕووەوە بۆ خۆم ئەزموونی تاڵم هەیە. هەمیشە وەک وەرگێڕ و بڕێ جاران وەک نووسەری دەقیش لەلایەن دەرهێنەر و ئەکتەرەوە فەرامۆش کراوم. ئەوەیە حاڵی وەرگێڕ!

لەمڕۆکەی شەیتانبازاڕی ئەدەب و فەرهەنگی کوردیدا، خەڵکانێک هەن، کە بە دەیان کەس مەزندە دەکرێن، کاری وەرگێڕانیان گرتووەتە ئەستۆ. ئەوان بە دڵگەرمی و بەوپەڕی چالاکییەوە هاتوونەتە نێو گۆڕەپانەکەوە و بەردەوام بەم کارە زێدە گرینگەوە سەرقاڵن. ئەم حەشاماتە وەرگێڕە نوێیە، کە بەزۆری لە دوای ڕاپەڕینەوە پەیدا بووە، تاکو نها بە سەدان کتێبیان لە بوارەکانی ئەدەب، مێژوو، کۆمەڵناسی، هزر و سایکۆلۆجیادا وەرگێڕاوە، وەلێ مەگەر بە دەگمەن نموونەیەکی لێزانی وەک (بەکر شوانی)ی وەرگێڕی ڕۆمانی (بەفر)ی لەمەڕ (ئۆرهان پاموک)، یاخۆ وەک (ئازادبەرزنجی)یان تێدا هەڵکەوتووە. ئەو کتێبانەشی کە شاعیر (غەریب پشدەری) بە زمانە شیرینەکەی خۆی وەری گێڕاون، هەر دەڵێی خۆی نووسیونی، هەست بەوە ناکەی وەری گێڕابن.

بەڕای من ئەوانەی وا لە بەستێنی وەرگێڕاندا سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە ئەدیبەکانن خۆیانن واتە ئەو ئازیزانەی کە پێشتر خۆیان چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و شاعیر بوون و سەروساختییان لەگەڵ ئەدەب و هونەردا هەبووە و خۆیان لە بوارێک، یان پتری ئەدەبدا کارا بوون.. پێش ڕاپەڕینیش وەک دەنگی ئەدەبی لە گۆڕەپانەکدا کارا بوون و خۆیان ناساندبوو. بۆیە لەجێیە هەر ئەدیبەکان خۆیان، کە ئەزموونێکیان لەگەڵ دنیای ئەدەبدا هەیە، ئەم کارە بگرنە ئەستۆ.

بە سەرێکی تر، ئەم کردەیە هەروا ئاسانیش خۆی بەدەستەوە نادات. چونکە برێک لە ئەدیبان بەو هەنجەتە پشت دەکەنە وەرگێڕان، گوایە وەرگێڕانی کارە ئەدەبی و هونەرییەکان، ئەرک و ماندووبوونێکی زۆری گەرەکە و کاتێکی زۆری ئەوان بۆ خۆی دەبات. لە بەرانبەریشدا وەرگێڕ پاداشتێکی کەمی پێ دەبڕێ، کە بەشی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ناکات. ئەگەر بە

وەرگــێــڕی وڵاتـانی خــۆرئاوا بـەراوردی بکەین. ئەوە هـەر نـەیکـردبێ، چەند (مەغدوور)ن.

لە نێرینی زۆر کەسیشدا، وەرگێڕان پلەی دووەمی داهێنانە، چونکە تۆی وەرگێڕ دێی کارێک دەخەیە پێش چاوی خوێنەران کە بەرهەمی خۆت نییە و بەم کارەت نووسەری ئەسڵی بە خوێنەر دەناسێنیت نەک خۆت. تۆی وەرگێڕ دێیت ئەدەبێک، یان زانستێک بە خوێنەر دەناسێنی، کە زادەی بیری خۆماڵی نییە، بگرە لە بنەچەدا داهێنراوی هەلومەرج و ژینگەیەکی ترە. کەواتە تۆ مافێکی ئەوتۆت بەسەر ئەو بەرهەمەوە نییە کە وەری دەگێڕی.

ڕاستە وەرگێڕان خزمەتێکی گەورە پێشکێش بەگەلان دەکات. تاکە پردێکیشە بۆ پەڕینەوەی هزر و تەواوی بوارەکانی مەعریفە، لە هەندەرانەوە بۆ نیشتمان. وێڕای ئەوەی ناسیاری و لەیەک حاڵیبوون لە نێو میللەتانی جیهاندا چێ دەکات. وەلێ وەرگێڕ خۆی لە باشترین پێناسەدا دەبێتە سێبەری نووسەرە ئەسڵییەکە. کەچی نووسەری زێدە ناسراوی ڕووس، بۆریس باسترناک (١٨٩٠-١٩٦٠)، کە لە ساڵی ١٩٥٨دا خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبدا وەرگرت، بەر لەوەی ڕۆمانی (دوکتۆر جیڤاکۆ) چاپ و بڵاو بکاتەوە، وەک وەرگێڕی دەقە شانۆییەکانی (ولیەم شەکسپیر)ی شانۆیینووسی ئینگلیز ناوی ڕۆیشتبوو.

هەرچۆنێک بێت، وەرگێڕان فرەدەنگی چێ دەکات. دەنگی ئەوانی تری، کە ئێمە، لەبەر دووریی جوگرافیایی و دیواری سەختی زمان دەستمان پێیاندا ناگات و ناتوانین لێیان تێ بگەین. تەنیا وەرگێڕانیش دەتوانێت ئەو دیوارەی نێوانمان بڕووخێنێت. بە قەدەر ژمارەی گەلان، فەرهەنگی جیاوازیش هەیە. تۆ هەروا سەرنجی ژانری ڕۆمان بدە، بزانە ڕۆمانی ڕووسی و ژاپۆنی ئەمەریکایی و عەرەبی و کوردی چەند لە یەکدی جیاوازن؟ بەڵام ئێمە تەنیا لە ڕێی وەرگێڕانەوە دەرک بەم جیاوازییانە دەکەین.

لە وتارێکی میلان کوندێرادا، بە سەردێڕی "سەبارەت وەرگێڕانی ئەدەب" کە عەدنان موبارەک، لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی، مێژووی (شەشی ئایاری

١٩٩٥)ەوە وەری گێڕاوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە نەریتی وەرگێڕانی (بابەتی ئەدەبی) لەلای زانکۆکان، کۆندێرای سەغڵەت کردووە. چونکە لەو زانکۆیانەدا، ئەو خوێندکارەی بیەوێ لێکۆڵینەوە لەمەڕ بەرهەمی نووسەرێکی ئەڵمانیایی بکات، ئەوا مامۆستایەکەی بەسەریدا دەسەپێنێت، لە پێشدا بچێت خۆی فێری زمانی ئەڵمانیایی بکات. ڕوونتر بڵێم، ئەگەر (خوێندکارێکی ئینگلیز) ویستی لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ چیرۆکەکانی (محەمەد مەولوود مەم) بنووسێت، ئەوا گەرەکە لە پێشدا خۆی فێری زمانی کوردی بکات، ئەوجا ئەم کارە بگرێتە ئەستۆ. بەو واتایەی زانکۆکان متمانەیان بەدەقی ئەدەبیی وەرگێڕدراو نییە.

ڕەنگە بۆ وەرگێڕانی مێژوو، جوگرافیا و زانستەکان کۆسپی ئەوتۆ نەیەتە ڕێی وەرگێڕ. بەڵام سەبارەت وەرگێڕانی ئەدەب، دۆخەکە جیاوازە. وەرگێڕی کورد گەلێک جار بەرەوڕووی کێشەی زاراوە دەبێت. هەر بۆ نموونە، هەندێ وشە لە زمانی دانیمارکیدا هەن، پڕ بە پێستیان، یان بەرانبەریان لە زمانی کوردیدا بەرچاو ناکەون، وەک نموونە (Bestille). لە دۆخی وەهایشدا وەرگێڕ بە ناچاری لە دووی وشەیەک دەگەڕێت، هەرچی زیاتر لە مانای وشە دانیمارکییەکەوە نزیکتر بێت. یان ناچار دەبێت بە (ڕستەیەک) مانای (وشە)کە لێک بداتەوە. واتە وەرگێڕ، لە بری ئەوەی وشەکە وەربگێڕێت، دێت لێکی دەداتەوە، یان ڕاڤەی دەکات. ئەمەیش دەقە ئەدەبییەکە تووشی شێواندن، یان شڵەژان دەکات. لە کاتێکدا بۆ وەرگێڕانی دەقگەلی تری غەیری ئەدەبی، ئاساییە ئەگەر وەرگێڕ وشەیەکی لاتینی دابنێت.

وەلێ میلان کۆندیرا ڕەخنە لەم بۆچوونەیش دەگرێت کە دەڵێ: "وەرگێڕان وەک ژن وەهایە، یان بەوەفا دەبێ یان جوان!" میلان کۆندیرا لەمەڕ ئەم ڕایە دەڵێ: "من هیچ قسەیەک لەمە بێ واتاتر نابینم. چونکە وەرگێڕان جوان نابێت هەتا ئەمینیش نەبێت!" هەرچۆنێک بێت، وەرگێڕانی جوان ئەوەیە کە خوێنەر هەست بە بوونی کەسی سێیەم (وەرگێڕ) لە نێواندا نەکات، بەڵکو وابزانێت دەقێک دەخوێنێتەوە، سەر بە زمانەکەی خۆیەتی. واتە بە زمانی کوردی

ڕۆنراوە، نەک وەرگێڕدرابێت، بەڵام باشتر یان دروستتر وایە، ئەمەیان ناوی (کورداندن)ی لێ بنێین نەک وەرگێڕان.

سەرنج: لە ڕۆژنامەی (کوردستان ڕاپۆرت)، ژمارە (٧٠٤) ڕۆژی (٢٠٠٩/٩/٢٧)، هەروەها لە کۆواری (نووسەری نوێ)ی ژمارە (٤٧)، ئەیلوولی (٢٠٠٩)دا بڵاو بووەتەوە.

## وێنەی قارەمانی میللی لە حیکایەتی "سوارچاک"دا

لە بەستێنی حیکایەتی میللیدا، کورد خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی. لێرەدا لە یەکێک لەو تایبەتمەندییانە دەدوێم، کە تاکو نەھۆ هیچ توێژەرێک ئاماژەی پێ نەداوە. پێویستیش بەوە ناکات لێرەدا پێناسەی حیکایەتی میللی بکەم، بگرە ڕاستەوخۆ دەچمە نێو باسەکەوە.

قارەمانی چیرۆکی میللی و ئەفسانە، خۆیان گۆڕانیان بەسەردا نایەت، وەلێ ئەوان لە توانایاندا هەیە، واقیعی تاڵ و کارەساتبار بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤی چەوساوە و زوڵم لێکراو بە شیرین بگۆڕن. قارەمان ئەگەر ناشیرین بوو، ناکرێ ئەو جەماوەرە بە پێشەنگی خۆیانی قەبووڵ بکەن. وێڕای ئەوەی ئەوان لە خەیاڵی خۆیاندا، بەر لە دیتنی، تەماهییان لە تەک کەسێکدا کردووە، وێڕای ئەوەی زەبردەستە، لە ڕووی سەروسیما و جەستەییشەوە بێ کەموکووڕی بووە، بەڵام بە خۆئاشکراکردنی قارەمان، بۆیان دەردەکەوێت، ئەو لە سیفەتێکی سەرەکیدا تێی نەهێناوە.. ئەمەیش لە بەهای ئەو، وەک کەسێکی پێشەنگ (قدوة) دادەبەزێنێت. لە کاتێکدا ئەوان لە ناخی خۆیاندا بە قارەمانێکی قۆز و باڵابەرز و ڕووگەشیان زانیبوو.

نزیکەی هەموو حیکایەتەکانی دنیا کۆتاییی شادییان هەیە. تۆ ئەگەر خوێنەری، یان لە تافی منداڵیدا گوێگری حیکایەت بوویت؛ ئەوا ئەم ڕستەیەت لە کۆتایی زۆربەی حیکایەتەکانی داپیرەدا بیستووە: (بەم شێوەیە، تا کۆتاییی تەمەنیان بە خۆشی و شادی پێکەوە ژیان). زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێم، ئەم ڕستەیە بۆ کۆتاییی زۆرێک لە حیکایەتەکانی جیهانیش گونجاوە، وەلێ ئەم هەقایەتی (سوارچاک)ەی، وا لێرەدا کردوومانە بە بابەتی شیکردنەوە و پێکەوە دەیخوێنینەوە، بە پێچەوانەی حیکایەتەکانی دنیا، کۆتاییەکی سارد و

ناشادی هەیە.

دەبێ باسی ئەوەیش بکەین، کە حیکایەتخوان خۆی سەرچاوە و چەقی حیکایەتە، چونکە ئێمەی گوێگر یانژی خوێنەر بنج و بناوانی حیکایەتەکەی، کە ئەو دەیگێڕێتەوە پێ نازانین. دەمەوێ بڵێم، حیکایەتخوان بۆی هەیە بەپێی شوێن و کات و هەلومەرجەکانی گێڕانەوە، لە تەرەفی خۆیەوە بڕێک دەستکاریی حیکایەتەکانی بکات. وەلێ پرسیارەکە لێرەدایە: بۆچی دەبێ حیکایەتخوان بە نەرێنی کۆتاییی پێ بهێنێت و لە شەوێکی زستاندا گۆزە ئاوێکی ساردمان بەسەردا بکات، لە کاتێکدا ویژدانی میللەتێک لە نێو ئەو وێنانەدا بە دیار دەکەوێت کە ئێمە لە ژیانی قارەمانەکاندا دەیانخوێنینەوە؟

بە زۆری قارەمانی حیکایەت تاکێکی خاوەن ویژدان و بڕوا بەخۆیە و خەمخۆری خەڵکە.. تاکەکان هەست بە ناڕەوایی و بێدادی دەکەن، بەڵام ئەو لە بری هەموویان دێتە دەنگ. بە کردەوەیش بەگژ زوڵم و بێدادیدا دەچێتەوە. ئەوی قارەمان هەردەم لە کاتی پێویستی و تەنگانەدا و لە تافی ئاڵۆزبوونی تەنگژەکاندا پەیدا دەبێت.

وەکی تر لەو کاتەدا کە قارەمانی ڕاستەقینە لەسەر گۆڕەپانەکە و لە زەمینەی واقیعدا بزرە و کەسێک لەوێ نییە بگاتە فریای لێقەوماوان، ئەوا خەڵک، لە خەیاڵپلاوی خۆیاندا قارەمانی زارەکی چێ دەکەن. قارەمانێکی ئەوتۆ چێ دەکەن، تەنیا لە نێو وشەکانیاندا بوونی هەیە، کە ئەویش قارەمانی حیکایەتە. دواترێ لە قۆناغێکی پێشکەوتووتری مێژووییدا، لە غیابی فریادڕەسی ڕاستەقینەدا، قارەمانی وشەی گۆکراو دەبێتە قارەمانی وشەی لەسەر کاغەز نووسراو.

واتە گەشەکە ئەوەندەیە: لە قارەمانی حیکایەتەوە، کە زارەکییە، گەشە دەکات و دەبێتە قارەمانی چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ، کە لەسەر کاغەز بوونیان هەیە. وەک زۆرێک لەو چیرۆکانەی کە لە خەیاڵی خۆمانەوە هێناومانن. ئەوەندە هەیە ئاواتمان بە بوون و دەرکەوتنیان خواستووە و لە ڕۆژانی تەنگانەدا، بەپیتی ڕەش لەسەر کاغەزی سپی تۆمارمان کردوون.

ڕەنگە خەوشەکانی (سوارچاک)ی قارەمانی ئەم هەقایەتە، لەوێوە سەریان هەڵدابێ، کە ئیدیەم و پەندە کوردییەکان دەڵێن: (گوڵ بێ دڕک نابێ.. بەندە بێ عەیب نابێ.. هەر خوا لە پلەی کەماڵدایە... تاد) باوەڕیش ناکەم پیاوێکی لەم ڕەنگ و نیشانە، لە دەشتی هەولێردا هەبووبێ. پێ دەچێت تەواوی هەقایەتەکە دەستکردی فەنتاسیای خەڵکی ستەم لێکراو بووبێت. وەلێ ئەوەندە هەیە گوزارشت لە ویژدانی ئەوان دەکات و هەبوونی پێویستە.

کەم جار هەڵکەوتووە خەڵک ڕەخنەیان لە قارەمانی حەکایەت هەبووبێ. بەڵکو هەموو لایەک پێشوازییان لێ کردووە. هۆکارەکەیشی ئەوەیە، چ حیکایەتخوان و چ زۆرینەی خەڵکەکە و چ خودی قارەمانیش لەگەڵ یەکدا گونجاو و هاوڕا بوون و وەک یەک بیریان کردووەتەوە. بگرەقارەمان لە بری ئەوان هەڵی داوەتێ و خۆی خستووەتە تالووکەوە. بۆیە ئەوان، وەک یەک وێنەی لایەنەکانی خێر و شەڕیشیان کێشاوە.

یەک لە باری هەقایەتی سوارچاک، جووتیارەکان لارییان لە زەبردەستی و جوامێریی ئەو نییە، بگرە ئەوان ڕەخنەیان لە شێوە و بیچمی ئەو هەیە. ڕەخنەیان لە سەروسیمای ئەوی قارەمان هەیە. ئاکاری ئەو بەرز هەڵدەسەنگێنن وەلێ لە بیچمی ناڕازین. ئەوان زۆریان مەبەستە بیچمی قارەمان و کردەوەکانی هاوسان و هاوتەریب بڕۆن. بە زۆری لە حیکایەتی میللیدا، قارەمان هیچ کەموکورتییەکی جەستەیی تێدا نییە. وەک کردەوەکانی بە بیچمیش هەر جوان و خۆشپێکەوتووە. کەچی لەم هەقایەتەدا وەها نەکەوتووەتەوە. جووتیارەکان ئەوەیان لە یاد نەماوە کە قارەمانیش وەک خۆیان تاکێکی چڕووساو و غەدر لێکراوە. خۆ ئەو لە (مارس/ مەریخ)ەوە دانەباریوە.

دیسانەوە دەچینەوە کن حیکایەتخوان؛ چونکە خۆیەتی کە ئیدارەی تەنگژەکان دەکات و کەسەکان بەگەڕ دەخات. بۆیە ڕەنگە غەفڵەتەکە لەوەوە بووبێت، کە قارەمانی وەها، وەک فۆرم، ناشیرینمان پێشان دەدات، کەچی وەک جەوهەر فریادڕەسێکمان پێشکێش دەکات. کەسیش بۆی نییە ڕەخنە لە

حیکایەتخوان بگرێت. ئەو لە تافی گێڕانەوەدا وەک خالقی حیکایەتەکە خۆی بە ئێمە دەناسێنێت. بگرە وەها بۆمان دەگێڕێتەوە، وەک ئەوەی بە ڕاستی ڕووی دابێت و خۆیشی لە نزیکەوە قارەمانەکەی ناسیبێت و ئاگەداری چالاکییەکانی بووبێت. خۆ ئەگەر کەسێکیش ڕەخنەی لەم حیکایەتخوانە گرتبێ. بە ئێمە چی؟ خۆ دەماودەم نەگەیشتووەتە لامان!

بەڵام لە ڕۆمانی نوێیشدا، بۆی هەیە قارەمان دووچاری دێوانگۆڕ ببێت؛ وەک (گریگۆر ساما)ی قارەمانی ڕۆمانی (دێوانگۆڕ/ المسخ)ی لەمەڕ فرانز کافکا. (١٨٨٣-١٩٢٤ پراگ) کەسیش تاکو نهۆ لێپێچینەوەی لەسەر ئەم دێوانگۆڕە لەگەڵ نووسەردا نەکردووە، لێی نەپرسیوە: ئەرێ کابرا تۆ لە پای چی ئەم مرۆڤەت کرد بە قالۆنچە یان سیسرک؟ ئەگەرچی لە ڕۆماندا (مەگەر ڕۆمانی خود بیرەوەرییەکان) دەنا نووسەر و حیکایەتخوان دوو کەسی جیاوازن.

قارەمانی (سوارچاک) ئەگەرچی جێی هیوای بەرینترین چینی کۆمەڵە و دەنگی دەستەجەمعیی ئەوانە، وەلێ لە خۆیدا ڕەمزی ئازادییەکی شێواوە.. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بێت ئەوەیە، کە لە نێو جووتیارەکاندا تاکە دەنگێکیش بەرز نابێتەوە بڵێ: "من بەم سەروفەساڵەیشەوە، هەر قەبووڵمە، چونکە لە بیچمی خۆمەوە نزیکە!"

پێم وایە، بەلای جووتیارەوە، کە بە زۆری لە بن کاریگەریی مێنتەلێتیی خێڵدان، ئاوەها وێنەی قارەمان دەکێشن: ئەوی قارەمانی میللی دەبێ کەسێکی سەروسوورەت جوانی چاوڕەشی سمێڵ ڕەشی بالابەرزی سوارچاک بێت. چەکوچۆڵی سەردەمی خۆی حەمایڵ کردبێت و دەستڕاست و نیشانشکێن و سەخیی تەبع بێت. بێباکانەیش بەگژ ناهەموارییەکاندا بچێتەوە.

ڕەنگیشە ئەوان لەلای خۆیانەوە بۆ نەوەی دوای خۆیان جێ هێشتبێ. ئەگەر ڕۆژێک حیکایەتی سوارچاکیان بیست، یانژی خوێندیانەوە. ئەوان ئەو بۆشاییانەی بۆ پڕ بکەنەوە. یان دەشێ نەوەی نوێ ئەم حیکایەتە بە جۆرێکی

نوێ بگێڕنەوە. دەشێ وەک تاکێکی بێ خەوش بیگێڕنەوە، یان بیخوێننەوە، یانژی بیکەنە قارەمانی فیلم و شانۆ.

بەشکیشم حیکایەتخوان مەبەستی بووبێ بڵێ: لە داهاتوویەکی نزیکدا چاوەڕوانی قارەمان بن. بەڵام ئاگەدار بن، مەرج نییە ئەویش تاکێکی بێ خەوش بێ. بە هیوا مەبن لە هەموو ڕوویەکەوە بە دڵی زۆرینەی ئێوە بێت. جڵەو بۆ خەیاڵتان شل مەکەن. چەرخ هەروا بە ئاسانی، بە دڵی ئێوە ناسووڕێ!

هەرچی چۆنێک بێت، ئەم قارەمانە مۆمێکە لە شەوەزەنگی پادەشتدا هەڵبووە. هەر ئەویشە کە ورە دەنێتە بەر خەڵک و بە ڕووی زۆرداریدا دەڵێ (نا). ترسی ناوەتە نێو دڵی توێژێکی کەم، کە زۆرینەی خەڵکەکەی چڕووساندووە. پێیان دەڵێت، لە تاریکدا خەڵک هەیە بۆ ئێوە کار دەکات و دەست لە زۆرداران دەوەشێنێت، بەڵام بە ڕۆژی ڕوون خۆی بە ئێوە دەناسێنێت.

ڕەنگە مەبەستیشی لەوە بێت، کە ڕابەر و قارەمانی مێژوویی نابێ بچێتە نێو هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکەوە. بەڵکو گەرەکە خۆی لە تێکەڵبوونی جەماوەری هەراو بەدوور بگرێت، چونکە بەو تێکەڵبوونە، خەڵکەکە بە خەوشەکانی ئەو دەزانن و ئیدی ئەو وێنە جوانەی کە لە خەیاڵی خۆیاندا بۆیان کێشابوو دەژاکێت و ئەو ئۆرت و سیحرەی، لە نەدیتە هەیبووە، بە دیتنی بەتاڵ دەبێتەوە. وەک چۆن لە ئاغاکان خۆی دەشاردەوە دەبوایە لە جووتیارانیش خۆی بشاردایەتەوە. لە ڕاستیدا سوارچاک نەک هەر نوێنەری جووتیارانە بەڵکو گەوهەریشیانە. ئەگەر ئەوان (مەشکە)کە بن، ئەوی قارەمان (ژەمەکەرێ)یەکەیە، نابێ لەبەر خۆر بتاوێتەوە.

بە سەرێکی تر، کاتێک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یانژی ڕامیاریی گرینگ، ئاڵۆز دەبێت و چارەسەری بۆ نادۆزرێتەوە، ئەوا لەو هەلومەرجەدا دەرکەوتنی فریادڕەسێک دەبێتە پێویستییەکی مێژوویی. وەلێ مەرج نییە هەر قارەمانێک دەرکەوت، سەد دەر سەد ئەوە بێت کە ئەوان ساڵانێکە بە ئاواتیان خواستووە.

بۆیە ئەوانی جووتیاریش، (سوارچاک) بەو بیچمە پەڕپووتەیەوە، کە ناچێتە دڵەوە، بە شایستەی ئەو بەرەوڕووبوونەوە مەزنە نازانن و پێیان سەیرە کە هەڵگری بیچمی وەها، کاری وەها کەس نەکردەی لە دەست هاتبێت.

سوارچاک ئەفسانە نییە، بەڵکو حیکایەتی میللییە. قارەمانی حیکایەتەکەیش قارەمانی ئەفسانەیی نییە، ئەگەرچی ئەوەی ئەو لە دەستی دێت و ڕای دەپەڕێنێت لە توانای قارەمانە ئەفسانەییەکاندایە. ئەو تەنیاباڵە، بەڵام بێ پەروا و لێبڕاوانە بەگژ دەستەڵاتێکدا دەچێتەوە کە خاوەنی سەدان سوارە. وەلێ قارەمانی ئەفسانەکانی جیهان خواوەندن، یان بەشێکیان لە خواوەندە و بەشەکەی تریان لە ئینسانە، بۆیە خاوەنی هێزێکی لە ڕادەبەدەرن کە دەکەوێتە سەرو و هێز و توانای مرۆڤی ئاسایییەوە، وەک (گلگامێش)ی قارەمانی کۆنترین ئەفسانەی دۆڵی نێوان جووت زێ.

گلگامێش لە سێ بەش دوو بەشی لە خواوەندە و بەشێکی مرۆڤە، بۆیە ئەو، سەرەتا بەسەر (ئەنکیدۆ)دا زاڵ دەبێت و پاشان پێکەوە دەبنە هاوڕێ. دواتر دەتوانێت ئەو مەخلووقەی کە لە بیچمی (گا)دایە و لە ئاسمانڕا بۆی نازڵ کراوە، بکوژێ. بەڵام چونکە ئەو بەشێکی لە ئینسانە، ئەوا بە مردن کۆتاییی پێ دێ. بۆیە گەڕان بە شوێن نەمریدا هیچ دادی نادا. ئەنجام بە ناچاری دەگەڕێتەوە (ئۆرۆک)ی پایەتەختی خۆی و لەوێ بڕیار دەدات بەهۆی بنیاتنانی شوورەیەکی مەزنەوە بۆ شارەکەی، نەمری بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

یەک لە باری سوارچاکی لەمەڕ خۆمان، ئەوەی وەهای کردووە بەسەر زۆرداردا زاڵ بێت ئەوەیە، ئەو لە ناکاو و لە ژێر پەردەی تاریکی شەودا شاڵاویان بۆ دەبات، نەک بە ڕۆژی ڕوون، تاکو بتوانێ دوای دەستوەشاندن، بە سەلامەتی بکشێتەوە.

وەلێ ئەوی قارەمانی حیکایەتی سوارچاک، ویژدانی زیندووی جووتیارانە. بە واتایەکی تر ئەم جۆرە ڕەتکردنەوەیە، لە هەمان کاتدا ڕەخنە لەخۆگرتنیشە، کاتێک ئەوان دەڵێن: "وەی سەد بریا هەر نەماندیبای!!" چونکە خودی هەقایەتەکەیش لە خەیاڵی دەستەجەمعی خۆیانەوە سەری هەڵداوە.

ئەم حیکایەتە، تەواو بە پێچەوانەی زۆربەی حیکایەتە میللییەکانی جیهانەوەیە و کۆتاییەکی ناشادی هەیە. یان دەکرێ بڵێین لە دەستووری حیکایەتی میللی لای داوە. دوای ئەو هەموو ڕەنج و قوربانیدانەی سوارچاک بۆ هاوچینەکانی خۆی، هێشتا جووتیارەکان وەک پێویست، یان وەک قارەمان پێشوازیی لێ ناکەن و پێزانینی خۆیانی بۆ دەرنابڕن. ئەوان لە سەر و مێقلی و هەم لە هەڵکەوتنی جەستەی ئەو نارازین و بە پیاوێکی شایان و قابیلی نازانن. بۆیە لە بری ئەوەی بە هەلهەلە و بە بالابڕین و پەسنددان پێشوازیی لێ بکەن، ڕەتی دەکەنەوە و قەبووڵیان نییە. وەک ئەوەی تاکێکی ئاوەکی بێت و لە توخمی ئەوان نەبێت. دەرکەوتنی لە ناکاوی ئەو، تووشی شۆکی کردوون. لە کاتێکدا ئەم جووتیارانە خۆزیا و بریایان ئەوە بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان سوارچاک لە کونێکەوە خۆیان پێشان بدات و بە دیداری شاد بن.

هەرچۆنێک بێت، ئەم حیکایەتە شایەتێکی مێژووییە، کە لاپەڕەیەک لە چەوسانەوەی سەردەمێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بەشێک لە خۆمان زۆربەمانی چەوساندووەتەوە. هەروەک دەشێ هەڵچوون و دۆخێکی سایکۆلۆجی لە ناخیاندا جۆشابێت و پالی پێوە نابن تا لە تافی بینینی حەقیقەتی قارەماندا ئەو بێزارییە دەرببڕن و ئەو قارەمانەی بە بریکاری لە بری ئەوان دەجەنگا بە ناشیرین ببینن.. بەهەرحاڵ، ئەم هەقایەتە پێمان دەڵێ:

١- جیهان بەسەر هەردوو لایەنی خێر و شەڕدا دابەش کراوە.

٢- خێر و شەر لە ملانێدان.

٣- مەرج نییە ئەوەی بەگژ شەڕدا دەچێتەوە و دەبێتە پێشەنگ، بتوانێ خۆی لە ناشیرینی بەدوور بگرێ.

٤- تاک ڕۆڵی گرینگی لە بەگژداچوونەوەی شەڕدا هەیە، بەڵام ئەو تاکە هەر خۆی نییە بەتەنیا، بگرە بەبریکاری لە جێی ئەوانی تر دەجەنگێت.

٥- گوێگرانی حیکایەت، کە زیاتر مرۆڤی چرووساو و تەپەسەرن، دەخوازن قارەمانی حیکایەتی میللی بەو شێوەیە دەرنەکەوێت کە لە واقیعدا هەبووە، بەڵکو دەیانەوێ و زۆریش مەبەستیانە بەو شێوەیەی کە ئەوان لە

خەیاڵی خۆیاندا وێنەیان بۆ کێشاوە دەربکەوێت. واتە لە کەموکووڕی بە دوور بێت.

٦- داوونەریتی حیکایەتە فۆلکۆرییەکان، لە تەواوی ئەدەبی زارەکیی جیهاندا وایە، کە قارەمان ئەگەر جوان بوو، بەو مانایەی ئەگەر خاوەنی سیفەتە جوانەکانی وەک ئازایەتی و نانبدەیی و خێرەومەندی و فریادڕەسی و... تاد بوو، ئەوا هەتا کۆتایی لەسەر ئاکارە جوانەکانی خۆی دەمێنێتەوە. بە پێچەوانەیشەوە هەر دروستە. بەو واتایەی، ئەگەر قارەمانی حیکایەت شەڕانگێز و چرووک و درزێو و... تاد بوو، دیسان هەتا کۆتایی، لەسەر ئاکارەکانی خۆیەتی. گۆڕان لە کەسیەتیی ئەودا ڕوو نادات، بەڵام ئەم دەستوورە لە حیکایەتی سوارچاکدا وەها نەکەوتووەتەوە.

لە سەرەتاوە ناڕاستەوخۆ دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە قارەمانی سوارچاک هەر دەبێت لاوێکی باڵابەرزی سەر و سوورەت جوانی قۆز بێت. بەڵام حیکایەتەکە یان حیکایەتخوان، ئەم هەلومەرجەی بۆ کۆتایی هێشتووەتەوە و کردوویەتی بە کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراوی کتوپڕ. دەستوور وایە، لە کۆتاییی حیکایەتدا لایەنی شەڕەنگێز بە سزای خۆی دەگات و لایەنی خێریش مافی نافەوتێت و پاداشتی خۆی وەردەگرێت. بەڵام کوا پاداشتی سوارچاک؟ کۆتاییی لەم جۆرەیش، زیاتر لە چیرۆکی هونەرییدا بەرچاو دەکەوێت. ناشیرینیی قارەمان کارێک دەکات ، لەبری ئەوەی جووتیارەکان بێن لە ئامێزی بگرن، خۆزیا و بریایانە نەیاندیتایە. پێیان وایە شایانی ئەو هەموو جوامێرییە نەبوو.. ئا لێرەوە دەتوانین بڵێین، کە ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی حیکایەتی کوردی... ئەمەیش دەقی حیکایەتەکە:

سوارچاک

ساڵانێک لەمەوبەر، لەو دەمەدا کە ئاغا خۆی بکوژ و ببڕ بوو. کەسێک پڕکێشی ئەوەی نەدەکرد پێی بڵێ، ئاغا پشتی چاوت برۆیە. جووتیارانی دەشتی هەولێر لە ژێر زوڵم و بێگاری ئاغادا پشتیان چەمابوو. بێ ئەوەی

بتوانن دەنگی ناڕەزایی بەرز بکەنەوە و فزەیان لێوە بێت.. ئا لەو دەمەدا کوێت سوارێک ناوبەناو، شەوانە بە درێژی و پانیی دەشتی هەولێردا بێباک دەسووڕایەوە و ئاگری لە ماڵی ئاغایان بەر دەدا. بە تایبەت ئەو ئاغایانەی دەکردە ئامانج کە پێیان لێ هەڵبڕیبوو، لە ڕادەبەدەر زوڵمیان لە جووتیار دەکرد. ئەو تەنیا سوارێک بوو، بەڵام سامی لەشکرێکی هەبوو.

کوێت سوار لە پڕ بەسەر ماڵە ئاغایەکیدا دەدا و دەیدایە بەر ڕێژنەی گولله.. نە دەستی بۆ ئافرەتێک درێژ دەکرد و نە ناهەقیشی لە منداڵ و پیرەمێردان دەکرد. ئەمشەو لێرە و دوای ماوەیەک لە گوندێکی تری دوورەدەستی ئەو دەشتە بەرینە سەری هەڵدەدا و ئاغایەکی تری تاڵان دەکرد. سوارچاک ئەوەی کە بە تۆپزی لە ئاغای دەسەند بۆ خۆی نەبوو.. دەچوو دەیدایە ئەو جووتیارانەی دەستتەنگ و بێ دەرامەت بوون.

ئەو کەسی نەدەکوشت. غەیری ئاغایش کەسی تری تاڵان نەدەکرد.. ئاغای تاڵانکراویش پرکێشی ئەوەی نەدەکرد داوای ماڵەکەی بکاتەوە و شوێن سوارچاک بکەوێت.. ئەوان هیچیان لە ئاستیدا پێ نەدەکرا.. سوارچاک لە شیرین خەودا و ناخلاف بەسەریدا دەدان و دەستی خۆی دەوەشاند.

خەڵک بە تەشمی ئەسپەکەیدا دەیانزانی تاکە سوارە و تەنیا باڵ.. بەڵام تاکە سوار بە ڕووی هەزار سوار بوو! کاتێک هێرشی دەهێنا و ئاغایەکی دەکردە پۆڕی خوراو، ئیدی بۆ سبەی جووتیار لە نێوان خۆیاندا باسی کەڵەوەکێشی و دەستوبردی ئەم سوارچاکەیان بۆ یەک دەگێڕایەوە. لە خەیاڵی خۆیاندا حیکایەتی جوان و وێنەی جوانی ئەویان دەنەخشاند.

کەسیشیان ڕۆژێک لە ڕۆژان سوارچاکیان نەدیبوو. ئەوان زۆر پەرۆش بوون جارێک لە جاران بە ڕۆژی ڕوون، بە چاوی خۆیان بیبینن و بزانن چلۆن پیاوێکە. پێیان خۆش بوو قەدەرێک تەماشای قەد و باڵا و شان و تفەنگی بکەن. لە کلک و یاڵی ئەسپەکەی ڕابمێنن و ناوی خۆی بزانن و سوپاسی بکەن. دەستی زیارەت بکەن. چونکە ئەوەی ئەو دەیکرد کاری لەشکرێک بوو. پەرجوویەک بوو بۆ خۆی! جا چلۆن دەبێ چاویان بە دیتنی شۆڕەسوارێکی

وەها نەڕێژن. بۆیە دیتنی سوارچاک بووبووە مەراقی ورد و درشتیان.

"خۆزی بە خۆزیداران دەمزانی بۆچی جارێک خۆیمان لێ ئاشکرا ناکات؟"

"وەی بە بابەوە لە بەرت مرم سوارچاک!"

"بریا نەدەمردم بەو چاوانەی خۆم دەمدی!"

"لە کیژان هەر مەیرەم ـ م هەیە، ئەگەر بێتە داوای، بە کراسی بەری خۆیەوە حەلاڵی بێت!"

شۆڕەسوار بیستییەوە، کە هەموو دەشتی هەولێر بە عەزرەتی ئەو ڕۆژەوەن خۆی ئاشکرا بکات.. بیستی، کە ئەوان مەبەستیانە بزانن ئەم قارەمانە ڕەنگ و ڕوخساری چلۆنە.. جحێڵە یان بە تەمەن؟.. جلک و بەرگی چۆنە؟.. چلۆن ڕەخت لە خۆی دەدات؟ کلک و بژی ئەسپەکەی چۆنە؟

*

ڕۆژێک، لە محەلی نیوەڕۆیە، کوێت سوارێک لە ناوەندی گوندێکی بە ئاپۆڕای دزەییدا وەستا. ڕاست و چەپ دوو خەریتە لە شانی. خەنجەرێک لەبەر پشتێنی. ئەسپ لە حیلەی دا و کۆڕاندی. سواری تاین چاوەڕوان بوو بە جارێک گچکە و گەورەی گوند بەسەریدا دابارن و بێنە تەماشای. بەڵام تاوێک و دووان بەسەر ئەسپە کوێتەوە ماتڵ ما و کەس مووشی پێ نەبزوا. ئەسپ لە چەقی دێدا کەوتە پێکوڵ و بۆ خۆیشی ئارامی لەبەر بڕا.. لە پڕێکدا هاڕاندی:

"هۆ خەڵکینە، وەرنە دەرێ! منم سوارچاک! منم ئەو کەسەی خەون بە دیدارییەوە دەبینن!! ئەوە منم نیوەشەوان، ئەو دەمەی کە ئەنگۆ لە شیرین خەودان، ئاگر لە ماڵی ئاغایان بەردەدەم!! وەرنە تەماشام و بمبینن!!"

دەنگەکە چون ڕەشەبا سەری کێشایە هەموو ماڵێکەوە. بەجارێک ژن و ژاڵ.. منداڵ و تاڵ.. گەورە و گچکە.. بە جامە دۆ و گۆزە ئاوەوە نەبادا تینووی بێ هاتنە دەر.. هەیانبوو بە دەفری پڕ لە گەنمەوە، تاکو بۆ فەڕ، بە سەریدا ببارێنیت لە ماڵەکانیان دەرپەڕین.. بە سەلاوات لێدان ڕوویان لە چەقی گوند کرد. هەیشبوو ملی مەڕی گرتبوو، تاکو لەبەر پێیدا سەری ببڕێت.. تەواوی دێ لە دەوری سوارچاک بازنەیان بەست.

کاتێک ئەوان لە نزیکەوە لێی ورد بوونەوە. دیتیان پیاوێکە لە ناوەڕاستی تەمەندایە. وەک کەڵەباب بەسەر زینی ئەسپە کوێتەکەیەوە هەڵنیشتووە. ڕدێن هاتوو، بێ نموود، لاواز، هەر بە ڕاستی هێندەی کەڵەبابێکیش دەبوو. ڕیوەڵە و چاو پڕوپووشاوی.. شەدەیەکی کەونی بە گوڵنکەی کاڵەوەبووی تەپاندبووە سەر. ڕوویەکی باریکی تەڵخی ماندوو، هێندەی نەختێک. بەحاڵ پێی دەگەیشتە سەر ئاوزەنگی و تفەنگەکەی دوو هێندەی خۆی درێژە. سوارچاک وەک مۆمیا کرابێت، بەسەر ئەسپەکەیەوە نەدەجوولایەوە.. ئەوەندە هەبوو شنەی با لچکی شەدەکەی دەشەکاند.. خەڵکی دێ دەستیان بەجامە دۆ و گۆزە ئاو و ملی مەڕەکانیانەوە وشک بوو. حەرام کەس ورتەی لە زار دەرنەهات. سوارچاک ئەمجارەش بە سێ دەنگان گازی کرد:

"بەڵێ منم سوارچاک.. منم چی ئاغای ئەم دەشتە هەن لەبەرم دەپاڵێون و لە ترسی من دڵیان لە مستیاندایە!!"

هێشتا هەر کەسێک لەوان متەقی نەبوو. ئەوان لە بێدەنگییەکی بێتامدا گیریان خواردبوو؛ کاتیان لەبەر نەدەڕۆیی. لە هیکڕا پیرەمێردێک بەدەنگێکی بیستراوی تژی لە نائومێدی وتی:

"وەی سەد بریا هەر نەماندیبای!!"

سەرنج: لە (ڕۆژنامەی هەولێر)، ژمارەکانی (٥٨٣ و ٥٨٦)، ڕۆژانی (٧/٢٣-٢٠٠٩/٧/٢٩)دا، بڵاو بووەتەوە.

# خوێندنەوەی شەش حیکایەتی میللیی بڵاو نەکراوە

ئەم شــەش حیکایـەتەی وا لێرەدا بـۆ یەکـەمین جـار بڵاویاندەکـەمـەوە، لە خـوا لێخۆشبووی باوکمـم (حەسەن کەریم ١٩٠٩-١٩٩٧) بیستوون. هـیچ کامـیان ناونیـشـانیـان نەبوو. خـۆم ناوم لێ ناون و بە زمـانی خـۆیشـم دەیانگێـڕمـەوە، وەلێ بێ ئەوەی هـیچ لە نێـوەڕۆکـیـان بگۆڕم، یـان ڕووداوەکـانیـان پاش و پێش بخـەم. پێنـجـیـان دەچنە خـانەی حـیکایـەتی مـیللیـیـەوە. (درۆی ڕێـوی)یش حیکایەتی گیـاندارانە. ئەم مـۆدیلە هەقـایەتەیش لە ئەدەبی وڵاتانی خۆرئاوادا بە فەیبڵ (Fable) ناسـراوە. قامـووسی زمانی ئینگلیزی (ئۆکسفـۆرد)، ئاوەها واتای فـەیبڵ لێک دەداتەوە: (کورتە حیکایەتێکە، لەسـەر حەقـیقـەت و ڕاستی بنیــات نەنراوە، بە تایبــەتی ئـەوانەیان کــە گــیــاندارانیــان تێــدایە (وەک حیکایەتەکانی ئیسۆپ) بەو نیازەی وانەیەکمان لە مۆراڵدا پێشکێش بکات.)

وەلێ (درۆی ڕێوی)، حــیـکایـەتێکی هـاوبـەشــە لە نێــوان مــرۆڤ و ئـاژەڵدا. مرۆڤ لێرەدا نێچیرەوانە و لە کۆتاییی حیکایەتـەکەدا پەیدا دەبێت، بێ ئەوەی پێشـتر خۆی دەرخستبێت و گوتوبێژی هەبووبێت. ئەو قسەیەکی نییە بیکات، وەلێ کردەوەی هـەیە و جێدەستی دیارە. خـۆیەتی کـە هەمـوو جـارێک تەڵە بۆ ڕێوی دەنێتەوە. بەڵام ڕێوی لەو سۆنگەیەوە پێوە نابێت کە تەڵەی بۆ نراوەتەوە، بەڵکو بە تەڵەوەبوون و بە نێچیربوونی ئەو بەو سـەبارەتەیە کە ئەو بەڵێنەکانی ناباتە سەر و سـەرڕاست نییـە. ڕێوی کە خۆی قـارەمانی ئەم فـەیبڵـەیە، کاتێک بە تەڵەکەوە دەبێت، ئەوجا بە مەبەستی ئازادبوونی، خێر قەرار دەدات، نەک لە سروشتی خێرخوازییانەیەوە.

ئەم خـێرە بەشـی هـاوتوخمـەکانی خۆی، یان هـیـچ ئاژەڵێکی تری تێدا نییـە، بەڵکو خـێـرەکان، کـە جاری یەکـەم (کراس بۆ حـەوت هـەتیـو) و جـاری دووەم،

(تەغارێک گەنم) و سێیەم جاریش (بژاردنی هەردوو خێرەکەیە پێکەوە) هیچیان بۆ توخمی ئاژەڵ نەبوون، بەڵکو ڕێوی ئەو خێرەی بۆ توخمی مرۆڤ قەرار دابوو. سروشتی فەیبڵ وایە، کە وەک هەقایەت، گیاندار ڕۆڵی تێدا دەبینێت، وەلێ وەک نێوەڕۆک مەبەستی پێ مرۆڤە و دەرسی ئینسان دادەدات. یان وانەیەک لە مۆراڵدا پێشکێش بە توخمی مرۆڤ دەکات. ڕێوییەکان نە کراس دەپۆشن و نە گەنمخۆریشن. وەک ئاشکرایە خێرەکان جار دوای جار هەڵدەکشێن. یەکەم جار کراس بۆ حەوت هەتیوانە و دووەم جار تەغارێک گەنمە، کە بەپێی قامووسی هەنبانە بۆرینە، لە کوردستانی عێراقدا دەکاتە (٦٤) تەنەکە دەغڵ، جا گەنم بێت یان جۆ. جاری سێیەمیش هەردووکیانە پێکەوە.

پێم وایە (تیمە)ی ئەم فەیبڵە دەیەوێت ئەم وانەیە فێری مرۆڤ بکات: "درۆ مەکە، دەنا باجەکەی دەدەیت" یان دەشێ تیمەکەی ئاوابێت: "پەیمانێک، یان بڕیاری خێرێک بدە، کە پێت جێبەجێ بکرێت." لەوانەیشە نێوەڕۆکی ئاینیی هەبێت و پێمان بڵێت: "گەر خێرت قەرار دا، ئەوا قەردار دەبیت و گەرەکە لە کاتی خۆیدا جێبەجێی بکەیت." خۆ لەم حیکایەتەدا باسی ئەوە نەهاتووە، گوایە ڕێوی زیانی بە گیاندارێکی تری هاوتوخمی خۆی، یان بە باڵدارێک گەیاندبێت، تاکو بە تەڵەوەبوونی بە (سزا) بێتە حسابکردن. بە نێچیربوونی ڕێوی لەو سۆنگەیەوە هاتووە، کە ئەو درۆی کردووە. ئەو پەیمانانەی کە لە تەنگانەدا دابوونی، بیری چووبوونەوە و بەجێی نەگەیاندبوون. بۆیە ڕێوی کە بە شوێن نێچیردا وێڵ بوو، خۆی بووە نێچیری خاوەن تەڵەکە.

دەتوانم جەختی لەسەر بکەم کە هەموو حیکایەتەکان بە (درۆی ڕێوی)یشەوە خۆماڵین. دەشێ پێنج هەقایەتەکەی تر، لە خانەی حیکایەتی میللیدا پۆلێن بکرێن. سەبارەت بە پێنج حیکایەتەکەی تر، شوێنی ڕوودانیان دەستنیشان کراوە. یان ناوی قارەمانەکان هاتوون و کەسانێکن لە مێژووی ناوچەکەی خۆیاندا ناسراون. لە حیکایەتی (سوار)دا، ئەو کەسەی یەکەم جار گێڕاوێتییەوە، ناوی هاتووە و پێشمان دەڵێ خەڵکی (قازانقایە) بووە. خودی

(سەید ئەحمەدی خانەقا)یش کوردێکی خانەدانی خەڵکی کەرکووک بووە. حیکایەتی (لەم ئاڵوگۆڕەدا تیا دەچم) باس لە کێشەی بەردەوامیی نێوان (جاف و گۆران)ی سەردەمێک دەکات کە جاف ڕەوەند بوون و گۆرانیش نیشتەجێ.

حیکایەتی (نەخۆشییەکی سەیر)یش، دیسانەکە باس لە نێوانی جاف و نیشتەجێ دەکات و شوێنی ڕووداوەکەیش (دێڕەشە)یە، کە گوندێکی دیوی گەرمیانە و هێشتا هەر ئاوەدانە. لە حیکایەتی (نان بێرن)دا، هەر لە سەرەتاوە ناوی قارەمان، زێدی، خێڵەکەی، باری کۆمەلایەتی و هۆکاری ئاوارەبوونی، بە ڕوونی دیاری کراون: "ئەوڕەحمانی ئەحمەد خەسرەو، زەنگنە بوو. لە (ژاڵە)ی مەملەحە دادەنیشت. خاوەنی لاو دیوەخان بوو. لە ترسی زوڵم و زۆری عوسمانی هەڵدێت..." لە حیکایەتی (کەر و ڕمووزن)یشدا، چەرچییە جوولەکەکە، خەڵکی شارەدێی (قەراخ)ە و بەنیازە لە (دەربەند جافەران)ەوە ئەودیوی (سەنگاو) ببێت.

ئەگەر بە گشتی قسەیان لەسەر بکەین، ئەوا خاڵی هاوبەش، بێجگە لە کوردیبوونیان، ئەوەیە کە لە سنووری دوو سەد وشە تێ ناپەڕن. حیکایەتخوان بە ڕاناوی کەسی سێیەمی (هەمووشتزان) دەیانگێڕێتەوە.. گێڕانەوەی نزیکەی هەموو حیکایەتەکانی جیهان بەم ڕاناوەن. لێرەدا حیکایەتخوان ئاگەداری ورد و درشتی ڕووداوەکانە. قارەمانەکان دەناسێت. ئەو پێشتر دەزانێت چی لە چارەی یەکەبەیەکەیان نووسراوە و ئەنجامی ملانێیەکە چلۆن دەشکێتەوە. تەنانەت بێ ئەوەی قارەمان خۆی هیچی درکاندبێت، حیکایەتخوان دەزانێت لە دڵی خۆیدا، یان لە ناخی خۆیدا چلۆن بیر دەکاتەوە. ئەم دیاردانەیش لە نێو هەقایەتەکانی دنیادا هاوبەشن و شتگەلێک نین، تەنیا بە هەقایەتەکانی کورد تایبەت بن. دەشێ بڵێم: بێجگە لە حیکایەتی (درۆی ڕێوی)، ئەوانی تر لە چیرۆکی واقیعییەوە نزیکترن. چونکە فانتاسیا و ئەفسانەیان تێدا نییە. حیکایەتی میللی بەگشتی، دەربڕینە لە مگێزی میللی و رۆحی گروویی، ئاستی چێژ و سەلیقەی خەڵک لە سەردەمە کۆنەکاندا نیشان دەدات.

بەرچاوتێری و خزمەتکردنی میوان لە مۆراڵەکانی کۆمەڵگەی خێڵن. قسەیەکی کوردی هەیە دەڵێ : "دەوار دەرگەی نییە" بەو مانایەی تاکی شوانکارە و ڕەوەند، یان بە ئاوەز خێڵەکی، هەردەم دەرگەی لە ئاستی میواندا ئاوەڵایە. بەڵکو ئەو شانازیی بە ژمارەی زۆری میوانەکانییەوە دەکات. کام شوانکارەیەی لەوانی تر زۆرتر میوان ڕووی تێ بکات، ئەوا ئەوەیان لە هەموویان ڕێز و ئیعتیباری زیاترە. کێ نانی زۆر بخورێت ئەوەیان لەوانی تر بەڕێزتر و ناسراوتریشە. بۆیە کوڕانی خێڵ، بە تایبەتی ئەوانەی (بووە) بوون، لە نێوان خۆیاندا پێشبڕکێیان بووە. هەردوو حیکایەتەکانی (سوار، نان بێرن)، میواننەوازی و بەرچاوتێرییان کردووەتە بابەتی خۆیان. سەید ئەحمەدی خانەقا، لەلای نەنگییە میوانێک بە سواریی ڕێی کەوتبێتە دیوەخانەکەی و بە پیادەیی جێی بێڵێت. بۆیە لای خۆی گلی دەداتەوە و بە شێوەیەکی ئەوتۆ ئەسپەکەی بۆ قەرەبوو دەکاتەوە بێ وێنەیە.

ئەوڕەحمانی ئەحمەد خەسرەو، کە پێ دەچێت یەکێک بووبێت لە سەرانی خێڵی (زەنگنە)، لە تافی لێقەومان و ئاوارەییشدا، لەسەر خوانی خانەخوێیەکەی، لەلای نەنگییە خواردن لە پێش میوانەکاندا کەم بێت. لەو هەناسەیەدا وا دەزانی لەماڵی خۆیدایە، بۆیە خۆنەویستانە بانگ دەکات: (نان بێرن!) لەمەیش گرینگتر، وەڵامی خانەخوێیەکەیەتی، کە ئەویش هەر کەسێکی میواندۆست و نانبدە و بەرچاوتێرە. ڕاستە تەواوی ئەم ئاکارانە خێڵەکییانەن، وەلێ مێژووی سەردەمێکیش لە بەرائەت و پاکێتیمان بۆ دەگێڕنەوە.

هەقایەتی (کەر و ڕمووزن) باس لە حاڵی بەدحاڵی ئۆلی جوولەکە دەکات، کاتێک ئەوان لە نێو ئێمەی موسڵماندا کەمینە بوون.. دوو دز تەگبیر لە (خواجە)ی چەرچی دەکەن و بۆسەیەکی بۆ دەنێنەوە، وەختایێ ئەو لەوەدایە لە دەربەند جافەرانەوە بپەڕێتەوە دیوی گەرمیان. لەوێدا فێڵێکی لێ دەکەن و کەرەکەی بە بارەکەوە لێ زەوت دەکەن. ئەم حیکایەتە دەیەوێت پێمان بڵێت: (ئەوەی بە ئاین مووسایی بێت، ئیدی کەم جورئەتە!) گەلێک ئیدیەمی لەم

جۆرەیش لە نێو کورد و گەلانی تری هەرێمەکەدا هەیە، کە بە نەفەسێکی ئاینییانەی تەنگەچیکلدانەوە داڕێژراون. لە ڕاستیدا چەمکی ترس و ئازایەتی پێوەندییان بە ئۆل و بە زمانەوە نییە. پێکهاتەی ناوەکی و دەرەکیی مرۆڤ بە گشتی چوونیەکە. ئەم حیکایەتە بە شێوەیەکی کۆمیدییانە، یان کاریکاتێرییانە وێنای خواجە و دیمەنەکە دەکات، کە کاریگەریی پتر لەسەر مگێز و زەینی خوێنەر، یاخود گوێگر دادەنێت.

هەردوو حیکایەتی (لەم ئاڵوگۆڕەدا تیا دەچم و نەخۆشییەکی سەیر) باسی ڕەوشی نێوان ئێلی جاف و گۆران، واتە کوردی کۆچەری و کوردی نیشتەجێ دەکەن. خێڵی کۆچەری بە گشتی، کشتوکاڵ و پیشە دەستییەکانیان لەلا پەشم بووە. ئەوان ئازادییان لە کۆچ و گەشتی گەرمیان و کوێستاندا بینیوە. ئەوان ئاواتیان ئەوە بووە بە سواری ئەسپەوە دەربکەون. چەک و چۆڵی ئەو سەردەمە هەرچی بووبێت لە خۆیانی بدەن، خۆیانی پێوە ڕانێن و بەسەر جووتیاری نیشتەجێ و خاوەن پیشەکاندا بخوڕن و جاروبارەیش تەشقەڵەیان پێ بکەن.

هەقایەتەکان باسی پێوەندیی نێوانیان و نێڕینی ئەو دوو توێژە، یان ئەو دوو چینەی ئەوێ ڕۆژێی کۆمەڵگەی کوردەواری، بۆ ژیان دەکەن. ڕووداوەکان بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە بەڕێوە دەچن. لە نوکتەوە نزیکن. حیکایەتەکان بەسەر خێڵی ڕەوەنددا دەشکێنەوە. زۆرێک لەم سەرگورشتانە لەلایەن خوێندەوارانەوە، یان جووتیاری نیشتەجێوە پارێزراون و تاکو ئێستایش لە نێو خۆیاندا بۆ یەکودووی دەگێڕنەوە. هەندێکیشیان تۆمار بوون و بوونەتە بەشێک لە کولتووری نووسراو. یەک لە باری خۆم، پێم وایە هەقایەت کۆکردنەوە لە خۆیدا هەوڵدانە بۆ کۆکردنەوەی ئەوێتیی (هویە) هەلار هەلاربووی ونبوومان. هەوڵدانیشە بۆ گەڕانەوە بۆ یادەوەریی گرووییمان..
فەرموون ئەمەیش دەقی حیکایەتەکان:

## سوار

وەستا خورشیدی ئەمینی خدر جۆلا، خەڵکی (قازانقایە) بوو. ئەو وەختی خۆی ئەم حیکایەتەی گێڕاوەتەوە. خۆیشی شایەتی حاڵ بووە.. حیکایەتەکە دەڵێ:

سەید ئەحمەدی خانەقا پیاوێکی خانەدان و خاوەن لاو دیوەخان بوو. لە کەرکووک دادەنیشت. ئەم پیاوە میوان لە دیوەخانی نەبڕاوە. جارێکیان لەشکرێک لادەداتە دیوەخانەکەی و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە. بە ڕێککەوت سوارێکیان ماینەکەی دەمرێت و مەیتەر فڕێی دەدەنە دەرەوە. ئیتر سوار پیادە دەبێت و دۆش دادەمێنێت. دەستێکی دەکەوێتە ئەملا و دەستێکی دەکەوێتە ئەولا و ناتوانێت ولاخ بکڕێتەوە. سەید ئەحمەد بەم ڕووداوە دەزانێت، دەچێتە لای میوانەکەی و پێی دەڵێ:

"کوڕم دڵ لە دڵ مەدە. لێرە بمێنەرەوە. هەموو ڕۆژێک ئالیکی ماینەکەت وەربگرە و کۆی بکەرەوە، تا ئەوەندەی لێ دێ بتوانی ولاخێکی پێ بکڕیت. ئەوجا بۆ هەر کوێیەک دەچیت ئۆغری خێرت بێت!"

## لەم ئاڵوگۆڕەدا تیا دەچم

ڕۆژگاری زوو، جاف دەوارنشین بوون؛ خێڵەوخوار و خێڵەوژووریان دەکرد. دەچوونە کوێستانخۆری و نیشتەجێ نەبوون.. هەرچی گۆرانیشە خانوونشین و نیشتەجێ بوون. بەڵام بە دەست زۆرداریی دەوڵەتی عوسمانلی و جاف و تالان و بڕۆی هەمەوەندەوە تەواو حاڵیان شڕ بوو. هەر یەکێک لەم سێ لایە هەڵدەسا و چەپۆکێکی پێدا دەماڵی.

لەو دەمەدا پیاوێکی جاف کوڕێکی نەخۆش دەکەوێت. هەرچی دەواودەرمان هەیە بە قوڕگیدا دەکەن. چەندین پیر و شەخسی دەگێڕن و دوعا و نوشتەی بۆ دەکەن، وەلێ بێ سوود دەبێت و چاک نابێتەوە. دواجار کابرای جاف دەستی لێ دەشوات. ڕوو دەکاتە ئاسمان و ئەم نزایە دەکات:

"خوایە ئەم کوڕەم بکە بەگۆران، هەر بەمەرجێک چاکی بکەیتەوە!"

دایکی کوڕە، ئەم نزایەی پێ قووت ناچێت و دەڵێ:

"سا خوایە گیان، بیکوژە و مەیکە بە گۆران!"

هەرچۆنێک بێت نزای باوک گیرا دەبێت و کوڕەکەی لە مردن ڕزگاری دەبێت. کاتێک منداڵەکە گوڕی تێ دێتەوە و لە نەخۆشییەکەی هەڵدەسێتەوە، بە باوکی دەڵێ:

"باوە هۆ باوە، بەچکە گۆرانێکم بۆ بگرە؟"

"بەچکە گۆرانت بۆ چییە کوڕم؟"

"قونەقونەی پێ دەکەم!"

"قسەی خاس بکە کوڕم. من تۆم کردووە بە گۆران ئەمجا خوا چاکی کردوویتەوە؛ کەچی ئێستا گەرەکتە تەڵفیسی بە بەچکە گۆران بکەی؟"

کوڕەیش زۆری پێ ناخۆش دەبێت کە بووە بە گۆران و دەڵێ:

"توخوا باوکە گیان، با نەخۆش بکەومەوە و بمرم هەر بە مەرجێک نەبم بە گۆران.. لەم ئاڵوگۆڕەدا تیا دەچم!"

**درۆی ڕێوی**

جارێکیان ڕێوییەک بە دوای مڵوموشدا دەگەڕێت، کاتێک لە پڕ تەڵەیەکی پێدا دەتەقێ و لاقی پێوەی دەبێت. ڕێوی بە تەڵەکەوە پەیمان دەدات: "شەرت بێت بە شەرتی خوا، ئەگەر ئەمجارە ڕزگارم ببێت، کراس بۆ حەوت هەتیوان بکەم!"

هەرچۆنێک بێت ڕێوی ڕزگاری دەبێت. بیر لەو پەیمانەی دابووی دەکاتەوە و دەڵێ: "جا چۆن کراسی حەوت هەتیوان بەمن دەکرێت؟ خۆ من جۆلا نیم هەتا جاویان بۆ ئامادە بکەم. بەرگدروویش نیم هەتا بۆیان بدوورم!"

دوای ماوەیەک لاقی چاک دەبێتەوە و وەک جاران دەست بە گەڕان و مڵوموش دەکاتەوە. دووبارە ڕێوی بە تەڵەوە دەبێتەوە. دیسان بە دەم باقەباق و ئازاری دەستییەوە پەیمان دەدات: "خوایە، تەغارێک گەنمم خێر بێت، هەر بەو مەرجەی ئەمجارە ڕزگارم بێت!"

بەهەر حاڵێک بووە، دوای هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر ئەمجارەیشیان خۆی ڕزگار دەکات. بەڵام ڕێوی پەیمانەکانی خۆی لە بیر دەچێتەوە و دیسان بەدوای ژیاندا دەست بە گەڕان دەکاتەوە. نەخێر دیسانەکە زرم، لە ناخافڵ تەڵەی پێدا دەتەقێت. ئەمجارەیان بە دەم ئازار و باقەباقەوە بیر لەو هەموو خێر و خێراتانە دەکاتەوە کە بڕیاری لەسەر دابوون و جێبەجێی نەکردبوون، ئەمجا دەڵێ:

"خوایە گیان خۆ قەرزار قەرزاری نەکوشتووە. هەر ئەمجارەیان فریام کەوە، پەیمان دەدەم هەموو قەرزەکانت بۆ ببژێرم!"

بەڵام ئەم کەڕەتەیان خاوەنی تەڵەکە لە باقەباقی ئاگەدار دەبێت، دەگاتە سەری و بواری نادات.

## نەخۆشییەکی سەیر

سەردەمی زوو، کاتێک عێلی جاف لە کوێستانخۆری دەگەڕانەوە؛ باو وابوو ژنەکانیان ماست و دۆینەیان بۆ دێهاتەکانی گۆران دەبرد و بە خوێ و ساوەر و برنج دەیانگۆڕییەوە. ساڵێکیان چەند ژنە جافێک بەم مەبەستە ڕێیان دەکەوێتە (دێرەشە).. یەکێکیان لادەداتە ماڵێک تاکو ماستیان پێ بگۆڕێتەوە. بە ڕێکەوت لەو دەمەدا کەیبانۆی ماڵ بۆ شۆردنی جلوبەرگی پیاوەکەی چووە بۆ سەر چەم. پیاوەکەیشی چونکە تەنیا ئەو دەستە جلکەی هەبووە، بە ڕووتوقووتی لە ماڵ جێ ماوە.

پیاوە گوندنشینەکە، ژنە جاف بانگ دەکاتە ژووری و وەهای تێ دەگەیێنێت، گوایە نەخۆشە و ناتوانی لە جێگە ڕاستەوەبێت. پێی دەڵێ:

"ماستەکەت ڕۆبکەرە نێو دەفرێکەوە، ئا ئەوەیش خوێیە، جامەکەتی لێ پڕ بکە؟"

ژنە جافیش، ماستەکەی ڕۆ دەکات. وەلێ ژنە خوێیەکی زۆر دەکاتە کۆڵەکەیەوە. هەرچی خاوەن ماڵیشە چاوی لێیە و خۆی پێ ڕاناگیرێت. بە ڕووتوقووتی لە بن لێفە بۆی دەردەپەڕێت، تاکو ئەوەی بە زیادە بردوویەتی لێی

بسـەنێتـەوە. کـاتێک ژنەکـەیش خـاوەن مـاڵی دەبینێت ڕووتوقـووت و درێژ، بە ئاسمـاندا چووە، دەحـەپەسـێت.. هەر ئەوەندەی پێ دەکرێت دەرپەڕێتـە کۆڵان. لەوێ دەسـتـەخـوشکەکانی لە خـۆی کۆ دەکاتەوە.. لـەو دەمـەدا ژنانی ئاواییش بەسەریاندا دادەبارێن، تاکو بزانن چی ڕووی داوە؟ ژنەکەیش پێیان دەڵێ:

"پیاوێکی نەخۆش لەوماڵەدا بوو!"

ئەوانیش دەڵێن:

"با بچین بزانین چ خێرێتی؟"

ژنە جاف، پێشیان لێ دەگرێ و دەڵێ:

"ژنگەل نەخـەڵەتابن بچن. نەخـۆشییـەکەی فـرە بێ فـەڕە. خۆی خـراپ تووش بووە. دەترسێم ئێوەش بچنە ژووریٚ و لێوەی تووش بن!"

**کەر و ڕمووزن**

جـوولەکـەیەکی قـەراخی، بە گـوێرێژێکەوە، بۆ چەرچییـەتی دەچێ بۆ دێی (جـافـەران).. ئەو ڕۆژە بەقـەدەر حـاڵ وردەواڵە دەفـرۆشـێت. بەو نیـازەی بۆ بەیانی بەرەو (سەنگاو) بەڕێ بکەوێت، شەو لەوێ دەمێنێتەوە.

بۆ سبەی چەرچی بەڕێ دەکەوێت. دیارە ڕێگەیش دەربەند جافەرانە و هەتا بڵێی بەترس و لەرزە.. چونکە هەمیشە چەتە و ڕێگری پێوە بووە.. دوو دزیش، هەر شـەوێ بـەم سـەفـەرەی خـواجـە دەزانن و سـاڵدانە سـاڵدانە لـە پێش ئەودا دەگەنە دەربەند و لەوێ بۆسەی بۆ دەنێنەوە!

خـواجـەیش هەرکـە دەگـاتە نێـو دەربەنـدەکە ترسی لێ دەنیـشـێت و حـۆل دەبێت. پێش گوێرێژەکەی دەکەوێت و بە دەسـتە ڕەشمـەکەی ڕای دەکێشێت.. ئەوانیش سـووک و باریک، یەکێکیـان ڕەشـمـەی گـوێرێژەکـە دادەماڵێت. گوێرێژەکە دەداتە دەست هاوڕێکەی و ڕەشمـەکـەیش دەکاتە سـەری خۆی و بەدوای خـواجـەدا دەڕوات. خـواجـەیش هـێندە دەترسـێت، چ قـوورەتە بوێرێ لایکاتەوە!

دەگەنە پلەیەکی ڕک. لێرەدا کابرای دز هەردوو پێی لە زەوی قایم دەکات.

خواجە هەر ڕای دەکێشێت و دزەیش زیاتر پێی دادەگرێت.. ئەنجام خواجە تەواو ماندوو دەبێت و ناچار دەبێت لابکاتەوە.. کاتێک خواجە، بەدەم ترس و لەرزەوە، ئاوڕ لە گوێرێژەکەی دەداتەوە، زەلامێکی ڕەشمەکراو دەبینێت و کەرەکەشی دیار نەماوە. ئیدی هەر لەوێدا بێ هۆش دەکەوێت. کاتێک بەئاگا دێتەوە، پێی لێ دەکات بەپشتا و ڕێ و ڕێ بەرەو شارەدێی قەرەداغ دەگەڕێتەوە. لەوێ ژن و منداڵەکانی هەواڵی گوێرێژەکەی لێ دەپرسن. ئەویش دەڵێ:

"گوێرێژی چی؟ بوو بە ڕمووزن و لەگەڵم نەهاتەوە.. نەموێرا تەماشایشی بکەم!"

## نان بێرن

ئەوڕەحمانی ئەحمەد خەسرەو، زەنگنە بوو. لە (ژاڵە)ی مەملەحە دادەنیشت. خاوەنی لاو دیوەخان بوو. لە ترسی زوڵم و زۆری عوسمانی هەڵدێت و لەگەڵ چەند پیاوێکی خۆیدا لە دێیەکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەگیرسێتەوە. لەوێ دەبنە میوانی پیاوێکی نانبدە و پیاوانە.

ئەوڕەحمان لە کاتی نانخواردندا سەرنج دەدات، لەسەر خوان نان کەم ماوە و نانخۆر زۆرن. لە پڕ هاوار دەکات:

"ئادەی کوڕگەل، نان بێرن!"

پیاوێکی خۆی پێی دەڵێ:

"چیت کرد ئاغا؟ چیت وت ئاغا؟ مەگەر نازانی های لە کوێ؟"

ئەوڕەحمان کاتێک بیری لێ دەکاتەوە بە خۆیدا دەشکێتەوە و هەست بە ڕووزەردی دەکات. خاوەن ماڵیش سەرنج دەدات وا میوانەکەی لە شەرماندا تێک چووە. پاش نانخواردن بانگی دەکاتە لای خۆی و پێی دەڵێ:

"بۆم دەرکەوت جەنابتان لە من پیاوترن.. چونکە لە من زیاتر بەتەنگ میوانەوەن!)

سەرنج: لە ژمارە (٦)ی (فەرهەنگ)، ڕۆژی (٢٠٠٩/١٠/٢٨) بڵاو کراوەتەوە.

# گۆرانی، دەنگدانەوەی مێژووە

## پاژی یەکەم

باری دەروونیی هەر گرووپێکی ئیتنیکیی چەوساوە و تەپەسەر وەهایە، کە بەچڕی و نزیکەی بە بەردەوامی نوقمی خەم و کڕووزانەوە و خۆخواردنەوەیە. مرۆڤی بندەست لە تەواوی کایەکانی ژیار، فەرهەنگ، ڕامیاری و کۆمەلایەتیشدا هەر لە دوایە. بە زۆری، وەک ئەوەی لە داهاتووی خۆی ئومێدبڕاو بووبێت، بۆ دواوە ئاوڕ دەداتەوە و لە ڕابردوودا دەژی. بۆیە بەسەرهاتەکانی ڕابوردووی، بە زەقی جێدەست لەسەر ڕەوشی ئێستا و داهاتوویشی بەجێ دەهێڵن. هەر بۆ نموونە، ئەگەرچی یەک لە باری ئێستا، مەرگەساتی هەڵەبجە، بووە بە لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕابردوو، کەچی کارەساتەکانی هێشتا هەر بە گەرمی ئامادەن. وەک تازەکی ڕوویان دابێت، هێشتا بستێک لێمان دوور نەکەوتوونەتەوە.

مگێڕی مرۆڤیش بە سروشت وەها هەڵکەوتووە، ساتە خۆشەکانی تەمەن برووسکەیی تێ دەپەڕن و لە یاد دەچێتەوە، وەلێ بە پێچەوانەوە، ڕووداوی دڵتەزێن و کارەساتبار لە یادەوەریی تاکەکاندا دەمێنێتەوە، بن دەنێتەوە و زوو زوویش سەر دەردێنێتەوە و لەیادچوونەوەی سەختە. بەڵکو کارکردی بەهێزیش لەسەر بنیاتی کەسایەتیی تاک دادەنێت. ڕەنگە هەتا مردن سوێی ئەو کارەساتانە وەک تارمایی بەدوایەوە بێت.

هەر خێزانێکی ئەو شارە کارەساتبارە بگریت، لەلای خۆیەوە سەرگورشتەیەکی هەیە، ڕۆژانە لەگەڵیدا دەژی و لێی نابێتەوە. پێویستیی بەوە هەیە بەردەوام گوێگری هەبێت و بۆ ئەوانی jnی بگێڕێتەوە، ماکی کۆی ئەم کارەساتانە وەهایان کردووە ئێمە لەم سەردەمەیشدا هەر گەشبین نەبین و

بە ڕووی ژیاندا دڵگەش و کــراوە نەبین. وەک پێــویســتــیش بە گــوڕ و تینەوە باوەش بۆ ژیان و بۆ گۆڕان، کە سونەتی مێژووە نەکەینەوە. وا پێ دەچێت ئەم دۆخە کاریگەریی زۆری لەسەر داهاتوویش هەبێت. هەمیشە لای ئێمەی کورد ئەم پرسیارانە خۆیان دووبارە دەکەنەوە: "لە پای چی بە هەزاران کەسمان لێ شوێنبزر کران؟ بۆچی گەرماوگەرم، کەسایەتییەکی ناوداری جیهان، لایەنێک، یان میللەتێکی خێرخواز لەسەرمان بەدەنگ نەهات؟"

مرۆڤی چەوساوە و ستەم لێکراوە، تووڕکی ترسێک لە مێژووی ئاڵاوە و لێی نابێتەوە. دەنگێکی ترسناکی لێ پەیدایە، لە قــووڵاییی نەســتــەوە دەنووکی لە ســەریەتی و لێکدا لێکدا بە گــوێیــدا دەچرپێنێت: هــەر ڕۆژێک بێت لە نــاکــاو ئەنفــال و کــیــمــیــاباران و چی و چی، لە نـۆی، لە خـۆی، یاخـود لە نەوەکــانی، دووبارە دەبنەوە.. وەک ئەوەی دڵتەنگی و بەدمگێزی کاڵایەک بێت، لە ئەزەلەوە بە باڵای بڕابێت. جا ئەم مەینەتی و دڵتەنگییەیش، کە سواری سەری بووە، پێش هەر بوارێکی تر لە گۆرانییەکانیدا دەنگ و ڕەنگ دەداتەوە.

لەوە دەچێت تێکڕای زایەڵە و درێژکردنەوەی وشە و بڕگە و پیتەکان؛ ترپە و لەرینەوەی ڕەزم،ناڵە و ئازاری ناخی مەردم بن. لەرینەوەی ژێیەکانی ڕۆح بن، بە ڕەوانترین زمان و شێواز ئەحواڵی ئەو مرۆڤە بەیان بکەن، بۆ هەموو ئێمەی گــوێدێریشی بگێــڕنەوە و بە جــوانی لە ڕەوشــەکــە ئاگــەدارمــان بکەنەوە و هۆشیاریمان بدەنێ، داخۆ ڕۆحمان لە چ بارودۆخێکدایە. ئارامە یان شڵەژاو؟ بەختیارە یان بەدبەخت؟ نائومێد و نامرادە، یان ئومێدەوارە و بەهیوا؟ ئەوە (ڕەوان)ە ئەو کارە بە دەنگبێژی کورد دەکات ئاوەها وشەکانی بەیتەکەی بلەرێنێتەوە و بلەقێنێتەوە.

بێگومان گۆرانییەکانی کوران بە مەبەستی گەیشتن بە دڵخوازەکانیان ڕۆنراون. یان لەبۆ چێکردنی ژیانێکی خێزانیی بەختیار و داهاتوویەکی گەش و ئاسوودە گوتراون.. ئێمە، لە باشووری کوردستان، ئێستایشی لەگەڵدا بێ، ئەگەرچی برێکی بەرچاو لە خۆزیا و خەونەکانمان بەدی هاتوون، کەچی هێشتا گۆرانییەکانمان هەر بۆنی خەم، دابڕان، دووری و مەرگەسات و

نائومـێـدییـان لێ دێت. له زۆرێک لـه گـۆرانیـیـهکـانی ئێـسـتـایشـدا، له دوا چرکـهسـاتدا، به هـهر هۆیهکهوه بووبێت، دیسـان دڵدار و دڵبـهرهکـان، بۆ یهک نابن. یان به کارهسات کۆتایی به ژیانی لایهکیان دێت. وهک چۆن له گۆرانییه کۆنهکاندا لاوه دڵدارهکان ناخلاف دهکهوتنه بهندی عهجهم و ڕۆمییان و ئیدی به یهکجاری بێ سهروشوێن دهکران.

بـهنزیکـهی تـهواوی (لاوک)هکـــــان وههـان. تـهواوی (بـهیت)هکـــــان وهها تراجـیـدییـانه کـۆتاییـیـان پێ دێت. تۆ هـهروا سـهرنج بده، نێـوانی (خـهج و سـیـامـهند) به چ کـارهسـاتێک دهگـات! ئهگـهر ئهم دۆخـه مـاکی بندهسـتـیی بهردهوام و هـهسـتی مهحفبوونهوهی دهسـتهجـهمعی نهبێت، چۆن و له پای چی ئهم (کهڵ)ه وهک بهڵای ناگههان له سیامـهند پهیدا بـوو و مهحفی کردهوه؟ تۆ هـهروا سـهرنج لـه داسـتـانهکـانی شـیـرین و فـهرهاد و مـهم و زین بـده، بزانه ئهوانیش چلۆن کۆتاییيان پێ دێ؟

گـرووپی ئیـتـنیکیی ژێردهسـتـه، بهری هـهر شـتـێک، سـهربورده پڕ له نههامـهتیـیـهکانی، له نهستی خـۆیدا پاراسـتووه. دێت له نێـو دێری شـیـعـر و ئاوازی لاوک و گۆرانییهکانیدا، دووباره لێیان دهداتهوه و دیسانهوه پهخشیان دهکاتهوه. گـۆرانی، گـوزارشـتی مـرۆڤـه له کرۆکی هـهبوون. دهسا تهواوی ئهو سـهردوولکـانهی، وا ژنـانـی کـورد به سـۆزێکی بێ پایانهوه، لـه تافی شین و پرسـهدا دهیانچـڕن، ئهو فـرمـێـسکانـهیشی بـهدهم خـۆڕاژهندنهوه هـهڵیـان دهوهرێـنن، هـهروهسـا تـهواوی سـوێ و ئازاری خـۆخـواردنـهوه و بـهیـهک نهگـهیشـتنی نێو دهقی گۆرانیـیـهکان، ڕهنگدانهوهی چهوسـانـدنهوهی خـهڵک و پێخوستبوونی خاکن.

هـاوزهمـان پێـخوسـتـبوونی ئاواتهکانی تاکی کوردمـان بۆ دهگێڕنهوه، کـه له نێـو شـهپۆلی ئاواز و دێره شـیـعـری گـۆرانی و لاوک و بـهیتـهکـاندا ڕهنگ دهدهنهوه. وهک (ئاو) جێ بۆ خـۆیـان دهدۆزنهوه. سـهرپاکی ئهوانه نیـشـانهی تهپهسـهریی سـهردهمـانێکن، کـه بـهدهیان سـهده مـهزنده دهکرێت، وهلێ له نێو گۆرانیی نوێی کوڕان و کچانی ئێستایشدا دیسان سهر دهردههێننهوه.

پێ دەچێت ئەو بەستە شاد و دەهۆڵیانەیشی کە بە ڕواڵەت وەهای پێشان دەدەن، گوایە ئێمە هیچ بەڵایەکمان لێ نییە و لەوپەڕی جۆش و خرۆشی خۆماندایین، بۆیە وا بەدڵ و کوڵ، لەگەڵیاندا دەهەژێین؛ شان دەلەقێنین و دەسرۆکە بادەدەین و بەدەم جووڵەی لاق و هەژانی سینەوە، قریوەمان دەگاتە تاقی ئاسمان، هەموویان چاوبەست بن، یان دەشێ بڵێم فێڵ بن و لە خۆمانی بکەین. بەو بەڵگەیەی لە باشووری کوردستاندا، سەروەختی کیمیاباران و ئەنفال، کە دژوارترین سەردەمێک بوو لە مێژووی کۆن و هاوچەرخی ئێمەدا، کەچی لە هەموو سەردەمێک زیاتر (گۆرانیی دەهۆڵی) بەرهەم دەهات. پێم وایە ئەو بەستانە ئازارشکێن بوون لە تافێکدا کە ئازار پرزەی لێ بڕیبووین!

ئەوەتا لە گۆرانییەکانی ئەم سەردەمەیشدا، کە لە ڕووی ئابوورییەوە لە جاران لە پێشترین و بەشێک لە مافەکانمان بەدی هاتوون. بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێش ڕاپەڕیندا جیاوازیمان زۆرە؛ کەچی دڵدار و دولبەرەکان لەیەک دەترازێن و بۆ یەک نابن. وا دیارە تارمایی لێقەومان و چڕووسان کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بە چەند دەیەیەک لە زەین و نەستماندا نارەونەوە. ئەوەتا سەمفۆنییەکان، کە داهێنراوی موزیککارە ڕووناکبیر و لێزانەکانی ئەم قۆناغە نوێیەن، ئەوانیش لە بری ئەوەی تژی شادی و بەزم و ڕەزم بن، دیسان کاوێژی کارەساتەکان دەکەنەوە.

دەکرێ بە ئاسانی مگێز و سایکۆلۆجیای مرۆڤی چەوساوە و تەپەسەر، لە ترپەی موزیک و میلۆدیی گۆرانییەکانیاندا بدۆزینەوە، کە وەک خدەیەکی ئاسایی ڕۆژانە لە جێی کاردا، بەدەم ڕێوە، لەبەر خۆیانەوە دەیانڵێینەوە. هەڵەین گەر وا بزانین ئەو سەردوولکە دڵتاوێنانە، ڕسکاوی ئان و ساتی پرسەکانن. بەڵکو ئەوانە کەڵەکەبووی مێژوویەکی پڕ لە کارەساتن، ئەوەندە هەیە، لەو کات و شوێنەدا دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە، ئازاد بکرێن.

د. مستەفا حیجازی، پێی وایە: "مرۆڤی تەپەسەر کارەساتی خۆی لە سەمتی گۆرانی و هەڤایەتی میللیدا، لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکانیدا کاوێژ دەکاتەوە. ئەو لەم کاوێژکردنەوەیەدا بەرەوڕووی ئەو کارەساتانە دەبێتەوە و

بەرگەشیان دەگرێت. وەلێ لە هەمان کاتیشدا لێیان هەڵدێت و لە شانی خۆی دایان دەماڵێت... التخلف، ص/١٦٩"

لە ڕاستیدا، لە هەموو ئەو جڤاکانەدا، کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ داگیر کراون. باشترین و ڕاستگۆترین سەرچاوەی باوەڕ پێکراو، بۆ وەسفی خەم و حەسرەتیان، بەستێنی گۆرانی و مۆزیکە. لەوێدا، بوار دەڕەخسێت بە ئاوازەوە خەمی لە بان یەک کەڵەکەبووی چەند ساڵەیان بگێڕنەوە. هەر ئەم مێژووە گرژ و ماندووەیشە کارێکی کردووە ئێمە لە ئێستایشدا ترسی جدیمان لە چوار کەناری خۆمان هەبێ! وامان لێ هاتووە لەوانەیشیان سڵ بکەینەوە کە خراپەیان لەگەڵدا نەکردوون!

لە بندێری گۆرانییەکاندا، زاڵبوونی چەمکی مەرگ و فەنابوون پترە هەتا چەمکی ژیان و بەردەوامبوونی ژیان. کاتێک ئەو خەمانە لە بەیت و لاوکدا دەنگ و ڕەنگیان داوەتەوە، ئەسڵەن ئێمەی کورد، خاوەنی هیچ کام لە ژانرەکانی چیرۆک و ڕۆمان و فیلم و شانۆیش نەبووین. تۆ هەروا سەرنج لە ناونیشانی ئەم گۆرانییانە بدە: "مەلوول، زەنگی پەستی، غەمگین، غەریب گیان، ناڵەی دڵ.." دەقی گۆرانییەکانیش پڕن لە وشە و دەربڕینی وەک: گەڵاڕێزان، پەژارەی دوورییەکەی تۆ، دە مەگری مەگری، ماڵم وێرانە، ئەوا تۆ دەڕۆی بەنارەزای دڵ، لەیەکیان کردین، دانیشە تێر تێر بگرین، غەریب ماوم... تاد

شیعری گۆرانییەکان میللین، واتە. خاوەن نادیارن. ڕاستەوخۆن. زادەی (شوێنکات) و شێوەزاری خۆیانن. بەبێ زۆر لەخۆکردن و ڕەشنووس و تەکلیف وتراون. لە بن کاریگەری شیعری هیچ کام لە دراوسێکاندا ڕۆنەنراون، کە دیارە لە چاو ئێمەدا خاوەنی فەرهەنگی دەوڵەمەندترن و جیاوازیشن. بگرە زۆربەی ئەو گۆیندانەی کە ئەم شیعرانەیان ڕۆناوە خۆیان نەخوێندەوار بوون. پێ دەچێت هەندێک لەم وشە و گوزارشتانە لە ژێر ڕەشماڵی (پرسە)وە دەرهاتبن تا گەڕی شایی و بەزم و گۆرانی. وەلێ لەوە دڵنیابە کە لەم جۆرە دەربڕینانە لە گۆرانییەکانی گەلانی خواپێداودا بەر بای

گوێ ناکەون.

شـیـعـرەکان بـە مکۆمی گـرێدراوی ئاوازەکـانیـانن، واتـە بە تایبـەکـاری بۆ خـودی ئەو گـۆرانیـیـانە گـوتراون کـە کـاتی خـۆی گـۆیندەکـان بـەکـامی دڵ گوتوونی. وەک هـەردوو لایان، شـیـعر و ئاواز، زادەی (ئـاوەز)ی هـەمـان (تاک) بووبن و لە سـاتەوەخـتـێکی بـە ژان بارگـاویدا پێکەوە لـەدایک بووبن. هـەر ئەمـەیش ئەرکی یەکـەمی شـیـعرە؛ بە تـایبـەت شـیـعری (فـۆلکلـۆر). دەنا ئەو شیعرە چ سوودێکی تری هەیە ئەگەر گۆیندەیەک لە فۆرمی لاوکێک حەیرانێک، یان بەیتێکدا بە ئاوازەوە نەیچڕێت و نەیلەقێنێتەوە؟

هەر بۆ نمـوونە، تەواوی گـۆرانیـیـەکـانی هونـەرمـەند (ڕەفـیق چالاک) وەک: "مـردنە بێ تـۆ ژیانم، خـاڵەی ڕێبـوار، لـە ژێر باری غـەمـا..." نوقـمی خـەم و بێ ئارامی و نائومێدین. گوزارشت لە مـێژوویەکی تاریک و نووتەک دەکەن، کە بە قووڵی نەخشیان لەسەر هزر و ویژدانی مرۆڤەکان هەڵکۆڵیوە.

(مەجرووح) لە کتێبەکەیدا، ئاوا باس لـە (لاندای)ی لەمەڕ کچە پاشتـوونییە (ئەفغـانی)یەکـان دەکـات: "لاندای، واتە کـورتـە، کـە شـیـعرێکی ئازادی کـورتی دوو بەیتییە. بەیتی یەکەم کورت و نۆ بڕگەییە. دووەمیشیان سێزدە بڕگەییە. بێ ئەوەی وابـەسـتـەی سـەروا بێت؛ بەڵام ڕەزمـێکی بەهێـزی ناوەکـیی هـەیە. (کچـە پاشتـوونی) لەو دەمانەدا کـە دەچنە سـەر کـانی، یان لەو دەمانەدا سـەما دەکـەن و بەشـداریی ئاهـەنگی زەمـاوەند دەبن، سـەرپێی ئەم شـیـعـرانە، واتە لاندای نوێ دەچڕن. جـا باشـتـرینـی ئەم لاندایانە، ئـەوانەن کـە لـە یادەوەریی دەسـتـەجـەمـعیـدا دەمێننەوە.. ئەم شـیـعـرانە بەردەوام لـە دەوری سێ بابەت دەسـووڕێنەوە کە بۆنی خـوێنیـان گرتووە، ئەوانیـش، خۆشـەویستی، شـەرەف و مـەرگن... بڕوانە: اللاندای، ص/ ١٠"

جـا لەو سۆنگەیەوە، کـە ئەو کـۆمەڵگە خـێڵـەکییـە ئاینییە، چەند دەیەیەکە لە گێژاوی جـەنگێکی درێژخایەندا دەرچوونی نییە. ئەوا گۆرانییەکانیشیان باس لە مـەرگ و لێک دابڕان و نائومێدی و خۆشـەویستییـەکی قەدەغـەکراو دەکـەن، کـە لە دۆخـێکی وەهـادا دڵدار و دولبـەرەکـان بۆ یەکـدی نابن. زۆر جـاران بە

مـەرگی لایەکـیـان کـۆتاییی دێت. مـەجـرووح، باسـی ئەوە دەکـات کـە ژنانی پاشتـوون هـەرگـیـز گۆرانی بۆ شـووەکانیـان (مێردەکانیـان) ناڵێن، بەڵکو ئەوان بۆ دۆسـتـەکـانـیـان گـۆرانی دەچڕن. چونکە ئـەوان بەدڵی خـۆیـان شـوویان نەکـردووە. لەوێ کچ وەک کـاڵا وەهـایە، پیـاوانی خـێڵ لـە نێـوان خـۆیـاندا دەیانگۆڕنەوە. پێـوەندیی نێـوان خـێـزانەکـان ڕۆڵ لـە شـووکـردنی ئـەواندا دەبینێت. پیاوەکـان هیچ گـرینگی بە سـۆز، خـواست و ئارەزووەکـانی کـچـان نادەن. بە پیرەمێردەکانیان بەمێرد دەدەن.

ئەم لاندایانە کـە هەمـوویـان زادەی خـەیاڵی ژنان و کـچـانی پاشـتـوونن، کارەساتەکانی جەنگ و لێک دابڕان و سـەفەری بێ گەڕانەوەی کوڕە لاوەکان و مـەترسی و دڵەلەرزەی دڵدار و دڵبـەرەکان، وەخـتـێک ئەوان پەنهـان و بەدزیی چاوی تیـژی خێڵ و شـمـشـێری تازەسـاوی ئاینەوە بەیەک دەگەن و قـوربانی دەدەن، دەگێـڕنەوە.. لە کەشوهەوای جڤاکێکی وەها دواکەوتوودا، کە دووانەی ئاوەزی خێـڵـەکییـانە و دەمـارگـیریی ئاینی، لە هەڕەتی خـۆیاندان و لە دیدی خـۆیانەوە بۆ چەمکی خـۆشـەویسـتی دەڕوانن، بۆیە حـەرامـیـان کـردووە. خۆشـەویستـییـەکی ڕاگوزەری نێوان کـوڕ و کـچـێک، بۆی هەیە کـارەسـاتی گەورەی لێ بکەوێتـەوە و کارەساتەکە بە نێو خێڵی چەکداردا بتەنێتەوە. وەلێ ئەم لاندایانە باکیان بە کەس نییە. حیکایەتە بە ترس پەردەپۆشکراوەکان وەک خۆیان دەگێڕنەوە.

ئەو کیژۆڵانەی نابەدڵ بە پیرەمێردان بەشـوو دران و گەلێک حیکایەتی تری سـەیروسـەمـەرە، وەک خۆیان چلۆن لە واقیعی ئەو جڤاکەدا ڕوویان داوە، ئاوا دەگێـڕنەوە. هـەندێکیش لەم لاندایانە دۆخی ئەو واقیعە پەرچ دەدەنـەوە، کاتێک بە جـارێک بە سـەدان هـەزار خێزانی ئەفغـانی لە ژێر زەبری بێ بەزەییـانەی جـــەنگدا لە زێدی خـــۆیان هـەڵدەکـــەندرێن و ئاوارە دەبن. لە نێـــو خـــودی ئەفـغـانسـتـاندا، دوور لە زێدی خـۆیان دەگـیرسـێنەوە. یان پـەڕیوەی وڵاتی پاکسـتـان دەبن، جـا ئەوسـا کـچـە پاشـتـوونی نە ڕێی کـانیـی دەمێنێ و نە مێرغوزاری سروشت و نـە شـایی و سـەمـا، تاکو لەو جێیانـەدا برێک خـەمی

دڵیان بە با دەن. ئەو دەمانە ئیدی، لە بن چادرێکی ڕەنگپەڕیوی چەند مەتریدا قـەتیس دەمـێنن و ناتوانن سـەر دەربێنن. ئەوجـا بە تاسـەی ڕۆژانی گـوند و ڕێگەی کانی و ئەو هەڵەتانەی دەم گوندەوە دەژین و قەیرە دەبن.

گۆرانییە فۆلکلۆرییـەکانی کوردەواری، بە زۆری لە ڕۆنانی کوڕانن، ڕەگەزی مێینە بە زۆری (سـەردوولکە) ڕۆدەنێن و دەیچڕن، کاتێک ئەوان بە دڵی پڕەوە، بە ئاوازەوە بـەسـەر مـردوو، یان شـەهیـدانی خـۆیاندا هەڵدەدەن و پەسنیـان دەدەن. لایەنی ئازایەتی و چاکەیان بۆ ئامادەبووانی (پرسە) دەگێڕنەوە.

لە گۆرانیی کوردەواریدا، گەلێک جاران دڵدارە نک و نائومێدەکان، خۆیان بۆ ئەو دنیا هەڵدەگرن، بەو نیـازەی لەوێ، لە باخـەکانی بەهەشـتـدا بە یەک بگەن. وەک مەجرووح باسی لێوە دەکات، لە گۆرانیی ژنە پاشتوونییەکاندا، حاڵ بە جۆرێکی ترە:

"تاکـە لاندایەکی ژنانەیش بەدی ناکرێت، گـوزارشت لە ئومـێـدی بـەیەک گــەیشـتن (لەوە دنیــا) بکات، یان ترسی لە دنیــایەکی تر هەبێ.. بگرە بە پێچەوانەوە، ئەوەی ژنی دووچاری نائومێدییەکی قووڵی کردووە، ئەوەیە کە ئەو خـۆشـیی لە ژیان نـەدیوە و خـێـری لە جـوانیی خـۆی نەبینیـوە. هەسـتی بە جوانیی ژیان نەکردووە. بۆیە ئەو بە هیچ جۆرێک ترسی لە چارەنووسی نادیار نییە. لەو هەلانەیشی کە لێی واقیع بوون ژیوان نییە. پەشیمانیی ئەو لەوەدایە لە بەختیاری بێ بەش بووە، برسی و تینووی خۆشەویستی بووە... اللاندای، ص/٢٩"

پێم وایە، پێویست بەوە ناکات لێرەدا نموونە لە شـیـعری گـۆرانی لەمـەڕ خــۆمــان ڕیز بکەم، چونکە ئەوەیان لای هـەمــوو لایەک ئاشکرایە و ڕۆژانە گـوێمـان لێی دەبێت. وەلێ پێـشـاندانی نموونەی (لاندای)یەکـانی کـچـانی پاشتوون، لە جێیە و یەک لە باری خوێنەری کورد، بۆ یەکەم جاریشە پێیان ئاشنا دەبێت و دەیانخوێنێتەوە.

*

دوێنێ شـــەو لە پاڵ یاردا بووم، ئای لەو ژوانەی کــە ناگــەڕێتــەوە!

بە درێژاییی شەو، لە ئامێزیدا وەک خرینگەی بازنگ دەزرنگامەوە.

*

لێوانت بنێ بان لێوەکانم،

وەلێ با زمانم ئازاد بێ، تا باسی خۆشەویستیت بۆ بکەم.

*

یەکەم جار بمخە نێوان دەستەکانت، ئەمجا بە خۆتەوە بمگوشە،

دواجار ڕووم وەرگێڕە و خاڵانم یەکە یەکە ماچ کە.

*

بڕۆ ئازیزم، تۆڵەی خوێنی شەهیدان بسێنە،

بەر لەوەی شایانی ئەوە بیت، بێیتە لای مەمکۆڵانم.

*

ئایا دەکرێ لە گۆڕەپانی شەرەفا بمریت، گیانەکەم!

تاکو کچان گۆرانی بە سەرکەوتنتا هەڵبدەن، هەردەمێ بۆ ئاوکێشان چوون بۆ کانی؟

*

ئای خۆشەویستم! جا تۆ ئەگەر بەم شێوەیە لە ئامێزی منا بلەرزی،

ئەدی ئەو کاتە چی دەکەی کە بەجارێ هەزار پریشک لە خرژنی شمشێرەکانەوە بڵند دەبێ؟

*

بە زامی تفەنگێکی دۆزەخییەوە گەڕایتەوە،

زامەکانت تیمار دەکەم و لێومت پێ دەبەخشم!

*

گەر پشتت کردە دوژمن، ئیتر مەگەڕێوە بۆ لای من ئازیزم،

بڕۆ لە وڵاتێکی دوور بە شوێن داڵدەیەکدا بگەڕێ بۆ خۆت.

*

به دەستی خۆم بەرەو مەرگم ناردی و
هەڵم کردە سەربان، تاکو بتبینم کاتێ بەرەورووی یەکەم ڕێژنە گوڵلە دەبییەوە.

*

زووبە گیانی شیرینم، بە خێرایی شالاو بەرە!
من لەگەڵ کچانی دێدا گرەوم لەسەر کردووی.

*

زووبە ئازیز، دەمەوێ لێومت پێ ببەخشم،
مەرگ بێ پەروا بەنێو گونددا دەسووڕێ، ڕەنگە لەگەڵ خۆیدا بتبا.

*

بە دزییەوە دەتلێمەوە، بەنهێنی دەگریەم،
من ژنە پاشتوونیم، کە ناتوانێ خۆشەویستییەکەی بدرکێنێ.

*

ئەی بەهار! هەنار گوڵی گرت،
لە باخچەکەما، بۆ دڵدارە دوورەکەم هەناری سینەم هەڵگرتووە.

*

شەوەزەنگە، بانیژە تاریک و، جێگە ڕاخراوەکان زۆرن،
خرینگەی بازنگەکانم ڕێت نیشان دەدەن، ئەی ئازیزم.

*

یەکەم جار بمکە ئامێز، بۆ من بە،
ئەوجا دەتوانی لە دەوری ڕانە مەخمەڵییەکانم بئاڵێی.

*

لەبەر تریفەی مانگدا بە خۆتەوە بمگوشە،
ئێمە نەریتمان وایە، لێرە لەبەر ڕۆشناییدا لێومان دەبەخشین.

*

وەرە ببە بەگوڵێک لەبان سینەم،
تاکو هەموو بەیانییەک بە خەندە بتگەشێنمەوە.

*

هەرچییەکت لێم ویست بەجێت هێنا،
ئێستایش سەرم داپۆشە، من دەمەوێ بنووم.

*

یارەکەم گەمە نازانێ،
من بە نەرمی، بەپرچە درێژەکانم لێم دا، کەچی لە پڕ لێم تووڕە بوو.

*

پرچم هۆنییەوە، کەچی لەخۆڕا کرایەوە،
هەر دەبێ یارم، کە بەسەفەر چووە، تووشی مەترسی هاتبێ، خوایە ئاگەداری بە.

*

ئەو کلاَفە پرچە ڕەشە لە هەنیەم لابە، ماچی خاڵە جوانەکەم کە،
ئەوە میوەی بەهەشتە، ئیدی بەدرێژاییی تەمەن بەختت یار دەبێ.

*

دوێ شەو لە خەوما ئاواتم بەدی هاتبوو،
یارە ترسنۆکەکەم، بە ڕۆژی ڕووناک گرتبوومیە باوەش.

*

ئەوا یارم هات لە ڕووبارەکەدا مەلە بکا،
خوایە بمکەی بە پەڕەسێلکەیەک، تا پێچەڵپێچ بەسەریا بفڕم.

*

"گولەکەی مێردم" هیچی لە خۆی نەگرتووە: نە خۆشەویستی نە جەنگ،
ئێوارە هەرکە تێری خوارد، دەنوێ و تا بەیان پرخەی دێ.

*

چۆن لە ژێر مانگی درەوشاوەدا هاتی،
تۆ باڵابەرزی وەک چنار، جا من لە کوێدا بتشارمەوە؟

*

کیژان یاری نوێیان گرت،
منیش کەوڵە کۆنەکە پینە دەکەم.

*

وەرە ئەی دڵدارم، خێرابە، تێری کە،
ماینە شێی دڵم لغاو ماندووی کردووە.

*

یارم چاوێکی لا پەسندە، ئاسمانی ڕەنگ بێ،
منیش نازانم لە کوێ چاوە ڕەشەکانم بگۆڕم.

*

خۆشەویستیت ئاوە، ئاگرە،
بە گڕی دەمسووتێنێ، بە شەپۆلی نغرۆم دەکا.

*

گوڵێکت بۆ هەڵدام،
دەک دەستەکانت خۆش، بەڵام چاوە کینەبەرەکان پێیان زانی.

*

تۆ چەماوەی وەک گوڵەبەڕۆژە،
هەتا ڕاست دەبییەوە، ڕۆژگار نیوەیی بووە.

*

دەکرێ ئێستا کوێرم کەی خوایە!
نامەوێ ڕوخسارەکان ببینم، دوای کۆچی یارم.

*

بەهێز لە نێوان باڵەکانتا مەمگوشە،

سبەی، بۆی ملوانکەکەم نهێنیمان دەدرکێنێ.

*

ئەوان بۆ جەژن جلکی نوێیان پۆشی،
من هەر ئەو جلکەم هێشتەوە، کە بۆنی تۆی گرتووە.

*

من لە چرۆی بەهار پاراوتر بووم، ئازیزم،
بەڵام دووریی تۆ، کردمیە گەڵایەکی زەردی پایز.

*

یارم بۆ وڵات بوو بە قوربانی،
کفنی بۆ دەدرووم بەتاڵی پرچم.

*

نیوەشەو داهات و هێشتا تۆ دیار نیت،
نوێنەکانم گریان گرتووە، وا دەمسووتێنن.

*

ئەی ئەو شەماڵەی وا لەدەم ئەو چیایەوە هەڵت کردووە، کە یارم لێی دەجەنگێ،
چ نامەیەکت لەگەڵ خۆتا بۆ هێناوم؟
شەماڵ دەڵێ:
نامەی خۆشەویستە دوورەکەت، بۆن بارووتی تۆپخانەیە و
گەرد و تۆزی کاولکاریم لە تەک خۆمدا هێناوە.

پاژی دووەم

## گۆرانییە قەرەجییەکان

قەرەج، کاولی، گیپسی، غەجەر، سیگۆین، نەوەر... (Sigoin, Ciganska, Poezija, Poesi) و بەگەلێک ناوی تریشەوە بانگ دەکرێن. بوونەتە ئاردی نێو

درڕک و بەم دنیـایەدا بڵاو بوونەتەوە. نیـشـتـمـانێکی دیاریکراویـان نیـیـە. سەبارەت بە بنەچە و سـەرچاوەیان، مێژوونووسان کۆک نـین. سەردەمێکی زۆر کۆن نییە، کە ناوبەناو لە باشووری کوردستانیش بەدیار دەکەوتن و لە قەراخ شارەکاندا خێوەتە شڕەکانیان هەڵدەدا. ژنەکانیان دەکەوتنە نێو شار و ددانی زێڕیان بـە نرخـێکی کـەم بۆ خـەڵک دروست دەکـرد. بێـژنگیـان دەفـرۆشت و ماڵەوماڵیان دەکرد. ناولەپیان دەخوێندەوە.

سەردەمێک ئەم گرووە مرۆییە نەحەساوەیە، بەبێ پاسپۆرت سنوورەکانیان دەبڕی و ئـەمـدیو دەبوون. خـەڵک تۆمـەتی ترسناکـیـان دەدانە پاڵ. بۆیە بە گەیشـتنیـان کـەیبانۆکـانی شـار ترسیـان لێ دەنیشت و دەکەوتنە چاودێریی مـاڵوحـاڵی خـۆیان و منداڵە وردیلەکـانیـان، نەبادا بیـاندزن، یان نەبـادا لە پڕ خۆیان بەنێو ماڵدا بکەن و زیانێک بخەن. (جمال جمعة)، لەو پێشـەکییـەدا کە بۆ کتێبی (دیوان الغجر)ی نووسیوە، دەڵێ:

"وشـەی قـەرەج، هەرگـیـز وشـەیەکی سـەر بە ئەنتـرۆپـۆلۆجـیـا نـەبووە، بە مـەبەسـتی دەستنیـشـانکردنی گـرووە مـرۆڤـێک کـە تایبـەتمەندیی ڕەچەڵەک و فەرهەنگیی خۆیان هەبێت، بەڵکو وشەیەکی سیحرییە، لەرینەوەی بە بەرزترین پلەی وەحـشـیـیـەت لە جـوانیـدا وابەسـتـەیە. وشـەیەکـە سـیـحـر و واتای میتافیزیکیی ئەوتـۆی هەیە، نزیکە لە جنۆکە یان فریشـتە، یان لە هەردوولایان پێکەوە جۆش درابێتن... دیوان الغجر، ل/٩"

زۆر قسـە و باس لەمەڕ ئەم چارەنووسـەی تێی کەوتوون، هەروەهـا سەبارەت بە شـوێن و نـیشـتـمـانـی لەمێژینەیان هـەیە. گیـرۆدەبوون و لەیـەک دابڕانیـان، مـێژوویـەکی تاڵ و درێژە. قـەرەج تا دوای ناوەڕاسـتی سـەدەی بیـسـتـەمـیش ڕەوەند بـوون؛ هەر ئەم دانـەسـەکنینەیش وای کـردبوو نـەتوانن پیـشـەیـەکی بەرهەمـهێن بگرنە دەست. سـەرچاوە هەن دەڵێن: گوایە بەر نەفرەتی مـەسیح کەوتوون! گوایـە چەند قـەرەجێک خۆبـەخشـانە چوون (بزمـار) و کـەرەسـتـەی لەخـاچدانی مـەسـیـحـیـان بۆ سـەربازەکـان پەیدا کـردووە. ئیـدی لەوسـاوە خـۆشـیـیـان لە ژیانی خـۆیان نەدیوە و کـۆڵ بەکۆڵ، بەم جیـهـانـە بەرینەدا بڵاو

بوونەتەوە و جێ بەخۆیان ناگرن. ڕوو لە هەرکوێیەک بکەن میوانی نەخوازراون و لە هیچ جێیەکیش خێرئامایان لێ ناکرێت. لە کتێبی (دیوان الغجر)دا هاتووە:

"لە کۆبوونەوەی ڕایخی ئەڵمانیدا (١٩٤٧)، قەرەج وەک شۆفاری بیانی و هەڵگری پەتای (تاعوون) و خیانەتکار بەرانبەر بە ئاینی کریستیان ناسران. ئیدی لەوساکەوە ئەم نەفرینە لە هەموو کونج و کەلەبەرێکی ئەوروپادا وا بەشوێنیانەوە و لێیان نابێتەوە. دووچاری پێملبوون و خراپترین ئەشکەنجە بوونەتەوە. لە بازاڕی کۆیلەکاندا وەک کۆیلە سەودا و مامەڵەیان پێوە کراوە. ئەم نەفرەتە هێشتا کۆتاییی پێ نەهاتووە. لە (دۆژ)ی هۆلۆکۆستی نازییەکاندا، لەسەر دەستی (هیتلەر)دا، نیو ملیۆن قەرەج، بە خۆیان و گۆرانی و سەما و جلکی ڕەنگاوڕەنگ و گوارەی زیو و گالیسکەی ئەسپە لاتەکانیانەوە، بوونە قوربانی و کەس لەسەریان بەدەنگ نەهات. کەس داوای قەرەبووی نەکردن. تەنانەت کەس بستە خاکێکی پێ ڕەوا نەبینین، تاکو بیکەنە نیشتمانی خۆیان.. دیوان الغجر، ل/١١-١٢"

ژمارەیەکی بەرچاویان لەو وڵاتانەدا نیشتەجێن، کە بە ئەوروپای ڕۆژهەڵات ناسراون. لەوێ خەریکی سەما و گۆرانیی تایبەت بە خۆیانن. گرووپی موزیکییان هەیە، گرووپەکان میللی و ناسراون، وەلێ ڕاگەیاندنەکان، وەک پێویست ڕۆشناییان ناخەنە سەر. هۆیەکەیشی تەنیا ئەوەیە، کە ئەوان قەرەجن.

گۆرانییەکانی قەرەج، دەنگدانەوەی مێژووەکەیانە، کە لە موزیکی هیچ میللەتێکی تری جیهان ناچێت، ئەگەر بشێت پێیان بڵێین میللەت. لەم گۆرانییانەدا کە بە قەرەجەکانی یۆگوسلاڤیای کۆن تایبەتن، بە ڕاشکاوی باسی لە دزی و ئەسپ و گالیسکە و مەینۆشین تا ڕادەی هۆش لەدەستدان و ناشوکری کردن لە بەختی خۆیان و لە سەما دەکەن. باسی هەژاریی خۆیان دەکەن، چۆن بۆ بەرەوڕووبوونەوەی، پەنا وەبەر دزی و فاڵگرتنەوە و سێکسفرۆشی دەبن. چۆن لە کۆمەڵگەی قەرەجدا، مرۆڤ دەتوانێت بە زەبری

مشتێک پارە، شەنگترین کیژیان بۆ خۆی ببات.

ئەوان تەنانەت گلەییـــیـــان لە پەروەردگـــاری دلۆڤـــانیش هـەیە، چونکە خـواوەندیش (بە قـەولی خـۆیان) بەتەنگیـانەوە نیـیـە. بێ وڵاتی، بێ خـاکی، ئەوانی گەیاندووەتە ئەو ئاستە نزمەی ژیان و پەراوێز کەوتوون. کەسێک ڕێز و ئۆرتیان بۆ دانانێت. بەڵام ئەوان بە گۆرانییەکانیان کە ڕاستـەوخۆییی زۆریان تێدایە، گوێگر و بینەر دەهێننە سـەما. گۆرانییـەکان باس لە فێڵ و فـەرزینی قـەرەج دەکـەن بە نیـازی فـریودان و خـسـتنە داوی ئەم و ئەو، تاکو بـۆ بژێویی ڕۆژانەیان، شتێک پارەیان لێ بکێشنەوە. گۆرانیبێژێکی قەرەج دەڵێ:

ئای خوایە گیان، بۆ کوێ بچم؟

لە کوێ ئەفسانە و گۆرانیگەلێک بدۆزمەوە

لە چارەنووس و قەدەری خۆم بچن؟

لە وڵاتی عێراق، گۆرانییەکانی (سەبیحە زیاب و سوریە حوسێن) لەوانی تر ناچن. لە نێوەڕاست و باشووری عێراق ژنە کاولی، سەما و گۆرانییان کردووە بە پیـشـە و پێی دەژین. ئەوان بە تیـمـەکانیـانەوە لە زەمـاوەندەکاندا گـۆرانی دەڵێن و پرچە درێژەکانیان بەردەدەنەوە و سـەما دەکەن.

عـەبـاس ئەلسـەعـیدی، لە باسـەکـەیدا بە سـەردێری "الغـجـر في العـراق بين الماضي والحاضر" پێی وایە ژمارەی قـەرەج لە عێراقدا، لە نێوان پەنجا هـەزار بۆ دوو سـەد هـەزاردایە. ئـەوان لە کـەناری شـار و شـارۆچکـەکـاندا دەژین. بە زۆری لە سنووری پارێزگەکانی بەغدا، بەسرە، نەینەوا و دیالەدا نیشـتـەجێن. هەندێک گوندیشیـان لە دەشتی باشوور، لە پارێزگەکانی موسـەنا و دیوانییەدا هەیە. قـەرەج لە عـێـراقـدا، تا کـۆتاییی حـەفـتـایەکـانی سـەدەی ڕابردوویش کـۆچـبـەر بوون. دواتـر لە سـەرەتـای هـەشـتـاکـاندا دەوڵەت ڕەگـەزنامــەی پێ بەخشین. ئیدی لەوساوە بە شێوەیەکی ئاسایی لە جڤاکی عێراقدا پشکدارن و خـۆیان گونجـاندووە. ئەوان بازنەیەکی گرینگیـان لە ژیانی عێراقییە عـاشـقـە خۆشی و ئاهـەنگ و گۆرانیدا پێک دەهێنا. سـەردەمێک عێراقییەکان بەرامبەر بڕێک پارە، شـەوی سووریان لە باخـەڵی کچە قەرەجیدا بەسـەر دەبرد.

ئەلسەعیدی دەڵێ: تۆ ئەگەر نکاو خۆت بە نێو گوندێکی قەرەجدا کرد. ئەوا خۆت لە جیهانێکی تری جیاوازدا دەبینییەوە. دنیایەک کە داوونەریتی گەلێک لە هی تۆ و تەواوی عێراقییەکان جیاوازە.. ئەوان ژیانیان لەسەر گۆرانی و سەما بەڕێوە دەچێت. واتە، لە بری تیپە میللییەکانی لای خۆمان، ئەوانن ئاهەنگی بووکگواستنەوە گەرم دەکەن. تەنیا ژنەکانیان گۆرانی دەچڕن و سەما دەکەن. لەو کۆڕانەدا پیاوەکانیان خۆیان دەرناخەن.

بەپێی باسەکەی (ئەلسەعیدی)، ئەگەر ئێستا سەری گوندی قەرەجەکان لە دەوروبەری دیوانییە بدەی، بێجگە لە چەند خانوویەکی قوڕینی داڕماو چۆڵوهۆڵە. ئەم دۆخەی لە دوای ڕمانی سەدام هاتە ئاراوە، کاریگەریی زۆری لەسەر ئەوان دانا. ئەوان لەلایەن باندە توندڕۆکانەوە هەڕەشەی جدییان لەسەرە. ئەگەر جاران برسی بووبن، ئەوا ئێستا ترسیشی هاتووەتە سەر. ئێستا لەلایەن هەموو چین و توێژەکانی عێراقەوە بێزراون. حکوومەت و یاسا و پەرلەمانیش ئەوانی پشتگوێ خستووە.. بەڵام ئەو ڕاستییە فەرامۆش ناکرێت، کە گۆرانییەکانی قەرەج (کاولی) لکێکی گرینگی گۆرانیی عێراقی (عەرەبی) پێک دەهێنێت.

سەردەمێک دەگمەن بوو لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا ئاهەنگی بووکگواستنەوە، یان خەتەنەسووران بەبێ گۆرانیی قەرەجی تێپەڕیایە. گۆرانییەکانی قەرەج لە وڵاتی عیراقدا بەشێکی زیندوو لە کولتووری گۆرانیی دێهات پێک دەهێنێ. سەردەمێک ناوەکانی (هند تاڵیب و سەبیحە زیاب، حەمدییە ساڵح) بەسەر زاری هەموانەوە بوو:

معقوله القلب ینسی هواکم

أنتو أحباب قلبی ما نساکم

*

قەرەج لە هەرکوێیەک هەبن باندۆری بەهێز لەسەر هونەری گۆرانی و مۆزیکی ئەو جێیە دادەنێن. عەبدولزەهرە ئەلڕیکابی، لە باسەکەیدا "کاریگەریی قەرەج لەسەر کولتووری گەلان" دەڵێ: "ئەوان بە سروشت لە یاسا

و کۆت و بەندەکانی کۆمەڵ یاخین. لێرەوە جۆرێک لە موزیک بەرهەم هاتووە، کە گوزارشتی لە کارەسات و دوورەپەرێزیی ئەوان کردووە. بەڵام دوور لە تێکەڵبوونی ئەوانی تر گۆرانییان دەچڕیّ. تەنیا لە نێو خۆیاندا، لە بازنەگەلی داخراودا گەشەیان پێ دەدا. تاکو سەدەی هەژدەمیش ئەم هونەرەی ئەوان نەناسرابوو." ئەلرِیکابی پێی وایە هەر ئەمانیش بوون گەمەی "شەڕەگا"یان لە وڵاتی ئیسپانیادا دامەزراند.

د. عەلی ئەلنەشمی، لە باسەکەیدا بە ناونیشانی "الفلامنكو وأصل الغجر والكاولية" ڕای وایە: "بۆ زانینی ڕەگ و ڕیشەی ڕاستەقینەی سەمای فلامینکۆی ئیسپانیایی، دەبێ باس لە ڕەچەڵەکی قەرەج بکەین، کە خاوەنی ئەم سەمایەن. ئەگەر لە بەغاییەک بپرسی: کاولی لە چییەوە هاتووە؟ پێت دەڵێ: وشەی کاولی بە واتای (کابولی) دێت. بەو واتایەی ئەوان لە (کابول)ی پایتەختی ئەفغانستانەوە هاتوون. وەلێ دوکتۆری ناوبراو پێی وایە، وشەی کاولی لە عێراقی کۆندا بەواتای (هاوڕێ، برادەر) هاتووە. ئەوانیش گرووە خەڵکێکی بێوەی بوون و لە کێشە و ڕکەوە دوور بوون." د. ئەلنەشمی پێی وایە: زمانی تایبەت بەخۆیان نییە، بۆیە ناتوانین پێیان بڵێین (نەتەوە)ی قەرەج. وەلێ پیشەی هاوبەشی قەرەج لە هەموو جیهاندا سەما و گۆرانی و ڕابواردنە.

لە وتارێکدا بە نێونیشانی "الغجر من حفلات الزواج الى خشبة المسرح"، ١ی ئابی ٢٠٠٨، لە ڕۆژنامەی "المنارة" دا بڵاو بووەتەوە و ناوی نووسەرەکەی پەڕیوە، باسی ئەوە دەکات بەشدارییی قەرەج لە ژیانی هونەریدا تا ماوەیەکی دوور و درێژ بە بواری گۆرانی و سەماوە تایبەت بوو. ئەویش لە ڕێی ئەو تیپانەوە کە بە (کچانی دێهات / بنات الريف) ناسرابوون و بەناوبانگترینیان کە توانییان بگەنە کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن (حەمدییە ساڵح و تیپەکەی، سوریە حوسێن، سەبیحە زیاب و غزلان) بوون.

سەرەتای چیرۆکی چوونە سەر شانۆیان بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، کە (تیپی نواندنی نەتەوەیی/ الفرقة القومية للتمثيل) لە دەرهێنانی (موحسین

ئەلعەزاوی) شانۆگەری (جیهان لە شەوێکدا/ العالم في ليلة)ی پێشکێش کرد. دەرهێنەر، سەماکارێکی کاولیی بەناوی (مەلایین) هەڵبژاردبوو تاکو بەرانبەر ئەکتەری ناسراو (قاسم ئەلمەلاک) ڕۆڵی سەرەکی ببینێت. ئەم دەستنیشانکردنە لە کاتی خۆیدا نارەزاییەکی زۆری لە نێو هونەرمەندانی عێراقدا لێ کەوتەوە. کار گەیشتە شکاتکردن لە (ئەلعەزاوی)ی دەرهێنەر. هونەرمەندە نارازییەکان پێیان وابوو کارێکی ناجۆرە کچە سەماکارێکی قەرەج، وەک قارەمانی کاری شانۆیی هەڵکاتە سەر تەختەی شانۆ.

ئەوان پێیان وابوو ئەم کارە پیرۆزیی شانۆ لەکەدار دەکات. گەورە ئەکتەری ناسراوی عێراقی (یوسف ئەلعانی) یەکێک لەو نارازییانە بوو. وەلێ ئەم دەستپێشخەرییە، دەرگەی شانۆی بە ڕووی کچە قەرەجی عێراقیدا کردەوە. ئەوە بوو (غەزلان)، کە پێشتر تەنیا گۆرانیی دەچڕی، ئەویش چووە سەر تەختی شانۆ و لە زۆر شانۆگەریدا بەشداریی کرد. ئیدی دەرکەوتنی هونەرمەندانی کاولی بوو بە یەکێک لە دیاردەکانی شانۆی عێراقی. وەک خۆیان دەڵێن، بەمەیش شانۆ، بەشێکی زۆر لە شکۆمەندیی خۆی دۆڕاندا!

وەلێ بەر لەوەی لە وڵاتی عیراق، وەک ئەکتەر بچنە سەر تەختی شانۆ، لە وڵاتی میسر چەند فیلمێک لەسەر مۆدیلی ژیان و خۆشەویستیی لەلای قەرەج بەرهەم هاتبوو، وەک: فیلمی (الغجرية/ کچە قەرەج) ساڵی ١٩٦٠، لە سیناریۆ و گوتوبێژ و دەرهێنانی (ئەلسەید زیادە) و نواندنی جووتە ئەستێرەی سەردەمی خۆیان (هودا سوڵتان و شوکری سەرحان). زۆر لە پێش ئەوانیشەوە شاعیری زێدە ناسراوی ئیسپانیا (لۆرکا) دیوانە شیعرێکی خۆی ناو نابوو (گۆرانییە قەرەجییەکان). زۆرێک لە شاعیرانی جیهانیش بە شیعری قەرەج و ژیانی قەرەج سەرسامن و لە بەهەرمەکانیاندا ئەم دیاردەیە ڕەنگی داوەتەوە. ژیان و سەرگروشتەی قەرەج پەڕیوەتە نێو ئەدەبی گێڕانەوەیش. ڕەنگە هەر دیارترینیان ڕۆمانی "شای قەرەجەکان"ی میشال زیڤاگۆ بێت.

هەرچۆنێک بێت، دیاردەیەکی هاوبەش، قەرەجەکانی عێراقیش لە تەک قەرەجی هەموو دنیادا کۆ دەکاتەوە، ئەویش بەشدارییەکی بەهێزە لە هونەری

گۆرانی و سەمادا. لێرەدا لەجێیە ئاماژە بەوە بدەم کە سەرسامبوون بە گۆرانی و سەمای قەرەجانە دیاردەیەکە گەیشتووەتە نێو کوردانی باشووری کوردستان. تەنانەت پەڕیوەتەوە بۆ نێو ڕەوەندی کوردیش لە ئەورووپا؛ بە تایبەتی ئەوانەیان کە لە باشوورەوە هاتوون. دەبینی هەندێ جار لە ئاهەنگەکاندا لە پاڵ گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردیدا، ساتێکیش بۆ ئەم جۆرە گۆرانییانە تەرخان دەکەن.. ئافرەتی کورد لەگەڵ گۆرانییەکاندا لەسەر شێوەی سەماکارە کاولییەکان بازنەیی دەستی یەکودوو دەگرن و دەهەژێن. هەوڵ دەدەن سەری خۆیانی لەگەڵدا بابدەن و پرچی کراوەیان لە هەوادا بجووڵێنن، کە دەبێتە جێی سەرنجی ئامادەبووان. وەلێ ژنانی کورد پێیان وایە لاساییی گۆرانی و سەمای ڕەسەنی عارەب دەکەنەوە نەک کاولییەکانی عێراق!

لێرەدا چەند نموونەیەک لە گۆرانیی قەرەج دەخوێنییەوە، کە لە کتێبی (دیوان الغجر)ەوە وەرم گێڕاون. تایبەتن بە قەرەجەکانی (یۆگوسلاڤیا)ی کۆن. سەرنج بدە، چلۆن لەم گۆرانییانەدا، بە ڕاشکاوی باس لە نەهامەتییەکانی خۆیان دەکەن، کە لە کێشەی هیچ گرووپەکی ئیتنیکیی تر ناچن.

بگرە پێکێ خوایە
دابەزە سەر زەوی، خوایە
چەردەیەک بەزەیی پیشانی خەڵک بدە
ئەوەی من لەسەر زەوی دەیبینم
تۆ لە ئاسمانرا ناتوانی بیبینی
دابەزە سەر زەوی، خوایە
چەردەیەک بەزەییی پیشانی خەڵک بدە
ئەوەی لێرە لەسەر زەوی هەیە
لەوەی، لە بەرزایی ئاسمان هەیە ناچێ
دابەزە سەر زەوی، خوایە
چەردەیەک بەزەیی پیشانی خەڵک بدە

لە ئاسمان بەسەر کەسدا نەسەپاوە کۆچبەر بێ
لە جێیەکەوە بۆ ئەوی دی، وەک ئێرە
دابەزە سەر زەوی، خوایە
چەردەیەک بەزەیی پیشانی خەڵک بدە
گەر هەستیشت بەشەکەتی کرد، پێکێ بیرە بگرە و
هەڵکشێرەوە بۆ تاقی ئاسمان. ئەی خوایە

دەبا دەوڵەمەندان ببینن
سەرنج بدە ئەو کچە لەوێ سەما دەکا، بابە!
ڕووی دەگرێ
وەک بیبەر لە مەنجەڵی فاسۆلیادا.
کوڵمی گەرمە
وەک خۆر.
سکی لووس و ئەسمەرە
وەک مەنجەڵێکی بە ئاگر داخ.

*

خۆی هەڵدایە ئامێزمەوە و
پرچەکانی پەرێشان کرد.
دەبا هەر ئێستا دەوڵەمەندەکان بیبینن
هەژاران چلۆن دەژین.

سۆزانی
ئێوە تەنیا سەرنجی ئەو ژنە بدەن
بە شاڵە ئاوریشمەکەیەوە.
بە پێڵاوە سوورەکانییەوە
ملوانکەکەی، کە لە سککەی زێڕە.

هاتووە خۆشەویستەکەم
لێ بدزێ.
تاکو بە گالیسکە لە تەک خۆی بیبات.
لە گالیسکەکەیدا جێی نووستن هەیە
لەسەر جێیەکەیش نوێن هەیە.
لەسەر جێیەکە ئەو ژنە دەنوێ.
ئێوە تەنیا سەرنجی ئەو ژنە بدەن
بە شاڵە ئاوریشمەکەیەوە
بە مەمکە وەحشییەکانییەوە.
بەو جووتە باڵەوە کە هەر دەڵێی
بۆ دەستلەملانێ دروست بوون.

جوانێ
بەیانیت باش، کچی جوان!
لەبەر خاتری چاوانت هەزار جونەیهیش کەمە.
لەبەر خاتری مەمانت دە ساڵان ڕێ دەبڕم.
لەبەر خاتری لێوانت وتەم لە بیر دەچێتەوە.
لەبەر خاتری پووزەکانت بەدبەختیمت پێشکێش دەکەم.
بەیانیت باش، کچی جوان!
سواری ئەسپە سەوزەکەم بە و هەڵکەرە غار
من لە دارستانەکە چاوەڕوانتم
لەگەڵ ڕەوەیەک وردە قەرەج کە هێشتا لەدایک نەبوون،
لەگەڵ بولبول، لەگەڵ زەنبەق
لەگەڵ جەستەم وەکو چرپا،
لەگەڵ شانم وەکو پشتی.
بەیانیت باش، کچی جوان!

ئەگەر نەیەی، چەقۆ دێنم
پاشماوەی سەموونی لێ دەسڕم و
ڕاست دەیدەم لەسەر دڵم

تەحەدای کیژۆڵەیەک
دایە بابڕۆم بۆ ناو دێ
تاکو بای باڵی خۆم بدەم،
تاکو خۆشەویستەکەم ڕامووسم.
دایە بابڕۆم بۆ ناو دێ
ئەوان لە پاڵ مەڵۆ پووشەکاندا دەوەستن و
باسی کچان دەکەن.
بەڵام کێ سەیری من بکات؟
دایە بابڕۆم بۆ ناو دێ
لەوێ لە تەک شەنگترین پیاودا دەدوێم
فێڵ لە هەمووشیان دەکەم،
هەموویان ماچ دەکەم.
دایە بابڕۆم بۆ ناو دێ
ئەو بۆم شێت دەبێ،
وا بەدیار دەکەوێ کە نامبینێ.
بەڵام دوایی لە تاریکیدا چاوەڕوانم دەکا.
هێواش دەڕۆمە ڕێوە
تا ئەو دەمەی ناتوانم گوێم لە هانگاوەکانی بێ.
بۆ دواوە وەردەگەڕێم، ئەو هەردوو باڵی دەکاتەوە
منیش دەکەومە ئامێزی.

کیژی پێک بەدەست

ئا ئەو کچە کێیە،
بە تەنوورەی سوورەوە؟
پێکی شەراب بە دەستەوە،
خەناوکەیەک لە گەردنی،
هەرکە پیاوێکی بینی
لێوەکانی ماچ دەکات.

*

ئەو کچەی لەوێیە کێیە،
بەلەرەی سمتییەوە؟
فستانی بە سککە ڕازاوەوە و
کەمەر بە لیرەی زێڕەوە.
بە گۆنای گەشی چون خۆرەوە.
کاتێ چاوانت ڕاو دەکەم
دەتخەمە ژێر باڵمەوە
مەمکۆڵانت ماچ دەکەم.
سەر گۆی مەمکۆڵانت گاز لێ دەگرم.
هەرچیم دەستکەوت با بۆ تۆ بێ.
بەڵکو شەیتان بتباتەوە!

ژنێکم هەیە
ژنێکی جوان و
چوار مناڵم هەیە.
وردیلەن وەک چوار پەڵاسی
هەلارهەلاری گچکە.
ژنێکی نازدارم هەیە، پێویستیم بە
شتی تری زیاتر نییە.

ماڵەکەم پڕ لە مناڵ کردووە.
ژنێکی جوان و
چوار مناڵم هەیە،
پێویستیم بەهیچی تری زیاتر نییە.
دەتوانم چاوەکانم داخەم و
بمرم.
ماڵەکەم پڕ لە گریان کردووە،
خوانەکە، بەزارە برسییەکانەوە
چرپایەکە، بەجەستە ڕووتەکانەوە
ژنێکی جوان و
چوار مناڵم هەیە،
پێویستم بە شتی تری زیاتر نییە.
جا ئیتر بۆچی نەمرم؟!

فاڵگر
گەنمڕەنگە، ژنەکەم
نە ژێرکراسی لەبەرە و نە سەرشانی پۆشیوە.
گەنمڕەنگە ژنەکەم،
گەر فاڵێکت بۆ بخوێنێ
یەکسەر دەتبا بەفێلا.

ژنە ناپاکەکەم
من چاو بەخەوم،
ژنەکەیشم وا ڕام دەژەنێ،
ئەو ڕام دەژەنێ
بەنیازە جێم بێڵێ.

خەو بردمییەوە،
ژنەکەم جێی هێشتم.

کچێک بە ناز خۆی دەنوێنێ
ئەو کچە کێیە؟
وا لەنجە دەکات و سمتەکانی دەلەرێنێ.
بوەستە، ئەی کچۆڵە، ئازاری خۆت مەدە!
گوێم بۆ شلکە کچێ، لەسەری مەڕۆ.
من کورم نییە تا بتخوازێ.

میوانی شایی
ڕابە (روزو) دموچاوت بشۆ!
قەرەجەکان هاتن، هەواڵی تۆ دەپرسن.
بەسواری ئەسپی سەوز و
سوورەوە هاتوون.
ڕابە (روزو)، دەموچاوت بشۆ،
ڕاکە ژووری پشتەوە،
شاڵە ئاوریشمەکەت بپۆشە.
پاشان ڕاکە ژووری پشتەوە،
پێڵاوە سوورەکانت لە پێ کە.
قەرەج هاتوون بەشوێنتا دەگەڕێن،
بەسواری ئەسپی سەوز و
سوورەوە هاتوون.
باوکە مەمدە بە (میلوز)!
ئەو شەڕەنگێزە، ئەو پیرەمێردە.
دەست بدەرە تەورێک باوکە،

بیکوژه، باوکه بیکوژه!

جوانه کڕراوەکە
لە ئاسمانڕا گەرداو هەڵی کرد
دایدایە باران، قەرەجە ڕەوەندەکان گفتوگۆیانە.
ئەوان گفتوگۆیانە، دەخۆنەوە و پێشوازی لە جوانێ دەکەن.
ئەوجا (دوجو) جزدانەکەی ڕادەکێشێ.
زێڕ دەدا، تاکو جوانێ بۆ خۆی بێ.
خونچە سپییەکە شکۆفەی دا.
ڕۆحم لە دووی جوانێ وێڵە.
جوانێ بزر بوو، دایکە، (دوجو) ئەوی کڕی

(جاکو)ی ڕەبەن
بیستووتانە، قەرەجینە، هەواڵی نوێ؟
(جاکو)وە ڕەش ژنی هێنا!
زنجیری زیو لە کەمەری
سەعاتی زێڕ لە هێلەکی.
بە ڕێیەکەدا پیاسە دەکا، دێت و دەچێ
وەک ئاغایەکی ڕاستینە.
وەلێ منداڵەکانیشی،
جوان گوێ بگرن!
بنکی مەنجەڵە بەتاڵەکە دەکرێننەوە.

ئەسپدز و جەندرمە
لە ڕێگەدا بەرەو (تیمیسورا)
جەندرمە گرتمیان.
بە دووانیان لێیان دام،

سێیەمیان پرسی:
کوان ئەسپەکان،
ئەسپە دزراوەکان؟
هەموویانم فرۆشت،
ئەی جەنابی گەورەم.
کەواتە کوا پارەکەی، ئەی دز؟
خواردم و خواردمەوە پێی،
نیوەیشی دەدەم بەتۆ گەورەم
جەنابی پۆلیس!

(فوجو)ی داماو
قەرەج لە باژێڕ کۆوە بوون.
هەریەکە و شووشەیەک عەرەق لە پێشی.
لەبان قاڵییەکی سوور دانیشتوون
بەدەر لە (فوجو)ی داماو، ئەو دانەنیشتووە
تەنیا (فوجو)، (فوجو)ی داماو، دەستی کراوەی بەرز کردووە و
لە سەری خۆی پێ دەدا.

*

قەرەج لە باژێڕ کۆوە بوون.
عەرەق دەخۆن و قسان دەکەن.
هەبوو فرۆشتی، هەبوو کڕی.
بەدەر لە (فوجو)، (فوجو)ی داماو، هیچی نەفرۆشت.
تەنیا (فوجو)، (فوجو)ی داماو هیچی نەکڕی.
مناڵی هەن، وەلێ بێ ژنە.
مێشکی هەیە، وەلێ بێ بەختە.

*

قەرەج لە بازێڕ کۆوە بوون.
داماو خۆت (فوجو)، ئەی (فوجو)وە ڕەش!
منالّی هەن، وەلێ بێ ژنە.
مێشکی هەیە، وەلێ بێ بەختە.
ئاهـ هاوڕێیان، نزام بۆ بکەن
من هەست بە ژانەدڵ دەکەم، دڵم ئازارم دەدا.
سینگ دەکوتم، بەسەری خۆمدا دەکێشم.
ڕوو لە کوێ بکەم؟
لە کوێ نان بۆ منالّەکانم
پەیدا کەم؟

برۆ ئەی ژنەکەم
برۆ بۆ گوند، ئەی ژنەکەم.
شەراب بێنە، تا دوا دڵۆپی دەخۆمەوە.
کاتێک هێنات،
کاتێ تەواو خواردمەوە.
کاتێ تەواو سەرخۆش بووم،
چاوی ناحەزانم دەردێنم
برۆ بۆ گوند، ئەی ژنەکەم! ل/١١٣

لە سەردەمی ڕابردوو
هیچ شتێ وەک خۆی نەماوە
چی دی ناچینە مەیخانە و
دڵمان شاد کەین.
هیچ شتێ، نەخێر! هیچ شتێ وەک خۆی نەماوە
چی تر بەسەرخۆشی لەڕێ و بان بەلادا نایەین

بەیانییانیش، کاتێ بەئاگا دێین
ماچی جوانەژنانمان بە نسیب نابێ.
هیچ شتێ وەک خۆی نەماوە.
ئەسپەکان دوورن لە ئێمە.
ڕێگەکان بەرەودوور هەڵاتن.
مناڵەکان بەکۆڵ هەڵدەگرین
خۆمان گالیسکەکان ڕادەکێشین.
ناڵی ئەسپەکانمان چی تر نابریسکێتەوە
لە نێو شەونمی بەسەر سەوزەگیا باریودا
چی تر لە پێشبڕکێیەکی وەحشییانەدا
خۆخی شین نارنین.
خوایە بۆ مەرگ جێمان مەهێڵە
شەرابی سوورمان پێ عەتاکە!

سپێدە

سپێدەیەک، سپێدەیەکی پشوو،
ئاسمان پێکی دادابوو، باران باری،
جەندرمە بەسەر ماڵەکەمی دادا و
هەردوو دەستی کوڕەکەمیان بەست.

*

چراکە دەسووتێ، گڕێکی کز ڕۆشنایی دەدا.
شتێکی نوێ لەسەر کوڕەکەم هەیە.
تەنکە زنجیرێک لە نێو دەستی دەزرنگێ،
گوێ بگرن شتێکی نوێ لەسەر کوڕەکەم هەیە!

ترس لە مەرگ

کەسێ بەتەنگمەوە نایە.
مەرگ نزیک بووەتەوە.
کێ بۆ قەرەج دەگری؟
حەوشەکە بێ پەرژینە،
ماڵەکە بێ بنمیچ و پەنجەرەیە.
قەرەجێ لە چاوەڕوانیی مەرگدا هەڵاژاوە و بەرگەی خەفەت ناگرێ
بەم ڕۆژە ڕوونە لەودیو باسکەکەوە.
لەسەر ئەو شەقامەی کە بەرەو جیهان درێژ بووەتەوە.
کێ بۆ من دەگری؟
حەوشەکە بێ چاو و بێ فرمێسکە.
ماڵەکەیش ناتوانێ بگری.
شەقامە ڕاکشاوەکە بەنێو جیهاندا تەکان دەدا و
دەگەڕێتەوە تا پێم بڵێ:
لەمەودوا چی تر سواری ئەسپی عەرەبی نابی.
مەرگ نزیکە.
ناتوانم لە کۆڵ خۆمی کەمەوە.
هاوار دەکەم، وەلێ لێم ناترسێ.
خۆم لە نێو جێدا گرمۆڵە دەکەم و
دەلەرزم، دەلەرزم.
کەسێ ناخوازی بمبینێ.
من تەنیام.
ئەگەر تەنیا قەرەج لە دەوری جێگەکەم کۆبوونایە
لەوانە بوو مەرگیش بترسایە.
ئۆهـ .. ئەگەر تەنیا لە دەوری جێگەکەم بوونایە!
قەرەج بە ڕێگەکاندا چوون،

ئاوڕم لێ نادەنەوە.
دوور کۆچیان کرد، منیش لێرە وا دەمرم.

بەخت بگرەوە ژنەکەم
بڕۆ، ئەی ژنەکەم، بەخت بگرەوە.
هەن لەوێ لە تەنگانەدان،
لەوێ دایکانی ترساو هەن،
لەوێ منالآنی گریاو هەن،
لەوێ کوێرەوەری، کوێرەوەری هەیە.

*

بڕۆ، ئەی ژنەکەم، بەخت بگرەوە.
لەوێ کەسانێ هەن ئازار دەچێژن، بێ دەرمان،
لەوێ لەشساغ هەن، وەلێ بێزارن.
لەوێ دزێو هەن، لەوێ شۆخ و شەنگ هەن.
لەوێ خەم هەیە، خەم.

*

بڕۆ، ئەی ژنەکەم، بەخت بگرەوە.
لەوێ خراپە هەیە، لەوێ ستەم هەیە،
لەوێ پەڕجوو هەیە، دەتوانی بەخەڵکی بگەیێنی،
لەوێ بەدبەخت هەن، برسی هەن،
لەوێ برسی هەن، برسی.

*

بڕۆ، ئەی ژنەکەم، بەخت بگرەوە.
بۆ برسی: نانت دەست دەکەوێ،
بۆ لەش بەئازار: شیفات بۆ دێ،
بۆ بەدبەخت: بە بەختەوەری شاد دەبی،

له کوێ بەختیاری بزرە، لەوێ بەخت بگرەوە.

*

برۆ ئەی ژنەکەم، بەخت بگرەوە.
پارە لە دەوڵەمەندان بکێشەوە،
لە لەشساغەکان، لە بێزارەکان،
بیئاخنە نێوان جووت مەمکانت،
لە پێناوی بەختەوەری و چاکەی خۆمان.

سەرچاوە:

١- التخلف الإجتماعي، د. مصطفى حجازي، ط (٩)، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، المغرب، , ٢٠٠٥
٢- اللاندای، تحرير: سعيد بهوالدين مجروح: ترجمة: جميل صلاح، ط (١)، مؤسسة الإنتشار العربي، بيروت، ٢٠٠٢.
٣- ديوان الغجر، ترجمة: جمال جمعة، الإنتشار العربي، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٨.
٤- الغجر في العراق بين الماضي والحاضر، عباس السعيدي، موقع (عراقيون في الدانمارك)
٥- الفلامنكو وأصل الغجر والكاولية، د. علي النشمي، جريدة الصباح.
٦- تأثيرات الغجر في ثقافة الشعوب، عبدالزهرة الركابي، موقع (كنيسة القديسة تيريزا، حلب).

سەرنج: لە ژمارەی (٨)ی (فەرهەنگ)، ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١١)دا، بڵاو بووەتەوە.

## سەفەر ژیانە

ئەو ناونیشانەی سەرەوە قسەی نووسەری دانیمارکی (هانس کریستیان ئەندەرسن ١٨٠٥-١٨٧٥)ە، کە خۆیان کورتیان کردووەتەوە و هەردەم بە شانازییەوە بە (هۆ. سی. ئەنەس) ناوی دێنن. ناوبراو لەوە ناسراوترە من لێرەدا بە خوێنەری بناسێنم. بەرهەمەکانی بۆ پتر لە (٦٠) زمان وەرگێڕدراوە. ئەو نووسەرێک بوو زۆر وازی لە گەشت و گەڕان بوو. لە سالآنی ١٨٤٠- ١٨٤١دا سەفەری ئەستەمبوڵی کردووە، کە ئەوسا پایەتەختی دەوڵەتی عوسمانی بوو. پاشان ئیسپانیا گەڕاوە و لە وێشەوە ڕووی کردووەتە تەنگەی (جبل طارق) و ئەوجا پەڕیوەتەوە بەری ئەفریقا و لە شاری (تەنجە) ماوەیەک ماوەتەوە، کە خەڵکەکەی تێکەڵەیەک بوون لە موسوولْمان و مووسایی و کەمایەتییەک لە کریستیان. هۆ سی ئەنەس، زۆر ئەم شارە پەسند دەدات و دەخوازێ ئەگەر عومر باقی بێ، جارێکی تر سەری بداتەوە. جێی باسە (کارستن نیبور)ی (گەڕیدەی دانیمارکی)، کە سەردانی عێراقیشی کردووە، پادشای دانیمارکی ئەو سەردەمە سالآنی (١٧٦١-١٧٦٧) ناردوویەتی.

وەلێ ئێمە لێرەدا تەنیا باسی سەفەر ناکەین بەڵکو دەربارەی سەفەرەکانیش دەنووسین. لە دۆخی وەهادا دەکرێ ناوی سوفەرنامەی لێ بنێین. داخۆ ئەو (نامە)یە چییە کە سەفەر لە خۆیدا هەڵی گرتووە؟ سەفەریش بۆ زۆر مەبەست بەڕێ دەخرێت. دەکرێ، سەفەری ماڵی خوا بێت بە نیازی حەج. واتە مەبەستێکی ئۆلیی لە پشتەوە بێت. یان دەشێ سەفەری گەشتوگوزار بێت و خۆمان هەڵمان بژاردبێت

هەر گەشتێک بگریت، ئەگەرچی لە خۆیدا ئەزمونێکی نوێیە، سەرەڕۆییەکیشە، بەتایبەت ئەگەر بۆ شوێنە بە کێشە و ئاڵۆزەکانی جیهان

بێت. وەک پەیامنێرەکانی جەنگ کردوویانە بە پیشە. تاکو لەوێوە، ڕاستەوخۆ هەواڵەکانی جەنگ و ملانێیەکان بۆ دنیا بگوێزنەوە. لەوانەیە بۆ جێیەکی نەگونجاو و لە کاتێکی نەگونجاویشدا بێت. وەلێ ئەگەر بەپێی ڕێنوێنییەکانی ئاینی بودا بێت، "ئەوەی دنیا نەگەڕێ بەختیار نابێت".

گەشت، کۆچ، کۆچەڵکۆچ، ڕەو، سەرهەڵگرتن.. هەریەکەیان واتای خۆی هەیە و هەمووشیان هەر سەفەرن. کۆچ وەک لە کتێبی (تەئریخی جاف)دا هاتووە، بە لای خێڵی گەڕیاوەوە (یەکسانە بە ئازادی!).

ئەزموونی سەفەر، بۆی هەیە لە بنەڕەتەوە دید و بۆچوونی ڕێبوار لەمەڕ ئەو وڵاتانەی کە سەردانی دەکات بگۆڕێ. چونکە ئەوێ ڕێبوار، یان گەشتیار بە چاوی خۆی و لە نزیکەوە دیاردەکان دەبینێ، نەک لە دەستی دووەمەوە. بیابانشینەکان کاتێ بە سەفەر دەچن، بۆ یەکەم جار و لە نزیکەوە کێوی بڵندی سەر بەتەم و بەفرگرتوو دەبینن، بە دیارییەوە ئەوق دەبن و دەحەپەسێن.

"سەفەر لە تۆ قەدەغەیە/ سەفەر بۆ دێهات قەدەغەیە" "هامشۆکردن قەدەغەیە / یمنع التجول" ئەمانە بڕیاری دەسەڵاتە لە دوای یەکەکانی عێراقبوون بۆ زۆرینەی هاونیشتمانییانی خۆی. ئەوان دەیانویست دەست و پای مرۆڤی ژێر سایەی خۆیان ببەستن و لە نێو چوار دیواری ماڵەکەی خۆیدا قەتیسی بکەن. مرۆڤیش لە ئەزەلەوە وەک گیاندارێکی ڕەوتەنی لەسەر ئەم عەرد و بوومە خوڵقاوە، کەچی ئەوانی فەرمانڕەوا بە تۆپزی، بەسەر تاکی ئەم وڵاتەیاندا سەپاندبوو لە زێد و شارەکەی خۆی دوور نەکەوێتەوە. لە نێوان شاری سلێمانی و کەرکووکدا، بۆ پشکنین نزیکەی دە جار ڕێبوارییان دەوەستاند. پرسیاری ناسنامەیان لێ دەکرد و لە سەرومێقلی ورد دەبوونەوە. وەک تۆی ڕێبوار دزیت لێ کردبن، جەستە و جانتای سەفەرەکەتیان بە وردی دەپشکنی. لە دۆخی وەهایشدا مرۆڤ دەبووە کۆتری باڵ شکاو.

تۆ چەندیش هەوڵت بدایە، هێشتا گوزەرنامەت (پاسپۆرت) بۆ دەرنەدەهات. ئەو دەفتەوە گچکەیەت لێ دەبووە لۆتۆیەکی چەند ملیۆن دۆلاری و شەوانە خەونت پێوە دەبینی. پێم وایە مرۆڤی بێ پاسپۆرت، مافی هاووڵاتیبوونی لێ

زەوت کراوە، کۆت و زنجیر و بە کۆیلە کراوە. چونکە بەسەریدا سەپاوە گردەنشین لە ماڵەکەیدا بکەوێت و چاوەڕوانی دوا سەفەری تەمەن بێت کە دەکاتە مەرگ!

تۆ بڵێی (مەقامی سەفەر) کە هەوایەکی خەمناکی هەیە و بە دەڤەری سلێمانی تایبەتە، دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخە نەبێت کە لە مێژوودا بە (سەفەربەر) ناسراوە، کاتێک سوپای عوسمانی هاوولاتییانی بندەستی خۆی وەک مێگەل بۆ بەرەکانی جەنگ دەدایە بەر و ئیتر نەدەگەڕانەوە؟ کەسوکاریش هەر فریای ئەوە دەکەوتن گۆزەیەک ئاوی بە شوێندا قلْپ بکەنەوە و ئایەتەلکورسیی بەدوادا بنێرن، بەڵکو خوا لە وەی بیپارێزێ. ئەو دەمە، لە تافی سەفەردا خوتوورەی خراپ بە دڵیاندا هاتووە. تا ئێستایش وەک لە مەقامی سەفەردا هاتووە، لەوێ بە خەمباری و بێ هیواییەوە باسی سەفەر دەکرێ، چونکە ئەو دەمە ئومێدی گەڕانەوەی خۆشەویستان زۆر کز بووە. وەک دەڵێن (دیدار و ئاخرەت بوون!) بەو هیوایەی لەوە دنیا بەیەکتر شاد و شوکر ببنەوە. ئێستایش ئەگەر یەکێکیان بەدڵ نەبێت پێی دەڵێن: "برۆ سەر بەدواوە نەهێنی!"

گۆرانی شاعیریش، هەڵوەدای سەفەر بوو. ئەو گەیشتووەتە کەنارەکانی دەریای سپیی ناوەڕاست و (لە ئێستگەی حەیفا) کاری کردووە. لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا بۆ چارەسەر، ڕووی لە یەکێتیی سۆڤیەتیش کرد. ئەی ئەوە نییە درێژترین شیعری ئەو "گەشتی قەرەداغ و گەشتی هەورامان"ن. تۆ هەروا لە نێوەڕۆکی ئەم دوو شیعرە بڕوانە و بزانە لەو دوو گەشتەدا چ خۆشییەک بە ڕۆحی ڕاڕا و هەڵوەدای ئەو بۆ کەشفکردنی جوانی و نهێنییەکانی سروشت گەیشتووە و چلۆن کارێزی شیعری بەو سەفەرانە ژیاوەتەوە. سەفەری حەزرەتی نالی و حاجی قادریش سەرهەڵگرتنی بێ گەڕانەوە بوون.

لە جیهانی هەقایەتدا سەفەرەکان ئەگەرچی ئەفسانەیین و بۆ جێگەی نادیار و نامەئلووفن، بەڵام پڕن لە ڕووداوی کتوپڕ و ئەفسووناوی. گیانداری

خورافییان تێکەڵ دەبێت و ڕووداوی چاوەڕواننەکراویان دێنە ڕێ و کەسانی نوێ دەبنە هاوڕێ و هاوکاریان. خودی سەفەرەکانیش ئەفسانەیی بەڕێوە چوون. گا بەسەر پشتی ئاسکەکێوی شاخدار و گا بەسەر پشتی ئەسپی سپیی چاوکووژەکەیی باڵدارەوە، یاخود بەسەر پشتی دێوەوە، کاتێ لە پڕ، لە نێو کوپەیەکدا لە بنکی دەریاوە بە قولاپی ماسیگرێکی هەژاری بێچارەوە دەبێت و سەرئاو دەکەوێ و ئیتر لە (پڕێ ماسیگری کردووە بە کوڕێ). بەرەو دنیایەکی نرتونوێی پەی پێ نەبراو فراندوویەتی و لە چاوترووکاندنێکدا گەیاندوویەتییە جێی مەبەست. بێ ئەوەی گۆڕانی کەشوهەوا، زمان و کولتوور و داوونەریتەکان هێندەی نووکە دەرزییەک کێشەی بۆ دروست کردبێت.

زۆر جار، سەفەر بۆ وڵاتێک یان شارێکی ئەفسانەییە و کەوتووەتە بنکی دەریاوە، بێ ئەوەی هەناسەدان بۆ قارەمانانی ئەو ئەفسانەیە لە نێو قووڵاییی دەریادا بووبێتە ئاستەنگ. ئیدی ئێمەی گوێدێر یان خوێنەری ئەفسانەی گۆڕینیش هەستمان ڕاگرتووە و بەسەر باڵی خەیاڵەوە کەوتووینەتە تەک قارەمانی ئەم ئەفسانانە و چێژیشمان لەم سەفەرانە وەرگرتووە.

### سەفەرەکەی گلگامێش

(گلگامێش) یەکێکە لە هەرە کۆنترین داستانە ئەفسانەییەکان لە نێو کەلەپووری مرۆڤایەتیدا. لەسەر تاتی قوڕین بە پیتی بزماری هەڵکۆڵراوە، یان نووسراوە. خودی گلگامێش سێ بەشی لە خواوەندە و بەشێکی لە مرۆڤە. کاتێ بەبەرچاوییەوە (ئەنکیدۆ)ی برادەری دەمرێ، ئیدی ئەو، بەرگی پادشاهی فڕێ دەدات و کەوڵی گیانداران دەپۆشێت و بە شوێن نەمریدا سەفەری دوور و درێژی ڕێی هات و نەهات دەگرێتە بەر. ئەگەرچی بە هۆی (ئۆتۆناپشتم)ەوە، لە بنکی دەریادا گیای نەمری دەدۆزێتەوە. ئەو گیایەی هەر کەسێک لێی بخوات جوان دەبێتەوە.. بەڵام کاتێک لە ڕووبارێکدا مەلە دەکات (مار) فرسەتی لێ دێنێت و گیایەکەی لێ دەزێ. ئیدی گلگامێش نکونائومێد دەگەڕێتەوە (ئۆرۆک)ی پایەتەخت. کەواتە یەکەمین سەفەری ئەفسانەیی، بۆ

بەدەستهێنانی نەمری بووە.

لە ڕووی ناچارییەوە، کەسانی ڕووناکبیر، سەرکردە و پەیامبەران کۆچیان هاتووەتە بەر و ملی ڕێی غەریبییان گرتووە. ئەوانە خاوەنی پەیام، هزر و زانستییەکی وەها بوون، پێش سەردەمەکەی خۆیان کەوتوون و بەدحاڵیبوونی کوشندە لە نێوان ئەوان و هاوولاتییاندا یان لە نێوان ئەوان و فەرمانڕەوای سەردەمەکەدا چێ بووە. ئەوانە، ئەو زانا و نووسەر و پەیامبەرانە بوون کە وەک پێویست لە زێدی خۆیان ڕێز لێنراو و گوێ لێ گیراو نەبوون. بۆیە بە ناچاری سەری خۆیان هەڵگرتووە و لە دوورەوڵات هونەر و توانای خۆیان سەلماندووە، بەو ئومێدەی لە دوارۆژدا بەسەر فەرشی سووردا بگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

زۆر سەفەریش هەیە بە نیازی پەڕینەوەیە لە ئاشووب و سەرکوت و مەرگی لەسەرخۆی ڕۆژهەلات. پەڕینەوەیە بۆ بەری ئەوبەر، کە لەوێ ژیان بە هەموو ماناکانییەوە ئامادەیە. یان سەفەر بریتییە لە کۆچکردن بەشوێن زانست و زانیاریدا.. جاری وایش هەیە کۆچ لە خۆیدا بە سەبارەتی ڕاونانی تاکەکانەوەیە لەسەر پرسی ئەوێتی (ناسنامە).. ئیتر تاک لەوبەر، لە تاراوگە، لە سنووری (گیتۆ)یەکدا، بەو نیازەی لەنگەری ئەوێتیی شێوێندراوی خۆی بگرێتەوە و خۆی و نەوەکانی لە مەترسیی دێوانگۆڕی (مسخ)ی نەتەوە، یان ئاینی زاڵ بپارێزێ سەری خۆی کز دەکات.

کاتێکیش تاکەکانی سەر بە کەمینە ئیتنییەکان لە بن پاڵەپەستۆی زۆرینەی سەردەستدا هەراسان دەبن. ئیدی لە وڵاتانی پاشکەوتوو لە هەموو ڕوویەکەوە، بەرەو جیهانی پێشکەوتوو، دیسان لە هەموو ڕوویەکەوە ناچار بەکۆچ دەبن. سا بەڵکو لەوێندەرێ، لەو ڕاڕاییییەی کە ناخیانی وێران کردووە ڕزگاریان ببێت و لەوێ یەکچاو و یەکدڵ ببنەوە. وەلێ ئەمجارەیان لەوێ، بە حوسن و ڕەزای خۆیان دەبنە خاوەنی ئەوێتیی دووەم. واتە دەبن بە خاوەنی جووت ئەوێتی. کۆنەکە و ئەوێتیی وڵاتی خانەخوێ.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بەعسدا سەفەر لە هاووڵاتی چووبووە کۆڵی

شێر. بەعس تاکەکانی بن سێبەری خۆی وەک کۆتر باڵ کردبوو، سەفەری لێ قەدەغە کردبوون، تاکو نەهێنییەکانی نێو ئەو دۆزەخەی وا نێڵەنێڵ دەسووتا و تێیدا دەژیان لەگەڵ خۆیاندا نەبەنە دەرێ. یان نەبادا بەخەیاڵیاندا بێت، جارێکی تر سەر بەو دۆزەخەدا نەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا خەڵکانێک هەبوون، ژیانی خۆیان لە گریو سەفەرێکدا دادەنا. نەشارەزا دەکەوتنە نێو سنوورە مینرێژکراوەکانەوە و خۆیان دەدایە دەست قەدەر، تاکو بە دنیای ئازاد شاد بن و جیهان کەشف بکەن.. سەفەری تاکی ڕۆژهەڵاتی بۆ ڕۆژئاوا، بەو نیازەیە، لە دوورەوە، بەڵام ڕوونتر و بەرجەستەتر کاولە نیشتمانی خۆی ببینێ. دواتر لە دەرفەتێکی گونجاودا بە توێشووی پڕەوە بگەڕێتەوە.

لە تافی منداڵیمدا لە (قوتابخانەی قەرەداغی سەرەتاییی کشتوکاڵی کوڕان) لە شارەدێی قەرەداغ، یەک لە باری ئێمەی منداڵ، سەیرانی بەهاران بۆ سەر (چەمی دێوانە)، یەکەم ئەزموونی سەفەر بوو. بەڵام ئەوە تەنیا سەیرانێک بوو، بە پێیان دەچووین. تا دەمەوئێوارە لەگوێ ئەم چەمە دەماینەوە، کە لە هەرەتی خۆیدا بوو، تافەی دەهات.

کاتێ مامۆستا، یەکەم سەفەری (لە قەرەداغەوە بۆ سلێمانی) بە ئۆتۆمۆبێل پێ لەبەر کردین من هێشتا (سلێمانی)م نەدیبوو. ئیتر سەفەر لەبەرکردن لە سلێمانییەوە بۆ بەغدا بە ئۆتۆمۆبێل، ئەوجا لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا بە شەمەندەفەر دەست پێ کرد.. بە وێنەی تووتی ناوی دەیان شار و شارەدێ و وێستگەی قەتارم لەبەر بوو بێ ئەوەی بۆ ساتێکیش هیچ کامێکیانم بینیبێ؛ یان شەمەندەفەرم بینیبێت. گوایە بە خێرێ ئەم سەفەرانە وانەی (جوگرافیا) بوو. کەچی سمێڵم لێ ڕوا و بوویشم بە پیاو، هێشتا هەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆم نەلوا، هێڵە سوورەکانی نەخشەی وڵاتی عێراقببەزێنم.

تا لە (نیسانی ١٩٩١) ڕژێمی بەعس، نزیکەی هەموو کوردی باشووری کوردستانی ناچار بە ڕەو کرد. بەڵام چلۆن ڕەوێک؟ کەسێک ئومێدی گەڕانەوەی لە خەیاڵیشدا نەمابوو. بەندەیش بە خۆم و ژن و منداڵەوە لە خێوەتگەیەکدا بەناوی (خێوەتگەی دووەمی ئیمام خومەینی) لەدەم ڕێگەی

(بانە سـەقـز) لە بن چادرێکی سـپـیـی گـچکەدا کـە لـە نێـو قـوڕ و چڵـپـاودا هەڵدرابوو خۆمان دۆزییەوە. ئەم کۆچەرەوەیان سێ چوار مانگێکی خایاند.

زۆرێکیش لەوانەی هەڵوەدای سـەفـەرن، کـەسـانـی مـاندووی جـەسـتـە و مێشکن. خەڵکی شارە جەنجاڵە بە نرکە و ناڵە و ژاوەژاوەکانن. ئەو شارانەی فرە ئۆل و فرە کـەمـایەتین و شـەو و ڕۆژیان چوونیـەکـە. ئەوانە سـاڵ دوازدەی مـانگ بە دوای ژیاندا دەڕەتێن و ڕادەکـەن. بۆیە ئـەوان لەدووی دەرووییەک دەگـەڕێن تـاکو ئاهێکیـان تێ بڕژێ. بەتایبـەتـی لە پشـووی هاوینەی خـۆیاندا، گەرەکیانە بـڕێک خۆیان تازەبکەنەوە و گوڕێکیان تێ بڕژێتـەوە. ئەوان ڕوو لەو شوێنانە دەکەن کە هێمنن؛ کەشـوهـەوایان بڕێک گەرمە و سروشتی ڕازاوەیان هـەیە، تاکـو لەوێندەرێ قـەرەبووی سـاڵێک ڕەتاندنی نێـو هـارەهـاڕی مـەکینە و ژاوەژاوی شـەقام بکەنەوە. لەوێ لە نێو لمی کەناری دەریادا پشـوویەک بدەن و یەکتەختە لێی ڕاکشێن و بەشی ساڵێک (دی ڤیتامین) لە بن پێستیاندا ئەمبار کەن. مەلە بکەن و وێنەی یادگاری بگرن و دنیا ببینن.

**کەشوهەوای سەفەر و سەرڕۆیی**

هـەرکـە بەنـیـازی سـەفـەر، هەنگاومـان هەڵهـێنایەوە و بڕێک لە مـاڵەکـانی خـۆمـان دوور کـەوتینەوە، ئیدی هەسـتێکی نوێی نامـۆ تێمـان دەئاڵێت و ئەم هەسـتە سـەر بەدوا خـانەکانی لەشـماندا دەکات. وا هـەست دەکـەین ئـیـتر لە کۆت و بەندی کولتوور و داوونەریتە کۆن و سـواوە ناجۆرەکان کە سالانێکە لە گـەردنمان، لە دەسـت و پامـان ئالاوە و بێ بـەزەییـیـانە دەمـانچـڕووسـێـنێ، ڕزگـارمان بووە. لەوێ، لەو جێیە نوێیەی وا بە شـادییەوە سـەفەری بۆ دەکەین ئازادانـە، بێ پەردە و لـەمـپـەری دەروونی، لەگـەڵ ئەوانی تردا، کـە سـەر بە گـەلێکی تـرن و بە زمـانێکی تـر دەدوێن و پێـشـیـنـە و مـێـژووی هـاوبەش و سەروساختیمان لەگەڵیاندا نەبووە، دەکەوینە دەمەتەقێ.

مـرۆڤی ڕۆژهـەلاتی لە کـەشی وەهـادا دەبێـتـە خـاوەنی جـۆرە جـورئەتێکی ئەدەبی و کۆمەلایەتیی ئەوتۆ کە پێشـتـر لـە ولاتی خۆیدا بە خـۆیەوە نەیبینیـوە.

بۆیە هەست بە خۆشییەکی لە ڕادەبەدەر دەکات، کاتێ دەبینێت لە پڕێکدا جووتێک باڵی لێ ڕوواوە و لە زۆرێک لە کۆت و بەندەکان کە نابەدڵ، بە تۆپزی و لە ترسی چاوی زیتی خێڵ پەیڕەوی کردوون دەربازی بووە. چی تر (عەیبە حەیامان چوو) بەسەر زاریدا نایەت.. (ت. س. ئەلیوت) دەڵێت: "سەفەر بکەن.. بڕۆن ئەی گەشتیارەکان.. ئێوە ئێستا هەمان ئەو کەسانەی دەستپێکی گەشتەکە نین."

تەواوی ئەو کۆت و بەندە بەناو ئەخلاقییانەی، کەس پێ نازانێ لە کەیەکەوە نابەدڵ پەیڕەویان دەکەین، لە هەناسەیەکدا دەبنە وەهم و نامێنن. لە ڕاستیشدا، تەواوی ئەو (دەبێ و نابێ)یانە دوور بوون لە ئەخلاق و مۆراڵی ڕاستینەوە. بەڵکو ئەوانە تەنیا شتگەلێک بوون خوومان پێوە گرتبوون. باشە ئەگەر گەرمای هاوین زۆرت بۆ بهێنێت و پانتۆڵی کورت لە پێ بکەیت، ئەمە چ بێ مۆراڵییەکی تێدایە؟ یان ئەگەر بۆ پاراستنی چاوەکانت چاویلکەی دژە خۆری لە چاو بکەیت، بۆچی بە بەدڕەوشتی بۆت حسێب بکرێت؟ لە ڕاستیدا ئەم لەمپەرانە نە ڕەوشت بەرزین و نە مۆراڵپارێزی، بەڵکو وەهمن و داتاشراوی هۆشیاریی خێڵ و کۆمەڵگەی دواکەوتوون. هەر ئاکارێک لە زبریی نێرینە کەم بکاتەوە، خێڵ بە عەیب و شوورەیی لەسەر تاکەکانی خۆی حێسبی دەکات.

لە کولتووری گەشتکردنەوە، جۆرە ئەدەبیاتێک هاتووەتە ئاراوە، لە ڕۆژئاوادا گرینگیی پێ دەدرێ و دەخوێندرێتەوە. کاتی خۆی پادشاکانی ئەوروپا بودجەیان بۆ گەلێک لە ڕووناکبیرانی لای خۆیان دەستەبەر کردووە و بە گەشت بەرەو خۆرهەڵاتیان ناردوون. ئەم ڕووناکبیرانە لە تەک خۆیاندا گەشتنامەی ئەستوور ئەستووریان نووسیوە، کە لەوێدا بە وردی باسی باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ژیاریی ئەو هەرێمانەیان نووسیوە و بە تانایدا هاتوونە خوار. هەندێکیان دەستڕەنگین بوون، چەندین کەڤاڵی ڕەنگییان لەمەڕ باری کۆمەڵایەتی، ئەتنۆگرافی، پۆشاک و قەڵافەتی جەنگاوەری ئەو میللەتانەیان بە چەکوچۆڵەوە کێشاوە. نەوۆ لە مۆزەخانەکاندا پارێزراون.

بوونەتە بەشێک لە کولتوور و سامانی هونەری شێوەکار. گەشتنامەکانیش بوونەتە سەرچاوە بۆ مێژووی ئەو وڵاتە گەشت بۆکراوانە.

تۆ بە زۆری بۆ شوێنێک بەسەفەر دەچی کە پێی نائاشنای. بۆیە لە خۆیدا جۆرێکیشە لە پرکێشی و سەرەڕۆیی. تۆ بە فڕۆکە بە گەشت دەچیت. ئەو بۆڕییە فافۆنییە فڕیوەی لە بەرزایی نزیکەی بیست هەزار پێوە بەرز دەفڕێ و بەسەر هەورەوەیە. هەندێک جاران نزیکەی پێنج سەد کەسی بە یەکتر نائاشنای لەخۆ گرتووە. بڕێ جاران گەرما لە دەرێی ئەو بۆرییە فڕیوەدا نزیکەی پەنجا، شەست پلە لە ژێر سفرەوەیە، کەچی لە نێو فڕۆکەکەدا لە بیستەکاندایە. ئەو بە خێراییەکی زۆر دەفڕێ، کەچی تۆی ڕێبواری دانیشتوو لەرەی بۆ ناکەیت. لەگەڵ ئەوەیشدا هەردەم وەسوەسەیەک لە ناخەوە پێت دەڵێت: ئەدی ئەگەر ئێستا تووشی کێشەیەک هات، بەربوومەوە و پەراش پەراش بووم! مرۆڤ بۆ هەرکوێ دەچێت، هێشتا هەر ترسی مەرگ لە کۆڵی نابێتەوە. ناوەناوە لە بن پەردەیەکی تەنکەوە سەر دەردێنی و وەک عەزیایەک خۆی پێشان دەدات.

هەرچۆنێک بێت، چێژی سەفەر لە یادەوەریدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. بارگاویبوونەوەیە بە وزەی ڕووحی، وەک ئەوەیە ئاو بکەیتە بن گوڵە سیسەوەبووەکان. ڕەنگیشە سەفەر، گەڕان و بەشوێنداچوون بێت بە نیازی کەشفکردنی حەقیقەتێک.. دەشێ بێژم، گەڕانە بە دووی ژیانێکی نرتونوێدا، دوای بێزاریی نێو ژیانێکی چەقبەستوو. ئێمە لە تافی سەفەردا زیاتر لە جاران زێدی خۆمان دەناسین، کاتێک لە دوورەوە دەیبینین و بەم وڵاتە نوێیەی وا گەشتمان بۆ کردووە بەراوردی دەکەین.

هەندێ جاران گەشت بەو پاپۆڕە گەورانەیە کە بەجارێک حەشیمەتی شارە دێیەکیان تێدا جێ دەبێتەوە. ئێمەی کورد نەبوونی دەریا، بووە بە خولیا و بە گرێکوێرەیەک و تێمان ئالاوە. بۆیە بە زۆری بەرەو کەناری دەریا و دوورگە دوورەکان سەفەر دەکەین، تاکو لەوێ سیحری دەریا و زەریا ببینین. ئەو نیعمەتەی کە ئێمەی کورد لێی بێ بەشین. دەریا ئەو ڕووبەرە شینە بە

جـووڵەیە، کـە دەڵێی ئاوێنەیەکی زەبەلالاحـە بۆ پەرچدانـەوەی تیـشکی خـۆر و دەدرەوشـێـتـەوە. ناخـیـشی پڕیەتی لە گیـاندار. وەکوتـر ڕووەکەی بەرینتـرین ڕێگەیە بەسەریدا دەخزێین.

تۆ هەرگـیـز نـاتوانی لە کـەناری دەریا دابنیـشـیت و پـشـتـیـشی تـێ بکەیت. دەریا بە سـروشت شینە، بە ئاسـمانی شـینیشـەوە پەڵە هەوری پەرش و بڵاوی سپی دەبینرێ. نزیک بە کەنارەکانیش بەلەمی سپی بە چارۆکەی سپییەوە، بە شنەی بـا دەخـزێن. دیمەنی وەهـایش لە خـۆیدا تابلۆیـەکی دلڤـەکـەر و شـادی بەخـشـە. تۆ ئـەگەر هونەرمـەندی شـێوەکـاریش بیت، لەم ڕەنگانە ئارامـتـر و شـادی بەخـشـتـر نادۆزیتـەوە، بۆ ئەوەی کـەڤـاڵەکەتی پـێ بکێشـی. ئەوە بۆیە ناتوانی پشت بکەیتە دەریا.

**سەفەرنامە**

لە پێشانگەکانی کتێبدا بە زۆری بەشێک بۆ (گەشتنامە) جیا کراوەتەوە. کەچی لەکن خۆمان ئەم جۆرە ئەدەبیاتە بەرچاو ناکەوێت. لە سەردەمی زوودا پادشـاکانی وڵاتانی ئەورووپا خـۆیان هـانی نووسـەرانیان داوە بۆ گەشـتکردن، بە تایبـەتی بەرەو ڕۆژهەڵات. هەر خۆیشـیان خـەرجی گەشـتەکانیان کێشـاوە. ئەمـەیشـیـان بەو نیـازە بووە تاکو هەمـەڕەنگ زانـیارییـان بۆ بهێننەوە. ئەوسـا مەرج نەبووە گەشتیار، یان گەڕیدە، خۆی سەربوردەی گەشتەکەی بهۆنێتەوە. جار هەبووە، ئەم کارە بە نووسەرێکی هاوسەفەری گەڕیدەکە سپێردراوە. ئەو وردەکـاریی گەشـتـەکەی بـۆ هۆنیـوەتەوە و بە تانیـدا هـاتووەتە خـوار.. کـاتی خـۆی، سـوڵتـانی (فاس) نـووسەرێکی (کـاتب) خسـتـووەتە تەک (إبن بطوطة)ی گەڕیدە تاکو تەواوی سەرگورشتەی گەشـتەکەی بۆ تۆمار بکات. لەجێیە لێرەدا ئاماژە بەوەیش بدەین کە جیاوازی لە نێوان گەڕیدە و گەشتیاردا هەیە.

مەرجیش نییە گەشتنامـە باس لە وردەکاریی چیا و ڕووبار و پێدەشـتـەکانی ئەو وڵاتـانە بکات کـــە گـــەڕیدە ڕوویان تێ دەکـــات. بگرە ئـەو پتـــر بـاس لە دامـەزراوە و شوێنە شـارسـتـانییـەکان، باری ڕامیـاری، ئابووری و کۆمـەڵایەتی

دەکات. پێوەندی لە تەک سەرکردە و پادشا و فەیلەسووف و زاناکاندا گرێ دەدات و گفتوگۆیان لەگەڵدا ساز دەکات. لە دەستپێکەوە تا کۆتایی چی دیوە و چی بەسەر هاتووە، بە ڕاستگۆیی و وردەکارییەوە دەیگێڕێتەوە. وێنە و بەڵگەنامە لە تەک خۆیدا دەهێنێتەوە. بە جۆرێکی ئەوتۆ گەشتنامەکە دەهۆنێتەوە، کاتێک کەوتە بەر دیدەی هەر خوێنەرێک، وا هەست بکات خۆی ئەو گەشتەی کردووە، یان ئەویشیان لە تەکدا بووە. لە ڕاستیدا خوێنەری زۆر هەن متووی خوێندنەوەی ڕووداوی سەیر و سەمەرە و وردەکارییەکانی سەفەرن.

لە خۆرئاوایش گەشتە گرینگەکان، بە فاسکۆ دیگاما و کریستۆفەر کۆڵۆمبس و ماجەللان دەست پێ دەکات. کە جیهانیان کەشف کرد و چاوی خەڵکیان کردەوە. خاک و کیشوەری کەسنەدیتەیان بە دنیا ناساند. کاتێک ئەو دۆزەرەوانە لەو هەلومەرجە دواکەوتووەدا کە ڕێگەکان پڕ مەترسی بوون و هۆیەکانی هامشۆی نوێی ئاوی و ئاسمانی و زەمینی لە ئارادا نەبوون. گەشتکردن بە نەشارەزایی جۆرێک بوو لە سەرەڕۆیی و گرتنەبەری ڕێی هات و نەهات.

ڤیکینگەکان، کە باپیرانی نەرویجی و سوێدی و دانیمارکییەکانی ئێستا بوون، کۆمەڵە خێڵێکی چەتە بوون، پتر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر، بە نیازی ڕاووڕووت، بە سواری کەشتی، لە وڵاتی خۆیانەوە بەڕێ دەکەوتن و بەسەر شار و وڵاتانیاندا دەدا و تالانیان دەکردن. ئەوان بە مەبەستی ترش و تالانی، بە دەربەندە ئاوییەکاندا سەفەریان دەکرد. وەلێ هەر خۆشیان بوون کە دوورگەکانی گرینلاند و ئایسلاندیان کەشف کرد.

لە خۆرهەڵاتیش گەشتەکانی (سوندباد) ئەفسانەیین و تا ئێستایش، وەختایێ بە فیلم دەکرێن، بینەر بەدیاریانەوە ئەوق دەبێ. پێشتریش گەشتی ئەفسانەییی (گلگامێش) بە شوێن نەمریدا جێی ڕامانە و دواترێ داستانی (ئۆدێسە)ی یۆنانی تا نەهێش هەم خوێنەری زۆری هەیە و هەمیش هونەرەکانی شانۆ و سینەما تاکو ئێستا لێی بەهرەمەندن.

ئەدەبی خەیاڵی زانستییش بە زۆری لە ڕێی گەشتی خەیاڵییەوە چێ دەبێ. ئەدەبێکە نوقڵانەیە بۆ داهاتوو و دوارۆژ دەخوێنێتەوە. کە بەزۆری گەشتن بۆ دوورگە دوورەدەستەکان و ئەستێرە پەی پێ نەبراوەکان، بە شێوەیەکی نوێی لە ئێستادا پەی پێ نەبراو ڕایی دەکرێن. هەرچۆنێک بێت، گەشتنامە گرێدان و ئاوێزانبوونی دوو شتی گرینگە پێکەوە، گەشت و ئەدەب.

لە کۆندا سەفەر لە پێش هەر تاکێکدا کراوە بوو. وڵاخی بەرزە و پاسەوانی ویستووە. زۆری خایاندووە. پڕ مەترسی بووە. ئەو دەمانە ئاسایش لە نێوان وڵاتاندا بەرکەماڵ نەبووە. یاسای پاراستنی گەشتیار و بەڵگەنامەی وەک پاسپۆرت لە ئارادا نەبووە. ئەوسا تەریدە دنیای تەنیبوو.. وەلێ خەڵکی خوێندەوار، ئەوسا لە ئێستا پتر متووی خوێندنەوەی گەشتنامە بوون. چونکە هەر گەشتنامەیەک لە خۆیدا کەشفکردنی دنیایەکی نەبینراو و نەزانراو بووە، کە بەلای خوێنەرەوە نرتونوێ بووە. وێڕای ئەوەی ئەو حەلە هیچ کام لە هۆیەکانی پێوەندی، کە لەم سەردەمەدا بەربڵاون، بیریشیان لێ نەکراوەتەوە.

بەپێی ئەفسانەکە و لە دیدی ژمارەیەک لە ئاینەکانەوە، یەکەم گەشتی مرۆڤ لە خۆیدا گەورەترین تراجیدیایە کە تاهەتا، توخمی مرۆڤ پێوەی دەناڵێت. لە ڕاستیدا بەزۆر ئەو گەشتە بە مرۆڤ کراوە. لە هەمان کاتدا توندترین سزایش بووە بۆ توخماتی مرۆڤ. کاتێک (ئادەم و حەوا) لە بەهەشتەوە هەواریان پێ گوێزرایەوە بۆ سەر زەمین.

سەیرترین گەشتی ئاوییش گەشتی نووح پێغەمبەرە، بەسەر شەپۆلە تووڕەکانی تۆفانەوە. ئەو گەشتەی کە توانی مرۆڤ و گیانداران لە خاشەبڕکردن بپارێزێت و کەشتییەکەیش لەسەر چیای جوودی، کە کوردستانە، لەنگەری گرت. ئەم دوو گەشتە، ئەفسانەییی چارەنووسساز بوون بۆ توخمی گیانەوەر و مرۆڤ.

هەروەها گەشتی ئیبراهیم پێغەمبەر بە سارە و هاجەری خێزانییەوە، بەرەو وڵاتی میسر، پاشان لەوێوە بەرەو شاری مەکە. دواتریش گەشتی چارەنووسسازی حەزرەتی محەمەد بۆ شاری مەدینە، کە ئیتر لەوێوە مێژووی

ئیسلام (کۆچی) دەست پێ دەکات..

**سەفەر لە پای چی؟**

سەفەر واتە دیتنی جێیە نەبینراوەکان، کەشفکردنی لایەنە پەنهانەکانی گەردوون. گەڕان لە دووی سیحری شوێن بە هەموو جوانی و نهێنییەکانییەوە. هەر سەفەرێک بگریت، بە تاڵی و شیرینییەوە ئەزموونێکە لە یاد ناچێتەوە و لە بیرەوەریدا چاپ دەبێت. بە تایبەتی لە ئێستادا کە سەردەمی کامێرای دیجیتاڵ و ڤیدیۆیە؛ گەورە و گچکەی ڕووداو و شوێنەکانمان بۆ تۆمار دەکەن. بۆ وێنەگرتنی گوڵێک کە لە دەڤەری خۆماندا ناڕوێ، یان پەپوولەیەک کە لەو ڕەنگە لەلای خۆمان نەبینراوە. کەناری دەریایەک کە لە نیشتمانی خۆمان بەدەست ناکەوێت، سوودیان لێ دەبینرێ.

چێژی بینینی فیگەرە نوێیەکان، خولیای مرۆڤە. تۆ ئەگەر دە دانە کتێبیش لەسەر شارێک بخوێنییەوە هێشتا هەر هێندەی یەک جار بینینی ئەو شارە چێژی لێ نابینی. بینین، شوێنەکان لە یاددا جێگیر دەکات و ڕەنگە هەتا مردن لە یادی نەکەین. واتە چێژێکی درێژخایەنی لێ دەبینین. سەیرە ئێمە هەر جێیەک کە بەگیانمان خۆش بوو، بە چاومان جوان بوو، ئیتر ئارەزوو دەکەین جارێکی تریش بۆی بچینەوە. لەوێندەرێ، لەو جێیە دوورانە ئەگەری گرتنی هاوڕێی نوێ هەیە. لەوێ بە چێژوەرگرتن لە کات و شوێن، خۆشییەکی بێ ئەندازە دەڕژێتە گیانمانەوە، ماندوویەتیی چەندین مانگمان لە بیر دەباتەوە.

لەوێ پڕ بە سییەکانمان هەوای فرێشی دوور لە هەوای شارە جەنجاڵ و لەوتاوەکانی خۆرهەڵات هەڵدەمژین. گەشبوونەوەی ژیان و تەمەن و ڕۆح. لە ڕاستیدا گەشتوگوزار، بۆ دەروونە خەماوی و ماندووەکان دەرمانە. سەفەر ژیانە لە نوێبوونەوە و سەرسووڕماندا، بە چێژی بینینی شوێنی نوێ، پڕۆژەی نوێ، چاوئەندازی نوێ، گەلی نوێ و داوونەریتی گەلانی بە تۆ نوێ. ڕەنگە کاتێک لەوێ ئەو فیگەر و پڕۆژە نوێیانەی کە دەیانبینی، سروشت پێ ببەخشن

و تۆیش بەرەو بیرکردنەوە لە داهێنان پاڵ بدەن.

ڕەنگە دوورکەوتنەوە یەکێک بێت لە پاڵنەرەکانی سەفەر. دوورکەوتنەوە لە دیمەنی ڕۆتینیی ڕۆژانە. لە سەرباز و پۆلیس و میلیشیای چەکداری مۆن و هەنیە گرژی ڕۆژهەڵات. وەک ئەوەی تازەکی کودەتای سەربازی ڕووی دابێ، ئامادەبازن و تەواوی شەقامی شارەکانی ڕۆژهەڵاتیان تەنیوە و بەگومانەوە لە هەر کەسێک دەڕوانن، تەنانەت لە منداڵانیش. دوورکەوتنەوە لە خاڵەکانی پشکنین، کە کۆتاییان نایەت و بینینی ڕووبەری بە تێلدڕوو دۆڵپێچکراو، وەک ئەوەی تاکەکان لە سەربازگەی نازییەکاندا بە دیل گیرابن. دوورکەوتنەوە لە وتەی پەندئامێز؛ لە ئامۆژگارییە سواوەکان، کە ڕۆژانە لەگەڵیدا پیر بووین و پشتمان چەما. دوورکەوتنەوە لە تەپەسەری، هەڵات هەڵات، چڕووساندن و زاری خۆ داخستن و حسابکردن، تەنانەت بۆ گێڕانەوەی نوکتەیەکیش.

بۆیە سەفەر بۆ ئەوانەی وا لە تەپەسەری و ژێردەستەییدا ژیان بەسەر دەبەن، هەتا بۆ شوێنی دوورەدەستتر بێ زیاتر خۆشییان پێ دەگات. پتر هەست بە تەناهی و ئارامی دەکەن و سیحری زیاترە. لەوێ هەست دەکەن چیی تر دەستی زۆرداریان پێ ناگات. لەوێ چیی تر دەنگی ناگاتەوە بە نیشتمانی بەزیندانکراودا. لەوێ کەس هەنگاوەکانت ناژمێرێ، کەسێک منەتت بەسەردا ناکات. لەوێ پێویست بەوە ناکات چەند هەنگاوێک بنێیت و ئاوڕێک بدەیتەوە، چونکە کەسێ دوات ناکەوێ. لە نیشتمانی ئازیزدا، لە ڕۆژهەڵات، لە ئەفریقا، تاکە ملۆزمێک، بۆی هەیە تا مردن ژیانی گەڕەکە ماڵێک بکات بە دۆزەخ و کەسێکیش نەبێ لێی بپرسێ، لە پای چی وەها دەکات؟

لەوێ کەس قسەکانت تۆمار ناکات و لەسەرت ناکات بە ماڵ. لەوێ تاکەکان ئازادن و خۆیان خاوەنی کەرامەتی خۆیانن. لە هەڵسوکەوتی خۆیان بەرپرسن و کەسێکی تر مافی لێپێچینەوەی تاکی نییە، چی دەخوات چی دەپۆشێ، ئازادە. گرینگ ئەوەیە دەستدرێژی نەکاتە سەر مافی تاکەکانی تر. لەوێ ئیدی لە چاوی بزی لاپڕەسەنەکان کە سوورن لەسەر ئەوەی بزانن لە کام حزب دایت و بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە چی دەخۆیت، ڕزگارت دەبێ لەوانەی وا گەرەکیانە

وردەکاریی خەونەکانیشت بزانن.

سەفەر، گۆڕینە لە ڕۆتینی ژیاندا. گەشت بۆ شوێنە نوێیەکان کە پێشتر مەگەر بە چاوی خەیاڵ دیبێتمانن، وەک ئەوەیە گەشت بەرەو داهاتوو بکەین. بە تایبەت بۆ وڵاتێک، لە ڕووی ئاوەدانی و شارستانی و هۆیەکانی کات بەسەربردنەوە لە چاو زێدی خۆتدا لە پێشتر بێت و جیاوازیی زۆریان لە نێواندا هەبێ، وەک ئەوە وایە لە پڕێکدا پێت نابێتە سەدەیەکی نوێوە. وەک ئەوەیە بەرەو داهاتوو سەفەرت کردبێت.

**قالاریا و قوولاریا!**

سەیرە، من تەمەنم تەنیا ساڵێک بووە کاتێ بە یەکجاری، بە ماڵەوە لەم دێیە هەڵکەندراوین، کەچی هەمیشە دڵم بۆی لێ دەدات و ساڵانە سەرم لێ داوەتەوە. لە ڕاستیدا کاتێک هاوینان بە سەردان دەچوومە (قازانقایە)، لای خزم و ناسیاوەکانی شارم لە سلێمانی، دەمگوت: دەچمە کوردستان، دەچمە (قالاریا)، لەسەر ئاهەنگی (بولگاریا و هەنگاریا). وەک ئەوەی شاری سلێمانی کوردستان نەبێ. لە ڕاستیشدا لە قالاریا نەسەر و فەساڵی سەرباز و ئەمنم دەبینی، نەجاش و نەبەعسیی سمێڵ هەشتیی (قطعتين) لەبەر.

گەلێ جاریش، بە تایبەت لە پشووی هاویناندا سەردانی (قوولە)ی زێدی خاڵوانم کردووە. ئەگەرچی قوولە وەک قازانقایە خۆش نییە، بەڵام چێژی خۆی هەبوو. من لەسەر هەمان ئاهەنگ بە قوولەیشم دەگوت (قوولاریا)! ئەم دوو گوندە، کە لە ڕووی ئاووهەوا و هەڵکەوتی جوگرافیایی و بەروبوومی کشتوکاڵییەوە لەیەک ناچن، بۆ من ئارامبەخش بوون و لێرە تەواو پشووم دەدا و ماندوویێتیی ساڵێکم دەحەسایەوە و خەمەکانم تەواو دەڕەوینەوە. جێی باسە، قوولە سێ جاران لەلایەن ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانەوە سووتاوە. بەر لەوەی (پرۆسەی ئەنفال) بەسەردا بێت، ئەم گوندە لەلایەن ڕژێمەوە سووتێنرابوو. خەڵکەکەی، هەر بنەماڵەیەک و بە لایەکدا پەرتەوازە بووبوون.

ساڵی ١٩٨٧ بۆ دواجار سەفەری قازانقایەم کرد. بەڵام سەفەری

ئەمجارەیان پڕ مەترسی بوو. چونکە بە فەرمی سەفەری ئەو نێوچانەی پێشمەرگەی لێ بوون قەدەغە کرابوو. "باوکت لەبەر دەرکی ماڵەکەی خۆیدا کەوتووە و ڕانی شکاوە!" ئاوا هەواڵیان بۆ هێنام. ئەو لەوێ لە نێو جێدا کەوتبوو. دەبوایە من لە سلێمانییەوە بەشوێنیدا بچم و بیگەیێنمە خەستەخانەی شار. ئەگەرچی بۆ کەسێک بەنێو تەمەندا چووبێت، ئەو جۆرە شکستە ئیتر چاوەڕوانی چاکبوونەوەی لێ ناکرێ. وەلێ لە گوندێکی دۆڵپێچکراوی وەهادا و لەو هەلومەرجەدا کە هامشۆی شاریان بە تەواوی لێ قەدەغە کرابوو، چارەسەری سەرەتاییش لە بەردەستدا نەبوو. سەرباری ئەوەیش، بەردەوام ناوچەکە تۆپباران دەکرا و لە ئاسمانیشەوە چاودێری دەکرا. دەوڵەت تەواوی دەزگەکانی خۆی، وەک قوتابخانە و تیمارخانە و فەرمانگە کشتوکاڵییەکانی کێشابووەوە.

لاندکرۆزێکم بەکرێی دووجا پەیدا کرد و لەگەڵ (حەمە)ی خاڵۆمدا شەوەکی لە سلێمانییەوە بەڕێ کەوتین. کاتێک گەیشتینە سەر پردەکەی (تانجەڕۆ) تاریک و ڕوون بوو. شوفێرەکە وتی: "دوو بەختییە یان ئەوەتا ڕێمان دەدەن یان دەمانگێڕنەوە" تۆی ڕێبوار لە دۆخی وەها شلۆقدا هەردەم چاوەڕوانی ئەوەی بە نەرێنی وەڵامت بدەنەوە. وەلێ کاتێ گەیشتینە پێش یەکەم خاڵی پشکنین، داوای ئەوێتی(هویة)یان لە من کرد و شوفێرەکە وتی: "هەتا ئەم گوندە دەچین!" ئەو ئاماژەی بۆ دێیەکی نزیکی بناری دارمازەڵە کرد و ناوی دیوی قەراخی نەهێنا.

ئیتر کەس دەستی بەڕوومانەوە نەنا، بەڵام ئەگەری ئەوە هەبوو کاتێ بە چیایەکەدا سەردەکەوین بەر (هاوەن)مان بدەن. چونکە ئێمە درۆمان لەگەڵدا کردن! هێشتا تەواو دنیا ڕووناک نەبووبووەوە، ئێمە بە پێچە وشکەسییەکانی دارمازەڵەدا تۆزمان دەکرد. واتە پێویستیمان بە داگیرساندنی لایت نەبوو. دیارە ئەمەیان لە چاکەی ئێمە بوو. چونکە ئەوان هەرکاتێک ڕۆشنایی گەڕۆکیان بە چیاکەوە بدیایە لە دوورەوە هاوەنبارانیان دەکرد. یان بە دۆشکا لێیان دەدا.

ئێمە نەمانتوانی بەڕێگە فەرمییە قیرەکەدا باژووین، چونکە دەستەکەمان دەکەوتە ڕوو، دەزانرا بۆ کوێ دەچین. بۆیە هەر بە کۆنە ڕێ وشکەسییەکەی بەر لە قیرتاوکردنی ڕێی قەرەداخ سلێمانیدا سەرکەوتین. ڕێیەکی سەخت بوو، مەترسیی هەڵدێران لە ئارادا بوو. لە هەندێ جێدا ئاو دڕیبووی و کوێر بووبووەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا شوفێرەکە پشت بە شارەزاییی خۆی، بە خێرایی بەدارمازەڵەدا هەڵگەڕا. کاتێک دنیا تەواو ڕووناک بووەوە، ئێمە لە چاوی سەرباز ون بووبووین و کەوتبووینە نەدیوی. واتە گەیشتبووینە دیوی قەرەداخ.

بەرچاییمان لە قازانقایە خوارد و باوکیشم لە نێو جێدا پەرێشانحاڵ کەوتبوو. چەند خزمێک بە گەیشتنی ئێمەیان زانیبوو، سەردانیان کردین. ئەوان لە دڵەڕاوکێدا دەژیان و دڵخوردی ئەوە بوون کە حکوومەت تەواوی دەزگەکانی خۆی کشاندبووەوە. ئەمەیش واتای ئەوە بوو، کە دەستی لە دێهات شۆردووە. ئەوان زۆر بە زەحمەت کەلوپەل و کاڵایان بەدەست دەگەیشت. ئەو شەوە کاروانێک بە بارەوە لەوێ بوون. زڕەی زەنگوڵەکانیان دەهات. وتیان کەلوپەلی پێشمەرگەیان پێیە و بۆ سەرەوەی دەبەن.

کاروان دەبوو شەوەکەی بەڕێ بکەوێ. شەو ئێمە هەروا لەگەڵ یەکدا دەدواین و سەرنجی ئاسمانیشمان دەدا. ناو بەناو جووتێک تەنی سوور وەک مانگە دەستکردەکان، تەریب بە پاڵ یەکدا، بە ئاسمانی ناوچەی قەرەداخدا دەفڕین. لە ئاسمانی شاردا ئەم تەنە ئاگرینە فریوانە بەرچاو نەدەکەوتن. جووتیار دەیانگوت، ئەوانە (گوللە تۆپی نەمساوی)ن، بە جووت لە سەربازگەی (تانجەرۆ)وە، ڕووەو دەڤەری قەرەداخ ڕەوانەیان دەکەن. جووتیارەکان بە چاو بەدوایانەوە بوون و خافڵیان نەدەکردن. ئەوان دەیانزانی لە کوێش دەکەونەوە. دەیانوت هەرکە کوژانەوە ئیتر لە ئاستی خۆیان بەردەبنەوە. ئەو جووتەی وا هەموو لایەکمان بەچاو غافڵمان نەدەکردن، جووتیارێکی خزمم وتی، لە دیوی (ڕەبات) کەوتنە خوار.

ڕەباتیش گوندێکە، بە دیوی گەرمیانی قەدپاڵی چیای سەگرمەوەیە. دیوی گەرمیانی سەگرمەیش بە پێچەوانەی دیوی قەرەداخ هەڵکەوتووە. ڕووتەن و بێ

دارســتــانه. ڕەبـاتیش تـەواو بە بەرزاییـیــەوە هەڵکەوتووە. کــاتێ لەوێـوە بۆ ساکەدەشتی گەرمیـان دەڕوانی، وەک ئەوەیە لـە سـەربانەوە دیقـەتی حـەوشـە بدەی. خــەڵکی دێی ڕەبات، زەوییـەکـانیـان کـەوتوونەتـە تەخـتـاییی دامـێنی سەگرمەوە، کە تێکڕا زەویی دێمن و بە وشکەدان تۆوی دەکەن.

شــەو بۆ حــەوانەوەی مــرۆڤی مــاندووە. تۆ بیــهـێنە پێش چاوی خـۆت، لە دەڤـەرێکدا بژیت شـەوانە چاوەڕوانی ئەوە بیت دووان لەو گوللـە تۆپانە بەسـەر سەرتا دابـارێن و ناڵەبکەن. وەلێ ئەوان دەیانوت، تاکو ئێستا، زیاتر زیانی بە ماڵات و گاوگۆتاڵی ناوچەکە گەیاندووە. مەبەستیان لەم تۆپبارانە بەردەوامەی شــەویش ئەوەیە پێـیـان بڵـێن، ئێـمــە لە هەمــوو کـات و شــوێنێکدا هەین و ئـامــادەین. شــەویش بەدواتـانەوەین و لێــتــان نـابینەوە. ئەم گــوللـە تۆپـە نەمـسـاوییـانەیش زیاتـر ترس و دڵەڕاوکێـیـان بەنێو جـووتیـاری خـانەخـوێی پێشمەرگەدا بڵاو دەکردەوە، هەتا خودی هێزی پێشمەرگە.

هەمـان شـەو، لەگـەڵ حـەمـە و بـاوکمـدا بـە هەمـان ئۆتۆمـۆبێل گـەڕاینەوە سلێمـانی. وەلێ دیسـانەکە لە گوندی (دۆڵان) وچانمان گرت. چونکە نەدەکرا بەو شـەوە بەلایتـەوە بە دارمـازەڵەدا و بەلاڕێدا، واتە بە کۆنە ڕێ وشـکەسـییـە کـوێرەوەبووەکەدا دابـگەڕێین. بێگومـان ئەگـەر کاری وەهامـان کـردبا ئەوا لە تانجـەڕۆوە دەبینراین. بۆیە لە گوندی دۆڵان لامـاندا و وچانمان گرت. مـاڵێکی بەڕێز بە تاریکی خێرئامایەکی گەرمیان کردین و خێرا چایان دەم کرد و بۆ نانخواردن خوڵکێکی تووڕکییان کردین.

وەلێ ئێمە لە قازانقایە شێومان کردبوو، نێوان قازانقایە و دۆڵانیش کەمتر لـە نیــو ســەعــات ڕێیــە. تاریک و ڕوون لەوێـوە بەڕێ کــەوتین و چیی تـر پێویستیمان بە لایتی ئۆتۆمـۆبێل نەبوو. دیسان لە ڕێ کۆنەکەوە بەدارمازەڵەدا داگەڕاین. لە خاڵی پشکنینی تانجـەڕۆ، کاتێک سـەرنجی باوکمیان دا، لە نێو بەتانییـەکدا گرمـۆڵە بووبوو، هیـچیـان نەوت. ئیدی هەر گـەیشـتینە نێو شـار، ڕێک و هـەوراز بەرەو خەستەخانەی گەورەی شار ئاژوومان.

چیی تر بەو حـاڵەوە باوکم نەیتوانی بگەڕێتـەوە بۆ (قازانقـایە)ی زێدی خۆی

له دەڤـــەری قـــەرەداغ. لـەلای ئێــمـــە لە سلێــمـــانی مـــایەوە. هـەر بە ئـاواتی گەڕانەوەیشەوە سەری نایەوە. ئەوە بوو ساڵێکی نەخایاند بەعس بە هاوکاریی دەیان لـە فـــەوجـــە ســـووکـــەڵەکـــانی کـــورد، لە بـەهاری ١٩٨٨دا قـــەرەداخ و گـەرمـیـانیـان ئەنفـال کـرد. ڕێککەوت وەها بوو، یەکـەم گولله تۆپی ئەنفـال کـە کەوتبێتە نێو قـازانقایەوە لەپ اڵ دیواری حەوشـەکەی ماڵی باوکمدا کەوتەوە. ئیـدی ئـەو گـوندەیش وەک هـەزاران گـونـدی تری باشـــوور لـەســەر نەخـشـــە سـڕدرایەوە. بۆ منـی شـارنـشـیـنـی هـەڵوەدای ســەفـەریش، لە عـێـراقـێکی خـڕ داخراودا، نەسەفەری قالاریا ما، نەسەفەری قوولاریا.

## بەیەکداچوونی شیعر و ئەفسانە

لەم دنیا بێ بەقا و کاتییەدا، لەم تەمەنە کورتەدا کە چارەنووسمان مەرگە، مرۆڤ هەقی خۆیەتی سوود لە شێتایەتیی خۆی ببینێ و وەری بگێڕێتە سەر زمانی ئەدەب و هونەر. لە جیهانێکی وەهادا، ئەفسانە وەک "معادل موضوعی" وەهایە، دڵنیایی و سەقامگیرییەک بە مرۆڤی گومناو و ڕاڕا دەبەخشێ و بڕێک لە دنیای لۆجیک دووری دەخاتەوە.

*

بۆچی شیعر و ئەفسانە بەو ڕادەیە هۆگری یەکن و بەو ئاسانییە ئامێتەی یەک دەبن و پێکەوە دەگونجێن؟ ئەگەر ڕاستت دەوێ، ئەمە پرسیارێکە، لەجێیە بەرەوڕووی خودی شاعیرانی بکەیەوە.. بەهەرحاڵ، هەوڵ دەدەم لێرەدا بە گوێرەی حاڵ، بە شوێن وەڵامی ئەم پرسیارەوە بم.. دەبا سەرەتا بڵێم، ڕەنگە هۆکارەکەی زیاتر ئەوە بێت، کە هەردوولایان بە شوێن واتای ژیان و کەشفی حەقیقەتی بوون و نهێنییەکانی گەردووندا وێڵن، وەلێ هەریەکەیان بە زمان و بە شێواز و کەرەسەی خۆی. شیعری سەرکەوتوویش وەک ئەفسانە وایە، دوای خوێندنەوەی، خوێنەر سەری لێی دەسووڕمێ و تووشی ڕامان دەبێت و دەیخاتە نێو گێژی خەیاڵاتەوە. کاتێکیش ئەفسانە تێهەڵکێش، یانژی ئاوێزانی دەقی شیعر دەبێ، ئەوا لە پاڵ شیعرییەتیی دەقدا ڕووبەرێکی فراوانیش بۆ حیکایەتخوانی و هونەری گێڕانەوە (سرد) دەستەبەر دەبێ. لە کۆندا بەم جۆرە ژانرەیش وتراوە داستانە شیعر (الشعر الملحمی) کە ڕەگیشەکەی بۆ دوو شاکارە دوور و درێژەکەی لەمەڕ هۆمیرۆس (ئۆدیسە و ئەلیادە) دەگەڕێتەوە.

لەم جۆرە شیعرانەیشدا زمانی هێما و ئاماژە زاڵترە هەتا ڕاستەوخۆیی.

شیعرەکانیش چەند بە کەسەکانەوە، یان بە قارەمانەکانەوە وابەستە بن ئەوەندەیش بە ڕووداوە داستانییەکانەوە. کێ ڕووداو دەگێڕێتەوە، لە کامە گۆشەنیگاوە و بە کامە (ڕاناو)؟ ئایا تەواوی دەربڕینەکان شیعرین، یان هەر وشە و ڕستەی ئاساییی گێڕانەوەن. واتە ئایا کۆپلە و دەستەواژەکان سەر بە هونەری چیرۆکن یانژی سەر بە هونەری شیعر؟ ئەدی هێما و ئاماژەکان لە کوێوە هاتوون و بە نیازی چین؟ وەلێ دەبێ ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگرین، کاتێک شیعر و ئەفسانە هەبوون و لە هەڕەتی خۆیاندا بوون، ژانرگەلێک بە ناوی (چیرۆک و ڕۆمان) بەو مەرجانەی ئێستاوە، هێشتا لە ئارادا نەبوون.

ئیماژەدان بە ئەفسانە ناسراوەکان، جا کوردەواری بن یانژی جیهانی، دەقی شیعر لە خەونبینین نزیک دەخاتەوە. بە سەرێکی تر زرپوزیندووتر و چالاکتریشی دەکات، تەواو وەک ئەو هەموو چالاکییانەی لە ماوەی بینینی خەونێکدا چڕ کراونەتەوە و ڕوو دەدەن، لە کاتێکدا زەمەنی خەونەکە لە چەند چرکەیەکیش تێ ناپەڕێت. تۆ هەروا لای خۆتەوە سەرنج بدە؛ شاعیرێک لە ئێستادا، لە کۆپلەیەکی شیعرەکەیدا لێرەیە و لەم زەمان و سەردەمەدا دەژی. باس لە هەنووکەی چاخی ئەلیکترۆن و (دی ئێن ئەی) دەکات، کەچی لە پڕ و لە کۆپلەیەکی تری هەمان شیعردا، سەدان ساڵ گەڕاوەتەوە دواوە بۆ سەروبەندی ساکاری و سادەییی گەردوون. بۆ سەردەمە بێ غەل و غەشەکانی ئەوسا. ئەگەرچی، پێ دەچێ لە ئەزەلەوە، سەفەر بە نێو زەمەنەکاندا هەوڵی ئینسان بووبێت بۆ بەزاندنی دێوەزمەی مەرگ و بۆ گەیشتن بووبێت بە نەمری. وەلێ هامشۆکردن بەنێو زەمەنەکانیشدا کارێکە مەگەر تەنیا لە توانای خێراییی خەوندا بێت.

بە سەرێکی تر خستنەگەڕی ئەفسانە، لە تەک خۆیدا دەمانباتەوە بۆ سەردەمێک کە تژیی پاکێتی بووە، وەک تافی ساوایەتیی مرۆڤ. لەو تافەدا هێشتا مرۆڤ نەیپەرژاوەتە سەر ئەوەی، ژینگە و مێژووی خۆی بلەوتێنێ. بۆ خۆیشی تاکێک بووە نوقمی بەرائەت.. ئاوێزانبوونی شیعر و ئەفسانە کارێکیش دەکات، دەق قەتیسی یەک جۆرە لێکدانەوە و تەئویل نەبێت، بگرە

کۆمەڵێک لێکدانەوەی هزرییانە و فەیلەسووفییانە هەڵبگرێ. شیعرێکیش ئەگەر قەتیسی دەستی یەک جۆرە شرۆڤە نەبوو، واتا دەقێکی بە نێوەڕۆک دەوڵەمەندە.

وەکو تر شاعیر بەرەو ئاست و ئاقارێکی تر ڕێنوێنی دەکات. چونکە ئەو بەتەنیا هونەری شیعری نەگرتووەتە دەست، بگرە ئەو لەسەر شێوازی شیعرە داستانییەکانی کۆن، دەستی بۆ هونەری گێڕانەوەیش بردووە. دەقی لەم جۆرە لە پاڵ ئەوەیشدا کە هەر کەسێک بە گوێرەی توانا و پاشخانی مەعریفیی خۆی دەیخوێنێتەوە، دوو جۆرە خوێندنەوەی سەرەکیشی بۆ دەکرێ، جارێک لەلایەن خوێنەری ئاساییەوە؛ جارێکیش لەلایەن دەستەبژێرەوە.

هەر بەم پێیە، دوو جۆرە لێکدانەوە، یان تێگەیشتنی سەرەکیش هەڵدەگرێ. چونکە هەمیشە خوێنەری وەهایش هەن کە مەبەستیانە کۆدەکانی تێکست بکەنەوە و بیبەنەوە بۆ سەر ئەو هێما و ئەلەمێنتانەی کە بنیاتی دەقیان پێک هێناوە. هەر لەوێشەوە بندێر و پشت دێرەکانی بخوێننەوە. بە تایبەت شیعری نوێ، کە ڕاستەوخۆ شتەکان ناڵێ، بگرە لە نێوان وێنە شیعرییەکاندا، لە پەناوە ئاماژەیان پێ دەدات.

ئەفسانە بەرهەمی کێشە و ملانێکانی مرۆڤی سەرەتایە لەگەڵ دنیابینی خۆیدا. لە تەک بوون و دەوروبەریدا. بەو ئامانجەی هەم لە سەرهەڵدانی خۆی و هەمیش لە نهێنییەکانی گەردوون، بە هەموو دیاردەکانییەوە تێ بگات. ئیدی لێرەدا، بە مەبەستی وروژاندن و تەشویق، تا ڕادەی سەر بەلغاوەونان جڵەو بۆ خەیاڵ شل دەبێت.

دەشێ بڵێین: ئەفسانەیش وەک شیعر، لە مشتێک وشە پێک دێ. کلۆد لیڤی شتراوس پێی وایە: "ئەفسانە حیکایەتێکی نەریتییە، بوونەوەرە غەیبییەکان ڕۆڵی گرینگی تێدا دەگێڕن" بە سەرێکی تر، ئەفسانە پرسیاری مرۆڤی سەراسیمەیە بەرانبەر بە نهێنییەکانی دەوروبەر، بە نیازی تێگەیشتن و حاڵیبوون ڕۆنراوە. بۆیە ئەو شیعرەیشی ئەفسانە بەگەڕ بخات، ئەوا مەبەستێتی پرسیار بورووژێنێ و بێلایەن نییە. وەلێ لە ئەفسانەکاندا،

بەزۆری ئێمــە پەی بە کــات و شــوێنی ڕووداوەکــان نابەین. ئەفــســانە لە پیرۆزییش بەدوور نییە، بە تایبەتی بەر لە سەرهەڵدانی ئاینەکان.

سروشتی مرۆڤ وەهایە، لە هەر سەردەمێکدا بژی، مەیلی لێیە جاروبارێک بەســەر شــاباڵی خــەیاڵەوە بگەڕێتــەوە بۆ ســەرەتاکــانی بوون. دەشێ ئەم مەیلەیشی لەوەوە هاتبێ، بیەوێ نوێ ببێتەوە، یان گەنج ببێتەوە. وەکو تر دەشێ ئەم مەیلی گەڕانەوەیە، بەو سەبارەتەوە بێت، کە قارەمانانی ئەفسانە لە ئێمەی مرۆڤی ئەم چاخە ئازاتر و ڕاستگۆتریش بوون. ئەوان هەر پرسێک بڕوایان پێی هەبووبێ، بێباکانە هەوڵیان بۆ ڕاپەڕاندن و سەرخستنی داوە. سەبارەت بە ترسی مەرگیش، ئەوان لە ئێمە سەرەڕۆتر و بێباکتر بوون. دیارە شاعیری ئەمڕۆیش گەرەکێتی کێشەکانی ئێستەکانەی خۆی بە کلیلی ئەوساکەی کۆن بکاتەوە، کە ئەویش کلیلێکی ئەفسانەییە، لە کاتێکدا کلیلەکانی ئەم سەردەمە ژەنگیان هەڵهێناوە و جێی متمانەی ئەوی ڕارا نین.

ئێستا، هەرکە باسی شیعر هاتە گۆڕێ ئیدی بە شوێنیدا، هونەری بەگەڕخستنی ئەفسانە دێتە گۆڕێ، وەک ئەوەی شیعر و ئەفسانە دووانەیەک (جــمک) بن بەبێ یەکــتــری نەیانکرێ، یاخــود وەک ئەوەی، ئەم دوو ژانرە تەواوکەری یەکتری بن. یان وەک ئەوەی ئەفسانە بەو کۆنییەی خۆیەوە بتوانێ دەرمانی دەردەکانی ئەم سەردەمەیش بکات و بکارێت لە ڕابردووی دوورەوە بەرەو ئێستا بکشێت و بێ پەروا ڕووەو داهاتوویش درێژ ببێتەوە.

شیعر، هەرچییەک بێت، بەرهەمی تاکە کەسێکە کە ئەویش شاعیر خۆیەتی وەلێ فۆلکلۆرناسان ئەفسانە دەدەنە پاڵ هزری گروویی (دەستەجەمعی) گەلان. ئەمەیش مانای وایە، ئەگەر هاتوو شاعیر پەنای بۆ ئەفسانە برد، ئیدی لە تەنیاباڵی ڕزگاری دەبێت. ئیدی دەتوانێت کام دیاردەیەی لەم دنیایەدا ناماقووڵە بە ماقووڵ بیگۆڕێ. کاری نەشیاو و کەسنەکردە بۆ شیاو، پەی پێ براو و ئاسایی بگۆڕێ. چونکە ئەوەیشی وا چاو و گوێمان باوەڕی پێ ناکات، ئەفسانە باوەڕی پێ دەکات و دەیسەلمێنێ. بگرە وەک ڕووداوی باوەڕ پێکراو، بە دیواری ئاوەزماندا هەڵی دەواسێ. دەنا لەبەر چییە کە (زۆر جاران) شیعر

بەبێ ئەفسانە نایەتە بەرهەم و پێک نایەت؟ لە پای چییە، کە بەبێ ئەفسانە ژیانی بە بەردا ناکرێت و ناکەوێتە لڤلڤین؟ وەک ئەوەی ئەفسانە (خوێ) بێت و شیعری ئەمڕۆش دوور لە ئەفسانە، بێ تام و بۆ بێت!

خودی ئەفسانەیش وەک قارەمانی ئەفسانەکان نەمرە. بۆیە ئەفسانەکان، بەر لە زاین و دوای زاینیش؛ پاش ئەو هەموو جەنگ و کاولکارییە. سەرەڕای ئەوەی، ژمارەیەک ئاین بە شوێن یەکدا هاتن و فرە خواییان بە یەکجاری ڕەت کردەوە، کەچی ئەفسانەکان، کە جەخت لەسەر فرەخوایی و کێشەی نێوان خواوەندەکان دەکەن، وەک خۆیان مانەوە. بەرگەیان گرت و گەیشتنە دەست ئێمەی مرۆڤی ئێستا. سۆمەری و بابلییەکان بۆ خۆیان نەمان، بەڵام ئەفسانەکانیان تا ئێستایش هەر زیندوون.

ئێستایش ئێمە پێمان خۆشە، ئەفسانەی گلگامێش، ئادابا، ئانۆ، ئەنلیل و دەموزی... تاد لەسەر تەختی شانۆ ببینین. بگرە نەها ئەفسانەکان لەو سەردەمەی کە تێیدا لەدایک بوون گرینگیی پتریان پێ دەدرێ. ئەوسا هەر سۆمەری و ئاشووری و بابلییەکان دەیانناسین، ئێستا هەموو گەلانی دنیا دەیاننناسن و دەخوازن لەسەر شانۆ، یان لە سەمتی فیلمدا بیانبینن، یان بیانخوێننەوە.

ڕەنگیشە شاعیر بیەوێ لە ڕێی بەکاربردنی ئەفسانەوە، شیعرەکانی بە نەمری بهێڵێتەوە. وەلێ لە گشت ئەمانە گرینگتر ئەوەیە، شاعیریش خۆی، لە دێری شیعرەکانیدا، وەک قارەمانی ئەو ئەفسانانەی کە بەگەڕی خستوون، بە نەمری بمێنێتەوە.

تۆ هەروا سەرنج بدە. ئەگەر بۆ پرسی پێوەندیی دۆستایەتی بگەڕێیت، ئەوا بێگومان لە نێو جیهانی سەیر و سەمەرەی ئەفسانەدا چنگت دەکەوێ. ئەگەر بۆ خۆشەویستی پاک بگەڕێی، دیسان لە نێو ئەفسانەکاندا دەیخوێنییەوە. خۆ ئەگەر لەبۆ دوژمنایەتیی سەخت و خوێناویش بگەڕێی، دیسان هەر لە سەمتی ئەفسانەدا هەیە. ئەگەر لە دوای پرسی نەمری وێڵی، کە بەلای شاعیر و تەواوی مرۆڤایەتیشەوە لێی گرینگتر نییە، هەمدیس لە جیهانی ئەفسانەدا

وەگیر دەکەوێ.

(هەزار و یەکشەوە) زادەی خەیاڵفراوانیی هەرێمەکەی ئێمەیە، کەچی لە ئێستادا نووسەرانی لاتین ئەمەریکایش چاویان لەسەرێتی و بە دان پێدانانی خۆیان، سوودی زۆری لێ دەبینن. پێش ئەوانیش، نووسەری ناوداری ڕووس (تۆلستۆی) بە وردی خوێندوویەتییەوە سوودیشی لێ وەرگرتووە. ئەوەتا دەقی (پادشا و بازەکەی) وەک چیرۆکی منداڵان، لە فیگەرێکی ئەم کتێبەوە ئامادە کردووە و هەر ئاماژەیشی پێ نەداوە.

چی لەنێو گەردووندایە و ئەوەی مرۆڤ شتێکی لە بارەوە بیستووە، ئەفسانە هاتووە بە زمانێکی تر لێکی داونەتەوە. ڕاستە تەرزە لێکدانەوەیەکی سەرەتاییە، بەڵام ئێمەی ئەم سەردەمەیش پێی خۆشنوودین. لە قۆناغی باڵادەستیی مادەدا، دەرمانێکی ڕووحییە، باس لە چەمکی چارەنووس و گەڕانەوە بۆ ئایدیال و ئەودیو سروشت دەکات. هێز، فێڵ و فەرزینی خواوەند و بوونەوەرە باڵادەستەکان لەوێ، لە جیهانی دەوڵەمەندی ئەفسانەدا ئامادەیە. هێزی غەیبی سەروە توانا و دەستەڵاتی مرۆڤ کەوتوو، دیسان لەوێندەرێ ئامادەیە.

بەگەڕخستنی ئەفسانە پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ ڕابردوودا گرێ دەدا. هەر وشە و گوزارشت و گرتەیەک، جوان و نازدار بێت نووسەر لەوێوە دەیانهێنێت و ئێستایان پێ جوانتر دەکات. وشە و فیگەری جوانی ئەو سەردەمەی بە ئەفسانە دۆلپێچکراو، وەک دەسکەگوڵ دەچنێت بۆ ئێمەی دەهێنێت و پشتیش ناکاتە ڕابردوو، کە برێ جاران یەکسانە بە پشتکردنە مێژوو.

شاعیر وەختایێ شیعر دەهۆنێتەوە، خەون دەبینێ. یان هیچ نەبێ زیندەخەون دەبینێت. بۆ خۆی وەک جەستە لێرە ئامادەیە، وەلێ خەیاڵی وا لە شوێنێکی تر. خەونیش زۆر لە کەشوهەوای ئەفسانەوە نزیکە، چونکە بە خێراییەکی ئەفسانەیی ڕوو دەدات. کاری وەهای تێدا بەڕێوە دەچێت لەسەر زەمینی واقیع بەدی نایەت. بۆ نموونە، مرۆڤ لە خەوندا دەتوانێ بەئاسانی بفرێت. لە دنیای خەوندا ڕوخساری کەسەکان دەکشێن و ڕەنگەکان گۆڕانیان

بەسەردا دێت. شێوەکان وەک خۆیان کە لەسەر زەمین هەن، دیسان گۆڕانیان بەسەردا دێت. لە کورتی ئەوەی ناشۆ بێ لە جیهانی خەوندا ئەگەری ڕوودانی هەیە و شیاوە. لەم ڕووەوە شیعر نزیکی و ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەفسانەدا هەیە. ئەفسانە هەندێک جاران سیحرێکە هەندێک لە کێشەکانی مرۆڤی سەرەتای چارەسەر کردووە. وەلێ ئەوەندە هەیە، دواتر فەلسەفە توانی ڕاستگۆییی ئەفسانە بخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەرستۆ تالیس پێی وابوو: "بەکارهێنانی مەجاز یان خوازە، لە نیشانەکانی بلیمەتییە. هەروەها بڕوای وابوو، ئەو کەسەی توانای ئەوەی هەبێ هەست بە لایەنەکانی لەیەکچوون لە نێوان دوو دۆخی جیاواز لە بووندا (کینونە) بکات و بتوانێ پێکیانەوە گرێ بدات، هەر دەبێ کەسێکی خاوەن بەهرە و جیاواز بێت."

ئەفسانەکان کاتێک لە ئاستی ئەو هەموو دیاردە سروشتییانەدا سەراسیمە بوون، بە تایبەتی پرسی مەرگ، پرسیویانە (بۆچی؟) بەڵام ئەوان نەیانزانیوە ڕاستەوخۆ وەڵام بدەنەوە. بگرە لە ڕێی ڕۆنانی ئەفسانەکانەوە، وەڵامی ئەو هەموو (بۆچی)یانەیان داوەتەوە. هەموو ئەو گێڕانەوانەی کە ئێمە، لەم سەردەمەدا بە ئەفسانەیان دەزانین، واتە بە زادەی خەیاڵیان دەزانین و گوایە فریان بەسەر ڕاستییەوە نییە، ئەوان بە ڕاستینەیان زانیون. ئەوان بە درێژاییی هەزاران ساڵ بەرگرییان لە ڕاست و دروستیی ئەو هەموو ئەفسانانە کردووە.

ڕەنگە زۆرێکیش لەو زانست و زانیارییانەی، کە ئێمەی مرۆڤی ئەم سەدەیە، بە ڕەهایی بڕوامان پێیانە، دوای هەزار ساڵێکی تر، بەلای مرۆڤی ئەو چاخەوە، بەشێکی زۆریان بووبێتن بە ئەفسانە! واتە دەشێ بەشێک لە حەقیقەتەکانی ئێستا ببن بە ئەفسانەی داهاتوو. زۆر دوور نەڕۆین، سەبارەت بە تیۆرییەکەی (داروین) گوایە مرۆڤ دەچێتەوە سەر مەیموون، کە تا ئەمڕۆ زۆرێک لە ئێمە بە ڕاستمان زانیوە، کەچی تازەکی موویەکی تێ کەوت و ئەوەتا زاناکانی ئەمەریکا گومانیان خستە سەر ئەڵقە ونبووەکە.

داستانەکان وەک ژانرگەلێکی موبارەک سەیر دەکرێن و خاوەنی برێکیش لە پیرۆزین. سەنگ و بەهای زۆریشیان پێ دەدرێ. داستان زیاتر لە قەسیدەوە نزیکە هەتا ژانری گێڕانەوە. وەلێ ئەوەندە هەیە قەسیدەی گێڕانەوەیە. چونکە پێشهاتێک یان سەربوردەیەک دەگێڕێتەوە، کە ئەگەری ئەوە هەیە پێشتر ڕووی دابێت و بەمێژوو بووبێت. واتە باس لە ئێستەکانێ ناکات؛ چونکە بە چڕی یادەوەریی تێدا بەگەڕ خراوە.

لە سەمتی داستانیشدا قارەمانەکان هەریەکەیان کەسایەتی و سەنگی خۆیان هەیە. بە زمانی سینەما بڵێین: (کەسیان کۆمبارس نین) بگرە هەموویان ڕۆڵی گرینگ دەگێڕن. ئەوان، لە ڕووی داڕشتە و مگێز و توانا و کارامەییانەوە، لە یەکدی ناچن و بە زەقی و بەهێز و کتوپڕ دێنە پێشەوە و ڕۆڵی چاوەڕواننەکراوی خۆیان دەگێڕن و پاشان وەک ئەستێرە ئاوا دەبن، وەک ئەوەی هەر یەکێک لەوانە خۆی ئەستێرەی درەوشاوەی ئەو داستانە بووبێت. یان وەک ئەوەی بەبێ ئامادەبوونی خۆی، ئەو شەڕ و هەرایە، یان ئەو ملانێیە، کە لە کۆتاییدا دەکاتە دەقە ئەفسانەییەکە، پێک نەیەت. یان وەک منداڵی ناتەواو لەدایک ببێت.

هەر چۆنێک بێت، داستان، ڕووبەرێکی فراوان لە شیعر و (گێڕانەوە/ سرد) و قارەمانەکان داگیر دەکات. ڕووداوەکان لە دەوری ئەو قارەمانانە دەسووڕێنەوە. تاکەکان تەوەرن. گێڕانەوەیەک کە بە زمانی شیعرە، لە دەوریان دەسووڕێ. ئاکارەکانی سوارچاکی و هەستکردن بە مەزنایەتی و دڵگەرمی، باڵیان بەسەر کەشوهەوای داستاندا کێشاوە. ئەفسانەکان جێی سەرنجی شاعیرانی ئەم چاخەن و دەخوازن لێیان بەهرەمەند بن.

سەرنج: لە ژمارەکانی (٦٨٢ و ٦٨٣)ی ڕۆژانی (٢٠/١٢-٢١/١٢/٢٠٠٩)دا، بڵاو بووەتەوە.

# سەرەتایەک بۆ ئەدەبی بەرگری

ئەگەر (ئەدەبی بەرگری) وەک چەمک و زاراوە بە نێوەندە فەرهەنگییەکەی ئێمەی کورد نامۆ، یاخۆ نوێ بووبێت و بەم دواییانە بەر بای گوێمان کەوتبێت. ئەوا خودی ئەدەبی بەرگری دیاردەیەکی نوێ نییە. بگرە ڕەگەمای کۆنی هەیە. لە هەر کوێیەکیش خاکی هەر گەلێک پێخوستی سوپای بیانی بووبێت، ئەوا لەوێ، ئەو جۆرە ئەدەبە ئەگەر لە فۆرمی ئەدەبی میللیشدا بووبێ سەری هەڵداوە. ئێمە دەتوانین ماکی ئەم ئەدەبە لە (بەیتی دمدم)دا، هەست پێ بکەین، کە دواترێ نووسەرانی وەک (عەرەبی شەمۆ و مستەفا ساڵح کەریم) لە فۆرمی ڕۆمان و چیرۆکدا بە سەردێری (قەڵای دمدم) و (شەهیدانی قەڵای دمدم) نووسیویانە.

دەکرێ نزیکەی تەواوی سروودە نیشتمانییەکانمان، کە وەک مێژوو بۆ سەدەی بیستەم دەگەڕێنەوە و تا ئێستایش هەر بەسەر زاری خەڵکەوەن؛ وەک (ئەی ڕەقیب) لە شیعری یونس ڕەئ،وف دڵدار و (نەورۆز) لە شیعری حاجی تۆفیقی پیرەمێرد، لە خانەی شیعری بەرگریدا پۆلێن بکەین.

چەمکی بەرگری لە شەڕەنگێزییەوە دوورە. بەرگری ناکاتە هەڵکوتانە سەر هیچ کەس و لایەنێک. بگرە پارێزگارییە لە ماڵ و نیشتمان. چەمکێکە بەدەستهێنانەوەی مافە زەوتکراوەکان دەگەیێنێت. بەرگرییش مافی ڕەوای هەر تاکێکی غەدر لێکراوە. دەستوورە ئاسمانییەکان بەر لە زەمینییەکان دانیان بە ڕەوایەتیی ئەم مافەدا ناوە. بگرە ئەدەبی بەرگری ئەدەبێکی مرۆڤدۆستە. لە بری جەنگ و کاولکاری و بەرزەفتکردن، داوای دۆستایەتیی نێوان مرۆڤەکان دەکات و دەستی تەوقەکردن درێژ دەکات.

خۆ ئەدەبی بەرگری، بەتەنیا لە دەوری جەنگ و کوشتار و پێکدادان

ناسووڕێتەوە، بگرە بە هزریش دەوڵەمەندە. شەڕخواز نییە، بگرە لە بەرانبەر مەترسییەکانی جەنگ و شەڕەنگێزیدا دەوەستێ و دەیەوێ سنووریان بۆ دابنێت و بیانوەستێنێ. ئەمەیش مافی ڕەوای خۆیەتی. دەتوانین بڵێین، ئەدەبێکە، بەرگری لە بوون و قەوارەی میللەتێکی مێژووکرد دەکات، کە لە بن هەڕەشەی فەوتاندایە. کەواتە بۆ بەردەوامیی ژیان تێ دەکۆشێت.

جا چونکە لە کۆندا، (شیعر) ژانری هەرە لە پێشی ئەدەبی بووە، بۆیە ئەوسا بەرگرییش لە شیعردا بەرجەستە بووبوو. بەڵام بەم دواییە کە ژانرەکانی ڕۆمان و چیرۆک هاتنە ئاراوە، ئەوا هونەری گێڕانەوەیش "Narration" چووەتە ژێر باری ئەم بەرگرییە ڕەوایەوە.

جەنگ توندوتیژترین چالاکیی مرۆڤە. وەک لە ئەفسانە و داستانە کۆنەکانیشدا بەدیار دەکەوێت. مرۆڤ لە ڕۆژی سەرهەڵدانییەوە، لەسەر ئەم زەوییە، لە دووی بەدەستهێنانی نەمری گەڕاوە. کەواتە جەنگ تەواو پێچەوانەی ئاواتی لەمێژینەی مرۆڤە. لەم بەستێنەدا، د. سەید نەجم، خاوەنی کتێبی (المقاومة والقص) نووسیویەتی: "بریتییە لە ئەدەبی هۆشیاری و هاندان، بۆ تێپەڕاندنی تەنگژە میللییەکان، جەنگ، چەوساندنەوە و تەپەسەری. ناساندنی ئەوی تری شەڕەنگێز، کەشفکردنی هەڵە و مەترسییەکانی، لە پێناوی وشیاریی پتردا سەبارەت بە خۆیان و بە شوناسیان."

ئێستاکەیش، زاناکان لە دووی ئەوەن بتوانن تەمەنی مرۆڤ، کە لە تەمەنی هەندێک گیاندار کورتترە، درێژتر بکەن و چەند بتوانن دەردودووییشی لە کۆڵ بکەنەوە. کەچی ئامانجی جەنگ و داگیرکاری تەواو پێچەوانەیە. جەنگ لە دووی قەلاچۆکردنی توخماتی مرۆڤە. مێژوو ناوی چەندین گەل و نەتەوەمان بۆ بەیان دەکات، بە ئاسەوارەکانیاندا دیارە، کە ئەوان سەردەمانێک زێدە زیندوو و چالاک بوون؛ کەچی لە ئێستادا، لەسەر نەخشەی زەوی بوونێکیان نییە. هەموو ئەم میللەت و گرووانە، لە ئەنجامی جەنگدا خاشەبڕ بوون و نەگەیشتنە ئێستا. کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی چەندین جار ئەم سیاسەتەی دەرهەق

پیادە کراوە. کەواتە ئێمە دەبێ دەستخۆشی لەو نووسەرانە بکەین، کە بە ئەدەبەکەیان بەرگرییان لە بوون و قەوارەی میللەتێک کردووە.

ئێستایش میللەتی فرانسە، شیعرەکانی (پۆل ئیلوار) و (ئاراگون)یان لە یادە کە لەلایەن هێزی بەرگریی ئەو وڵاتەوە بڵاو دەکرانەوە، وەختایێ فرانسە پێخوستی ئەڵمانیا بووبوو؛ تاکو ورەی خەڵکی ئەو وڵاتەی پێ هەڵبکشێت. تاکو بە داگیرکاریش بڵێن، تۆ بۆت نییە وڵاتێک زەوت بکەیت کە مافت بەسەرییەوە نییە. ئێستایش، نەک هەر فرانسییەکان بەڵکو ئەوەی سەروساختیی لەگەڵ ئەدەبدا هەبووبێ، ڕۆمانەکەی (فێرکور) بەناوی (خامۆشیی دەریا) پێ دەزانی، کە یەکێکە لە شاکارەکانی ئەدەبی بەرگری.

ئەم دۆخە لە (ڤێتنام)یش هەر وەها بوو، وەختایێ پاژێکی ئەو سەرزەمینە، لەلایەن ئەمەریکاوە داگیر کرابوو. د. سەید نەجم، پێی وایە: "لێرەدا ئازادی بە واتای ڕزگاریی تاک نایەت، لێرەدا ئەدەبی بەرگری جیا دەبێتەوە، کاتێک هەندێک دەڵێن، هەر ئەدەبێک بگریت، بە شێوەیەک لە شێوەکان داوای بەرگری دەکات. بەڵام ئەدەبی بەرگری ئەوەیانە کە گوزارشت لە خودی دەستەجەمعی بکات."

کێ هەبێ ناوی کەڤاڵی (جێرنیکا)ی لەمەڕ (پابلۆ پیکاسۆ)ی نەبیستبێ، کە شاکارێکی ئەو هونەرمەندەیە و لە فۆرمی دیواربەندێکی سێ بە هەشت مەتریدایە. ئێستا لە بارەگەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە نیویۆرک جێگیرە. بە زمانێکی هونەریی باڵا، کارەساتی کاولکردنی شاری (جێرنیکا)ی سەر بە هەرێمی (باسکی ئیسپانیا)مان بۆ دەگێڕێتەوە، کە سوپای (جەنراڵ فرانکۆ)، بە هاوکاریی هێزە ئاسمانییەکانی ئەڵمانیا، لە ساڵی ١٩٣٦دا، کاولیان کرد؟ جێی وتنە، پیکاسۆ خۆی خەڵکی شاری (مەلەگا)ی ئیسپانیایە. وەلێ لەو دەمەدا کە هونەرمەند ئەو تابلۆ نازدارەی بە تۆنەکانی (رصاصیات)، واتە (بە تۆنەکانی ڕەش، بۆ خوارەوە هەتا دەگاتە سپی) کێشا، لە شاری (پاریس) دەژیا، کە ئەو دەمە لەلایەن نازییەکانەوە داگیر کرابوو.

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بێژم، ئەدەب و هونەری بەرەنگاری، شتێک نییە

نووسەر و هونەرمەندی کورد دای هێنابێ. پێشتر هەبووە، بەڵام هونەرمەند و نووسەرانی بە دەربەستی کوردیش، بە ئەرکی سەرشانی خۆیانیان زانیوە لەم بەستێنەدا، بەپێی توانا بەشداری بکەن، گەرچی بشکەونە بەر ئەگەری لێپێچینەوەی دەزگە داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەعس.

لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناویندا، زاراوەی (ئەدەبی بەرگری) بە چڕی و بەردەوامی، ئەو دەمانە پەڕینە سەر لاپەڕەی کۆوار و بڵاڤۆکە ئەدەبییەکان، وەختایێ ئیسرائیل لە جەنگی شەش ڕۆژەی (حوزەیرانی ١٩٦٧)دا، بەشێک لە وڵاتی فەلەستینی داگیر کرد. ئیدی بە شوێنیدا ژمارەیەک شاعیر و چیرۆکنووسی عارەب کە بەزۆری هێشتا هەر لە وڵاتی خۆیان، لە فەلەستین دەژیان، لەلای خۆیانەوە، لە نێو فەلەستینەوە دەستیان دایە نووسینی چەشنە ئەدەبێک کە بۆنی نارەزایی و بەرگریی لێ دەهات.

ئەوان لە دێری شیعر و چیرۆکەکانیاندا داگیرکارییان ڕەت دەکردەوە. ورەیان دەنایە بەر پارتیزانە فەلەستینییەکان، بۆ بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی زیاتر. واتە ئەوان خۆیان ورە و سروشی شیعرەکانیان لە چالاکییە ڕەواکانی ئەو گرووپە چەکدارانەوە وەردەگرت و جارێکی تر بەو شیعرانە ورەی پێشمەرگەکانیان بەرزتر دەکردەوە. کەواتە پرۆسەیەک بوو لە وەرگرتن و بەخشینی بەردەوام. هاوکاریی بەجۆشی نێوان چەک و قەڵەم بوو، بۆ بەرگرییەکی ڕەوا، لە پرسێکی چارەنووسساز و ڕەوا. هەرە دیارترینی ئەم نووسەرە بەرگریکارانە (محمود درويش، سميح القاسم و غسان كنفانی) بوون.

پێم وایە زۆرێک لە شاعیرانی کوردیش، لە ژێر کاریگەریی ئەم دەستەیەدا بوون، بە تایبەت ئەمانەی وا ناوم هێنان ناسراو و خۆشەویست بوون. لە کارەکەی خۆشیاندا هونەرمەند بوون. زمانی عەرەبی بۆ خۆی بانیژەی سەرەکی بووە بۆ نووسەری کورد، کە لەوێوە هەم بە ئەدەبی بە عەرەبی نووسراو و هەمیش بۆ عەرەبی وەرگێڕدراو ئاشنا بووە. ڕەنگە دیارترینی ئەو نووسەرە چالاکانەی، دەستانێکیان لە نووسینی ئەم جۆرە ئەدەبەدا هەبووبێ،

بەتایبەت شیعری بەرگری "شێرکۆ بێکەس، حەمە سەعید حەسەن، لەتیف هەڵمەت، محەمەدی حەمە باقی، هەڤاڵ کوێستانی و عەبدوڵڵا پەشێو" بن.

زۆرینەی (چیرۆکی بەرگری)ی کورد، داوای ئاشتی دەکات نەک جەنگ. دڵخوردی مانەوەی بنیات و قەبارەی خۆیەتی و لە داهاتووی خۆی (وەک گەلێک) لە دڵەڕاوکێدایە و بەرگری لە چارەنووسی دەکات. دەست لەسەر تایبەتییەکانی ئازادیی مرۆڤی کورد، لەسەر ژینگە و مێژووەکەی دادەگرێت. دەیەوێ لایەنە گەشەکانی داوونەریت، ئەوانەی کە بەعس بەنیاز بوو لە ناخی تاکی کورددا ڕیشەکێشیان بکات و ناخیان کلۆر بکات، داکۆکی بکات. گیانی ئالیکاری، سۆزبەندی و بەتەنگ یەکەوەبوون بپارێزێت. خۆشەویستیی خاک، بڕوا بەخۆبوون، وەک نەتەوەی جیاواز و بڕوابوون بە ئیرادەی خۆی. ئەم ئاکارانەی لە ناخی تاکی کوردی ژێر هەڕەشەدا، زیندوو دەکردەوە.

دەست داگرتن لەسەر ئیماژە و هێمای خۆماڵی بۆ گوزارشت. دۆزینەوەی زمانی هاوبەش لە نێوان چیرۆکنووس و خوێنەردا. بە زمانێکی ئەوتۆ توانای بازدانی بەسەر سانسۆری چاپەمەنیدا هەبێت و خەڵکیش بە ئاسانی لێی حاڵی بن. هونەر نواندن لە شێوازی گێڕانەوەدا بۆ دەربازبوون لەو دۆخەی سانسۆر بەسەر نووسەرانیدا سەپاندبوو. ئەو دۆخەی کە هەندێک لە نووسەرانی هان دەدا، پەی بە گوزارشتی نوێ و فێڵی نوێی گێڕانەوە ببەن. برێ جاران، نووسەر ناچار دەبوو تەمێکی تەنکی برنجۆکی بەسەر نێوەڕۆکی دەقەکەیدا بدات، وەلێ لە ژێر ئەو برنجۆکەوە، وتارێک هەبوو، لای خوێنەری وریا ڕوون بوو دەیەوێ بڵێ چی.

نووسەری بەرگری، خاوەنی وتاری مانەوەیە، دژ بە لەبەینچوون. ئەو پەنای وەبەر هونەرەکانی تر دەبرد بۆ هەرچی بەپێزکردن و بەهێزکردنی هونەری گێڕانەوە. ئەگەر بڵێی چیرۆکی بەرگری لە سەردەمی شۆڕشی نوێدا بە ژمارە کەم و دەگمەن بوو. تۆ ئەگەر توێژەر بیت و مەبەستت بێت، دەتوانی بە ئاسانی بیانژمێریت. وەلێ وزە و دەستەڵاتی وشە لەو دەقانەدا بەسەر هێزی کاولکاری و نیازی سڕینەوەی گەلێکی مێژووکرددا زاڵ بوو. هێزی چاکە و

پێداگرتنی ئینسان لەسەر ژیان، بەسەر خۆبەدەستەوەدان و مەحفکردنەوەدا بالادەست بوو. بێ ئەوەی نووسەرێک لەوانە خزابێتە لارێی بوغزاندنی ئەوانی تر و دەمارگیرییەوە. بگرە چیرۆکەکانی بەرگریی ئەو سەردەمانە، ئەدەبێکی مرۆڤدۆستە، بۆ بەرانبەری و دۆستایەتیی نێوان گەلان تێ دەکۆشێت.

ئەم چیرۆکانە شایەتحالّی ڕاستگۆ و زیندوون و بە وردی ڕەوشی ئەو ڕۆژگارەیان تێدا دەخوێنرێتەوە. بە زمانی لاوک و داستان نووسراون. بۆ سەر هەر زمانێک وەربگێڕدرێن، ئەگەر ناوی نووسەرەکانیشیان لەسەر نەبێت دەناسرێنەوە کە سەر بە نەتەوەیەکی جیاوازی ئەم سەرزەمینەن. بە ئاسانی (وەک ڕوخساری میللەتێکی ماندوو) قارەمانەکان دەناسرێنەوە کە کوردن. هەندێک جارانیش تێکەڵ بە ئەفسانە بوون و برێ جارانیش بۆ خۆیان وەک ئەفسانە بەدیار دەکەون. چونکە دۆخی ئەو (واقیع)ەی کوردی تێ کەوتبوو لە (ئەفسانە)وە نزیک بوو، کاتێک بە چەکی سەرەتاییەوە بەرانبەر نوێترین چەکی سەردەم لە جەنگدا بوو.

گرینگیدان بە شوێن، چەم و ڕووبار و دۆڵ و چیا، وەک ئاماژە بۆ خاک و ژینگە و بەستنەوەی چارەنووسی قارەمان بە نیشتمانەوە، یەکێکە لە ڕواڵەتەکانی. هەر بۆ نموونە خودی (قەلا)، لە چیرۆک و لە ڕۆمانی (قەلای دمدم)دا ئەوەندە گرینگییان پێ دراوە، بوونەتە یەکێک لە قارەمانە سەرەکییەکانی ئەو ڕۆمانە یان ئەو چیرۆکە. چونکە قەلا لەوێدا نمایندەی نیشتمانە. وێڕای ئەوەی (قەلا) بووەتە سەردێری چیرۆک و ڕۆمانەکەیش.

ئەوانە بەرگری لە کولتوور و شوناس و مێژوویەک دەکەن، کە داگیرکار بەنیاز بوو بیدرزێت. نووسەرانی چیرۆکی بەرگری لە دووی دووانەی جوانی و ئازادی بوون. ئەدەبی لەو جۆرەیش تا ئاستی نەمری هەڵدەکشێت. وەکو تر، بە گشتی ئەدەبی بەرگری بە دوو ئاقاردا لە کاردایە، بەرگری لە بەرانبەر هێزی دوژمنی ملهوڕدا، ئەمجا سەرکەوتن بەسەریدا و وەدەرنانی، کە یەکسانە بە سەرکەوتنی مرۆڤی بندەست و تەپەسەر.

جا چی بێ لەوە سەرووەریتر، وەختێ گەلێک خۆی لە پێش شالاوی

داگیرکاردا ڕادەگرێ و پاشان دەیبەزێنێ و وەدەریشی دەنێ؟ ڕەنگە سەرەتای ئەم جۆرە ئەدەبە لە هونەری گێڕانەوەدا، ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی لەمەڕ (د. ڕەحیمی قازی) بێت. کە تاکو نها سێ جاران چاپ بووە. بۆ سەردەمی خۆی، هەم وەک کورتە ڕۆمان، هەمیش وەک پاژێک لە ئەدەبی بەرگری، تاقانە بوو.. بۆ هێزی پێشمەرگە، لە هەر شوێنێکی ولاتدا سەری هەڵدابێت، هاندان و دەست بەپشتدادان بوو. خوێندنەوە و پێشبینی و دیتنی داهاتوو بوو، تاکو ئەوەی وەسفی جەنگ و پێکدادان بێت.

ئەدەبی بەرگری ڕواڵەت و تایبەتمەندیی قۆناغێکی مێژووی سەختی هەڵگرتووە و پێوەی ئاوێزانە، کە لە یاد ناکرێ. لەوێدا میللەتێک کەوتووەتە بن زەبر و زەنگ و ئەگەری مەحفبوونەوە. قۆناغێکی مەترسیدارە، یەکلاییکەرەوەیە. وەک فۆرم و نێوەڕۆکیش، ئەدەبی بەرگری لە چاو ئەو ئەدەبەی پێشتر نووسراوە، جیاوازە. لێرەدا ئەدەب و هونەری ئەو سەروەختە، هاوتەریبی مێژووی سیاسی و کۆمەلایەتییە. هەریەکەیان لە چاوی خۆیەوە دنیا دەبینێت. بە زمانی خۆی دەدوێت و سەردەمەکە بەرجەستە دەکات. خاوەنی وتارێکی جیاوازە. ئەمیان مێژوویەکی نافەرمییە، وەلێ بە زمانێکی ڕوون و جوان دوور لە زمانی وشکی ڕۆژ و مانگ و ساڵ. دوور لە ناوی سەرکردە، ژمارەی کوژراو و بریندار، کە زیاتر لە زمانی ئامار و سەرژمێری دەچێت. نافەرمییە بەلام لە واقیعەوە سەری هەڵداوە. لە ویژدانی گرۆییی خەڵکەوە سەری کێشاوە. بۆیە لە کتێبی (مێژوو)، یان لە وتاری مێژوویی ڕاستگۆتریشە.

یاخیبوونێکە، چەک تێیدا وشە و وێنەیە. زمان لەوێدا بە واتا بارگاوییە. بە زەبرە و لەوپەڕی درەوشانەوەی خۆیدایە. تەواوی وشە و دەربڕینەکان بۆ هەڵگرتنی بێدادی لەسەر خەڵک بەگەڕ خراوە. بۆ کەشفکردن و ڕووتکردنەوەی داگیرکەر و ئاشکراکردنێتی لەو گۆڕە، تاکو وەک خۆی چۆن هەیە، ئاوا ببینرێت و بناسرێت. هاوکاریی نێوان قەڵەم و چەکی بەرگرییە. ڕەوایەتی بە مافی بەرگریکردن و بە پێمیم دەبەخشێت. بۆ پاڵپشتییکردنی هەرچی زیاتری

خـــەڵک و کـــۆبوونـەوەیـان لە دەوری ئـەو بـەرەنـگـاریـیـــە ڕەوایە. داهـێنـانـە لـە سەردەمی کۆلێرای جەنگدا.

ئەدەبی بەرگــری لە فــۆرمـی هەر ژانـرێکدا بێت، بە نیــازە ئەو جـــەنگ و مـاڵکـاولـیـیـەی کـە بەرەی شـەڕ، بـە زەبری هێـزی مـلـهـوڕ سـەپـاندوویـەتی، بە سەرکەوتنی بەرەی خێر بگۆڕێ. لێبڕاوانە لەسەر میللەتێکی بندەست بکاتەوە. دەنگێکە، نەک بە چەک بگرە بە زەبری وشـە لە جـەنگ یاخییە. وەک فۆرمیش جیابوونەوە و دەرچوونە لەو قـاڵبـە (سـەرد)ی و شـیـعرییـانەی، کە پێشـتـر بـاو بوون. جـیــاوازییـە لـە فـۆرم و نێـوەڕۆکـیـشـدا. گـۆڕینێکە لە چلۆنایەتیی ژانرەکاندا.. لە دۆخی خامۆشییەوە بۆ جۆشدان. لە پاڕانەوە و کڕووزانەوەوە، بۆ بەڕێوەبردنی دۆخێکی نوێ، کە کـورد خـۆی لە ڕێی هێـزی پێـشـمـەرگەوە سەرووەری چیا و دۆڵ و دەشتەکانی خۆیەتی.

ڕاسـتـە چەکـێکی کـاولکار بـە دەسـتی داگـیـرکـەرەوە هـەیە. وەلێ هـاوکـات چەکـێکیش بە شـانی پێـمـیـمـەوەیە، کـە چەکـێکی گـەلێک جیـاوازە. ڕەوایە و سنـوور بۆ وێـرانکـاری دادەنێت و بنیـــاتیش دەنێت. بۆیە ئەدەبی بەرگـــری، ئەدەبێک بوو، هـەردوولا، داگـیـرکـار و داگـیـرکـراو، هـەر لایەنـە بە شـێـوازێک خۆیان تێدا دەبینییەوە.

ئەدەبی بەرگـری، دەکـاتە هـاریکارییی نێـوان ئەدەب و هـێـزی پێـمـیـم، بۆ دەرچوون لە کـۆت و بەندی داگیـرکـار. هاوکـات جـوانتـرین بەیەکگەیشتن و ئالیکاریی نێوان قـەڵەم و تفـەنگە، چونکە بۆ گـەیشـتنە بـە ئازادی، کە مـافی ڕەوای مرۆڤەکانە بەبێ جیاوازی. لەوێدا قەڵەم لە زبریی تفەنگ کەم دەکاتەوە. تفەنگیش قەڵەم زیتەڵەتر دەکات و دەبنە تەواوکاری یەکدی.

ئەدەبی بەرگری بەرانبەر بە مەرگی میللەتێک، بەرانبەر بە نائومێدی و بەزین دەوەسـتێتـەوە و لە تەنگانەدا بێدەنگ نابێت، بگرە بە دڵگەرمییەوە هەڵدەداتێ. چۆن دەشێ شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی کوردی لە هێڵی بەرگریدا نەبن؟ ئاخر ئەگەر خـودی میللەتێک توایەوە و لە بەین چوو، ئەوا تـەواوی ئەدەب و هونەری ئەو گەلەیش، بە خۆی و بە نووسەرانیشییەوە، هیچ ئەسەرێکیان نامێنێت.

وەکی تر، وا چاوەڕوان دەکرێ، نووسەر و هونەرمەند، بەگیانی بەرگرییەوە دەقی ئەدەبی و گۆرانی و کەڤاڵەکانیان بەرهەم بهێنن. بەو واتایەی، دەقەکان هێندە بە نێوەڕۆک ئینسانی و بە فۆرم هونەری بن، بەرگری لە بەرانبەر دڵڕەقی مێژوودا بکەن. وەک کار و دەقگەلێک، تا سەر بە زیندوویی بمێننەوە. ئەو کەڤاڵەی یان ئەو دەقەی، یاخود ئەو پارچە موزیکەی کە توانای بەرگری لە بوونی خۆی نەبێت، کەواتە ڕەگەزەکانی مانەوەیشی، لە هەناوی خۆیدا هەڵنەگرتووە. بۆیە ئەو جۆرە تێکستانە، نەک هەر لە ئەنجامی جەنگ و کاولکاریدا، بگرە لە تافی ئاشتیشدا، دەمرن و لە یاد دەچنەوە.

داهێنەر ئەو کەسە ئەفسوونبازەیە، دەستمان دەگرێت و لەگەڵ خۆیدا دەمانباتە نێو دنیایەکی نوێوە. ئەو دنیایەی کە خۆی دای هێناوە. پشکدارمان دەکات و چاومان دەکاتەوە. ئێمەی گوێدێر، یان بینەر و خوێنەر دەکاتە برابەش لەو داهێنانەدا. لە دید و گۆشەنیگایەکی جوان، ئاست بەرز و نوێوە بۆ جیهان و دیاردەکان دەڕوانێت. دەتوانێ لە بریی ئێمە و باڵاتریش گوزارشت لە خەم و کۆڤانەکانمان بکات و ڕێز لە ئاوات و خۆزگەکانمان بگرێت و بەرگرییان لێ بکات.

فەرهەنگ لە خۆیدا (بەرە)ی یەکەمی بەرگرییە لە شوناس و خۆزیا و بریاکانی تاک. بۆ پێشەوە بردنی کێشەکانە بەرەو چارەسەری دادپەروەرانە. لایەنگری چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵە و لە بانیژەی ئەوانەوە دەدوێت. چونکە هەردەم ئەوانن بەشخوراو و پەژموردە. لێبڕاوانە بەرگری لە ماف و ئازادییەکان دەکات. خۆی و نووسینەکانی، یان کارە هونەرییەکانی یەک هەڵوێستیان هەیە. بە بینین یان خوێندنەوەی کارەکانی تووشی ئەوقبوون و داچڵەکین دەبین و کاریگەریمان لەسەر دادەنێ و بەرەو باشتر دەمانگۆڕێت.

ئەدی ئەوە نییە ئەو شیعرانەی گۆران و زێوەر و بێکەس و بەختیار زیوەر و دڵدار و پیرەمێرد و هەژار و هێمن، نووسیویانە و دەچنە خانەی شیعری بەرگرییەوە، بەشوێن یەکدا، لەلایەن موزیکزانەکانەوە ئاوازیان بۆ دانراوە و لە فۆرمی سروودا، ئێمە ڕۆژانە گوێمان لێیان دەبێت، کاتێک گچکە و مەزن

بەپێوە و بە حەماسەوە دەیانچڕن؟

کوردستان، بە هەزاران کیلۆمەتر دووجای خاکەکەی، لە جەستەی دابڕاوە. عەربێنراوە. بۆیە مافی ڕەوای خۆیەتی ئەو خاکە بگێڕێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی. وا چاوەڕوان دەکرێ ئەم غەدرە مێژووییانە، لە هونەر و ئەدەبەکەیدا ڕەنگ بدەنەوە. ئەو ڕەنگدانەوەیەیش، دەکرێ ناوی بنێین، ئەدەب و هونەری بەرگری.

وەک دەستپێکیش، پرۆسەی بەرگری بریتی بووە لە ڕەتکردنەوە و قەبووڵنەکردنی داگیرکەر و دۆخی بندەستی. ئەم ڕەتکردنەوەیەش، نەوە دوای نەوە هاتووە. سەرەتا لە شیعری کلاسیکدا، بە هونەر و ئامرازەکانی خۆیەوە، شاعیر ئەم کارەیان ڕاپەڕاندووە. دواترێ بە شیعری نوێ و ڕوخساری نوێوە. لێرەوە دیارە کە ڕەمز و دەستەواژەکانیش، لە ڕاستەوخۆییەوە بۆ ئیماژە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. جوانکاریی زیاتر لە بنیاتی شیعرەکاندا بەدی هاتووە. ئەم شیعرانە خاک وەک گەوهەر ئاو وەک کەوسەر وێنا دەکەن. دنەی هاونیشتمانی دەدەن گوێڕایەڵییان بۆ خاک و بۆ نیشتمانی خۆیان بێت و پارێزگاری لە شوناسی خۆیان بکەن، تەبا بن و یەکێتیی ڕیزەکانیان بپارێزن. شێوازیش هەمەڕەنگە. واتە سەرەتا خۆشەویستکردن و بەرز نرخاندنی خاک و چواندنی بە دایکێکی میهرەبان. هاندانی منداڵ بۆ خوێندن، چونکە دایکی وەتەن چاوی لێیانە بە زانست خزمەتی بکەن.

دواتر هاندانی ڕاستەوخۆ بەرەو بەرگری و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نیشتمانی و سەرکۆنەی نیازخراپان. لێرەوە کولتوور و زمان و خاک تێکەڵ بە یەک دەبن، بۆ پارێزگاری لە ئەوێتیی (هوية) کورد. بەکارهێنانی ڕاناوی (ئێمە) بە واتای یەکدەنگیی گەلی کورد. ئەوجا دەرکەوتنی ڕەمزەکانی وەک گوڵ، ڕەز، دۆند، ڕەوەز، پێشمەرگە، بووک، شایی و ڕەشبەڵەک، داربەڕوو، هەڵۆ، پەڕکوور، چەک و ناوی چیا و دۆڵ و ڕووبار، تێهەڵکێش بە شیعرەکان بوون. دەشێ بڵێین کە شیعری بەرگری زمانی شیعری دەوڵەمەندتر کردووە.

هەموو ئەمانە هاوکاتن لەگەڵ بەرز ڕاگرتنی پێگە و ئۆرتی شەهید و پێشمەرگەدا. بە ڕادەیەکی ئەوتۆ، پێشمەرگە وەک فریشتە و سەربازی دوژمن

و جـاشـیش وەک شـەیتـان بەرچاو کـەوتوون. بـەیادهێنانەوەی سـەرکـردەی مێژووکرد و ڕەمزە بەرگریکارەکان. ئەوانەی لە سـەروبەندی خۆیاندا مـەردی مـەیدان بوون، تاکو مـینا پێشـەنگ لـەلایەن نەوەی نوێوە چاویان لێ بکرێت و شوێنپێیان هەڵبگرن.

بە سـەرێکی تر شاعیران بە شوێن ڕەمزی نارەسەن و دزێودا، کە لایەق بە ناپاک و خۆفرۆش بێت، لاپـەڕەکانی مێژوویان سـەنگ و شـوورن داوە. مـەلای خـەتێ و مـشیری سلێمـان و کێ و کێیـان دۆزیوەتەوە، تاکو لە تای تەرازووی خـۆفـرۆشـدا دایان بنێن و بە ناپاکـانی ئـەم رۆژگـارە بـەراوردیان بکەن. تاکـو خەڵک تف لە چارەی هـەر نیشتمانفرۆشێک بکات.

جـارێکی تریش جـەخـتی لـەسـەر دەکـەم، کـە ئـەدەبی بەرگـرییـی دروشم بەرزکـردنەوە و بژی بڕووخێ نیـیـە. هونـەرە لەوپەڕی درەوشـانـەوەدا. وزەی ئەدەب و هونەریش لەوەدایە لایەنگری پرسەکانی مرۆڤ بێت. ڕاستە چیرۆک و ڕۆمـان ناتوانن ڕووت و ڕەجـاڵێک پۆشـتـە بکەنەوە، بەڵام دکـارن کـاریگـەریی ئەوتۆ لەسـەر وشـیـاری و ئاوەزی مـرۆڤ دابنێن بە ئاسـانی لە بیـر نەچێتـەوە. ئەگەر ئەدەب کـاریگـەریی گرینگی لەسـەر زەینی خـەڵک نـەبووایە، ئەدی لە پای چی، لۆرکا لە ئیسپانیا و نێرۆدا لە چیلی و کەنەفانی لە فەلەستین و دڵشـاد مـەریوانی لە کـوردسـتـان شـەهـید دەبوون؟ وەهـای لێ چاوەڕوان دەکـرێت، نووسـەر ویژدانی زیندووی گەلەکەی بێت. ئیدی ئەو ویژدانە چلۆن پێی قەبووڵ دەکـرێت مـیللەتێکی مـێـژووکرد، ناچار بە تەسلیـمـبـوون بکرێ، یان تووشی نائومێدی ببێت؟ دەکرێ هـەر گـەلێک، بە وشـە و ئاواز و ڕشـتـەکانی هونەر و ئەدەب بەرگری لە خـۆی بکات و هـەوڵی مـانەوەی خۆی بـدات. دەشـێ شـیـعـر، چیـرۆک، ڕۆمـان و سـروود ببنە ڕوویەکی تری بـەرگری. هـەر گـەلێکیش مـافی خـۆیەتـی ئەم ژانرانە بـۆ خـاتری مـانەوەی خـۆی بەگـەڕ بخـات. یەک لە باری کـورد، بۆ پارچـەکـانی تریش کـە هێـشـتـا بـە ئازادی شـاد نەبوون بـەرچاو ڕوونییە. ورە و هێزیان پێ دەبەخشێت.

سەرنج: لە (فەرهەنگ)، ژمارە (١)، ڕۆژی (٢٠٠٩/٩/٢٩) دا، بڵاو بووەتەوە.

# زەبری گێڕانەوە

شـــەهرەزاد، ژنە حـــیکایەتخـــوانی کـۆهـەقـایەتـی هـەزار و یەکـشـــەوە، لـە ڕێی هونەری گـێـڕانەوەوە، دوای ئەوەی ئەو هـەمـوو هەقـایەت و ئەفـسـانە سـەیر و سەمەرانەی بەگوێی شادا دا، ئاکام توانی خۆی لە مەترسیی مەرگ بە دەستی شا (شـەهریار)ی مێردی بپارێزێت و بە مەبەسـتی خۆیشی بگات. شـەهرەزاد بە دەمـولەبزی شـیـرینییـەوە، لەڕێی هونەر و سـیـحـری گێڕانەوەوە، شـەوانە شــــەهریاری مــێــردی ناچار بە گـــوێگرتن دەکـــرد. بە دەم گـــێـــڕانـەوەی حـیکایەتەکـانیـیـەوە ئەم شـەوی دەگەیانـدە سـبـەی شـەو. شـەهـریاریش وەک کـەسێکی ئەوقـبـووی بە سـیـحـر و ئەفـسـانە دەورەدراوی بەنگی، خـوازیاری چیرۆکی زیاتر بوو، تاکو خەیاڵی فراوانتر بێت. ئەو ژنە لەم ڕێیەوە، کەڵکەڵە و بیری شەیتانییانەی ژن کوشتنی لە مێشکی مێردەکەی دەرهێنا و درێژەیشی بە ژیانی خۆی دا.

وەکو تر، هونەری گێڕانـەوە پرۆسێسێکی دوولایەنە، چێژ و سـەرقاڵییـەکی شیرین بە خـودی حیکایەتخـوان و بە گوێدێریش دەبەخشـێت. حیکایەتخـوانی پێ دەبێتـە خاوەن هـێز و هـەژمـوون و درەوشـانەوە، چونکە خـۆیەتی هـەتا سـەر جـڵـەوی ڕووداو و قـارەمـانـەکـانی بەدەسـتـەوەیە و دەیانجـوولێنێت. هـەرچی گوێگریشـە بە بیسـتنی دادەچڵـەکێت، سـەری دەسـووڕمێت و بیـر دەکـاتەوە. دەشـێ گوێدێر بەرەو جیهـانێکی ئەوتۆ ببات، خـۆی تێدا بدۆزێتـەوە. یان ڕەنگە ئەو بنەمایانە لە کەسێتیی قارەمانەکاندا بدۆزێتەوە کە ساڵەهایە بەشوێنیاندا وێڵـە. یاخـۆ تەمـاهـی بە کـەسـێـتـی و توانای لـە ڕادەبەدەری قـارەمـانـانی حیکایەتەکان بکات، کە ئاواتیان پێ دەخوازێت.

ئێمە لەسـەری ڕاهـاتووین، ئەگەر کەسمان دەست نەکەوت خـەمەکانمان، یان

خەونەکانمانی لەلا هەڵبرێژین ئەوا بە نیازی گێڕانەوە ڕوو دەکەینە سەر کانی و ئاوێکی ڕوون و بۆ ئاوی دەگێڕینەوە، تاکو لەگەڵ خۆیدا خەمەکانمان بەرێت. واتە گێڕانەوە، ئەگەر بۆ ئاویش بێت هەر خەمرەوێنە.

لێرەدا مەبەست لە گێڕانەوە (Narration) ئەو هونەرەیە کە نووسەر بۆ گەیاندنی بیرۆکەکەی پەنای بۆ دەبات و دەیخاتە کار. یان دەتوانین بڵێین: چۆنێتیی پێشاندانی چیرۆکە، بە تەواوی ڕەگەز و بەسەرهاتەکانییەوە.. هەرکاتێک تۆ بە نیازی خوێندنەوە، دەستت دایە کتێبێک، ئەوا سوور بزانە کە لە نێوان تۆ و ئەو کتێبەی دەستتدا حیکایەتخوانێک خۆی شاردووەتەوە. لە هەر هۆیەکی ڕاگەیاندنی ئەم سەردەمەدا، لە تیڤی و ڕادیۆدا، یان لە هەر هونەرێکدا، وەک دراماى تیڤی و شانۆگەری و فیلمی سینەماییشدا، حیکایەتخوان ئامادەیە و ئەوە وردەکارییەکان دەگێڕێتەوە.

ئەوەیش بزانە کە زۆرێک لە میر و پادشا، شێخەکانی تەریقەت و شەریعەت، حیکایەتخوانیان بۆ خۆیان ڕاگرتووە. شەوانە بەیت و هەقایەتی خۆماڵی یان بیانیی بۆ گێڕاونەتەوە. شارەکانیش بەبێ حیکایەتخوانیان نەبوونە. ئەوانی حیکایەتخوان لە قاوەخانەکاندا شەوانە بە زنجیرە حیکایەتیان بۆ ئامادەبووان گێڕاوەتەوە.

ئەو میر و پادشایانە، وێڕای ئەو هەموو هامشۆ و جەنجاڵییەی دەوروپشتیشیان هێشتا هەر پێویستییان بەوە هەبووە، کەسێکی خەمرەوێن لە نزیکیانەوە بێت، شەوانە سەرگوزشتەیان بۆ بگێڕێتەوە. ئێمە پێویستمان بەوە هەیە، بەشداری لە بەسەرهاتە سەیر و سەمەرەکانی ئەوانی تردا بکەین کە ئەزموونیان لە زۆر ڕووەوە، لە ئەزموونی ئێمە ناچێ، تاکو ئەزموونی خۆمانی پێ دەوڵەمەند بکەین و چێژ لە هونەری گێڕانەوە و دەمودووی ئەوانی تریش ببینین. بۆ ئەوەی تەنیا نەکەوین و خەیاڵفراوان بین.

تاکو ئێمەی فزووڵ و لاپرەسەن (Inquisitive)، بتوانین لاپرەسەنی خۆمان، بە وردەکاریی بەسەرهاتەکانی ئەوانی تر تێر بکەین. تاکو برێک مەودای بیرکردنەوەمانی پێ فراوانتر بکەین. بە سواری ئەسپی باڵداری خەیاڵەوە، لە

ئاسـۆیەکی بەرفراواندا تـەراتێن بکەین و بسـوورێینەوە، نەبادا لـە ڕووبەرێکی بەرتەسکدا قەتیس بمێنین. تاکو لە قاپڵووخەکەی خۆماندا قۆزاخە نەبەستین.

چیرۆک و ڕۆمـان لەبارترین ژانرەکانی گێڕانەوەن. نووسین لەم بەستێنەدا ئازادە. دێرەکان بێ گرێ بە شوێن یەکدا دەڕۆن. هیچ لەمپەرێکیان نایەتە بەر. گێڕانەوە، وەک هونەری شیعر بە پێشمەرجی وێنەی شیعری، سەروا و باقی پێکهاتەکانی تری ئەو هونەرە کۆت و بەند نەکراون.

ئەگـەرچی ژانرەکـانی گـێـڕانەوەی وەک ڕۆمـان و چیـرۆک، پێـشـتـریش حـیکایەت، زادەی خـەیاڵن؛ کـەچی خـوێنەر بەدرۆ و دەلـەسـە بۆیان ناڕوانن. بـەڵکو وەهـمی ئـەوەیان لـەلا دروست بووە، کــە تەواوی ئـەو بـەســەرهـاتانـە، ڕاستینەن و ڕوویان داوە. یان ئەگەری ئەوە لە ئارادایە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕوو بدەن. لە کـۆهەقـایەتی هـەزار و یەکشـەوەدا ڕێوی شـیـعـر دەخـوێنێـتـەوە و شیعرەکەیش بە بەرهەمی خۆی لەقەڵەم دەدات. مەیموون نامە دەنێرێ، کەچی پادشـاکـانی کـۆن، ئەم جـۆرە (فـەیبڵ)انەیان بـە ڕاسـتینە وەرگرتووە، فـرە بە گیانیشیان خۆش بووە!

گێڕانەوە لـە خـۆیدا ڕێگەچارەیەکیـشـە، یان دەرمـانێکیشـە بۆ چارەسـەری دەردی ئـەو تاکــانـەی تووشـی دووکــەرتبــوونـی کــەســایـەتی هـاتوون. ئـەم ڕێگەچارەیە (سیگمۆند فرۆید) دای هێناوە. نوژداری پسپۆڕ لە باریدا هەیە بە چەند دانیشـتنێک لە تەک نەخـۆشـدا، کـاتێک ئەوی نـەخـۆش دێت بە تەواوی ئارامی و ئازادییەوە، خـەم و کێشـەکانی خـۆی کە ساڵانێکە کۆی کردوونەوە و لەسەر دڵیدا بوون بە گرێ، لە کن ئەوی نوژدارە، بەتاڵ دەکاتەوە.

هەمیشـە گێڕانەوە، خـەیاڵی وەسـتـاو دەجـووڵێنێ و دەوڵەمـەندی دەکـات، بە تایبەتی خەیاڵی منداڵ. گێڕانەوە لە ناخەوە دەمانهێنێتە گفتوگۆ و کۆڵینەوە لە سـەرەداوەکـانی ئەو چیرۆکە، لە ئاماژە و هێماکـانی. گوێگر لێبڕاوانە هەوڵ دەدات سـەرەداوەکـان کـۆ بکاتەوە و پێکەوە گـرێیـان بدات، تاکـو بەخـاوەنی واتایان بکات، یان تاکـو واتایان لێ چێ بکات. گـابریل گـارسـیـا مـارکـیـز لە بیـرەوەرییـەکـانیـدا دەڵێ: "ژیام تا حـیکایەت بگێـڕمـەوە" هـونەری گـێـڕانەوە

ژێرخـانی چیـرۆک و ڕۆمـان پێک دەهێنێ. پێـشـتـریش ژێرخـانی ئـەفسـانە و داستان و هەقایەتە میللییەکانی پێک هێناوە.

**شێوازەکانی گێڕانەوە** Narration Techniques

مەبـەست پێ ئەو فێڵ و ڕێگە و هونەرەیە کـە (سـەردنووس) ڕووداوەکـانی پێ دەگێڕێتەوە و دەیگەیێنێتە خوێنەر یان گوێگر. گێڕانەوەی پانۆڕامی، کە دۆخی گشتیی چیرۆک یان ڕۆمان بۆ ئێمـەی خوێنەر دەگێڕێتەوە. وەهمی ئەوەیشمان دەداتێ، کە ئەو دەمـانبـاتە نێـو جـەنگەی ڕووداوەکـانەوە. لە ڕێی وشـە، گرتە و دیمەنە گشتگرەکانـی مرۆڤ، گیـاندار، ژینگە و کات و شـوێنمان دەخـاتە پێش چاو. حـیکایـەتخـوان لـە مـەودایـەکـەوە، دوور بێت یان نزیـک ڕووداوەکـان دەگێـڕێتـەوە. وەک ئەوەی، خـۆی بەوردی چـاوی لێیـانەوە بووبـێ چلۆن ڕوویان داوە.

حـیکایەتـخوان هـەیە لە ورد و درشـتی ڕووداو ئاگـەدارە. قـارەمـانەکـان لە نزیکەوە دەناسێ. لە ئێستـە و ڕابردوویان بە ئاگایە. دەزانێ ئـاکامیـان بە چی دەگـات. ئەو چاک پێ دەزانێ تـەنانەت قـارەمـان لە ناخی خـۆیشـیدا چلۆن بیـر دەکـاتەوە. واتە ئەو وشـانەیشی کە هێشـتا قـارەمـان نەیگڵـماندوون، یان گۆی نەکردوون، ئەو دەیانزانێ و لێیان بەئاگایە. قارەمان پشتی لێیەتی، وەلێ ئەمی حـیکایەتـخـوانی هـەمـووشـتـزان (Omniscient Narrator) دەزانێ داخـۆ مڕومۆچە، شادە یان تووڕە!

حـیکایەتخـوان، (ئـەو کـەسـەی یـان ئەو کـەسـانـەی کـەوا چیـرۆکـەکـەمـان بۆ دەگێڕنەوە) هـەیە بۆ خـۆی بەشدارە. واتە یەکێکە لە قارەمانەکانی ئەو چیرۆکە و ئاگـەداری بەشـێک لە ڕووداوەکـانە. لە بەرەوە ڕۆشنایییـان دەخـاتە سـەر، بە هۆی وەسـف و گـوتوبێـژ و ئامـاژەوە، ڕووداوەکـان دەگـێـڕێتـەوە. واتـا، یان لۆجـیکیـان بە باڵا دەبڕێ. لە چیـرۆک و ڕۆمـانی ئەمـڕۆدا بڕێ جـاران چەند حیکایەتـخوانێک لە گێڕانەوەی چیـرۆکێک، یان ڕۆمـانێک یان شـانۆییـیـەکدا بەشـدارن. هـەریـەکـەیان لە دید و پاشـخـانـی فـەرهـەنگی خـۆیەوە دەیگـێڕێتـەوە.

جار هەیە گێڕانەوەکانیان لەیەک ناچن، یان دژایەتییان تێ دەکەوێ، تەواو بە پێچەوانەی ڕۆمانی کلاسیکەوە، کە بە زۆری لەسەر دەستووری حیکایەت و داستانەکان، کەسی سێیەمی هەمووشتزان دەیگێڕانەوە.

دیارە لە کاتی فرەدەنگی و فرە حیکایەتخوانیدا، چیرۆک، یان ڕۆمان و ژانرەکانی تری گێڕانەوە، تەشویقی پتریان بۆ خوێنەر تێ دەکەوێت و دەوڵەمەندتر دەبن. وەکی تر لە دنیای ئەمڕۆدا گێڕانەوەی سەد دەر سەد، کۆنکریتی و ڕاست بەدی ناکرێ. هەمیشە ناڕوونی و فرە ڕەهەندی دەوری ڕووداو دەدەن. بگرە ئێستا نادڵنیایی و (گومان) لە ڕووداو بووەتە بەشێک لە هونەری گێڕانەوەیش. هیچ پێشهاتێک سەد لە سەد ناگێردرێتەوە. گومان هەمیشە دەوری ئێمەی مرۆڤی داوە. گومان لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمە، پەڕیوەتە نێو هونەری گێڕانەوەیشەوە. دەوری ڕۆمان و قارەمانەکانی ڕۆمان و چیرۆکیشی تەنیوە.

چەندین ڕۆمان و چیرۆک هەن لە دەوری گومان دەسووڕێنەوە. هەر بۆ نموونە، بیرۆکەی ڕۆمانی "ليلة الغلطة" ی (طاهر بن جلون) ئەمەیە: "بەڵام ئەی کیژە چاکەکە، ئەی هاوڕێ بەستەزمانەکەم، هەموومان گومان لێکراوین. لەو ڕۆژەوە کە دێینە دنیاوە، گومان بەدەوری سەرماندا دەسووڕێتەوە... بڕوانە: ل/٢٠٣، واتە لاپەڕەی کۆتاییی ڕۆمانەکە"

گێڕانەوە هونەرە، هەزار و یەک ڕێگە و جۆریشی هەیە. تۆ دوو کەس نادۆزیتەوە وەکو یەک بەسەرهاتێکی ئاساییی ڕۆژانەیش بگێڕنەوە، چ جای گێڕانەوەی ڕۆمانێک، کە گەلێک شێواز و ڕێبازی تێ دەکەوێ. بۆیە دەکرێ بڵێین، بەپێی ژمارەی نووسەرانی هونەری گێڕانەوە (چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکانی جیهان)، شێوازی گێڕانەوەی جیاوازیش لە ئارادایە. هەیە وەها گاڵتەجارییانە دەیگێڕێتەوە، سەربەقوڕ دەهێنێتە پێکەنین. هەیشە دەیداتە دەست ناخ و لە ڕێی شەپۆلی هۆشەوە دەیگێڕێتەوە. زمان و کەرەستەکانی هەر هەمووشیان جیاوازن. یەک زمان و دەیان شێواز، یان شێواز هێندەی ژمارەی نووسەرانی هونەری گێڕانەوە جیاوازە. یەکێک لەو

هۆکارانەی کارێکی کردووە ڕەخنەی یان خوێندنەوە بەو ئاستە بێت کە دەکرێ بڵێین لە نرخی نەبوواندایە ئەوەیە، تەکنیک و گێڕانەوەی هیچ کارێک، لەوی تر ناچێت و ئەوانەی کە خۆیان بە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەوە سەرقاڵ کردووە سەری لێ دەرناکەن.

مونۆلۆگ یاخۆ گێڕانەوەی ناخ، یان شەپۆلی هۆش، Monologue مونـاجـاتـی ناخ شەپۆلدانەوەیەکە، لەوێدا ئاگایی و نائاگایی بەیەک دەگەن. ڕووداوێک بە ڕووداوێکی تردا، شتێک بەشتێکی تردا دێتەوە یاد.. جۆرێکە لە گێڕانەوەی تایبەت بە ئەکتەرانی سەر تەختەی شانۆ، کاتێک ئەکتەرێک، تاکلایەنە دەدوێت و ئەوەی لە ناخیدایە بێ سانسۆر و لەمپەر، یان دوور لە مۆنتاج دەری دەبڕێ. هەندێک جاران دەربڕینەکان هێشتا هەر بڵـمەبڵـمن، واتە نەبەکامن و نەیشبوون بە ڕستەی تەواو. زیاتر لە (وڕێنە)ی تادار، یان لە (زیندە خەون) دەچن.

زیاتر ئاکاری ڕۆژانە و خەدەپێوەگرتنی لە پشتییەوەیە تاکو هۆشیاری. بەڵام ئەوەندە هەیە ڕاستگۆیانە و ڕاستەوخۆ لە ناخی تاکەوە سەر دەردێنێ. گێڕانەوەی لەم جۆرە، لە فیلمی سینەماییشدا، لەلایەن ئەکتەرەوە ئەدا دەکرێ. بە تایبەت وەختێ تاک و تەنیایە و بە خۆیدا دەچێتەوە. ئەو ڕووداو و کاریگەرییانەی کە زووتر لە نەستی قارەماندا بنیان ناوەتەوە، لە هەناسەیەکی نائارامدا دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێ، بە لێشاو لە ناخی قارەمانەوە سەر دەرەکەن. بە تەواوی ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەوە، نهێنییە پەنگخواردووەکانی قووڵایی نەستمان بۆ دەگێڕنەوە.

دیارە لە چیرۆک و ڕۆماندا مۆنۆلۆگ دەقێکی نووسراوە. واتە بە وشە گوزارشتی لێ کراوە. هەندێ جار وشەکان بە تەواوی پێکەوە نەبەستراونەتەوە. دوور لە ڕەچاوکردنی نیشانەکانی خاڵبەندی نووسراون. بەو حیسابەی گوایە ڕاستەوخۆن و هێشتا ئەوەندە کامڵ نەبوون بگەنە ئاستی ڕستەی تەواو. هەندێک نووسەر حیسابی ڕێزمانیش بۆ ئەو جۆرە دەربڕینانە ناکەن. وەلێ واتابەخشن و دەکرێ زانیاریی زۆریان لێ هەڵبکرێنین. چونکە

ڕۆشنایی دەخەنە سەر ئەو نهێنییانەی، سەردەمێک پەردەپۆش کراون. وەلێ لە دەقی شانۆییدا دەبنە قسەی یەکلایەنەی ئەکتەر و لەسەر تەختی شانۆ گۆ دەکرێن.

هەروەک دەشێ ئەکتەر خۆی لێ بووبێ بە دوو کەسایەتی. دەکرێ لەو تافەدا خۆی و ناخی بێت لە تەک یەکدا بدوێن. واتە لەگەڵ قارەمانێکی تری نێو دەقەکەدا نادوێ، بگرە لەگەڵ خۆیدا و بۆ خۆی دەئاخڤێت. ڕەنگە ئێمە بە سەمتی قسەکانی قارەماندا بزانین ئەو لەگەڵ کێیەتی و مەبەستی لەو قسە نەبەکامانەی فرێیان دەدات چییە؟ هەرچۆنێک بێت، ئەو لەوێدا، بەو شێوەیە هزر و بیرۆکەکانی خۆی، دوور لە هەر جۆرە سانسۆرێک دەردەبڕێ.

*

لە سەمتی هەزار و یەکشەوەدا، لە هەر چیرۆکێکەوە چیرۆکێکی تر لەدایک دەبێت و گێڕانەوە چک ناکات. چونکە چککردن، یان وەستانی پرۆسەی گێڕانەوە یەکسانە بە وەستانی ژیان. یان یەکسانە بە مەرگ و کوژانەوەی ژیانی شەهرەزاد.

هەروەها دەکرێ گێڕانەوە لە ڕێی (نامە نووسین)ەوە بێت. وەک ئەو دەقانەی پشت بە نامەکانی نێوان دوو دڵدار دەبەستن، بۆ گێڕانەوەی ڕۆمان، یانژی چیرۆکی دڵداری. لە دۆخی وەهادا ڕۆمان یان چیرۆک بریتی دەبێت لە کۆی نامەکانی نێوان ئەو جووتە قارەمانە. بۆ نموونە دەکرێ سەرنجی (نامەگەلێک لە ئاشەکەمەوە) بدەی کە چیرۆکێکی برێک درێژە. نووسەری فرانسی (ئەلفۆنس دودیە ١٨٤٠–١٨٩٧) لەساڵی ١٨٦٧دا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە، بە شێوازی نامە گۆڕینەوە دەیگێڕێتەوە،

یان دەکرێ لە ڕێی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانەوە بێت. دەشێ گێڕانەوە لە ڕێی نووسینەوەی یاداشتی ڕۆژانەوە بێت کە بە ڕۆمانی بیرەوەرییەکان (Autobiography) ناسراوە. لێرەدا نووسەرێک خۆی دەبێت بە حیکایەتخوان و سەرگورشتەی ژیانی خۆی لە فۆرمی ڕۆماندا دەگێڕێتەوە. حیکایەتخوانێکە هەر بۆ خۆیشی قارەمانی ڕۆمانەکەیە. کەواتە ئەم جۆرە ڕۆمانە بە ڕاناوی

کەسی یەکەم دەگێڕدرێتەوە، گوزارشت لە خودی نووسەر دەکات. بێگومان ڕاناوی کەسی یەکەم لە ڕۆمانی وەهادا، زۆرشتزانە. چونکە نمایندەی نووسەرە و نووسەریش ئاگەداری وردەکاری و نهێنییەکانی ژیانی خۆیەتی. هەروەها ئاگەدارییی لە ژیانی زۆرێک لەو قارەمانانەیش هەیە کە لەو دەقە درێژەدا ڕۆڵیان هەیە.

وەکو تر هونەری (گێڕانەوە) دوور لە بەگەڕخستنی یادەوەری پێک نایەت. جێی وتنە کە مێژووی خودنووسینەوە (السيرة الذاتية) لە کۆتاییی سەدەی هەژدەمەوە، لە ئەوروپادا دەرکەوت. ئەمەیش نیشانەیەک بوو بۆ دروستبوونی چەمکی تاکگەرایی و گرینگیدان بە داخوازییەکانی مرۆڤی تاک وەک یەکەیەک بۆ پێکهاتەی کۆمەڵ. لەم بەستێنەدا میسرییەکان پێش عەرەبەکانی تر کەوتن. جێی وتنە، بۆ یەکەمین جار (جۆرجی زەیدان ١٨٦١-١٩١٤) لە ساڵی ١٩٠٨دا، بە سەردێری (سەربوردەی ژیانم/ سيرة حياتي) ژیاننامەی خۆی نووسییەوە.

ئەوەندە هەیە لەم جۆرە ڕۆمان یان چیرۆکەدا، نووسەر ناتوانێ جڵەو بۆ خەیاڵ شل بکات و فانتاسیا لە دەورەی دەق بئاڵێنێ، چونکە ژیانی نووسەر هەر ئەوەیە کە ڕووی داوە و ناکرێ لەلای خۆیەوە بەسەرهاتگەلێک کە ڕوویان نەدابێ بۆ ژیانی خۆی زیاد بکات و بە ئارەزووی خۆی لق و پۆی لێ جیا بکاتەوە. واتە ڕۆمانێکە بەر لەوەی بنووسرێتەوە سنووردارە و خەیاڵ تێیدا ڕەها نابێ. هەرچییەکی لە واقیع بۆ زیاد بکرێ دەبێتە فیشاڵ. هەر بۆیە بەداهێنانی تەواو نایەتە ژماردن. واتە خەیاڵ، یان (فیکشن)ی تەواو نییە.

ئەم جۆرە گێڕانەوەیە لە شانۆیشدا بەکار دێت، کاتێک کەسێک دێت بەسەرهاتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە. یان ژیان و بەسەرهاتی کەسێکی ترمان بۆ دەگێڕێتەوە. دەشێ خودی نووسەر لەگەڵ هەر کەسێکدا دابنیشێت و لە بەرەوە، لە ورد و درشتی ژیانی بپرسێت و مێژووی ژیانیمان بۆ بکاتە ڕۆمان، یان بیکاتە دەقی شانۆییش، ئەگەر خۆی مەیلی لێ بێت.

ڕۆمان، چیرۆک، شانۆ و فیلم، لە توخماتی گێڕانەوەن و بۆیان هەیە لە

زانست و مێژوو بەهرەمەند بن. دەکرێ بڵێین ڕۆمانی مێژوویی، پێکەوەژیان و هەڵکردنی دەقی کۆنی مێژووە، لەگەڵ دەقی نوێی ئەدەبی و داهێنراودا. هەموو ڕۆمانێک مێژوویەک دەگێڕێتەوە. گێڕانەوەی مێژوویی هاوشانە لەگەڵ گێڕانەوەی ئەدەبیدا کە داهێنانە. پێکەوە هەڵکردنی دوو گێڕانەوەی جیاوازە. گۆڕینی دەقی کۆنی مێژووییە بۆ هونەر و داهێنان. ورووژاندنی مێژووی ڕابردووە، بە جۆرێکی ئەوتۆ خەڵکی ئێستا خۆیانی تێدا ببیننەوە و وەک مێژووی هاوچەرخ بۆی بڕوانن.

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس بەهۆی هونەری گێڕانەوەوە، ڕاستگۆیی بەکارەکانیان دەبەخشن. ڕاستگۆیی گرینگترە و لە حەقیقەتەوە نزیکترە هەتا ڕاست و دروستیی مێژوویی بابەتە بەگەڕخراوەکە، گێڕانەوەی هونەری، ڕاستگۆییی هونەرییش بە ڕۆمان و چیرۆک دەبەخشێ. حیکایەتخوان کەسێکی ئەفسوونبازە و دەتوانێ خوێنەر بخاتە ژێر باڵی ئەفسووناویی خۆیەوە.

نووسینەوەی مێژوو، بێلایەنانە و بابەتییانە، وەک خۆی چۆن ڕووی داوە، پێویستی بە کەش و دۆخێکی گونجاوی وەها هەیە، کە مێژوونووس تێیدا دەستی کراوەبێت و تەواو ئازاد بێت.. گەرەکە ئازادیی ڕادەربڕین، ڕوا و ڕای جیاوازی بەرامبەر، بواری بۆ دابین کرابێت. نووسینەوەی مێژوو بەو ڕاست و دروستییە، جەربەزەیی و پڕکێشیی گەرەکە، بە تایبەت لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناویندا. ئەو حکوومەتانەی ئەوێ تەحەمولی مێژوونووسێک ناکەن، ئەوان وەک زاڵم و نادیموکرات پێشان بدات و سەردەمەکەشیان بە ڕۆژگاری ڕەش بنرخێنێت. بەڵام لە سەمتی ڕۆمان و چیرۆکدا دەشێ کاری وەها ئەنجام بدرێ، چونکە نووسەر لەوێدا بە زمانی هونەر دەدوێ نەک بە ساڵ و مانگ و ژمارەی دیل و کوژراوەکان.. دەکرێ بە گشتی تەکنیکی گێڕانەوە بە دوو جۆر بپۆلێنین.

گێڕانەوەی تایبەتی Subjective Narration تەنیا حیکایەتخوانێک لە گۆڕێیە. دەقێکی کورتی وەک حیکایەتێک یان چیرۆک و بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە، یان

لەسەر شێوەی گێڕانەوەی پەیامنێری بەرەکانی جەنگ، کە ڕووداوی ڕۆژانەی جەنگ دەگێڕێتەوە، ڕۆڵ دەبینێ. دەشێ لەم جۆرە دەقانەدا چەندین قارەمان هەبن و چالاکیش بن. وەلێ تەنیا یەک کەس هەیە بەسەرهاتی هەموویان بە خوێنەر دەگەیێنێت و دەگێڕێتەوە. یان دەشێ بڵێین حیکایەتخوان بە زمانی هەموویانەوە قسان دەکات. واتە دەشێ گومان بخرێتە سەر گێڕانەوەکانی، چونکە کەسی دووەم و سێیەم لە ئارادا نین تاکو ڕاست و دروستی ڕاکانی ئەو بسەلمێنن، یان ڕا چەوتەکانی بۆ ڕاست بکەنەوە.

گێڕانەوەی بابەتی: (Objectiv Narration) لێرەدا، بە مەبەستی گێڕانەوەی چیرۆک یان ڕۆمان، حیکایەتخوان ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان ناگێڕێتەوە، بگرە قارەمانەکان خۆیان، لە بەرەوە، لە ڕێی گوتوبێژی نێوان خۆیانەوە، بێ ئەوەی حیکایەتخوانێک دەست وەربداتە کاروباریانەوە، یان گفتوگۆیانەوە، هەموو شتێک دەگێڕنەوە. قارەمان زۆر ئازادانە، بێ ئەوەی لە بن هیچ کاریگەرییەکدا بێ، وەک ئەوەی خۆی حیکایەتخوان بێت دەدوێ. هەر خۆیشی وەڵامی پرسیارە گرینگەکان دەداتەوە. دیارە ئەمەیش واتای ئەوە دەگەیێنێ، کە گێڕانەوە پشت بە تەنیا یەک گۆشەنیگا نابەستێ، کە ئەویش گۆشەنیگای حیکایەتخوان بێت. بگرە ئەوە قارەمانەکان خۆیانن دەدوێن، دەژین، دەمرن و بەشەڕ دێن. ستیفن کینگ، Stephen King کە یەکێکە لە نووسەرە هەرە چالاکەکانی ئەمڕۆی ئەمەریکای بواری گێڕانەوە، پێی وایە: "گەرەکە نووسەر دوای پێشەکیی ڕۆمانەکەی خۆی بشارێتەوە."

ئێمە دەتوانین گێڕانەوەی هەر ڕۆمان، یاخۆ چیرۆکێک بەسەر سێ قۆناغی بنەڕەتیدا دابەش بکەین: سەرەتای کێشەکە، کێشەکە خۆی، چارەسەری کێشەکە. وەلێ مەرج نییە گێڕانەوە، لە سەرەتای کێشەکەوە دەست پێ بکات، ئەگەرچی لە هەر کوێوە دەست پێ بکات خۆی سەرپشکە. ئەوەندە هەیە لەم سەردەمەدا کەم نووسەر هەن، کرۆنۆلۆجی ئامێز Chronological، یان وەک ئەوەی هەقایەتی فۆلکلۆر بگێڕێتەوە، تەکەڵ تەکەڵ، لە سەرەتاوە، بە ڕیز دوای ڕووداوەکان بکەوێت.

ڕزگاربوون لە گێڕانەوەی کۆن و سواو و گرتنەبەری ڕێگەی هاوچەرخ، کە پتر پشت بە ئیماژە دەبەستێ هەتا ڕاستەوخۆیی لە گەیاندنی واتادا.. گرتنەبەری کۆتاییی کراوە بۆ چیرۆک و ڕۆمانەکان لە بری قوفڵدانی کۆتاییەکان؛ تاکو خوێنەریش بۆی هەبێ بیر لە کۆتاییی تر بکاتەوە و ببێتە بەشدارێکی ئەکتیڤی داهێنان، نەک وەک وەرگرێکی نەرێنیی حیکایەت بمێنێتەوە.

ئەو دەقە سەردییانە بەزیندوویی دەمێننەوە، کە گێڕانەوەیان بە ژمارەیەک حیکایەتخوان سپاردووە. ئەوانەی بۆ ڕازاندنەوەی زیاتری دەق سوودیان لە هونەرەکانی تر بینیوە. ئەوانەی پەییان بە هونەری نوێی گێڕانەوە بردووە. دەق ئەگەر بە ڕێگەی هونەری نەگەیەنرێتە خوێنەر، ئەوا لە ئەنجامدا دەبێتە وتاری ڕۆژنامە. واتە ئەوی نووسەر، دێت بە زمانی وتار و ڕاپۆرتی ڕۆژنامە کێشەکانی مرۆڤ دەگێڕێتەوە. دیارە وتاری ڕۆژنامەیش باسی کێشەی ئەو ڕۆژە دەکات و هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژەیش ئاوا دەبێت و لە یاد دەچێتەوە.

ناشێ دەقی ئەم سەردەمە ڕۆڵی ئاوێنە ببینێ. چونکە ئاوێنە واقیع وەک خۆی عەکس دەکاتەوە، دیوی ناوەوە نابینێ. تەنیا پەی بەڕووکەش دەدات، ژێر دەمامک و ماکیاجە ئەستوورەکان پەی پێ نابات. وێڕای ئەوەی گێڕانەوەی ئاوێنەیی، هیچ هونەر، یان تەکنیک و فانتاسیای تێدا نییە، لە کاتێکدا گێڕانەوە دەبێ هونەر بێت، دەنا نابێتە ڕۆمان یان چیرۆکی زیندوو.

هونەری گێڕانەوە بەبێ وەسفی (کاتشوێن) و هەڵکەوتنی بیچمی قارەمانەکان، مەزاج و ئەو هەڵوێستانەی وا ڕۆژانە تێی دەکەون، پێک نایەت. خۆ چیرۆک یاخۆ ڕۆمان هونەری سینەما نین، تاکو وێنە بزۆکەکان بۆ خۆیان وەسفی دۆخەکانی شادی، خەم، ئاشتی، جەنگ و خیچانمان بۆ بگێڕنەوە.. (سەردنووس) لە بری وێنەی جوولاو، بۆ وەسفی دیمەنەکان وشەی پێیە. ئەم ئەلەمێنتەیش، واتە وەسف، تەواوکەری پرۆسێسی گێڕانەوەیە. دەبێ ئەو ڕاستییەشمان لە بیر بێت، کە گرتە و دیمەنەکانی سینەماییش، بەر لەوەی بچنە دۆخی وێنەی جوولاوەوە، لە فۆرمی (سیناریۆ)دا، مشتێک وشەی پەتی بوون.

دیارە وەسفیش وەک ڕەگەزێکی گرینگ، لە زۆر جومگەی گێڕانەوەی چیرۆک

یان ڕۆماندا فریامان دەکەوێ. وەسفیش گەلێ جۆری هەیە. نووسەر هەیە گرینگییەکی زۆر بە وردەکارییەکان دەدات. نووسەر هەیە لاپەڕەیەکی ڕۆمانەکەی هەر بریتییە لە وەسفی تێکئالانی جووتێک ماری ئاشقەوماشقە، وەک لای (یەشار کەمال) بەدی دەکرێ. وەسفمان هەیە نووسەرەکان بە (وەسفی شاعیری) ناوی دەبەن. چونکە (میتافۆر)ی تێ دەکەوێت. وەسفی کات و شوێن. وەسفی قارەمانەکان. وەسفی هەستەکانی وەک تووڕەبوون، گریان و کڕووزانەوە، کینە و بوغز... وشە و دەستەواژەکانیش، کاتێک شان دەدەن بە شانی یەکەوە، ڕەزم و ئاهەنگیان تێ دەکەوێ.

وەسفکردنی (شوێن)، جوانکارییەکی زۆریش بە گێڕانەوە دەبەخشێ، بە مەرجێک لە خزمەتی ڕووداوەکاندا بێت و شان بە شانیان بڕوات. بوونی وەسف، دەق دەوڵەمەند دەکات، ئەگەر مکۆم بە کردە و بە قارەمانەوە بەسترابێتەوە.

وشە بەزەبرە و توانای بێ ئەندازەی هەیە، ئەگەر لە جێی خۆیدا بەکار هات. ئەگەر بزانین چی دەبێژین و چلۆن وشەکان لە سەمتی ڕستەدا دادەڕێژین و جێیان بۆ دەکەینەوە. وشە کاریگەری سیحر لەسەر زەینی مرۆ دادەنێ. دەیخرۆشێنێ و دای دەچڵەکێنێ. دەیخاتە سەر ڕێی بیرکردنەوە، لە نوێ خوێندنەوەی دەوروبەر، بەخۆداچوونەوە و بە پێوەندییەکاندا چوونەوە.

چیرۆک و ڕۆمان لە خۆیاندا خەیاڵن، قارەمانەکان تەنیا لەسەر ڕووبەری کاغەز بوونیان هەیە و لە وشە چێ کراون. داڕێژراوی خەیاڵی نووسەرانی خۆشخەیاڵن، کەچی ئەوەتا هەزاران کەس شەونخوونییان بە دیارەوە دەکێشن و زۆرترین خوێنەریشیان هەیە.

ئەو چەردە وشەیەی کە نووسەر بە ئاگاییەوە ڕۆیان دەکاتە سەر ڕووبەری پەڕە کاغەزەکان و وەک حیکایەتخوانێکی بە دەمودووی زمان پاراو، ڕووداو دەیگێڕێتەوە، کاریگەرە و لە یادەوەرریدا دەمێنێتەوە. دەشێ بڵێین چیرۆک یان ڕۆمان، گێڕانەوەیەکە تژییە لە جوانکاری. نیازی خراپی بەرانبەر خوێنەر هەڵنەگرتووە. بیرت بێ، گێڕانەوە چەکی ڕابەر و پێغەمبەرانیش بوو.

(سەردنووس) ناتوانێ ڕابردووی خۆی و قارەمانانی بەرهەمە سەردییەکانی لە یاد بکات. ئەو هەمیشە بە نێو بیرەوەرییەکانیدا دێت و دەچێت، بەسەریان دەکاتەوە. بیرەوەری لە خۆیدا کاریزێکە، بەردەوام تافەی دێت و چک ناکات. سەردنووس بەپێی پێویست، لە بەرەوە و ناڕاستەوخۆ، لێی هەڵدەگۆزێ و لێی سوودمەند دەبێت. ڕۆلان بارت پێی وایە "یادەوەری سەرەتای نووسینە، نووسینیش لەلای خۆیەوە سەرەتای مەرگە" هەر لێرەیشەوەیە، کە چیرۆک و ڕابردوو، چیرۆک و بیرەوەری، بە مکۆمی پێکەوە گرێ دراون. هەر لەم سۆنگەیەیشەوەیە، ئەو تاکەی خەڵەفابێت، واتە (خرف) بووبێت، یان تاکێکی (بیرکۆڵ) بێت، ڕۆمان و چیرۆکی پێ نانووسرێ، بەناچاری پەنا وەبەر ژانرێکی تری (مەلاخۆرە) دەبات..

لە سەمتی ئەم نووسینەدا، چەمکی (گێڕانەوە)م گەلێ جار پاتە کردووەتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، زۆرێک لە توێژەران، بە ڕۆمان و چیرۆک و وردیلە چیرۆک دەبێژن، هونەری گێڕانەوە. دەنا گێڕانەوە لە ڕێی دایەلۆگەوە کاریگەرترە تا گێڕانەوەی حیکایەتخوانی. وەلێ خودی گوتوبێژیش، لە دواجاردا هەر دەبێت بە بەشێک لە هونەری گێڕانەوە. وێڕای ئەوەی چونکە: "گوتوبێژ وا لە خوێنەر دەکات بەشداری لە چیرۆکەکەدا بکات و ببێتە قارەمانێکی فەخری، یان بە شێوەی چاودێر بەشدار بێت. ئەوسا ڕاستەوخۆ لە قارەمانەکانەوە گوێی لە هەموو قسە و چرپەیەکە و ئاگەداری بەرەو پێشەوەچوونی ڕووداو و نەخشە و پلانەکانە. بەڵام (سدرد)، گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆی پێشهاتەکانە. واتە خوێنەر لە دەرەوەی چیرۆکەکەوە بەسەرهاتەکان دەبیستێت..."(*)

سەرنج: لە ژمارەکانی (٥٩٦ و ٦٠١)ی ڕۆژنامەی (هەولێر)، ڕۆژانی (٨/١٢-٢٠٠٩/٨/١٩)دا، بڵاو بووەتەوە.

---

(*) القصة القصيرة جدا، (قصة الومضة)، تألیف هارفي ستانبرو.. ت: محمد شريف. الاداب العالمية، العدد (١٣٧)، شتاء ٢٠٠٩

# ئاسایشی فەرهەنگی

گەلێک جاران پێناسەی بڕێک لە یەکتر جیاواز بۆ چەمکی فەرهەنگ (الثقافة) دەکرێت وەک ئەوەی واتایەکی جیوەییی هەبێت. وەلێ بەپێی ئەو کۆنگرە جیهانییەی سەبارەت بە سیاسەتە فەرهەنگییەکان، لە ساڵی ١٩٨٢دا، لە شاری (مەکسیکۆ)ی وڵاتی مەکسیک گرێ درا:

"فەرهەنگ بە واتا فراوانەکەی، دەکرێ وەها چاوی لێ بکرێت، کۆی نیشانە (سمة) ڕوحی، مادی، هزری و سۆزدارییەکانە، کە کۆمەڵگەیەک، یان گرووپەکی کۆمەڵایەتییان پێ دەناسرێتەوە. ئەمەیش هونەر و ئەدەب و شێوازەکانی ژیان، هەروەها مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤیش دەگرێتەوە، لەگەڵ پێرەوکردنی بنەما و داوونەریت و باوەڕەکاندا (معتقدات).. ئەوە فەرهەنگە کە توانای بیرکردنەوە بە خودی مرۆڤ دەبەخشێت. هەر ئەویشە ئێمەی کردووەتە ئەو بوونەوەرەی مۆرکی مرۆڤانەمان هەڵگرتووە. ئەمەیش لە عەقڵانییەت و توانای ڕەخنەگرتن و ئیلتیزامی ئەخلاقیدا بەرجەستەیە. لە ڕێی فەرهەنگەوە دەگەینە بنەما و بەهاکان و هەڵیان دەبژێرین. مرۆڤ لە ڕێی فەرهەنگەوە گوزارشت لە خۆی دەکات و خۆی وەک پرۆژەیەکی تەواونەکراو دەناسێت و دنەی دەدات بەو کارانەدا کە بەجێی هێناون بچێتەوە و بە شوێن واتای نوێدا بگەڕێت و کاری وەها دابهێنێت، تێیدا سەرکەوتن بەسەر خۆیدا بەدەست بهێنێت."

ئاسایشی فەرهەنگی چەمکێکی نوێیە؛ بەسەر زاری ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵات و وڵاتانی کەنارەوە. وەلێ لەوەیان دڵنیابە کە هێزێکی نوێی نهێنی نییە، بە نیازی بەرپاکردنی جەنگێک لە نێوان فەرهەنگەکاندا خۆی مەڵاس دابێت. بۆیە وریابە و بەوشەی (ئاسایش) تیمەکەوە. لێرەدا جەنگی نهێنی،

یان ئاشکرا لە ئارادا نییە. کەواتە هێزی سەربازییش کێشەکان یەکلایی ناکاتەوە. بگرە ئەم چەمکە بڕوای بە گوتوبێژی هێمنانەی نێوان فەرهەنگ و شارستانەتییەکان هەیە، بێ ئەوەی ببێتە گوێڕایەڵیان، یان پاشکۆی هیچ کامیان. مێژووی ئەم چەمکەیش بۆ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. هاوتەریب لە تەک هەژموون و هەڕەتی گلوبالیزمدا هاتە نێوانەوە. لەوساوە لە میدیاکانەوە قسەی زۆری لەبارەوە دەکرێت.

لەوساوە جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو گەلانی هەرێمەکەی ئێمەیشدا کە بە دەیان ساڵە خاوەن دەوڵەتن، هاتووەتە ئاراوە. ڕووناکبیرانی ئەو وڵاتانە بەگومانن لەوەی، بتوانن هەروا بە ئاسانی لە بەرانبەر هەژموونی فەرهەنگی دەوڵەمەندی خۆرئاوادا، هەتا سەر خۆیان ڕابگرن. بۆیە بە گەرمی و بە بەردەوامی، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا، قسە لەبارەی چەمکی (ئاسایشی فەرهەنگی)یەوە دەکرێت و کاریشی بۆ دەکرێت.

ئێمەی کورد گەلێکین لە هەر چوار دەوڵەتە سەردەستەکەدا کەمینەین. گەلی کەمینەی بێ دەوڵەتیش، هەمیشە لە بەردەم هەڕەشەی ئەوەدایە تایبەتمەندییەکانی خۆی لەدەست بدات. بە تایبەتی زمان، کە بڕبڕەی پشتی ئەوێتی (ناسنامە/ هوية) هەر گەلێک پێک دێنێت و پێی دەناسرێتەوە. ئاسایشی فەرهەنگی بەرگری لە فەرهەنگێک دەکات، کە بە قووڵی ڕەگی بە نێو مێژوودا ڕۆ چووە. ئێستای درێژەپێدان و گەشەپێدانی ئەو مێژووەیە و گەرەکە لە ئاستێکی ئیستاتیکیی وەهادا بێت، خۆمان شانازیی پێوە بکەین.

لە ئێستادا، هێرشی کەناڵە ئاسمانییەکانی ناوچەکە، بە تایبەتی عارەبییەکان، لە پاڵ هێرشی موزیکی فارسی و عارەبیدا، مەترسیی زۆری لەسەر سڕینەوە، یاخۆ دێوانگۆڕی (مسخ) موزیک، واتە بەشێک لە کولتووری کوردی پەیدا کردووە.

لەم بەستێنەدا، بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی فەرهەنگی، پێویستیمان بە پێشمەرگە و چەکوچۆڵ نییە. بگرە بە واتای پەرەپێدانی هەرچی زیاتری بەرهەمی فەرهەنگی خۆماڵی، لە ڕووی چلۆنایەتییەوە دێت. بەرهەمی تۆکمەی

ئەوتۆ، توانای ڕاوەستانی لەسەر پێی خۆی هەبێت. نەک ببێت بە پاشکۆی فەرهەنگی بیانی، بە تایبەتی دەوروبەر. وابێ، لە توانای دەرودراوسێدا نەبێ هەروا بە ئاسانی دۆڵپێچی بکات و دواتریش بە ئاسانی بەژێرەوەی بکات.

وەکو تر خودکەفایی لە بەستێنی هونەر و فەرهەنگیشدا وەک، دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی خۆراکی وەهایە و گەلێک گرینگە. بارگرژیی سیاسی، توندوتیژی، ژن کوشتن، تاوانەکان بە گشتی، تیرۆر بە تایبەتی و داتەپینی باری ئابووری، ڕەگیشەیان بۆ نەبوونی مەعریفە و خراپیی ڕەوشی فەرهەنگ لەو دەڤەرەدا دەگەڕێتەوە. ڕەنگە زۆرێک ڕابەری سیاسی هەبن، دابینکردنی ئاسایشی فەرهەنگی بە زیادە مەسرەف بزانن و هەوڵی مسۆگەرکردنی بە پێویست نەزانن. لە کاتێکدا دابینکردنی ئاسایشی فەرهەنگی ڕێگە لە پێش چارەسەری زۆرێک لە کێشەکاندا ئاسان دەکات. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و زانست، جا بە هەر ڕێگەیەک بلوێت و لە بەردەستدا بێت، بەش بەحاڵی خۆیان ئاسایش لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا دابین دەکەن. دیارە پرۆژەی وەهایش لە کرۆکی کاروبارەکانی دەوڵەتە. دەزگە فەرهەنگییەکان لە پێش هەموویانەوە.

پەڕاوێزخستنی فەرهەنگ ڕێ بە پاشڤەرۆیی و توندوتیژی دەدات سەر دەربێنن. فەرهەنگی بەهێز و پێشکەوتوویش زامنی تەناهی و ناتوندوتیژییە. فەرهەنگ بە جارێک، دەیان دەروازە لە پێش توانا و ئارەزووی مرۆڤدا والا دەکات. دەروازەی زانست، دەروازەی هونەر و ئەدەب و جوانی، دەروازەی ئازادی و یەکسانی، فرەڕەنگی و فرەدەنگی، ئابووری و بەرگری و..

د. بورهان غلیون، لە وتارێکیدا بە نێونیشانی "تقافة التخلف/ فەرهەنگی بەجێمان" دەڵێ:

"شتێکی بەڵگەنەویستە کە وەرگرتنی مەعریفە و دەستاودەست پێکردنی ڕۆژانەی لەمڕۆدا و بەشێوەیەکی کاریگەرتر لە پاشەڕۆژیشدا دەبێتە گەورەترین تەوەری کێبڕکێی نێوان کۆمەڵگەکان و دەبێتە بناغەی سەرکەوتن و بەدەنگەوەچوونی پێداویستیی ئەندامەکانیان و هۆیەکیشە بۆ مسۆگەرکردنی

گوێڕایەڵییان. بە هەمان ئاست، لەم سەروبەندەدا مەعریفە هۆکاری یەکەمی پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی ژیانی مادی و مەعنەوییانە. ئەم وەرگرتنی مەعریفەیە و ئەو دەرئەنجامانەیشی وا بەشوێنیدا دێن لەم ڕۆژگارەدا، لە گرینگیدا وەک گوزارشتکردن لە ئەوێتی (هوية) وەهایە. ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەرەکیشە کە تووشی فەرهەنگی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان دەبێت. ئەو فەرهەنگەی لە بەدەستهێنانیدا شکست بخوات، ئەوا بەرە بەرە لە کێبڕکێی مێژوویی دوور دەکەوێتەوە و وەک فەرهەنگێکی کارا و زیندوو ڕۆڵی خۆی لەدەست دەدات و حوکمی فەوتان بەسەر خۆیدا دەدات. هیچی ئەوتۆی بۆ نامێنێتەوە بەدەر لە یادەوەریی فەرهەنگ، یان فەرهەنگی حەنین و یادەوەرییەکان."

لە دۆخی دواکەوتن و بەجێماندا (التخلف)، مەگەر توندوتیژی، پەڕگری، دەمارگیری، ئاژاوە، باوەڕهێنان بە هێزی غەیب، بە سیحر و فاڵگرتنەوە بەرهەم بهێنێ. ئەم دیاردانەیش ئەستەمە بتوانرێ بە زەبری هێزی چەکدار، یاخۆ لە ڕێی بەرزکردنەوەی دروشمی ڕەنگاوڕەنگەوە چارەسەر و بنبڕ بکرێن. بگرە یەکخستنی تواناکانی ڕووناکبیران و دەزگە پێوەندیدارەکانی دەوڵەت بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی فەرهەنگی، کاریگەریی پتر و ئەنجامی باشتری دەبێ. دەکرێ بە هەردوولایان پلانی تۆکمە بۆ ئەم مەبەستە دابڕێژن و ئاسایشی گشتی بەرکەماڵ بکەن.

ئاسایشی فەرهەنگی بەوە دەستەبەر ناکرێ، ئێمە بێین دەرگە و پەنجەرەکان لەسەر خۆمان دابخەین و نەهێڵین چیی تر کتێب و سیدی و کلیپی بیانی ڕوو لە هەرێمەکەمان بکەن. یان بەوەی بچینەوە نێو قۆزاخەکەی خۆمان، گۆشەگیر و لاگر بوەستین. یان گەنمگردی زمانی هەڕەشە بەکار بهێنین و ترس بنێیتە نێو دڵی نەوەی نوێوە. بگرە لەو ڕێیەوە فەراهەم دەبێ، کە ئێمە بتوانین فەرهەنگێکی ساغڵەم و لەباری وەها بەرهەم بهێنین، لەگەڵ سایکۆلۆجیای تاکەکاندا گونجاو بێت، بە مەرجێک لە سەردەم دانەبڕێین و لە نێو ئەم زەمانەدا بژین، چێژ و سوودیشی لێ ببینین. بناغەیەکی وەها

دابڕێژین بەرگـــەی هـەڵکردنـی زریانـی دەرەکـی بگرێت. تژی بێت لـە بەهـای هونەری. وەها کـە بۆمـان هەبێ شـانازی پـێوە بکەیـن، دوور لە خـۆپەرسـتی و بوغزاندنی فەرهەنگی گەلانی دوور و نزیک بە خۆمان.

کۆمـەڵگەی پاشـڤـەرۆی نەخـوێندەوار، برێکـی زۆر ڕک و توندوتیـژی بەرهەم دەهێنێ. لە هـەرکـوێیەک فەرهـەنگ ناچالاک یان بزر بێ، توندوتیژی لەوێندەرێ گەرا دادەنێت. تۆ هـەروا بڕوانە سۆماڵ و ئەفغانستان و یەمەن. تەواوی جەنگە نێوخـۆیییـەکـانیش بەرهـەمی جڤـاکی دواکـەوتوون. چونکە ئەم جـۆرە جڤـاکـانە لێوانلێون لە بارگرژی و ناکۆکی، کێشەی درێژخـایەن، دابەزینی بەهای مرۆڤ و مـرۆڤـایـەتی. کـەواتـە بە مـەبـەسـتی پێشـخـسـتنی ئەم جـۆرە جڤـاکـانە، لە دارِشـتنی هـەر جـۆرە پرۆژەیەکـدا، چاکـتـر وایە، بەر لە هـەر شـتێک، بیـر لە خـودی مـرۆڤـە دواکـەوتووەکـان بکرێتـەوە. لە پێشـدا هـەوڵی گـۆڕینـی ئەوان بدرێت. دەنا ئـێمـە هـەرچی ڕەنجـێک بەنیـازی گەشـە و پێشـڤـەچوون بدەین، مـایەپووچ و ڕەنج بەخـەسـار دەبین. گـەرەکـە لە هـەر پرۆژەیەکی پەرەپێـداندا، خودی مرۆڤ ڕەگەزی سەرەکی و ئامانج بێت.

کوردی باشـوور لە حاڵی حازردا، بەو برە پارەیەی ساڵانە لە بودجەی وڵاتـی عـێـراق دەیکەوێت، لـە ڕیزی گـەلە هەرە دەوڵەمـەندەکـانی نـاوچەکـەدایە. وەلێ ئەگەر لە لایەنە فەرهـەنگییەکەی ورد ببینەوە، ڕەنگە لە ڕیزی گەلە هەژارەکاندا بێت. لانی کـەم زمـانەکـەی، کە بەشـی هـەرە گرینگی ئەوێتیی (هویة) ئەم گـەلە پێک دێنێ لـە ژێر هەڕەشـەی دێوانگۆڕدایە. دیارە هـەر فـەرهـەنگیشـە بتـوانێت گـرووپـەکی ئیـتنیکی بکاتە خـاوەنی ڕواڵەت و تـایبـەتمـەندییـەکـانی خـۆی و شکڵگیـری بکات. لە ئـاکــامـدا، تـاکـەکــانیـشـی شــانـازی بە تـەواوی ئەو تایبەتمەندییانەوە دەکەن.

فەرهەنگ فرە ڕەهەند و لایەنە. کتێب، زمان، خۆراک، حیکایەت و ئەفسانە، بنەما، تـرادشیۆن، پۆشـاک، سەما، ئاواز و گۆرانی، تەلارسازی و ئاینەکان.. بۆ نمـوونە هـەردوو ئاینـی ئێــزدایـەتی و یارســـان... هەمــوو ئـەمــانە لـە ڕێی بۆماوەوە دەگاتە نەوە و وەچەکان. هەر ئەمانەشن کە هـەر گرووپەکی مرۆییان

پێ دەناسرێتەوە و لەوانی تر جیایان دەکاتەوە و تایبەتمەندییان پێ دەبەخشێت. ئەمڕۆ بەهۆی ئامێرەکانی پێوەندی و گەیاندنەوە لەلایەک و پاڵەپەستۆی فەرهەنگی خۆرئاوا، ئەمەریکا بە تایبەتی لەلایەک، لەمپەرێک لە نێوان ئێمە و فەرهەنگە زاڵەکاندا نەماوە و دەرگەکان لەسەر پشتن. لەجێیە بیر لەوە بکەینەوە، ڕێ نەدەین ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەند و چاوخەڵەتێنە پڕ ئەزموونەی وا دەرگەی پێ گرتووین، فەرهەنگی ئێمە بسڕێتەوە و خۆی جێی بگرێتەوە. بە درێژاییی مێژوو، هەر هێزە بەدەستەڵاتەکان بوون ویستوویانە و ئێستایش دەیانەوێ فەرهەنگی خۆیان بەسەر گەلانی خیچاو و بێ دەستەڵاتدا زاڵ بکەن.

ئەم پاڵەپەستۆی فەرهەنگە، ڕێک وەک ئەوە وایە، گەلێکی تر بێت، بە زەبری هێز، ئەم وڵاتەی ئێمە پێمل بکات و خۆی جێی ئێمە بگرێتەوە.. یان بە واتایەکی تر، نابێت ماوە بدەین تەواوی فەرهەنگی ئێمە لاساییکردنەوە و هاوردە بێت. بەڵکو چاکتر وایە، تەنیا ئەو لایەنانەی فەرهەنگی بیانی کە سوودمان پێ دەگەیێنن و فەرهەنگی ئێمە مرۆڤانەتر و دەوڵەمەندتر دەکەن، ڕێیان پێ بدرێت. هاوکات چەند لە توانادا بێت، لایەنی گەشی فەرهەنگی خۆماڵی پێش بخرێت.

لەم سەدەیەدا، پشتگوێخستنی فەرهەنگی خۆماڵی یەکسانە بە لەبەینچوون و سڕینەوەی، چونکە فەرهەنگی ئەوانی تر بە ئاسانی جێی دەگرنەوە. مرۆڤی بەجێماویش لاژگ و سستە. وازی لە گۆڕان نییە. د. مستەفا حیجازی پێی وایە: "مرۆڤی دواکەوتوو پاڵپشتی ژینگە پاشڤەرۆکەی خۆیەتی و بەرگریشی لێ دەکات. ناخوازێ گۆڕانی بەسەردا بێت، چونکە بە بنیانی سایکۆلۆجی خۆیەوە وابەستەیە.. التخلف الإجتماعي، ص/٩"

هەژموونی فەرهەنگی خۆرئاوایی، ئەمەریکایی بە تایبەتی، دوای خیچانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، کە بەسەرکەوتنێکی مەزنی خۆی دەزانێت. کارێکی وەهای کردووە، میللەتانی دنیا بیرێکیش لە کولتوور و فەرهەنگی نیشتمانیی خۆیان بکەنەوە، هەروەک چۆن بیر لە ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی خۆراک

دەکەنەوە. دەکرێ ئێمە گرینگیی زۆر بەو لایەنانەی فەرهەنگی خۆمان بدەین کە لە ئێستادا هەست بە بێهێزییان دەکەین. واتە ئەوانەی بەرگەی باهۆزی فەرهەنگی دراوسێکانمان ناگرن. ڕەنگە داڕشتنی نەخشە و پلان بۆ پاراستنی ئەم ئاسایشی فەرهەنگییە، بە پلەی یەکەم ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیری، پەروەردە و پەرەپێدان بێت، ئەگەر دەزگەیەک بەناوی پەرەپێدانەوە هەبێت.

ماوەیەکی زۆرە، لە ولاتی میسر پەرە بە پرۆژەیەک بەناوی "خوێندنەوە بۆ هەمووان" دەدرێت. ڕەگیشەی ئەم پرۆژەیە بۆ ئەو توندوتیژی و بەیەکدادانە دەگەڕێتەوە، کە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە نێوان دەزگە ئەمنییەکانی حکوومەتی میسر و تاقمە پەرگر و دەمارگیرەکاندا ڕوویان دا. بە ڕادەیەک، چەند جارێک گەیشتە بەرەوڕووبوونەوەی چەکداری. لەوە دەچێت، دەوڵەت لەوێ، بیەوێ ئەم پرۆژەیە، وەک قەڵغانێک بۆ بەرگری لە بەرانبەر ئەو ڕەوتە دەمارگیرانەدا بەکار بهێنێ، کە سەریان لە شەڕەنگێزی و تیرۆر دەخورێت و بەنیازن یاساکانی ولات و شەرعییەتی ئەو یاسایانە ببەزێنن. لەوێندەرێ، لە (پرۆژەی خوێندنەوە بۆ هەمووان)دا، هاونیشتمانیی هزری ئینساندۆستی، لێبووردەیی، قەبووڵکردنی یەکودوو و ئەدەبی جوان دەخوێنێتەوە و لێیشی سوودمەند دەبێت. چونکە لە بەرانبەر هزری توندوتیژی و دەمارگیریشدا، ڕاوەستاوە.

ڕەخنە و گازندەی زۆرمان لەمەڕ بەجێمان، یاخۆ بە پاشکۆبوون و ئاستەنگەکانی موزیک و گۆرانیی کوردی ئەم سەردەمە بیستووە. کاریگەریی تاسێنەر و نەرێنیی موزیکی دەرودراوسێ لەسەر بەرهەمی خۆماڵی لە بەرچاوە و ڕوونە. لام وایە ئەو دۆخە شلۆق و نەرێنییەی موزیک و گۆرانیی خۆماڵی تێی کەوتووە، لە سۆنگەی ئەو کەلێنەوە سەری هەڵدابێت، کە کەوتووەتە دیواری فەرهەنگی ئێمەوە. ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بە یاسایەک، فۆتۆکردنەوەی (سیدی) هونەرمەندان قەدەغە بکات و (غەرامە)یەکی قورس بەسەر سەرپێچیکاراندا بسەپێنێت، ئەوا چالاکانی

بواری موزیک و گۆرانیی ئێمەیش، بە تایبەت ئەوانەیان کە کەسانی خاوەن توانا و قابیلن، دەکرێ لەسەر پێی خۆیان بوەستن و بەداهاتی بەرهەمی خۆیان بژین. بە شێوەیەکی ئەوتۆیش پەرە بە هونەرەکەیان بدەن، هەم رکابەری لە بەرانبەر بەرهەمی دراوسێکاندا بکەن و هەمیش ئاسایشی فەرهەنگی خۆمان، لەسەر ئاستی (گۆرانی و موزیک) بپارێزن و گەشەیشی پێ بدەن.

*

کەواتە چەمکی فەرهەنگ، هەموو ئەو بابەتانەی وەک خۆراک، پۆشاک، هونەری بیناسازی، ئەدەب، هونەر، ئاینە کۆنەکانی کورد و تەواوی بەرهەمە زارەکی و کاغەزییەکان کە لە دێرزەمانەوە پشتاوپشت بۆمان جێماون دەگرێتەوە. گەرەکە بەکەمیان نەزانین، تاکو هاوولاتیی کوردیش لە ئاستی دەرودراوسێدا فەرهەنگی خۆی بەکەم نەزانێت و لەلای خۆیەوە هەوڵ بدات پەرەیشیان پێ بدات و پێشیان بخات. چونکە فەرهەنگیش لە جووڵە و رسکانی بەردەوامدایە. هەر فەرهەنگیشە ئێمە دەباتەوە سەر بناوانی شارستانییەت. چونکە هەر تەرحە فەرهەنگێک رواڵەت، شەقڵ و بنیاتی تایبەت بەخۆی هەیە.

دڵنیابە هەر ئەویشە دەمانباتەوە سەر ژیارێک، کە رۆژێک لە رۆژان، لە مێژوودا درەوشاوە بووە و تایبەتمەندیی خۆی هەبووە. لە ئێستایشدا جێ پەنجەی گەلێکی مێژووکردی پێوە دیارە، کە شانبەشانی گەلانی دەوروبەر چالاک بووە و خاوەنی ئەوێتیی (هوية) خۆی بووە و شانازیی بەخۆیەوە کردووە. بەو فیگەرە جوانانەی کە دای هێناون خۆی لە دەرودراوسێ جیا کردووەتەوە. ئەو فیگەرانە جۆگەن، ئەگەر ئێمە دوایان بکەوین ئەوا دەمانبەنەوە سەر بناوانی ژیارێک کە لە هەرەتی مێژووییی خۆیدا درەوشاوە بووە.

لایەنە پێوەندیدارەکانیش، گەرەکە لە هەوڵی ئەوەدا بن ئەو دەستخەت و چاپکراوانەی پەرپوەی هەندەران بوون و کەوتوونەتە کتێبخانەکانی جیهان،

کۆیان بکەنەوە، ئەو ئاسەوارانەیشی سەردەمانێک لە نائامادەییی خۆماندا، لە هەر ڕێگەیەکەوە بووبێ، پەڕیونەتە نێو دێرینخانەکانی دنیا. بیانگێڕنەوە و لەلای خۆمان بیانپارێزن. هەروەک گەرەکە شوێنەوارە مێژووییەکان بپارێزین. لە دوا جاردا پاراستنی ئاسایشی فەرهەنگی دەکاتە پاراستنی ئەوێتی و گوێڕایەڵی تاکی کورد بۆ بنج و زێدی خۆی. بۆ هەرچی لەسەر ئەو خاکە و لە بن ئەو خاکەیشدا بوونی هەیە. بەرگریکردن لەو فەرهەنگەیش دڵنیایی دەبەخشێتە تاکەکان و کەسایەتیی تاکی کورد بەهێزتر دەکات. دنەی دەدات بڕوای بەخۆی هەبێت. پێداگر بێت و بەکوردبوونی خۆی خۆشحاڵ بێت.

ئەو فەرهەنگە وەک نوێنەر و زمانحاڵی تاکی کوردە، کە بە درێژاییی مێژوو لە ملانێ و بەرەوڕووبوونەوەدا، یان لە گوتوبێژیدا لەگەڵ ژینگەکەی خۆیدا، چێ بووە. واتە مێژووکردە و وەک پێدوایستییەکی ژیانی و ژیاری، لە ئامێزی ژینگەکەی خۆیەوە هەڵقووڵاوە و بە ڕۆح و مگێزی ئەو تاکانە ساز و ئاشنایە. چونکە فەرهەنگ، کەڵەکبوونی شارەزاییی (خبرة) نەوە لە دوای نەوەی ئەو گرووە مرۆڤەیە، بە درێژاییی مێژوو، لە دەمی بەریەککەوتن و گوتوبێژیان، لە تەک یەکدا و لە تەک سروشتەکەیاندا و لە تەک دەوروبەردا پەیدایان کردووە؛ پاراستوویانە و بۆیان ماوەتەوە و گەشەیان پێ داوە. بۆیە تاکی کورد لە نێو دنیای ڕەنگاوڕەنگی ئەو فەرهەنگە خۆماڵییەدا وا دەزانێت لە ئامێزی گەرمی کەسوکاری خۆیدایە و لە گوێ ئاگردانی ئاوەدانیی خۆیەتی. هەست بەئاسایش و ئولفەت، هاودەنگی و سۆزبەندی، دڵنیایی و سەرخۆبوون دەکات.

سەرنج: لە (فەرهەنگ)، ژمارە (٤)، ڕۆژی (٢٠٠٩/١٠/١١) دا، بڵاو بووەتەوە.

# چیرۆک و مەعریفە

کاتێک دەڵێین چیرۆک مەعریفەیە، یان چیرۆکنووس مەعریفە بەرهەم دەهێنێ، پرسەکە وا بەو ڕاستەوخۆیی و ساکارییە ناکەوێتەوە، وەک هەندێک بۆی چوون. ئەم ئیدیعایە بەو واتایە نییە، گوایە چیرۆکەکان ئاوێنەی پێشکەوتنی زانست و هونەر بن، یان زانست و تەکنۆلۆجیای سەردەمیان بەرهەم هێنابێ. خۆ ژانری چیرۆک تیۆری زانستی و کارگەی بەرهەمهێن نییە، تاکو چیرۆکنووس بە خۆیدا ڕابپەرموێت و بە خوێنەرانی خۆی بڵێ، مژدەتان دەدەمێ، لەمەودوا چیی تر پێویستیتان بە خوێندنەوە و خۆپێگەیاندن نابێت. وەرن لێرە لە نێو دێری کۆچیرۆکەکانەوە بە زانست و مەعریفە شاد بن! نا، پرۆسێسەکە بەو میکانیزمە ئاسانە بەڕێوە ناچێت.

ئەوەندە هەیە ئەو مەعریفە و زانستەی کە چیرۆکنووس بە درێژاییی تەمەنی خۆی، وەک ئەزموونی ژیان، لە بان یەک هەڵی چنیون، لە پاڵ ئەو زانستانەی لە قۆناغەکانی خوێندندا فێریان بووە، لە تەک ئەو شارەزاییییەی لە ئەنجامی خوێندنەوە و بەشوێنداچوونی بەردەوام، هەم لە ڕشتەکەی خۆیدا و هەمیش لە بوارەکانی تردا بەدەستی هێناون، هاتووە لە دەقی چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا بۆ زمانی گوزارشت، هزر، شێواز، وێنەی جوان و تەکنیک، بە شێوەیەک وەری گێڕاون و بەگەڕی خستوون کە پێشتر لە پانتاییی هیچ دەقێکی تردا، بەو جۆرە بەرچاو نەکەوتوون.. ئەو ڕامان و داچەڵەکینەی کە بە کاریگەریی دەقەکانی ئەو، تووشی خوێنەر دەبێت و کار لە ناخ و هەستەکانیان دەکات، پێشتر لەلای نووسەری تر بەرچاو نەکەوتوون.

داهێنراوی ئەدەبی، وەک ئامێرێکی نوێ کار ناکات و بەدیار ناکەوێت، وەلێ چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت، داهێنانی نوێ بە بنیاتی دەقەکەوە دیار بێت،

تاکو گەواهیی ئەوەی بۆ بدات، کە نووسەرێکی بە توانای خاوەنی ئەزموون و مەعریفەی لە پشتەوەیە، کە دەتوانێ هەستەکانی خوێنەر گەشە پێ بدات. ڕوانینی خوێنەر بۆ دیاردەکان و بۆ دنیا، لە جاران جوانتر و قووڵتر بکات. خۆبەگەڕخستنی زمان بە شێوەیەکی نرتونوێ و سەرنجکێش و گەمەکردنی نوێ بە وشەکان لە بۆشاییەوە سەر هەڵنادەن. بەڵکو ئەمانە لە خۆیاندا، جۆرە چالاکییەکن لە پاشخانێکی تژی لە مەعریفەوە سەریان هەڵداوە. وێڕای ئەوەی، نووسەر لە نێو زماندا کنە و داهێنان دەکات و لای خۆیەوە پەرە بە زمان و بە چێژی خوێنەریش دەدات.

لەم بەستێنەدا، ئێمە پێویستیمان بە پێناسەی چیرۆک نابێت. وەلێ پێویستیمان بە چاوگێڕانێک بە چەمکی مەعریفەدا هەیە، تاکو شتێک لەمەڕ کارکردی ئەم چەمکە لەسەر هونەری چیرۆک بزانین. پێش هەموو شتێک، سەرچاوەکانی فەرهەنگ و مەعریفە چک ناکەن، بگرە بەردەوام جۆگەلەی نوێیان تێ دەڕژێ. هەرچی مەعریفە لە سەریەک کەڵەکەبووەکەیشە، گۆڕانی بەسەردا دێت و دەوڵەمەندتر دەبێت. هەروەک بۆی هەیە هەندێ جاریش ڕەت بکرێتەوە. ئەوەتا بەم دواییە، تیۆرییەکەی (داروین)، لەمەڕ ئەڵقە ونبووەکەی نێوان مرۆڤ و مەیموون، پووشێکی تێ کەوت، دوای ئەوەی زانایانی ئەمەریکا ئێسکەپەیکەری مرۆڤێکی زۆر کۆنیان دۆزییەوە.

مارکسییەک (وەک نموونە) هەڤۆتەکانی مارکس بە سەرچاوەی سەرەکیی مەعریفە دەزانێت. بۆیە هەرچی لەودیو مەتریالیزمی مێژوویی و مەتریالیزمی دایەلەکتیکەوە بێ، ئەو نایسەلمێنێ. ئەو پێی وایە کارکردی ئابووری و ملانێی بەردەوامی نێوان چینەکان بزوێنەری مێژوون. هەموو ڕێگەکانیش دەچنەوە سەر ملانێی چینایەتی. دواجار کرێکاران سیستمی سەرمایەداری بە سۆسیالیستی دەگۆڕن و دواڕۆژی مرۆڤایەتیش کۆمۆنیزمە.

وەلێ بەلای ئیماندارێکی موسڵمانەوە، سەرچاوەی سەرەکیی مەعریفە قورئانی حەکیمە. دواترێ نۆرە دێتە سەر سونەتی محەمەد و ڕا و بۆچوونی ئیمامەکان. یەک لە باری ئیماندارێکی کریستیان، ئەویش سەبارەت بە پرسی

مەعریفە سەرچاوەی خۆی هەیە. کەچی ڕەنگە فرۆیدییەک هیچ کام لەمانە بەسەرچاوەی سەرەکیی مەعریفە نەزانێ. وەلێ کاتێک مارکسییەک، یان ئیمانداریێکی موسڵمان، یان کریستیانێک لێی دەقەومێ و بە نەخۆشییەکی دەروونی گرفتار دەبێت، بە ناچاری ڕوو لە (کلینیک)ی شیکارە دەروونییەکەی لەمەڕ فرۆید، یان قوتابییانی فرۆید دەکات.

بەسەرێکی تر، زۆرێک لەم خاوەن باوەڕ و دیدە جیاوازانە کە لە نێو کۆمەڵدا هەن، لەو شارەزاییەی کە سەردەمێک کۆیان کردووەتەوە و بە قووڵی باوەڕیان پێی بووە، پەشیمان دەبنەوە. دەبینی لە پڕێکدا گۆڕانێکی گەوهەریی ئەوتۆ لە زەینی مارکسییەکدا پەیدا دەبێت، فەلسەفەی مەتریالیزم و سەرمایەکەی لە هەمبەر کارل مارکس (کەپیتاڵ) بە تەزبیحێکی سەد و یەک دەنکی دەگۆڕێتەوە و بادەداتەوە سەر ئاین و دەیکات بە مەرجەعی سەرەکیی مەعریفەی خۆی. یان دەبێتە کەسێکی وجوودی.. ئیمانداریێکیش بادەداتەوە و دەبێتە مارکسی. زانای فیزیک ئەلبێرت ئانشتاین هەر دیاردەیەکی دەبردەوە سەر تیۆری ڕێژەیی. ئەم هەموو ڕەدەڵ و بەدەڵ و تێکەولێکەیەیش نیشانەی گومان، ڕاڕایی و نادڵنیاییی مرۆڤەکانە. هەر لە ئەنجامی ئەم نادڵنیاییییەی مرۆڤیشەوەیە، کە ئەم هەموو ڕێبازە سۆفیگەری و فەلسەفییانە پەیدا بوون. کەم سەرچاوەی مەعریفەیش هەیە هەموو لایەک تەواو لەسەری کۆک بن.

دەشێ هەوڵی ڕامکردن و ڕاهێنان، یان گۆڕینی سروشت و هەرچییەک کە لەم سروشتەدا ئاشکرا و پەنهانە، بۆ خێر و خۆشیی مرۆڤ، چاکترین پێناسەی مەعریفە بێت. پرۆفیسۆر (یەحیا جەبر)، مەعریفە بەسەر سێ جەمسەردا دابەش دەکات. مەعریفەی هەستی، مەعریفەی مێنتاڵی (عەقلی) و مەعریفەی ئاخاوتن، (كلامي) بڕوانە: (دور المعرفة في تشكيل الذات). لە وتاری (ما وراء المعرفة)دا، (د. بەلیغ حەمدی) پێی وایە، وەک چۆن مەعریفە هەیە ئەودیو مەعریفەیش Metacognition هەیە، ئەمەیش هەموو ئەو کردانە دەگرێتەوە کە تاک بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆی دەیانگرێتە بەر، لە ڕەنگڕشتن و ڕاپەڕاندنی ئەو نەخشەیەوە بگرە، تا دەگاتە چارەسەری تەنگژەکان.

زەین (عەقڵ، مێنتاڵ) یەکێکە لە سەرچاوەکانی مەعریفە و خۆی لە ڕێی ئەزموونی ژیانەوە شت فێر دەبێت، بەڵام ئەزموونی ژیانی تاک چەند دەوڵەمەندیش بێت، هێشتا هەر بە تەواوی و لە هەموو بوارێکدا فریای تاک ناکەوێت. هەر دەبێ بە شێوەیەک لە شێوەکان لە دووی بگەڕێت و بەدەستی بخات.

هەرچۆنێک بێت مەعریفە بەپێی قامووسی ئۆکسفۆرد، "هەموو ئەو شارەزاییانەیە کە تاک دەتوانێت لە ڕێی خوێندن و خوێندنەوە و ئەزموونی خۆیەوە پێیان بگات. ئەو زانیارییانەی بە درێژاییی تەمەنی کۆیان دەکاتەوە، لە پاڵ ئەو هەموو ئەزموونەی کە لە بواری کاردا کەڵەکەی دەکات."

ئێمە وەختایێ چیرۆکێک دەخوێنینەوە، هەر لە شێوازەکەیەوە بیگرە، کە هەژموونی دەروونیی لەسەر ئێمەی خوێنەر هەیە و ناچاری کردووین تا خاڵی کۆتایی بە دوای ئەو دەقەوە بین و دەستبەرداری نەبین. دواتر ئەو داچەڵەکینەی پاش خوێندنەوەی ئەو دەقە تووشی دەبین و سەرسامان دەکات؛ هەروەها لە گۆشەنیگای ڕوانین و هۆشیاری و شێوەی پێشاندان و بەیەکداچوونی ملانێی نێوان قارەمانانی ئەو کێشەیەوە کە دەرکمان پێ کردووە، تێ دەگەین، چەند مەعریفە لە پشت ئەو دەقەوە پەنهانە.

سەرنج: لە ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (٣٣٣٩)ی ڕۆژی (٢٤/ ١٢/ ٢٠٠٩)دا، بڵاو بووەتەوە.

# زمانێکی نێرسالار

وەک زمانەکانی تری ناوچەکە، زمانی کوردییش نێرسالارە، ئەگەرچی نەک هەر ئێمە، بگرە هەموو گەلێکی ئەم جیهانە بە زمانی خۆی دەڵێت، زمانی دایک. ئەمەیش بەو سەبارەتەوەیە کە منداڵ، لە منداڵدانی دایکدا دەڕسکێت. کاتێکیش هاتە دنیاوە، دیسان یەکەم پێوەندی لە تەک دایکیدا گرێ دەدات؛ لە زاری دایکیشییەوە زمان فێر دەبێت. ئەو زمانە میللییەی کە ڕۆژانە لە نێو ماڵ و لە نێو کۆمەڵیشدا مامەڵەی پێ دەکرێت. ئەوە بۆیە گەلان، زمان بە مێینەوە دەبەستنەوە. وەلێ پێ دەچێ ئەمە زیاتر ڕای پەروەردەکاران (پێداگۆ) بێت، نەک ئەوانەی وا لە ڕەوشی زمان دەکۆڵنەوە.

پیاو لە دوو سەرەوە، هەم زارەکی و هەمیش نووسین، دەستەڵاتی ڕەهای بەسەر زماندا هەیە. ژنیش بەشدارییەکی کەمی لەو نەختاڵە فەرهەنگە زارەکی و نووسراوەی ئێمەدا کردووە، کە بە زۆری لە بەیت و حیکایەت، دواتر لە شیعردا بەرجەستە بووە. لە مێژووی کۆن و نوێدا، لە باشوور و باکوری کوردستاندا، تا درەنگانێکیش شاعیرێکی ژن دەرنەکەوتووە، وابێت توانیبێتی بە زمانی کوردی، وەک مێینەیەک، لەسەر شێوەی مەستوورەی ئەردەڵانی لە دیوی خۆرهەڵات، کار لە نێو زمانی نووسراودا بکات.

ئەو ژنەی زمان بۆ نووسین بەکار بهێنێت، واتە توانیوێتی چوار دیواری ماڵ جێ بێڵێت، بەهۆی ڕا و بۆچوونەکان و تێزەکانییەوە بچێتە نێو ئاپۆڕای خەڵکەوە. ژنی لەم جۆرە، ناوی دەچێتە سەر بەرگی کتێب و دەکەوێتە بەرچاو و سەر زاری خەڵک. ئەوسا ڕەنگە هەبن بە شوێن کەسایەتیی ئەودا بگەڕێن و بیانەوێ لە نزیکەوە بیناسن. لە دۆخی وەهایشدا هەوادار و نەیاریشی بۆ پەیدا دەبێ. بەرهەمەکەی دەخوێندرێتەوە و قسەی لەسەر دەکرێت. واتە ئەو بە

هزر و بۆچوونەکانی کارکردی لەسەر زەینی خوێنەرانی خۆی دەبێت. ڕەنگە کێشەیشی بۆ دروست ببێت. دەشێ پیاوانی وەها هەبن، هەوڵ بدەن تەنگی پێ هەڵبچنن، یان دەشێ بیر لەوەیش بکەنەوە بیکەنە مولکی خۆیان. هەرچۆنێک بێت، ئەوی مێینە، دوای ئەوەی دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە نووسراوەکانی کرد، ئیدی بە هزر و جەستەیەوە لە نێو خەڵکدایە، کە پێشتر ئەو تەنیا بە جەستە و لە ڕووبەرێکی بەرتەسکدا ئامادە بووە.

شارستانەتەکانی جیهان دەستکاری میر و پادشایانن، کە تێکڕایان پیاوەیل بوون. کەواتە هەر پیاویشە ژنی لە مافەکانی خۆی بێ بەش کردووە؛ بە مافی ئازادیی بەکاربردنی زمانیشەوە. چونکە ئەو خۆی بە تاقی تەنیا دەستی بەسەر زماندا گرتووە. لە درێژاییی مێژوودا، فەیلەسووفێکی ناسراوی ژن هەڵنەکەوتووە ئاماژەی پێ بدرێ. یان ڕاستتر وایە بێژین، پیاو بواری بە ژن نەداوە خۆی بۆ کاروباری هزر و فەرهەنگ تەرخان بکات؛ چونکە ژن وەک هزر و مێنتاڵ چاوی لێ نەکراوە، بەڵکو ژن تەنیا وەک جەستەیەکی جوانی ئیشتیهابزوێن بۆی ڕوانراوە. بۆیە نەیپەرژاوەتە سەر ئەوەی، لەلای خۆیەوە مەڵۆیەک بخاتە سەر خەرمانی زمان و جێدەستی خۆی لەو پانتاییە گرینگەدا دیاری بکات. بێگومان، ئەگەر ژن ڕۆڵی بەرچاوی لەم بەستێنەدا هەبووایە، ئەوا دڵنیابە زمانی ئێمەی لە ئێستا، دەوڵەمەندتر، نەرمونیانتر و موزیکیتریش دەکرد.

پیاوەیل هەردەم سەرقافڵەی کاروانی مێژوو بوون. تێکڕای سەرکردەکان پیاو بوونە. بە دەگمەن لە مێژووی ئێمەدا ژنێکی ئەوتۆ هەڵکەوتبێ لە کاروبارە گرینگەکاندا قسەی خۆی هەبووبێ؛ تاکو ئێستا لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین. هەر پیاوەکان خۆیشیان بوون ئەو نەختاڵە مێژووە ناڕوونەیشیان نووسیوەتەوە.

لە کۆهەقایەتی (مەملەکەتی ماسی)دا ئاماژەم پێ داوە کە ژنە مووسایی هەبوون لە شار و شارەدێیەکانی باشووری کوردستاندا حیکایەتیان گێڕاوەتەوە. واتە ئەوان زارەکی کاریان لە زماندا کردووە. دیارە کارکردی

گێڕانەوەکانیش کاتی بووە. هەقایەت لە کنەمە، بە زۆری لەلایەن داپیرەکانەوە گێڕدراوەتەوە نەک باپیرەکان. وەلێ ڕۆڵی ئەوان تەنیا گێڕانەوە بووە، واتە زارەکی بووە و با بردوویەتی. کاتێک کار هاتووەتە سەر تۆمارکردنیان، ژنان لەوێ ئامادە نەبوون. بەڵکو پیاوەکان هاتوون گێڕانەوەی حیکایەتەکانیان داوەتە پاڵ خۆیان و ڕۆڵی ژنیان لەم بوارەیشدا فەرامۆش کردووە. پیاوان لەم بەستێنەیشدا، دیسان ژنانیان دۆڵپێچ کردووە. بۆیە ئێستا بەدەگمەن ناوی ژنێک لەسەر بەرگی کۆهەقایەتێکی کوردەواری دەبینی.

لە نێو ماڵدا، پیاو دەمڕاست و وتاربێژ بووە، بواری بە ژنەکەی نەداوە بە نێوی خێزانەوە وتار بدات. دیوەخانیش جێی کۆبوونەوە و گوتوبێژی سوارچاکانی خێڵ بووە. ئەوان مەتەڵیان لە یەکتر داهێناوە و سەرگورشتەیان بۆ یەکتر گێڕاوەتەوە و گۆرانییان بۆ یەکودوو چڕیوە. ژن شەوانە تەنیا بۆ منداڵەکانی خۆی حیکایەتی گێڕاوەتەوە. کەواتە باندۆری مێینە لەسەر دەزگەی زمان سنووردار بووە.

تا دەوروبەری پەنجاکانی سەدەی ڕابردوویش. لە باشووری کوردستاندا پیاوەیلی حیکایەتخوان هەبوون، شەوانە لە قاوەخانەی شارە گەورەکاندا حیکایەتیان بۆ گوێدێری خۆیان دەگێڕایەوە، وەک (مەلا سمایل)، لە شاری سلێمانی. بێگومان تەواوی ئامادەبووانی ئەو مەجلیسەیش هەر پیاوەیل بوون.

وەکو تر لە نێو ئەو بەیتبێژانەدا، کە ناسراون و (ڕەحمان بەکر) هەرە دیارترینیانە؛ دیسانەکە ژنیان تێدا هەڵنەکەوتووە. چونکە ژن، بە تایبەتی لە دەرێی ماڵی خۆیدا، نابێ زۆر بدوێ. ژن دەبێ نتم و کەمدوو بێت. ژنی زۆروێژ لەلای پیاو پەسند نییە. کێ لە ئێوە وتاربێژێکی مێینەی بیستووە؟ ڕەنگە زۆربەتان ئیدیەمی (ڕەحە حەوت دەم)تان بیستبێ، کە دەشێ لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەر بە (إمرأة سليطة اللسان) بێتەوە. ئەو ژنەی زۆر بلێ، ئا بەم شێوەیە ناتۆرەی دوا دەخەن. وەلێ ڕەنگە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە چاکەکانی ئەو زمانە ستانداردەی کە نها نووسەرانی باشوور پێی دەنووسن ئەوە بێت کە بێلایەنە، جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا ناکات.

وەک چۆن لە مـێـژووی کـۆندا ژن بێـدەنگ و دەمکوت کـراوە. لە ئێـسـتـادا، شارستانەتیی نوێیش بە جۆرێکی تر ئەم ڕۆڵە دەبینێ. شارستانەتیی نوێیش بنیاتی ڕەگەزی مێینەی لە جەستەدا قەتیس کردووە. تۆ هەروا سەرنجی فیلم، سەما و گۆرانییەکان بدە. مێ لەم بەستێنانەدا جەستەیەکی جووڵاوی نیوە ڕووتە؛ سەما دەکات و جەستەی خۆی پێشانی نێرینەکان دەدات. بەم ئاکارەیشی دەیانخاتە داو. ئەم جۆرە مامەڵەیە لە تەک مێینەدا، وا خەریکە دەیشگاتە نێو گۆرانیی کوردی. ژن کاتێک جلوبەرگ بۆ کۆمپانیایەک نمایش دەکات، تاکە وتەیەکیشی لە دەم دەرنایەت. بەڵکو ئەو تەنیا بە زمانی جەستە پێوەندی لە تەک چاوی ئەوانی تری کڕیاردا گرێ دەدات. ئەو نادوێت، بەڵکو وەک پشیلەیەکی جوان، بێ خشپە بە پێش ئامادەبوواندا هەنگاو دەنێ. لە ڕاستیدا بە ڕەوت و ڕۆینی ئەو ژنانەی جلوبەرگ نمایش دەکەن دەوترێ (ڕەوتی پشیلە). ئەوان بە لەنجەولار، هەم خۆیان و هەمیش جلکەکان دەنوێنن. ئەوان بۆ پاراستن و بەردەوامی ئەو جەستە شووش و زراڤەیان دەبێ پەیڕەوی بەرنامەیەکی سەخت و تایبەت بکەن و لە زۆر جۆرە خۆراک پارێز بکەن.

تەنانەت هونەری حەوتەمیش بە شێوەیەکی نەرێنی ژنی وێنا کردووە. ڕۆڵی مێینە لە فیلمە بەراییەکانی سینەمادا، تا چەن دەیەیەکی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش هەر نەرێنی بوو. تەنیا بۆ پڕکردنەوەی ڕۆڵی مێینە بوو. ژن وەک جەستەیەکی جوانی بێ نێوەڕۆک پێشان دەدرا.

هەڵبژاردنی ساڵانەی شاجوانی وڵاتانیش، پرسێکی ترە، کە ژنی بە جەستەی ڕووت کردووە و حیسابێکی بۆ زەین و وشیاریی ئەو نەهێشتووەتەوە. لەم پێشبڕکێیەدا، ئەو مێینەیەیان تاجەکە لەسەر دەنێت کە بە جەستە جوان بێت. ئەم پێشبڕکێیە، لە پرێکدا کچۆڵەیەک دەکات بە ئەستێرە و دەرگەی نێوبانگ و سامانی بە ڕوودا واڵا دەکات. هەموو مەرجەکانی جوانیی جەستەی ئافرەت، بە شاجوانەکانیشەوە، پیاوان دایان ناوە و دەبێت پەیڕەو بکرێن. کام ژنەی بتوانێ بە جەستەی خۆی (نەک بە لێهاتوویی و وتەکانی) بەهێزتر، سەرنجی پیاو بە لای خۆیدا ڕابکێشێت،

ئەوەیان لەوانی تر جوانتر و نازدارترە. بۆیە ئێستا ژنانی ئەوروپا، لە هەر سەردەمێک زیاتر، بە پۆل ڕوو لە سەنتەرەکانی وەرزشیی لەشجوانی دەکەن و خەریکی بەژنی خۆزراڤکردنن.

لەم بوارەدا نووسەران، بە نووسەرانی ئێستایشەوە کە بە زۆری لە ڕەگەزی نێرن و دەستانێکیان هەیە. ئەوانیش بەپێی سەلیقە و مگێزی خۆیان ژن وێنا دەکەن، هەڵی دەسەنگێنن و پێوەری جوانیی بۆ دادەنێن.. وەلێ نووسەران کە لە نێو زماندا کار دەکەن، لە مێژووی بەشێکی زۆریاندا ژنێکی ئیلهامبەخش لە پشت بەرهەمەکانیانەوە ئامادە بووە. ڕەنگە نالی (١٨٠٠-١٨٥٦) حەبیبە و مەلای جزیری (١٥٧٦-١٦٤٠) سەلما و ئەحمەد هەردی (١٩٢٢-٢٠٠٦) ست فاتیمە، کە ناوێکی خوازراوە و (ع ح ب)، بەدری خان، کە دیسان ناوێکی خوازراوە، مەولەوی، عەنبەر خاتوونی خێزانی، ئەو کارە جوانانەی لە نێو زماندا پێ ئەنجام دابن.

سەرەتا ژن لە ڕێی خەیاڵەوە، واتە لە ڕێی ئەفراندنی ژانرێکی ئەدەبییەوە، بە جدی و بەهێز، پێی ناوەتە نێو پانتاییی زمانەوە. بەرینترین ڕووبەری ئەم خەیاڵەیش لە کۆهەقایەتی (هەزار و یەکشەوە)دایە، کاتێک (شەهرەزاد) بۆ ماوەی نزیکەی (سێ) ساڵان، بێ پسان، تا ئەو دەمەی دەبێتە خاوەنی دوو منداڵی نێرینە، شەوانە حیکایەت بۆ شا (شەهریار)ی مێردی دەگێڕێتەوە. لێرەدا ژن قسان دەکات و پیاو (شەهریار پاشا) تەنیا گوێگرە. ئەوی پادشا، مینا سیحر لێکراو، لە بن کاریگەریی واتا و نێوڕۆکی ئەو هەقایەتانەدایە، کە تەنیا هەر گێڕانەوەی چیرۆک لەخۆ ناگرن. بگرە لەوێدا شیعر و پەندیش هەن. شەهریار پاشا، بەرەو بیرکردنەوەی قووڵ پاڵ دەدەن. تا لە دوایین شەودا قەناعەت پەیدا دەکات، بە یەکجاری دەستبەرداری خدەی ژنکوژی دەبێت. "عبدالله محمد الغذامی" لەم بارەیەوە نووسیوێتی:

"شەهرەزاد هاتووە زمانی لە بەرانبەر ئەو دڕندەیەدا پیادە کردووە. ئەمەیش نەک بۆ ئەوەی بەسەر جەبەرووت و دەستەڵاتی ئەودا زاڵ ببێت و بیبەزێنێت، بگرە بۆ ئەوەی پەیمانی پێکەوە گونجان و یەکتر قەبووڵکردنی لە تەکدا

ببەستێت. لە بریتی ژنکوشتن، شەهرەزاد توانی پارێزگاری لە پێوەندیی هاوسەرگیری لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا بکات و سیستمی هاوسەرگیریشی لە مەترسی پاراست.. بڕوانە: المرأة واللغة، ط (٣)، ص/٧٢"

زمان دەزگەیەکی پیاوانەیە. پیاو لەوێوە وتار دەدات و وتار دەنووسێت و (چەلەحانێ) دەکات. بە ئارەزووی خۆی ئەم دیاردەیایان حەرام و ئەوی تریان حەڵاڵ دەکات. فێر دەبێت بنووسێت و بخوێنێتەوە. بەڵام تا ماوەیەکی کەمیش لەمەوبەر خوێندن لە مێینە قەدەغە بوو. بەندە قۆناغی سەرەتاییم لە شارەدێی قەرەداخ بەڕێ کرد، لە نێو نزیکەی سەد قوتابیدا، تەنیا لە پۆلی شەشەمدا ڕێکەوتی کچێکم بەناوی (لەبیبە) کردووە. ئەو کچۆڵەیەش بەهۆی بەڕێوەبەری شارەدێوە لە سلێمانییەوە پەڕیبووە قەرەداخ. واتە یان خوشکی، یانیش کچی بەڕێوەبەر بوو. هەر لەوێ لە مەدرەسە ئاینییەکەی (شێخ مستەفای قەرەداخیشدا ١٨٩٩-١٩٧١)، کە بە دەیان قوتابی وانەیان تێدا دەخوێند، یەک فەقێی مێینەیشیان تێدا نەبوو. لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیشدا لە شاری (هەڵەبجە) ڕێکەوتی تەنیا دوو قوتابیی مێینەم کردووە. یەکەمیان چونکە جوانکیلە بوو، بەر لەوەی ناوەندی تەواو بکات بەمێرد چوو، ئیدی وازی لە خوێندن هێنا. هەرچی دووەمیشیانە، درێژەی بەخوێندن دا.

تۆ هەروا سەرنج بدە، تاکو ئێستایش مێینە بەشەرمەوە مامەڵە لە تەک زماندا دەکات. نووسینەوەی بیرەوەری، کە لەم دواییانەدا بووە بە باو و لە خۆیدا واتای بەرەو پێشچوونی ڕۆڵی مرۆڤی تاک لە نێو کۆمەڵگەی نوێدا پێشان دەدات، کەچی هێشتا نەمانبینیوە مێینەیەک پرکێشیی ئەوەی کردبێت، بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە. پرکێشیی ئەوە بکات، وەک کەسێکی چالاک، لە یەکێک لە بوارەکانی ژیاندا، بە نووسین، ئەزموونی خۆی پیشانی ئەوانی تر بدات، تاکو لێی سوودمەند بن، ئەگەرچی لەم چاخەدا، ژنی بە ئەزموونی ئەوتۆمان هەن بیرەوەرییەکانیان شایانی تۆمارکردن و خوێندنەوە بن.

هەر پیاوانیش دەقی شانۆییەکانیان نووسیوە. تەنانەت لە ئەورووپای

مەڵبەندی شارستانەتدا، بەدەگمەن مێینە دەقی شانۆیی نووسیوە. واتە هەر پیاوەکانن گوتوبێژ (حوار) دەدەنە پاڵ مێینەکان. یان بەشێوەیەکی تر بڵێم، ئەوە پیاوانن لە بری ئەوان بیر دەکەنەوە. کە باس لە شانۆ و دەقی شانۆیی بێت، لەجێیە  باسی ئەو ئەزموونە تاڵەیش بکەین کە زۆر جاران بە ناچاری ئەکتەری پیاو هاتوون ڕۆڵی ژنیان لەسەر تەختی شانۆ و لە درامای تیڤیدا بینیوە. واتە لەم بوارانەیشدا، پیاوان لە بری ژنان زمانیان بەکار بردووە، هەر خۆشیان ڕۆڵی ژنیشیان بینیوە. لە ڕاستیدا هەر خۆیشیان بوون، تا ئەم دوایییە، چوونە سەر تەختەی شانۆ و هونەری نواندنیان لە مێینە قەدەغە کردبوو.

واتە مێژووی کۆنترۆڵکردنی زمان لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە بۆ دێرزەمان دەگەڕێتەوە. خۆ ئەگەر ژنان جاروبار  زمانیشیان بەکاربردبێ، ئەوا بە شەرمەوە لاسایی پیاوەکانیان کردووەتەوە. "الغذامی" دەڵێ: "ژن لە نوێ فەرهەنگی پیاو بەرهەم دەهێنێتەوە، بەم کارەیش دەستەڵاتی پیاو بەسەر فەرهەنگ و بەسەر خودی خۆیشیدا بەهێزتر دەکات.. بڕوانە: المرأة واللغة، ص/١٢٤"

ژنە نووسەری کورد، تا ئێستاکەیش بە زۆری، شیعر بەرهەم دێنن. شیعریش کەمترین وشەی پێویستە، ئەگەر لە چاو چیرۆک و ڕۆمان و دەقی شانۆیی و وتار و ڕاپۆرتی ڕۆژنامە و توێژینەوەدا بەراوردی بکەین.

کۆواری (گەلاوێژ ١٩٣٩-١٩٤٩) کە کۆوارێکی بە تەمەن و سەرەتایەکی بەهێز بوو لە بواری فەرهەنگ و هونەرە زمانییەکاندا، تەنیا ناوەکەی (ژنانە)ب وو، دەنا لە دەستەی نووسەرانەوە بگرە تا دەگاتە سەر پێرستی بابەتەکانی، چەند نووسەری ژن تێیدا چالاک بوو؟ ئەگەرچی ئەو کادیرانەی بەڕێوەیان بردووە منەوەری سەردەمی خۆیان بوون، وەلێ نەیانتوانیوە لە نەبوو، نووسەری ژن دابتاشن. حەوت ژمارەی جزوبەندکراوی ساڵی (١٩٤٣)ی ئەم کۆوارەم لە بەردەستدایە. لە ژمارە (٣)دا، کەسێک بەناوی (کچە کورد)، دوای سێ مانگان لە کۆچی دوایی برایەکەی، سەردانی گردی سەیوان دەکات و

ڕازێکی یەکلایەنەی بۆ دەردەبڕێ. لە ژمارە (٧)دا، لایەلایەی (ژنە جافێک) لە (کەلار)ەوە بڵاو بووەتەوە. وا پێ دەچێت گەورە نووسەرێکی ئەو سەردەمە نووسیبێتی. بیری کوردایەتی و نیشتمانی بە شیعرەکەوە دیارە. جارێکی تر (کچە کوردێک) بە (لایەلایە)یەکی تر بەشداری دەکات. وەلێ ئەمجارەیان شینی (ڕووناک) ناوێک دەکات، واتە کۆچکردووەکە (مێینەیە) لە کاتێکدا جاری یەکەم لایلایەی بۆ مەرگی (نەوشیروان)ی برای کردبوو. ئەمەیشیان نێوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتیی سیاسیی هەیە. لە دوا دێردا دەڵێ:

هەی لایلایە، کچم لایلایە

دەبا کچ و کوڕ وەک یەک بوونایە

هەرچۆنێک بێت، لە هەرسێ دۆخەکەدا ڕۆڵی ژن برێتییە لە گریان و کڕووزانەوە. ناوی نووسەرەکانیش نادیارن. جورئەتی ئەوەیان نەکردووە ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن. بە دووری نازانم لەلایەن نووسەری پیاوەوە نووسرابن. لە ڕۆژنامەی (ژین)ی لەمەڕ (پیرەمێرد)ی ڕۆشنبیر و شاعیریشدا، ژن جێدەستی دیار نییە. جێی وتنە، هەندێک ناوی ژنانە هەن، هەریەکە بە چەند بەرهەمێک بەشدارییان کردووە، وەلێ زۆرێک لەوانە ناوی وەهمی بوون، نووسەرە پیاوەکان دایان تاشیون. ئەمەیشیان بەو نیازە کردووە، هانی مێینە بدەن، زاتی ئەوە بکات پێ بنێتە ئەم مەیدانەوە، کە پیاوان قۆرخیان کردبوو.

لە کتێبی (مێنتەلێتیی خێڵ)دا باسی ئەوەم کردووە کە "مێژووی ژنی کورد، مێژوویەکە لە گریان و خۆڕنینەوە." ئەوان زارەکی سەردوولکەیان بۆ شەهید و مردووی خۆیان، بە تایبەتی بۆ مردووی نێرینە هۆنیوەتەوە و چڕیوە. واتە ژنان زارەکی زمانیان بەگەڕ خستووە. ژنانی کورد لەم سەردوولکانەدا تەنیا بە شان و باڵی پیاوانیاندا هەڵداوە؛ ئەویش لە پاش مەرگیان.

گۆرانییەکانی ژنان کە بە مشتێک وشە ڕایی دەبن، تاکو ئێستایش، هەر بە قەد و باڵا و خەت و خاڵی ژندا هەڵیان داوە. هەموومان هۆکاری ئەم دیاردە ناجۆرە دەزانین. وەلێ ئەگەر توێژەرێکی بیانی لەم دیاردەیە بکۆڵێتەوە، دوور نییە ئەو ژنە دەنگبێژانە بە (هاوجنسباز) بزانێت، کە بێگومان وا نییە.

تەنانەت (نالی)یش، مەستوورەی قەبووڵ نییە!

سەبارەت بە مەستوورە، لە کتێبی (مێژووی ئەردەڵان)دا هاتووە: "لە شاری سنە هاتە دنیا. ئەولەسەن بەگی باوکی ئەو کیژە ناودارە لە پیاوە ڕەسەنەکانی سنە بووە؛ بە ماە شەرەفی خوێندووە تا وەهای پێ گەیاندووە کە ناو دەرکا.. مێژووی ئەردەڵان، ل/١٥"

(مەستوورەی ئەردەڵانی)، زۆرێک لە شیعرەکانی بۆ کۆچی ناوادەی (خوسرەو خانی) مێردی نووسییەوە، کە میری ئەردەڵان بووە. دەتوانم بڵێم: زمانی کوردیی ڕازاوەتر و بە سۆز بارگاویتری کردووە. وەک ژنە کوردێکی بەوەفا، بە هەستێکی ژنانەی خەم تێزاوەوە، ڕاستەوخۆ ناوی هاوسەری کۆچکردووی دێنێت و دەیلاوێنێتەوە. ئەم خانمە شاعیرە یەکێکە لە ژنە هەرە زما نشیرینەکانی مێژووی کوردستان. بە زمانێکی ناسک بەسەر ئەدگار و بەسەر زەین و مێنتاڵی مێردەکەیدا، شیعری هەڵداوە کە بە تەمەنێکی کەمەوە بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە. دەشێ بڵێین لەو سەردەمەدا، لە قەڵەمڕەوی میرنشینی ئەردەڵاندا شێوەزاری هەورامی زمانی فەرمی بووە. شاعیران بە مەستوورەیشەوە بەم شێوەزارە شیرینە شیعریان هۆنیوەتەوە. مەستوورە خانم وێڕای شیعر، مێژوویشی نووسیوە. ئەوەیش بزانە کە لەو سەردەمدا دەگمەنە ژنێک شان بەشانی پیاوان شیعر بنووسێت، کە شاعیری پیاو بە ژمارە کەم بوون و شیعر نووسین وەک کارێکی پیاوانە سەیر کراوە.

جێی وتنە، ڕێزداران مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، کە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان بۆ دیوانی نالی کردووە؛ هەروەها محەمەدی مەلا کەریم کە پێیدا چووەتەوە، کەم و زۆر لە سۆنگەی ئەو شیعرە نەدواون، داخۆ بۆچی نالی بەو شێوە سێکسییە، لەسەر جەستەی مەستوورە خانم دەدوێت و ڕووت و قووتی دەکاتەوە؟ ئەدی بۆچی هیچ حیسابێکی بۆ هزر و هونەر و پێگەی فەرهەنگیی ئەو خانمە هەڵکەوتووە نەکردووە؟ ئەم شیعرەی نالی پێشینەیەکی سەیرە. جیهانێکە لە ئیرۆتیک Erotic، پێش نالی شاعیری تری کورد پێی تێ نەناوە! پرسیاری هەرە گرینگ لێرەدا ئەوەیە: داخۆ لە پای

چی نالی بەو شێوەیە هێرشی کردووەتە سەر مەستوورە خانم؟ شیعرەکە ئاوا دەست پێ دەکات:

مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بە حسابێ

هاتە خەوم ئەمشەو بە چ ناز و عیتابێ! (دیوانی نالی، ل/٦٠٣)

نالی شیعرەکەی خستووەتە قاڵبی خەونەوە و بەسەرهاتەکە ڕاستینە نییە. لەو خەونە سێکسییەدا، مەستوورەی شاعیر و دۆتمیر، بە پێی خۆی دێتە لای نالی و داوای لی دەکات بیکات بە ژن. ئیدی نالی، هونەر لە وەسفی ئەندامی مێینەی مەستوورە خانمدا دەنوێنێت و بەو شارەزاییەی خۆی کە لە هونەری شیعردا هەیەتی، بۆی دەیهۆنێتەوە. بە زیو، کاسی بلوور، پەڵە بەفر، چووزەرە ڕێواس، قەسری موعەللای لە ئاوێنە دروستکراو، خونچە و مەڕمەڕ و چەندین نەختینەی تری نایاب دەیشوبهێنێت. لەم خەونە سەرسوڕمێنەدا، لە نالی داوا دەکات گرێی کچێنیی بۆ بکاتەوە. دیارە کاری وەها لە جیهانی واقیعدا ئەگەری ڕوودانی نییە. نالی (یاربابل)ەکەی لەمەڕ خۆیشی، بە دەستی لە خوا پاڕانەوە درێژکراو و بە ئاڵای دەرگەی پیر و چاکان و بە دارعەسا دەشوبهێنێت. لە کۆتاییی شیعرەکەیشدا، نالی لەو خەون و خەیاڵاتە ژیوان دەبێتەوە، وەلێ پاش چی؟ ئێمە لێرەدا دەمانەوێ لە هۆکاری ڕاستینەی پشت نووسینی ئەم شیعرە بدوێین. کە پێم وایە تەنیا هۆکارێک نییە.

## سەبارەتی یەکەم

بە حیسابی ئەم شیعرە بێت، مەستوورە هێشتا کچە و نەگوێزراوەتەوە، وەلێ کچێکی نازدار و (حەسنا)یە، وەک (ئەدیب)یش ناسراوە. نالی لە یەکەم دێرەوە، بە تەڵفیسییەوە ئاماژە بەم دوو سیفەتەی مەستوورە خانم دەدا، کاتێک دەربڕینی (بە حسابێ) بۆ جوانی و پێگەی ئەدەبیی ئەو بەکار دەهێنێت و دەیخاتە ژێر پرسیارەوە. پێم وایە سەبارەتی یەکەمی ئەم شیعرە ئەوە بێت، نالی پێی قەبووڵ نییە مێینەیەک پڕکێشی ئەوە بکات شیعر بنووسێت، چونکە بەلای ئەوەوە شیعرنووسین کارێکی نێرانەیە. واتە نالی بەم شیعرەی، بە

توندی ناڕەزاییی خۆی دەردەبڕێت.

نالی وەک مەزنە شاعیرێک، ئەم دەستپێشخەرییەی مەستوورە خانمی لە پێش هەموو کەسێکدا، بە پڕکێشی و بە ڕکابەری بەرامبەر بە خۆی زانیوە. پێم وایە ئەگەر نالی مەستوورەی وەک شاعیر و نووسەر قەبووڵ بوایە، دەبوو هانی بدات و بەم بۆنەیەوە خۆشحاڵیی خۆی دەرببڕێت و پیرۆزباییشی لێ بکات.

## سەبارەتی دووەم

نالی مکایەڵییە، کە یەکێکە لە لکەکانی مەزنە خێڵی جاف. جافیش ساڵانە وەک هەموو خێڵە ڕەوەندەکانی تر، بەرەو کوێستانەکانی دیوی ئێران، بە تایبەتی چیاکانی دەوروبەری (سنە)ی پێتەختی میرنشینی ئەردەڵان، بۆ کوێستانخۆری کۆچیان کردووە. لەوێ وەک هەر خێڵێکی تری ڕەوەند، زیانەخرۆییان کردووە. واتە، پەز و وڵاخیان بەرداوەتە نێو قەدەغە و پاوان و مەزرای جووتیاران. لە بەرانبەردا دەستەڵاتدارانی میرنشینی (ئەردەڵان) هەڵیان کوتاوەتە سەریان و لێیان گرتوون و کوشتوون. پێ دەچێت نالی لە تۆڵەی ئەوانەدا کە (هاوخێڵ)ی خۆی بوون، ئەم شیعرەی نووسیبێ. جا چونکە مەستوورە جوانترین و ناسراوترین دۆتمیری دیوی ئەردەڵان بووە. ئەوا بە ڕووتکردنەوەی و خستنە ئەو گۆڕەی مەمکۆڵە و ڕان و بیللامانێ هەرامەکەی، دەق وەک ئەوە وایە (ڕۆمەت)ی تەواوی ئەردەڵانی لەوتاندبێت و خستبێتییە ئەو گۆڕە.

نووسەر، محەمەد سدیق بۆرەکەییش، تۆڵەی هەڵکوتانە سەر جافەکان لەلایەن دەستەڵاتی ئەردەڵانییەکانەوە دەکاتە پاساوی نووسینی ئەم شیعرە سێکسییە. نالی بەنیاز بووە لە پاڵ ئابڕووبردنی مەستوورە خانمدا تەواوی ئەردەڵانییەکان بەدناو بکات. ئەگەر سەرنجی وەڵامەکەی مەستوورە خانمیش بدەیت، دەبینی شەڕەشیعرێکە لە نێوان (نالی)ی جاف و مەستوورەی خانمخاسی ئەردەڵانیدا، لەسەر شێوەی داشۆرینی نێوان شاعیرە

عەرەبەکانی سەردەمی جاهیلیی نیمچە دوورگەی عەرەب، کە شاعیری ئەو دەمە، دەمڕاست و زمانحاڵی خێڵەکەی خۆی بووە. خێڵەکەی خۆی بەلاوە سەروەر و سەردەستە بووە، نەک نەتەوەکەی. بەڵکو ئەوان چەمکی (نیشتمان)یان لە خێڵەکەی خۆیاندا ناسیوە و بەرجەستە کردووە.

واتە ئەم شیعرەی نالی، تۆڵەسەندنەوەی خێڵەکییانەیە لە تەواوی ئەردەڵانییەکان، وەلێ لە تاکێکدا کە مەستوورەی جوانخاس و ئەدیبە، بەرجەستە بووە. بۆیەکا مەستوورە خانمیش کاتێک وەڵامی حەزرەتی نالی دەداتەوە ناجۆر ناوی خێڵەکەی دەهێنێت و نالی دەداتە پاڵ خێڵەکەی، وەک شاعیر و منەوەری چاخی خۆی نایناسێنێت. مەستوورە پێی دەڵێت: "جا من چیت پێ بڵێم، تۆ کە جافیت!)

نالی جافەنی، نالی جافەنی
چێش واچوون وەتۆ، تۆ کە جافەنی
چون ژەن بەدکار وەگەزافەنی

مەستوورە زۆر بەتوندی بەگژ حەزرەتی نالیدا چووەتەوە. لە ڕووی پێگە و ڕێگەی کۆمەڵایەتییەوە، نالی بە نزم و خۆی بە لووتکە دەزانێت و پێی دەڵێت: "چۆن نزمایی دەگاتە چیا!" هەروەها پێی دەڵێت: "بێ توخمە و زۆڵ!" لە بەرانبەر ڕووتکردنەوەی و باسی جەستەیدا، دەڵێت:

ئینە نیشانەی بوزورگی نییەن
ئینە ئازاتی و ستورگی نییەن

سەبارەتی سێیەم

نالی هەواداری میرنشینی بابان بووە و شیعری بۆ میرەکانیان وتووە. هەندێک بە شاعیری میرنشینی بابان ناوی دەبەن. لە نێوان بابان و میرنشینی ئەردەڵانیشدا کێشە و دژایەتی و ناکۆکیی بەردەوام هەبووە. باشترین تۆڵەیەک، نالی لەو میرنشینەی بکاتەوە ئەوەیە دەست بۆ مەستوورە بەرێت کە دەکرێت بە شەرەفی ئەو میرنشینەی حیساب کردبێت. واتە نالی

تۆڵەیەکی خێڵەکییانەی لێ کردوونەتەوە. ئەگینا خۆ بەر لەوەی (خوسرەوخانی ناکام) مەستوورە بخوازێت (حوسن جیهان) کە دەکاتە، کچی (فەتح عەلی شای قاجار) ژنی بووە. لێرەدا جێی پرسیارە. بۆچی نالی خەونی سێکسیی بە ژنی یەکەمی میرەوە نەبینیوە؟ بۆچی شیعری (سێکسی)ی بەسەر ئەودا هەڵنەداوە؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێین: چونکە نالی (مەستوورە)ی کچە کورد و شاعیری، بە شەرەفی (ڕۆمەت) ئیمارەتی ئەردەڵان زانیوە و ژنی یەکەمی خوسرەوخانی بە هەند نەگرتووە، با کچی (پادشا)ی سەرانسەری ئێرانیش بووبێت.

ئەردەڵانییەکانیش بە شاڵاوی سەر مەستوورە پتر نیگەران بوون، هەتا (حوسن جیهان)، چونکە بە هی خۆیانیان زانیوە. مەستوورە هەم بابی کەسێکی ناسراو بووە و هەم مێردی. ئا لێرەوە، وەک هەوادارێکی میرنشینی بابان، تۆڵەی لە تەواوی ئەردەڵانییەکان کردووەتەوە، کە دیسان دەکاتە تۆڵەی خێڵەکییانە. ڕووتکردنەوەی جەستەی مێینە و پێشاندانی ئەندامی زاوزێی، وەک لاقەکردنی وەهایە. چونکە جەستەی مێینە پێدەشتێکی بەیارە، بێجگە لە مێرد، بینینی، یان کێڵانی لە نێرینەکانی تر حەرامە!

وەکو تر دەشێ بڵێین، نالی کەیفی بە دەرکەوتنی مێینەیەک، کە کار لە نێو زماندا بکات نەهاتووە. بەهای مەستوورە لەلای حەزرەتی نالی لە جەستە و لە کرداری سێکسدا کۆ بووەتەوە. دڕاندنی پەردەی کچێنیی ئەو، یەکسانە بە سەرکەوتن بەسەریدا. نالی ئەوەندەی جەستە و هەستیارترین شوێنی (ماە شەرەف خانم) دەبینێ، نیو ئەوەندەیش پێگەی فەرهەنگی ئەو، کە لە شیعر و مێژوونووسیندا بەرجەستەیە نابینێ و هیچ گرینگییەکیشی بەم دوو لایەنە بەهێزەی ئەو نەداوە. بەلای حەزرەتی نالییەوە، بەهای مەستوورە لە ئەندامی زاوزێیدایە و بڕایەوە.

وا پێ دەچێ حەزرەتی نالی پێی قەبووڵ نەبووبێت ژنە کوردێک لە نێو زماندا توانای خۆی تاقی بکاتەوە، یان لەوانەیشە ئێرەییی پێ بردبێت! وەلێ هەستی پێ دەکرێت، کە هەردوو (ئەبولحەسەن)ی بابی مەستوورە و دواتر

هاوسەری مەستوورە، واتە میری ئەردەڵان، بواریان پێ داوە بە ئازادی تواناکانی خۆی پیادە بکات و پەرەیان پێ بدات. خودی مەستوورە، سەبارەت باوکی دەڵێت: "کیژی نۆبەرەی بووم، خۆشی ویستووم و پێی خوێندووم، زۆرم خوو دابووە سەر کتێب، هەموو جۆرە کتێبێکم دەخوێندەوە، لە ناویاندا زۆر لە تاریخ خۆشم دەهات.. بڕوانە: مێژووی ئەردەڵان، ل/١٦" جێی وتنە ئەم خانمە یەکەم ژنێکیشە کە مێژووی کورد دەنووسێتەوە.

واتە (ماه شەرف خانم) لە دوو بواری جیاوازدا، بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی چالاکیی نواندووە. لە کاتێکدا مێژوونووسین لەو سەردەمەدا تەنیا کاری پیاوان بووە. لە ڕاستیشدا، یەک لە باری ڕەگەزی مێ، لەو سەردەمەدا، هەنگاونانی بەرەو پەرێزی نووسین، لە پێش هەموو شتێکدا لە بەرانبەر دەستەڵاتی نێرینەکاندا، ڕاسان بووە، کە بە درێژاییی مێژوو زمانیان بۆ چاکەی خۆیان پەرژین کردووە.

سەرچاوە:
١- الغذامي، عبدالله محمد، المرأة واللغة، ط (٣)، المركز الثقافي العربي، دارالبيضاء، ٢٠٠٦.
٢- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فایتح عەبدولکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.
٣- مەستوورەی کوردستانی، مێژووی ئەردەڵان، وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی، هەژاری موکریانی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.
٤- کۆواری (گەلاوێژ)، ژمارە (٣) و (٧)، ساڵی، ١٩٤٣.

سەرنج: لە ژمارە (١٥٣)ی کۆواری (ڕامان)دا، (شوباتی ٢٠١٠) بڵاو بووەتەوە.

# مێشووله و فیل

ڕۆژانه خـەم بە پێی خۆی ڕوو دەکـاتە مـاڵەکـەت و ئەمـەندەیش زۆرە لـە ژمـارە نایـەت.. خـەمـی پچـڕانی کـارەبا خــەمی ئاوگـرتن و خــەمی گـرانی و پەتای هەمـەجۆر... مـرۆڤیش ناتوانێت تا سـەر فرمـێسک بڕێژێت و نێـوچاوان تێک بنێت و کـۆسـتکەوتووانە، دەسـتـەوئەژنـۆ دابنیـشـێت، چونکـە تاسـەر بەرگـەی پەستان و پاڵەپەستۆی ئەو دۆخە دەروونییە ناگرێ. بۆیە بۆ بەرگری لەخۆ و بۆ گۆڕینی ئەو دۆخـە، لە داخرانەوە بۆ کرانەوە. پێچـەوانەکەی هەڵدەبژێرێت، پەنا بۆ جـەفـەنگ و گـاڵتـە و گەپ دەبـات، خۆی فـرێش و سـارد دەکاتەوە و کـوڵی دەروونی خۆی دادەمرێنێتەوە.

سروشتی مرۆڤ وەهایە، چەند لە دۆخی سەختیشدا بژی، هێشتا هـەر، بیر لە ڕووبەڕێک بۆ جـەفـەنگ دەکـاتەوە. تاکو بۆ بەرەوڕووبوونـەوەیەکی نوێی ژیان خۆی تەیار و ئـامـادە بکاتەوە. هـەندێک جـاران، وەک ئامـرازێک بۆ بـەرگری لە خۆی، جـەفـەنگ دەخاتە کـار. کۆمـیدیایش (Comedy) دووکـەڵکێشـێکە لەوێوە مـرۆڤـی زوڵم لێکراو خــەمـەکـانی بەبا دەدات، دژ بە چەپاندن و (تابو)کـانی، سـێکس و ئایی و سیاسـەت دەوەسـتێتـەوە. بۆیە دەبینیت زۆرینەی نوکتەکانی ئێـمــەی ڕۆژهـەڵاتـی لە دەوری سـیـاسـەت و سـێکس و ئاین دەسـووڕێنەوە. (عەلائـەدین سـەجادی ١٩٠٧–١٩٨٤) خۆی زانای ئاینی بوو، کـەچی زۆرێک لە نوکتەکانی ڕشتەی مرواری، ڕەمزە ئاینییەکانیان کردووەتە نیشـانە.

وەک چۆن هـەر تاکێکی ئـاسـایی بۆی هـەیە نوکتە دابـهێنێت، نووسـەرانیش، شیعر، چیرۆک و ڕۆمانی ساتیرئامێز، هونەرمەندانیش شانۆگەریی کۆمیدی و فـیلمـی کـۆمــیـدی دادەهێنن. زۆر دیاردەی دزێویش لە کـۆمــەڵگەدا هـەن، بۆ بەگژداچوونەوەیان، چاکتر وایە ڕوو بکەیتە کۆمـیدیا. وەلێ ئاگەداربە کە ئەو

جووڵە و قسانەی زەمانێک، قاقا خەڵکیان بە پشتدا خستبووەوە، ئەمڕۆکە، مرۆڤ ناخەنە پێکەنین و مووشیان پێ نابزوێ. هەر بۆ نموونە کاریکاتێری سەردەمی (نووری سەعید) بۆ ئێستای سەردەمی (نووری مالیکی) دەست نادات. کێ بێت ئێستا بە گێڕانەوەی نوکتە لەسەر (عیزەت دووری) بزە بیگرێ؟ ڕەنگە هۆکارەکەیشی ئەوە بێت، ناوبراو ئێستا ئەو هێز و دەستەڵاتەی جارانی نەماوە. سەردەم و قۆناغی ئەومان بەجێ هێشتووە. نوکتە و کۆمیدیاش کاتێک کارکردی هەیە، بە ملهوڕێک پێ بکەنێت.

کاتێک ئێمەی هاونیشتمانی، نوکتە لەسەر دیکتاتۆرێک دەگێڕینەوە، لە خۆیدا واتای ئەوە دەگەیێنێت، ئەگەرچی ئەو کەسێتییەکی بەهێز و خاوەن دەستەڵاتیشە، وەلێ ئێمە لە زەین و گۆشەنیگای خۆماندا، بە جۆرێک لە جۆرەکان پشتیمان لە زەوی داوە و بەسەریدا زاڵ بووین، چونکە لە سەمتی گێڕانەوەی نوکتەکاندا، ئێمەی هاووڵاتی بە زەین و ئاکار و ڕەفتاری ئەو پێ کەنیوین.

کۆمیدیا. وەک چۆن بەپێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا دێت، لەگەڵ گۆڕینی ئاستی شارستانی و ژیاریی کۆمەڵگەیشدا، وەک هونەر و نێوەرۆک لە گۆڕاندایە. ئەو نوکتەیەی کە کوردێک دەخاتە پێکەنین؛ بە بیستنی بەپشتدا دەکەوێت و چاوی فرمێسکی تێ دەزێ، هێندەی تاڵە موویەکیش بابایەکی خەڵکی ئەو وڵاتە ساردانەی ئەسکەندناڤیا ناجووڵێنێ. بۆ نموونە، باوەڕ ناکەم کەسێک لەوێ بە گێڕانەوەی ئەم نوکتەیەی لای خوارەوە پێکەنینی بێت.

دوکتۆر و نەخۆش

جارێکیان نەخۆشێک چوو بۆ لای دوکتۆر. دوای ئەوەی دوکتۆرەکە لە پشکنینی بووەوە، نەخۆشەکە پرسی: "جەنابی دوکتۆر لە چ جۆرە خواردنێک پارێز بکەم؟"

دوکتۆرەکە وتی: "هەموو شتێک بخۆ بێجگە لە کرێیەکەی من!"

*

بەڵێ، کەسێک لەوێ بەم نوکتە کوردییە مووشی نابزوێ، چونکە نوژدار لەو

ولاتانە بە پارە نەخۆش چارەسەر ناکات. بۆیە، ئەگەر ئەم نوکتەیەیان بۆ بگێڕییەوە، تەقەی سەریان دێت و لێیشی تێ ناگەن. هەروەها تۆ چەند نوکتە لەسەر دیاردەی درۆ بگێڕییەوە، مەگەر دەگمەن، دەنا تاکی ئەوروپایی پێی پێ ناکەنێ، چونکە لەوێ، کەمتر تاک دەخزێنرێتە گۆشەیەکی وەهاوە، ناچار بە درۆکردن ببێت.. وەکی دی هەتا کۆمەڵگە ئاڵۆزتر و بەگرێ و گۆڵتر بێت، سەختترە تۆ بتوانی تاکەکانی بخەیتە حیلکەحیلکی پێکەنین. جا چونکە کێشەکانیشیان لە هی ئێمە جیاوازن؛ بۆیە تێکەوتن و هەڵوێستە پێکەنیناوییەکانیشیان هەر جیاوازن.

ئەو نوکتەیەی بۆ پێش ڕاپەڕین دەبوو بوو، دوای ڕاپەڕین کاریگەریی ئەوتۆی نەما. چونکە ئێستا دەبێ بەکێشەکانی ئێستا و بەو کەسانەی کە کێشەکانی ئێستایان دروست کردووە پێ بکەنین. کۆمیدیایش بەگشتی دوو لایەن دەکاتە ئامانجی و جێی گاڵتە و گەپ و پێکەنینی خەڵک: ملهوڕیی ملهوڕان و گەمژەییی گەمژەکان.

کاتێک هاووڵاتییەکی ئاسایی بەگێڕانەوەی نوکتەیەک لەسەر سەدام یان هەر دیکتاتۆرێکی دی دەکەوتە پێکەنین، مانای وایە دوو لایەن لێرەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. ئەو کەسەی دەیگێڕێتەوە و ئەوانەیشی وا گوێیان لێیەتی. چونکە لەو تافەدا مادام تۆی نوکتەزان بە خودی دیکتاتۆر پێ کەنیویت، مانای وایە بەسەریدا زاڵ بووی و لە ڕووی زەینی و هزرییەوە سەرکەوتنت بەسەریدا بەدەست هێناوە. ئەوت کردووە بە مەزە و بابەتی پێکەنین. بە خەڵکیش دەڵێی: ئەها خەڵکینە من لەو دیکتاتۆرەی کە ولاتێکی لە زەواق ناوە وریاتر و ژیرترم. واتە لە فاقی (گێڕانەوە)دا، دیکتاتۆر لە خوار خۆت و لە خوار ئەو جەماوەرەیشەوە دەبینیت کە نوکتەکەیان بۆ دەگێڕییەوە.

گرینگیی ساتیریش لەوەدایە، بتوانێت گوێگر یان خوێنەر دابچڵەکێنێت و ئازاریشی بدات؛ چونکە ئەو ساتیرە بۆ یەکەم جار، دیاردەیەکی دزێوی شاردراوە ئاشکرا دەکات، کە تۆ پێشتر لەلای خۆتەوە هەستت پێ نەکردبوو بەو ڕادەیە دزێو و کارەساتبار بوو بێت. بۆیە ئەوەندە پێی پێ دەکەنی تا سکت

ژان دەکات، وەلێ پێکەنینی فرمێسکاوی.

بەرناردشــۆ (١٨٥٦–١٩٥٠) دەڵێت: "هەمــوو ئەدەبێکی مــەزن، ئەدەبی ساخیرە" لەگەڵ ئەوەیشدا کە بێجگە لە ڕۆمان و دەقی شانۆیی، بە سەدان چیرۆکی (عەزیز نەسین) بۆ کوردی وەرگێڕدراون، کەچی کارکردی ئەوتۆیان لەســەر ئەدەبی کــوردی نەبووە. ئەو گــەلەی نەتوانێ ئەدەبی ســاتیر بەرهەم بهــێنێت، ئەوا بە دووری مــەزانە، ئەگــەر نووســەرانی ئەو گــەلە دووچاری نائومێدی بووبن.

ئەدەبی ساتیر بەر لەوەی سەرخستنە سەر کەسانێک بێت، دەربڕی ئەو خەم و کۆڤانەیە کە ڕۆژانە بەرەوڕووی مرۆڤی چەوساوە و بارگران دەبێتەوە. چەکێکە، چەوساوەکان هێرشی پێ دەکەنە سەر چەوسێنەران و ئامانجیش دەپێکن. ئەدەبی ساتیر، ئەدەبێکی بالآیە، نووسینی کارێکی هەروا ئاسان نییە. بۆیە پێویستی بەزەینی زیندوو و بەتێگەیشتنی قووڵی جووڵەی کۆمەڵگە هەیە. زمانێکی زیندووی ئەوتۆی دەوێ، ئازارەکان بە زەقی پێشــان بدات. کاتێک خــەوشــێک، دیاردەیەکی ناجۆر دەبینێت، ئەوەندە بە زەقی و قــووڵی بیخاتە پێش چاو، قوربەسەری پێ بخاتە پێکەنین. بۆ ئەوەی ئەدەبی ساتیر و کۆمیدیا گەشە بکات، نووسەر پێویستی بە ڕووبەرێک لە ئازادییش هەیە. وەلێ ساتیر و گاڵتەجاڕی (تهریج) هەودایەکیان نێوانە و زوو تێکەڵ بە یەک دەبن، ئەگەر نووسەر ئاگای لە قەڵەم و زەینی خۆی نەبێت.

هەردەم گەورەنووسەران ئەم تەرحە ئەدەبەیان نووسیوە. تۆ هەروا سەرنج بدە لە ئیسپانیادا، سێرڤانتێس. لە وڵاتی میسردا، تۆفیق ئەلحەکیم، لە تورکیادا، عەزیز نەسین. لە ئیرلەندە، بەرناردشۆ. خۆ ئەدەبی ساتیر تەنیا بۆ ئەوە نییە خەڵکی بخاتە پێکەنین و بڕایەوە، بگرە جۆرە ئەدەبێکە، ڕۆشنایی بەهێز دەخاتە سەر دیاردەیەکی دزێو و بەگژیدا دەچێتەوە. گۆڕین لە زەینی گوێگر، یان خوێنەردا، بەرانبەر بەو دیاردەیە، دێنێتە ئاراوە. چالاکییەکی ڕەخنەگرانەیشە لە فۆرمی جیاوازی ئەدەبی و هونەریدا خۆی دەنوێنێت. لە دێر زەمانەوە، دۆڵی میزۆپۆتامیا نیشتمانی ئەم تەرحە ئەدەبە بووە. ئەم

نموونەیەی لای خوارەوە، حیکایەتێکە، لانی کەم تەمەنی سێ هەزار ساڵ دەبێت، بە نووسینی بزماری لەسەر تاتی قوڕین نووسراوە و لە کتێبخانەکەی ئاشووربایپاڵدا دۆزراوەتەوە. فەرموو:

مێشوولە و فیل(*)

جارێکیان مێشوولەیەک لەسەر پشتی فیلێک نیشتەوە، فیلەکەیش دەڕۆیی. مێشوولەکە پێی وت: "داخۆ بارم قورس نەکردووی؟.. ئەگەر ماندووم کردووی، ئەوا هەرکە گەیشتینە دەم ئاوێک دادەبەزم!"

فیلەکە وەڵامی دایەوە: "تۆ کێیت؟.. هەستم نەکردووە تۆ لەسەر پشتم بیت. کاتی دابەزینیش هەر هەستی پێ ناکەم!"

سەرنج: لە ڕۆژنامەی (هەولێر)، ژمارە (٦٩٩)ی، ڕۆژی (٢٠١٠/١/١٢)دا، بڵاو بووەتەوە.

(*) بڕوانە: مقدمة في أدب العراق القديم، طه باقر، دار الحرية، بغداد، ١٩٧٦

# فیلی سپی

ئەفسانەیەک لە هیندستانەوە

بەری هەر شتێک، بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەر، پێم باشە بە کورتی، چەند قسەیەک لەسەر ئەم ئەفسانە هیندییە بکەم. ئێمە هەر دەبێ ئەم حیکایەتە لە ڕیزی ئەفسانەدا پۆلین بکەین، چونکە فیگەری یەکەم و گرینگ لێرەدا (فیل)ەکەیە. ئەوەتا لەسەری سەرەوە جێی خۆی کردووەتەوە و بووەتە نێونیشانی حیکایەتەکە. بەبێ ئامادەبوونی ئەم فیگەرەیش، حیکایەتەکە پێک نایەت و بەردەوام نابێت، کە ئەویش بوونەوەرێکی ئەفسانەییە. چونکە وەک ڕەنگ، ڕیزپەڕە و سپییە. وەک توانایش، زۆر سەرو فیلی ئاسایی کەوتووە، بەوەی لە ئاسمانە دوورەکانەوە، یان لە باخەکانی (بەهەشت)ەوە بۆ سەر زەمین فڕیوە. پاشانیش بەرەو ئاسمانە دوورەکان هەڵدەکشێتەوە. ئەم فیلە فڕندەیە کە وەک بەفر سپییە (ئایراڤاتا)ی ناوە. موڵکی خواوەند (ئیندرا)یە، کە لە ئەفسانە کۆنەکانی هیندستاندا، پادشای تەواوی خواوەندەکانە و ئاسمانن‌نشینە. جێی ئاماژەیە، وەک پێکهاتەی ئەفسانەکانی تری دنیا، سەفەری ئاسمانە دوورەکان، یان گەرمی و ساردیی کەش، یانژی نەمانی هەوا، هیچ کێشەیەک بۆ قارەمانەکان، لە خودی فیلەکەوە بۆ تەواوی ئەو خەڵکەی شار کە خولیای بینینی باخەکانی بەهەشت لە کەللەی داون، دروست ناکات.

شەوێک ئەم فیلە، لە ئاسمانڕا دادەبەزێتە سەر زەمین، بۆ نێو باخی شاهانە، کە (شانکار) گەورە باخەوانێتی. لەو شەوەدا شانکار بێدارە و بە ئەوقبوونەوە سەرنجی دەدات و چاودێریی دەکات. ئەوە یەکەم جاریشە شانکار فیلی سپی ببینێت. لە تافی گەڕانەوەیدا بۆ ئاسمان، شانکار بۆ ئەوەی

بەهەشت ببینێت، دەست بەکلکی فیلی سپییەوە دەگرێت و بۆ ئاسمان هەڵدەکشێت. پاشان هەر بەهۆی فیلی سپییەوە، چۆن سەرکەوتبوو، ئاوایش دێتەوە سەر زەمین. ئەو لە تەک خۆیدا میوەی بەهەشت دێنێت کە، قەبارەیان دە ئەوەندەی هەمان میوەیە لەسەر زەمین. دیارییەکانیش پێشکێش بە (لاکشمی)ی هاوسەری دەکات. داوایشی لێ دەکات نهێنیی ئەم گەشتە سەرسوورهێنە لەلای هیچ کەسێک نەدرکێنێت.

وەلێ لاکشمی کەسێکە، توانای پاراستنی نهێنیی نییە. سووک و باریک لە کن دەستەخوشکێکی خۆی کە، بە میوانی سەردانی کردووە، هەموو شتێک دەدرکێنێت. داوایشی لێ دەکات، ئەم نهێنییە نەباتە دەرەوە و لەلای هیچ کەسێک نەیدرکێنێت. وەلێ ئەم دەستەخوشکە، لەلای دەستەخوشکێکی تر دەیدرکێنێت و بەم شێوەیە، تا تەواوی خەڵکی شار بە نهێنییەکە دەزانن.

لەسەر شێوەی چیرۆک و ڕۆمانی هاوچەرخ، هەموو ئەفسانەیەکیش (تیمە) و (نامە)ی لە خۆیدا هەڵگرتووە. هەر ئەمەیش لایەنی گرینگی هەر ژانرێکە. ئەم ئەفسانە ڕۆژهەڵاتییە کۆنە، دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێت، کە ژن قسە لە زاریدا ناوەستێت و جێی متمانە نییە. پیاو نابێت نهێنی لەلای ژنی خۆیشی بدرکێنێت. لە بڵاوبوونەوەی نهێنییەکەدا تەنیا ژنانی شار بەرپرسن. ئەنجامەکەیشی ئەوەیە، کەسێک لەو شارەدا بە مراد ناگات و بە بینینی بەهەشت و چێژی میوەی بەهەشت شاد نابێت. ئەوە ژنەکانن کە نهێنیی گەشتی بەهەشت، قەبارەی میوەکان، گوڵ، بۆن و بەرامەی بەهەشت، بۆ پیاوەکانیان دەگێڕنەوە. هەمیشە کۆمەڵگەی نێرسالار زۆرێک لە شکستەکانی خۆی دەداتە پاڵ ڕەگەزی مێ. ئەم ئەفسانەیە پەندێکی کوردیم بیر دەهێنێتەوە کە دەڵێ: "قسە کەوتە زارێک، دەکەوێتە شارێک" ئەگەر هەڵەم لە گواستنەوەی پەندەکەدا نەکردبێت.

وەکو تر ئەفسانەی (فیلی سپی)، بەجۆریک لە جۆرەکان لەو ئەفسانە کۆنە دەچێت، کە ئۆباڵی دەرپەڕاندنی باوکە (ئادەم) و پاشان هەموو توخماتی مرۆڤ لە بەهەشت، دەداتە پاڵ دایکە (حەوا). چونکە، ئەوە (حەوا)یە کە

(ئادەم) دەخـاتە سـەر کـەڵکەڵەی ئەوەی لـە مـیـوە قـەدەغـەکـراوەکـەی باخی بەهەشت بخوات. لە ئەفسانەی (فیلی سپی)شدا، دیسان هەڵەی ژنان، لە پێش هەموویانەوە، هەڵەی (لاکشمی)ی هاوسەری (شانکار)ە، دەبێتە هۆی ئەوەی، خەڵکی شار نەتوانن بە سەردانی باخەکانی (بەهەشت) شاد ببن. وەلێ لە سەرگورشتەی ئادەم و حەوادا، زیاتر ئاین باڵی بەسەر ڕووداودا کێشاوە. ئادەم و حەوا لە بەهەشت قاو دەدرێن (دەردەکرێن) و بەهۆی ئەمانیشەوە تەواوی بەرەی مرۆڤ لە ژیانی ئاسوودەی نێو باخەکانی بەهەشت بێ بەش دەبن. لە ئەفسانەی فیلی سپیدا، دیسان، گوایە لە سۆنگەی دەمشڕیی ژنەوەیە، بە تایبەت ژنی یەکەم (لاکشمی)، کە ئەو خەڵکە ناتوانن بگەنە بەهەشت. ئێوە هەروا سەرنج لەم ڕستەیە بدەن: "شانکار لە نەفامیی ژنەکەی بێ تاقەت بوو!" فەرموون، ئەمەیش دەقی ئەفسانەی فیلی سپی:

*

شانکار، سەردەستەی باخەوانەکانی (ڕاجا) بوو. لە بەیانیی زووەوە تاکو تاریکی باڵی دەکێشا، ئەو لە باخی شاهانەدا کاری دەکرد، کە باخێکی فراوانی بە جۆرەها گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و چیمەنی سەوز و پڕ و بەهەمەجۆر درەختی بەرز و مەزن ڕازاوە بوو. ئەو گەڵا وەریوەکانی دەماڵی، گوڵەکانی ئاو دەدا. ئاگەداری نەمام و شەتڵی دەکرد. بژاری دەکرد و باخەکەی لە گژوگیای زیانیدە پاک دەکردەوە. زەوییەکەی پەین دەکرد. پەرژینەکانی دەبڕی و ڕێکی دەکردن. ئەو لەگەڵ (لاکشمی)ی خێزانیدا لە کوڵێتێکدا دەژیان، کە کەوتبووە سەراوردی باخەکەوە. لەوێوە، کە شوێنێکی ڕوانگە بوو، چاوی لە هەموو شتێک بوو.

شەوێکیان شانکار خەوی لێ زڕا. تا نیوەشەو لە جێدا گینگڵی دا و تەپاوتلی کرد. ئیدی قیت بووەوە و لەسەر تەختی نووستنەکەی ڕۆنیشت. بە ڕێکەوت لە پەنجەرەکەوە سەری کێشا. ئەو بڕوای بە چاوەکانی خۆی نەکرد! لەوانەیە کەسێکی تایبەت بووبێت و خۆی لێ گۆڕیبێ. جارێکی تریش سەری کێشایەوە، لەبەر تریفەی زیوینی مانگەشەوەکە، فیلێکی زەبەلاحی بینی،

لەسەرخۆ لەو دەوروبەرە دەلەوەڕا و گیای تەڕ و پاراوی دەخوارد. شانکار تەواو شڵەژا. بۆ خاتری خوا ئەم فیلە لە کوێوە پەیدا بوو؟ ئەوەیش لەولاوە بوەستێ، کە فیلەکە سپی بوو. شانکاریش هەرگیز پێشتر فیلی سپیی نەدیبوو. لە پڕ بیرێک بە مێشکیدا ڕەت بوو.

هاتەوە یادی کاتێک دایکی هەقایەتی بۆ دەگێڕایەوە. ئەو دەمە شانکار کوڕیژگەیەک بوو، چیرۆکەکانیش سەبارەت بە خواوەندەکانی ئاسمان بوون. ئیندرای (Indra) خواوەند پادشایان بوو. ئەو بە سواری ئایراڤاتاوە (Airavata) بوو. کە فیلێکی قەشەنگ بوو. پێستەکەی مینا بەفر سپی بوو. شانکار لە پڕێکدا بە هەڵچوونەوە وتی:

"لەوانەیە ئایراڤاتا بێ! لەو ناز و نیعمەتەی ئاسمان بێزار بووبێت و بەرەو زەمین فڕیبێت و بیەوێ ژیانێکی تر تاقی بکاتەوە. ئەگەر بێتو ئێستا دەستم بگاتە کلکی و توند بیگرم، ئەوا لە تەک خۆیدا هەڵم دەکێشێ، دەمبات و لەوێ هەموو شتە سەیر و سەمەرەکانی ئاسمان دەبینم!"

شانکار لە تەختی نووستنەکەی بازی دایە خوار. بێدەنگ خۆی دزییەوە و بێ چرپە، بە غاردان بەرەو فیلەکە چوو، نەبادا ژنەکەی بەئاگا بێت. شانکار لە پشت درەختێکەوە خۆی شاردەوە و کەوتە سەرنجدانی فیلەکە. کاتێک فیلەکە لە لەوەڕخۆریی گیا بووەوە، دەستی بە لەوەڕی بنچک و گەڵای دارمانگۆ و میوەی کاڵ و نیوە گەییو کرد. شانکار بێدەنگ ددانی بەخۆیدا گرت و تاکە وشەیەکی نارەزاییی لە زار دەرنەهات. ئەو خوازیاری ئەوە بوو لە تەکیدا بەرەو ئاسمان هەڵبکشێ. بۆیە نەیدەویست فیلەکە لە خۆی بڕەنجێنێ.

تەواو لەو دەمەدا کە خەریک بوو ڕۆژ دەبووەوە، فیلەکەیش تێرلەوەڕ بووبوو. بە خۆشحاڵییەوە لمۆزی بەرز کردەوە و کەوتە شەیپوور لێدان. شانکار زانی فیلەکە کاتی ڕۆیشتنی هاتووە. بە ڕاکردن چووە پشتی و کلکی گرت. ئایراڤاتا چون باڵندە حەوا کەوت. بە ماوەیەکی کورت سەر پەڵە هەورەکان کەوت. شانکار لەو بەرزاییییەوە بە وردی سەرنجی زەویی دەدا. لەوێوە باخی شاهانە وەک تیلماسکێکی بچووک دەینواند. دوای ئەوەی لە ئاسمان

نیشتەوە، شانکار کلکی ئایراڤاتای بەر دا، بە دەوروبەری خۆیدا ڕوانی. چاوەکانی پڕ بووبوون لە سەرسامی:

"وا پێ دەچیت ئێرە بەهەشتەکەی باخی خواوەند بێت!" لە پڕێکدا بە خۆشییەوە وەهای وت.

"تۆ سەیرکە درەختە جوانەکانی چەند گەورەن! خۆزگە دەمزانی باخەوانەکانی ئیندرا چ جۆرە پەینێک بەکار دێنن؟"

شانکار ئەو دەور و ناوە گەڕا و سەری لەو هەموو شتانە سووڕما. ئەو درەختی بینی دە ئەوەندەی ئەو درەختانە بوون، کە لەسەر زەوی دیبوونی. گەڵاکانیان دە جاران چڕتر و پڕتر بوون. میوەکان دە جاران خۆشتر و بەتامتر و گەڵاکان دە ئەوەندە بەڕەنگتر و درەوشاوەتر بوون.

شانکار ئەو ڕۆژەی بە چێژوەرگرتن لە دەستکاریی گەڵاکان و دیتنی گوڵ و تامی میوەی خۆش و ئاودار بەسەربرد، کە لە هەموو لایەک ڕوا بوون. دەمەو خۆرئاوا، لە پڕ بیری لەوە کردەوە، ئێستا ژنەکەی دانیشتووە و چاوەڕوانێتی بگەڕێتەوە ماڵ. ئەو دەیزانی ئێستا ژنەکەی چەند بۆی نیگەرانە. بۆیە بڕیاری دا:

"هەندێک شتی لەگەڵ خۆمدا بۆ دەبەمەوە. دیارییەکی ڕاستەقینەی لە ئاسمانەوە بۆ دەبەمەوە."

بیتیلنودی (betelnd) هەڵبژارد، کە هێندەی گوێزی هیند گەورە بوو. لەگەڵ گەڵایەکی بیتلنوددا، کە ئەوەندەی گەڵای دارمۆزێک دەبوو. بە جووتە خۆی و ژنەکەی حەزیان لە جاوینی بیتڵ بوو.

شەو بەسەردا هات و فیلەکە کەوتە شەیپوور لێدان. ئێستا ئیدی کاتی گەڕانەوەیە بۆ سەر زەوی. شانکار بە ڕاکردن گەیشتە لای فیلەکە و توند کلکی گرت. لە ماوەی چەند خولەکێکدا گەڕایەوە باخی شاهانە. خێرا گەڕایەوە ماڵ، بۆ لای ژنەکەی، کە بێ ئۆقرە چاوەڕوانی بوو. ژنە بە تووڕەییەوە پرسی:

"بۆ خاتری خوا، ئەم هەموو ماوە دوور و درێژە تۆ لە کوێ بووی؟"

شانکار وەڵامی دایەوە: "پێویست بەتووڕەبوون ناکات، تۆ جارێ سەیر بکە بزانە چیم بۆ هێناوی؟"

کاتێک بیتلنود و گەڵای نودی پێشانی لاکشمیی ژنی دا، زۆر سەرسام بوو، پرسی:

"ئەم شتە گەورە گەورانەت لە کوێ دۆزیوەتەوە؟"

"بێگومـــان لە ئاســـمـــان!" شـــانکار ئاوا وەڵامی دایەوە و لە نووکـــەوە بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. سەرەتا بڕوای پێ نەکرد. بەڵام کاتێک بەچاوی خۆی بیتلنود و گەڵای بیتلی بەو گەورەییە دیت، ئیدی ئەویش بڕوای پێ کرد. ئەمجا شانکار سەرنجی ڕاکێشا و ئاگەداری کردەوە:

"تۆ دەبێ ئەم شتانە وەک نهێنییەک بپارێزی، بیتلنودی وەها گەورە بە خۆی و گەڵا پانەکانییەوە بەشی ئەوەمان دەکات یەک هەفتە بیجاوین. بەڵام تۆ دەبێ ئاگەدار بیت، کە نابێ کەسێکی تر بەم نهێنییە بزانێ!"

لاکشمی قەولی دا و ئامادەییی خۆی پێشان دا، بەڵام دیتی کارێکی زۆر سەختە قەولەکەی بباتە سەر. بێگومان ئەو ماوەیەکی زۆر ددانی بەخۆیدا گرت و هیچی نەدرکاند.

کـــاتێک بۆ جـــاری داهاتوو، شـــانکار بۆ ئاســـمـــان هەڵکشـــایەوە، بە (مانگۆ)یەکی زۆر گەورە و سەرسووڕهێنی ئەوتۆوە گەڕایەوە، ژنەکەی هەرگیز لە ژیانیدا تامی نەکردبوو. ئەمەیش زیاتر خستییە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی لە کن دەستەخوشکەکانی باسی بەخت و تالعی گەورەی خۆی بکات. بەڵام لەو ماوەیەدا توانی ددان بە خۆیدا بگرێت و فریو نەخوات. ئیدی ئەوە بوو، کاتێک بۆ سێیەم جار پیاوەکەی بەرەو ئاسمان هەڵکشایەوە، ئەمجارەیان لە تەک خۆیدا گوڵێکی زۆر گەورەی بۆ هێنا، کە بۆن و بەرامەی هەموو ماڵەکەی پڕ کردبوو. یەکێک لە دەستەخوشکەکانی پرسی: "ئەم عەترە سەیر و بۆنخۆشەی بەکاری دێنی کامەیە و لە کوێت پەیدا کردووە؟"

لاکشمی وەڵامی دایەوە: "ئەوی ڕاستی بێ، هیچ جۆرە عەترێک گومان نابەم. ئەوە بۆنی گوڵە گەورەکەمە، دەتوانی سەرنجی بدەیت."

جا قسەش قسە ڕادەکێشێ. ئیدی لاکشمی کاتێک بەخۆی زانی تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ دەستەخوشکەکەی گێڕاوەتەوە. بەڵام ئەوە شتێکی سروشتییە، لاکشمی داوای لێ کرد و پەیمانیشی لێ وەرگرت، ئەم بەسەرهاتە لەلای هیچ کەسێکی تر باس نەکات. دەستەخوشکیشی بەڵێنی تەواوی دایە. بەڵام ئەو ژنێکی دەمشڕ و زۆربڵێ بوو، نەیدەتوانی نهێنی لەلای خۆی بپارێزێ. ئیدی ئەویش ڕووداوەکەی لەلای دەستەخوشکێکی خۆی باسکرد. دیارە دوای ئەوەی بەڵێنی لێ وەرگرتبوو، کە نابێ لەلای کەسی تر بیدرکێنێ.

ئەو دەستەخوشکە نزیکەیشی، پەیمانی پێ دابوو، باسەکە هەر لەلای خۆی دەمێنێتەوە. تمەس ئەمیش لەلای دەستەخوشکێکی خۆی درکاندبووی، کە ئەویش هەمدیسان پەیمانی دابوو لەلای کەس نەیدرکێنێ... بەم شێوەیە درکاندن بەردەوام بوو، تا دوا بە ژنی شارەکە بە نهێنییەکەیان زانی. ئەوانیش بۆ پیاوەکانیان گێڕایەوە. ماوەیەکی زۆری نەخایاند، کە هەموو خەڵکی شار بە نهێنییەکەی شانکاریان زانی.

بەیانییەکیان خەڵکی شار، کۆمەڵ کۆمەڵ بەشوێن یەکدا ڕوویان لە ماڵەکەی شانکار کرد. داوایان لێ کرد لە گەشتی ئایندەدا، لە تەک خۆیدا بۆ ئاسمانیان بەرێت. شانکار لە نەفامیی ژنەکەی بێ تاقەت بوو. بەڵام چی لە دەست دەهات؟ بۆیە نابەدڵ قایل بوو، وتی: "بەڵێ باشە. کەواتە دەوروبەری نیوەشەو، با هەموو لێرە، لە باخی شاهانە کۆ ببنەوە و ئامادە بن!"

ئیدی ئەو شەوە باخی پادشا دیمەنێکی سەیر و نامۆی هەبوو. ژمارەی ژنان و پیاوان لە ژمارەی درەختەکان زۆرتر بوو. بەڵام لە کاتێکدا درەختەکان بە شنەی با دەهەژان، کەچی مرۆڤەکان وەک لە مەرمەڕ داتاشرابن بێ جووڵە بوون.. ئەگەرچی فیلەکە لە هیکڕا پەیدا بوو، لێ نە کەسێک لە جێی خۆی جووڵا، نە کەسیش فزەیەکی لێوە هات.

بەرەبەیان شانکار لەسەرخۆ بەرەوڕووی ئەو حەشاماتە دەستی ڕاوەشاند. ئەمجا خۆی بە ڕاکردن چووە پشت فیلەکە و توند کلکی گرت. لاکشمیش توند قاچی مێردەکەی گرت. دەستەخوشکەکەیشی توند قاچەکانی ئەمی گرت. ژنی

پیاوەکەش هەروەها توند قاچەکانی پیاوەکەی خۆی گرت. بەم شێوەیە هەتا دوایی..

کاتێک فیلی سپی بەرەو ئاسمان هەڵکشا، زنجیرێکی دوور و درێژ، کە ئەڵقەکانی ژنان و پیاوان بوون، بە شوێن یەکدا بە کلکیدا شۆڕ بووبوونەوە. هەریەکە بەوی تردا خۆی هەڵواسیبوو. هەموو بۆ گەشتی ئاسمان بە حەواوە بوون. لە ناوەڕاستی گەشتەکەدا، دوا ژنی ئەم زنجیرە مرۆڤە نەیتوانی چی تر ددان بە خۆیدا بگرێت و لاپڕەسەنی خۆی بپارێزێت، بە پیاوەکەی وت:

"لاکشمی پێی وتین، کە میوە و گوڵەکانی ئاسمان زۆر گەورەن، بەڵام ئەو بە ڕاست و دروستی و بە تەواوی گەورەیی و قەبارەیانی بۆ دەستنیشان نەکردین. مەردی چاک بە داوا لەو هاوڕێیەی سەراوردی خۆت بکە با مشووری پرسیارەکەم بخوات؟"

ئیدی مێردی ژنەیش لەو پیاوەی پرسی، کە خۆی پێدا هەڵواسیبوو، ئەویش لە ژنەکەی خۆی پرسی. ئەویش پرسیارەکەی بەرەوڕووی سەرووی خۆی کردەوە. بەم شێوەیە هەتا دوایی.. تا لە ئەنجامدا پرسیارەکە گەیشتە لاکشمی. ئەویش لە پیاوەکەی خۆی پرسی:

"ئەوانە دەیانەوێ بە ڕاست و دروستی قەبارەی میوە و گوڵەکانی ئاسمان بزانن؟"

"کە گەیشتینە جێ دەتوانن بە چاوی خۆیان ببینن!"

شانکار ئاوا بە کورتی وەڵامی دایەوە. وەڵامەکەیش بە نێو ئەڵقە مرۆییەکاندا چووە خوارەوە. بەڵام ژنی خاوەن پرسیار، کە دوا ئەڵقەی ئەم زنجیرە درێژە بوو. ئەوەندە بێ ئۆقرە بوو، بەردەوام پرسیارەکەی پاتە دەکردەوە. تا لە ئەنجامدا لاکشمی لە پیاوەکەی پاڕایەوە:

"وا دیارە ئەو ژنە ئارامی لێ براوە، بۆیە لەم تۆزکاتەدا، تۆ ناچاری قەبارەی میوە و گوڵەکانی ئاسمانی پێ بڵێی!"

شانکار بە ڕادەیەکی زۆر لە گێلی و بێ ئۆقرەیی ژنەکە پەست بوو.. بە تووڕەییەوە وتی:

"هەر میوەیەکی ئەویٚ بگری دە هێندەی میوەکانی زەوی گەورەیە. تۆ خۆت دەزانی، کە بیتلنودەکە ئا ئەمەندە گەورە بوو..." بۆ ئەوەی بە ئاماژەی دەستەکانی قەبارەی میوەکە پێشان بدات، دەستی لە کلکی فیلەکە بەردا و...

هەموو ئەڵقەکانی زنجیرەکە، لە شانکارەوە، کە لاکشمی توند خۆی پێدا هەڵواسیبوو، تا دەستەخوشکەکەی، کە خۆی بەمدا هەڵواسیبوو، تا پیاوەکەی، کە خۆی بەودا هەڵواسیبوو، تا هاوڕێیەکەی، کە خۆی بەویشدا توند هەڵواسیبوو... هەموو ئەڵقەکانی زنجیرەکە، تا دەگاتە ژنە بێ ئۆقرەکە.. بەربوونەوە سەر زەوی و یەک بەسەر یەکدا کەوتن و پەرشوبڵاو بوونەوە.

سەرچاوە:

سەرگورشتەی: Leelawati Bhagwat

Folkeeventyr Fra Asien. Bog 1.

De fire skaldede mnd og

Syv andre eventyr

1. udgave 1979

## حەج.. شیعر و نوستالجیا

کۆشیعری حەج، بەرهەمی دڵشاد عەبدوڵایە، بڵاوکراوەی ئاراسە و ساڵی ۲۰۰۵ چاپ و پەخش بووە. لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی لەسەر تەنیا لایەنێکی ئەو شیعرانە بدوێم، کە بەسەر پشتی خەیاڵ دەفڕن و دەیان ساڵ دەگەڕێنە دواوە، بۆ دیدەنی گەورە شاعیران (نالی، دڵدار، مەولەوی، خەیام و حاجری) ئەو لایەنەیش شیعر و نوستالجیایە.. پێویستیش بەوە ناکات بۆ هەر ڕایەک کە دەری دەبڕم چەند نموونەیەک بهێنمەوە و نووسینەکەی پێ جەنجاڵ بکەم. کتێبی (حەج) لە بەردەستدایە، ئەگەر مەیلی لێ بێت، خوێنەر دەتوانێت بە ئاسانی بگەڕێتەوە سەر شیعرەکان.

دەقەکانی نێو کتێبی حەج بە جیهانێک لە وێنە و ئەفسانە و یادەوەرییە جوانەکان بارگاوی و دەوڵەمەندن و لە زۆر گۆشەنیگاوە شیاوی خوێندنەوەن.. دەقەکان ئەگەر بشێت بڵێین: (واقیعی بەخەیاڵکراو)ن. واتە ئەو زەمینە و کەسایەتییانەی بەشیعرکراون، لە مێژوودا هەبوون، شاعیر خواستوونی و لەلای خۆیەوە بە خەیاڵی کردوون، نەک نرتونوێ بووبێتن و لە خەیاڵدانی شاعیرەوە هاتبنە وجوود.

"هانا بۆ ڕابردووی جوانبردن، نوستالجیایە. هاوکات دوو ئامانج بەدی دێنێت: لەلایەک دەروون ئاسوودەیی بۆ ئەوانە فەراهەم دەکات کە توانای بەرەوڕووبوونەوەی گۆڕانکاری و کێشەکانی سەردەمیان نییە. لەلایەکی ترەوە پەناگەیەک لەبۆ هەڵاتن بۆ ئەوانەیش دابین دەکات کە سەردەم و گۆڕانکارییەکانی ڕەتدەکەنەوە... تركي الحمد، من هنا يبدأ التغيير، دار الساقي، ط(۱)، ۲۰۰۰، بيروت، لبنان، ص/۱۵۱"

پرسیارێکی پێوەند بە باسەکەمانەوە کە لەجێیە لێرەدا بورووژێنرێت

ئەمـەیە: بۆچی شـاعـیـری ئەمـڕۆ دێت تەمـاهی بە شـاعـیـرانی پێش خـۆیەوە دەکات، یان بەو گەرموگوڕی و بەتەنگەوە هاتنەوە یادیان دەکات و بە خەیاڵیان دەکات؟ ئەدی بۆچی ئەم مامەڵەیە لە تەک میرانی بابان و ئەردەڵاندا ناکات کە هاوسەردەمی زۆرێک لەو شاعیرە کۆنانە بوون؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێین: چونکە ئەو میرانە هیچی ئەوتۆی گرینگیان لە دەست نەهات بۆ ئەمڕۆ بشێت، تاکو جێی ناوهێنان بن و نەوەکانی پاش خۆیان لێ ببرێن یادیان بکەن، یان تێکەڵ بە شیعریان بکەن. بۆیە ئەوان لە توونی بابای مێژوودا ون بوون، لە کاتێکدا هەرچی شاعیرانە، وێڕای ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر جیهانی شیعردا هاتووە، کەچی هەر زیندوون و بەسەر زارەوەن. دەشێ بڵێین، ئەوان لە تەک شاعیرانی ئەم سەردەمەیشدا هاودەردن.

*

شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەو نووسەرانەی پێشتر پێیان ئاشنا بووە. غەریبی مەلا خدری نالی دەلاوێنێتەوە، ئەو زاتەی کاتێک (کووچە و کۆڵان پڕ بوون لە خەفییە) ئیدی چاوی بەراییی نەدا لە (شار) بمێنێتەوە و کۆچی کرد. دڵشاد لە نوێ دەیانهێنێتەوە یاد و دەیانخوێنێتەوە. بە خەیاڵی داهێنەرانەی خۆی دەیانجووڵێنێت و دەیان ڕازێنێتەوە. لێیان زیاد و کەم دەکات و دایان دەڕێژێتەوە. هەر خەیاڵیشە کە فریای نووسەر دەکەوێ. وەکو تر ئەم هەوڵە لە خۆیدا گەڕانەوەیشە بۆ لای ئیکۆنێک کە لە مێژووی ئێمەدا شکۆدارە. بۆ شاعیریش وا چاکترە شوێن سۆراخی ئەو جۆرە ئیکۆنانە بکەوێت کە لە سروشتی زێڕدا بوون. لەو دەهرە دوونەیشدا دڕ و داوێنیان بە چڵپاو نەلەوتا. شاعیر مافی خۆیشییەتی خەونی پێوە ببینێت، لە پاش مەرگی، ڕۆژێ لە ڕۆژان، نەوەیەکی نوێ یادی بکات و خۆزیا و بریای بۆ هەڵبکێشێت، بەڵکو بە پلە و پایەی ئەمی شاعیری کۆچکردوو بگات.

بۆ پێوەندیی گرێدان و وێناکردنی ئەو زەمانە، وەک دەرهێنەرێک، بە تەواوی ئەو دەستەواژە و (ئێکسسوار)انەی کە فەزای ئەو چاخە بەرجەستە دەکەن و دەلالەتیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە ئامادەیە. (عەبای حەریر، تاژی، غەیب،

جۆگە، کۆساران، تەواف، قەقنەس، گەڕەکی ئەرخەوان، حاجیلە، سەبەتەی شیعر، غەزەل، سەمای دەسماڵ، شنەی سەرکاوان، سیمرخ، چەند کۆترێکی کێویلە، سیراجەدین، ساقی، هەللاج، مەسیح، گۆزەساز و گۆزەفرۆش، بادەبەدەستان، شەرابی گوڵڕەنگ، بۆنی پونگ، مەیخانە، مەندیلی ئاوریشمی خەیاڵ، لوغز، کلچۆک، دەسرۆکە، چارۆگ، سنجاق، قۆچی گاکێوی، کاسەی زیوین، مێخەک، دەفژەن، تیروکەوان، شیر و قەڵغان، ئەسپ و زین و سوار، خەفیە، حەسوود، سوڵتان، خەت و خاڵ و زۆری تریش) ئەگەر بڵێی ئەم وشانەی کە دڵشاد بەکاری هێناون تەواو سادەن، وەلێ بە نموونەی ئەم مشتە وشەیە شیعرگەلێکی خولقاندووە شیاوی خوێندنەوەن.

بۆ گێڕانەوە و بەرجەستەکردنی ئەو سەردەمەیش حیکایەتخوانێکی کارا پێویستە. (سەرد)یش گەرەکە لە خاکوپای شیعردا بێت. شیعریش بۆی هەیە حیکایەت بگێڕێتەوە. بەگەڕخستنی ئەم فیگەرانە، بە نیازی دەوڵەمەندکردنی دەقە؛ بۆ ئەوەیشە لە هەموو لایەکەوە ڕۆشنایی بخاتە سەر ڕووداوگەلێک کە بۆ مێژوویەکی بڕێک کۆن دەگەڕێنەوە. تاکو دەقێکی ئەوتۆ بئەفرێنێت بە خوێنەر ئاشنا بێت و بەگیانی خۆش بێت. لە ڕاستیدا حیکایەتخوانەکە هەر خودی شاعیرە.

"سەدەی نۆزدە بە سۆنێتە کۆتاییی دێ:

ئیتر پێویست بە شیوەن ناکات بۆ ناسینەوەی"

ئەو فیگەرانەی بەکاری هێناون، بریتین لە ئیماژە و ئەفسانە و ڕووداوی غەریب و شێوازی گێڕانەوەی بەیت و لاوک، بۆ ئەو مەبەستەیە، لە پرۆسەی هێنانەوەی ڕابردوو بۆ ئێستا، سوودیان لێ ببینێ. بە کەشوهەوای سیحر و داستانەوە سەفەرەکانی دەگێڕێتەوە. ئەم فیگەرانە وەک خشڵیش وەهان، دڵشاد سینە و بەرۆکی شیعرەکانی پێ ڕازاندووەتەوە. سوود لە هونەری گێڕانەوەی بەیت و داستانی کوردی وەردەگرێت و ئاوا کۆتایی بە شیعری (هەوری مەیخانەکان) دێنێ:

"سواری من لە پێشی سوارانە لۆلۆ مەمۆ

ڕەنگی من لە پێشی ڕەنگانە هەی مەمۆ
لێ دنیا نەوەکی جارانە لۆ مەمۆ"

وەکی دی بە چاوی کامێرا و گوێی موزیکییەوە بە نێو زەماندا بۆ دۆزینەوەی نەختینە ئەدەبییەکان، بۆ ڕاوی گرتە و ئاوازی نوێی دڵڕفێن لە گەشتێکی سیحریدایە. شاعیر ئەگەرچی وەک هونەری شیعر بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێت، وەکو تر ئاوڕیش لە دواوە دەداتەوە. بە خەیاڵ لە ڕابردوودا قووڵ دەبێتەوە. وەلێ دەشێ بێژین، ڕابردوویەکە، یەک لە باری شیعر بە شکۆ و نەفس بەرزە. ئایا بە هێمنی دەگەڕێتەوە، یان دەم بە هاوار و چاو بە فرمێسک؟ لە تافی گەڕانەوەدا کاری سیحرئامێز ڕوو دەدات. لە (مامزە کوژراوەکانی حاجری)دا ئاوا دەگەڕێتەوە:

"ژوورەکەم ببوو بە باخچە
بۆ وەرزی تازە
خۆی ڕووت کردبووەوە"

*

شیعری (گۆڕستانی گەورە)یش، ئاوا کۆتاییی دێت:
"میری شاعیران هەر ناو و ناوبانگ نییە
گۆڕستان شوێنی یەکجاری شاعیر نییە"

*

ڕووداوە گرینگەکان دەکەونە زەمەنی ڕابردووەوە. ڕابردوو نیشتمانی بەیەکگەیشتنی فیگەرە جوانەکانە. یادەوەری لەبۆ نووسەر گرینگە. ڕەنگە لە کن خوێنەرانیش هەر بەو پێیە گرینگ بێت. ڕابردوو ڕوونییەکی لەدەستچووە، کاتێک ئێمە بە ئاڵۆزیی پێوەندییەکانی ئەم سەردەمە بەراوردی دەکەین. تەنانەت بە ئاڵۆزیی نێوان ئێستای ڕووناکبیرانیش. هەروەها سۆزبەندییەکی لەدەستچوویشە. لە کاتێکدا گەڕانەوەی ئەو سۆزبەندییە گەرموگوڕەی جاران مەحاڵە. شاعیر لە ڕووی دەروونییەوە دەچرووسێت کاتێک ئاوڕ لەو ڕۆژگارە

دەداتەوە. ڕۆژگارێک، بە کەسانێکەوە بەسترابێتەوە ئازیزن.. ڕابردوو خەونی لەدەستچووە، سەردەمی ئەفسوون و تەمەنی منداڵی و دنیای پڕ لە بەرائەتە. گەڕانەوەیە بۆ بنج و بناوان، بە شوێن سەرچاوە و ڕەگەماکاندا.

"کوا دارتووی سپیی سنجان کوا توو شیرین و بەئاو بوو ماچی پەنا گەلاکانی؟" چەندین (کوا)ی تریش..

گەڕانەوە، سەفەرە بۆ خزمەت کەسایەتییە مێژووییەکان، ئەو دەمەی زەمانە ئەگەرچی چەواشە و ژەنگگرتوویش بوو، کەچی ئەوانی زێڕئاسای لە درەوشانەوە نەخست. سەفەرە بۆ لای شاعیرانی سەرداری کێش، قافیە، ڕەزم و تەواوی وردەکارییەکانی هونەری شیعر. ئەو سەردەمەی شیعر بە گۆترە نەبوو، بەڵکو بە سەنگ و تەرازوو بوو.

کۆمەڵێک ڕەمز و ئیماژەی ساکار و تەواو ئاساییی ئەوسای هێناوە، کردوونی بە چاوساغی خوێنەر، دەستی دەگرن و بۆ نێو کەشوهەوای ئەو سەردەمانەی دەبەن. ئەو ئاماژە و ڕەمزانە هێز و ڕەوا لەوێوە وەردەگرن، کە یادگاری کۆنن، بە باوانی خۆمانەوە وابەستەن و بەکەلەپوور بوون. جوانی، واتا و هێزی دەربڕینیش لە ساکاریی ئەو وشانەدایە کە گوزارشتی پێ کردوون و بە شیعری کردوون. دەشێ بڵێین کەرەستەکانی حەج بریتین لە (یاد، واقیع، ئەفسانە، چەند شاعیرێک کە بۆ خۆیان بوونەتە ڕەمز، لە تەک خەیاڵفراوانیی دڵشاد خۆیدا)

یادکرنەوە و هێنانەپێش و لە چوارچێوە گرتنی وێنەکانیان، تاکو هەردەم لە بەرچاوماندا دیار بن، دژ بەفەرامۆشکردنە. لەیادکردن مەرگە. وەلێ بەسەرکردنەوە و گەڕانەوە بۆ خزمەتیان بە زیندوو هێشتنەوەیانە. دڵشاد دەیەوێ پێمان بڵێت، ئەوانە هێشتا لە نێوماندا دەژین. یان هیچ نەبێ دەڵێت: ئەوانە هێشتا لە خەیاڵ و دڵی بەندەدا زیندوون و بەچاوی خەیاڵ دەیانبینم. سۆزبەندیی نێوانمان هێشتا بەهێزە؛ گەرچی ئارامگەی هەندێکیان پێ نازانم، بەڵام خودی خۆیان لە دێری شیعرەکانیاندا دیارن و دەیانبینم. ئەوان بە جێدەستی دیاریانەوە ئامادەن و میوانی خەیاڵمانن.

دەشێ بڵـێین، وتـاری ئەفـسـانەیی و پێـشـهـاتی عـەجـیب و غـەریب، وتاری مـێژوویی، وتاری شـیعری، وتاری خـەون و خـەیاڵ، وتاری سـەفەر بەسـەر باڵی خـەیاڵەوە، وتاری ئاینیی بەشـیـعرکـراو، وتاری سـۆفـیـیانـە و سۆفـیـزم لەم شیعرانەدا بەرچاو دەکەون.

"پشتی کام سەفەر نەوی بوو تۆ سواری بووی؟ کام جانتای
چارەنووسی هەڵگرتی؟ شووشەی کام عەتر لە خۆیدا
خڕی کردییەوە، لێرە پەرتی کردی؟"

وەک چۆن ژانـرەکـانی چیـرۆک و ڕۆمـان و دەقی شـانۆیی، بـۆیان هـەیـە لە هونەری شـیـعـر سـوودمـەند بن، شـیـعـریش بـە هـەمـان شـێـوە، بۆی هـەیە لە هونەری گێـڕانەوە (سـرد) سـوودمـەند بێت. هـونەری گێـڕانەوە پێـویسـتـیی بە گـــەڕانـەوە بۆ ڕابـردوو هـەیـە. بەڵام کـــام ڕابردوو؟ گـــەش یـان ڕەش؟ تژی لـە بەرائەت یان لەوتاو؟ هونەری گێڕانەوە لە دەرێی یادەوەریدا بوونی نییە و پێک نایەت. بـەڵام ئـەمـەی وا لـە کـتـێـبی حـەجـدا، دڵشــاد عـەبدوڵا دەیگێـڕێتـەوە، یادەوەریـی تەنیـا خـودی شـاعـیـر نیـیـە، بـەڵکو دەشێ بڵـێین، یادەوەریی دەستەجەمعییە. چونکە یەک لە باری ئـەو شاعیرانە، هەموومان بە شانازییەوە ئامادەین خۆمانیان لێ بەخاوەن بکەین.

پێم وایە، ئەم شیـعرانە ناڕاستـەوخۆ دەپرسن: ئێمـە کێین؟ وەڵام: ئێمـە خزم و ناسـیـاری هـەرە لە پێـشی ئەو شـاعـیـرانەین، کـەواتە با یادیان بکـەین و لە نزیکەوە بیـانناسـین.. ئەم شیعـرانەی حەج ناڕاسـتەوخۆ خـەمی دووریی ئەوان، خـــەمی ئـاسـتـی قـــەدرزانینـی ئەوان لە کـــاتـی خـــۆیدا دەخـــوات. لـە بـندێری شـیـعـرەکـاندا دیارە کـە غـەریبیی ئـەوسـا دەکات، وەک پێـمـان بڵـێت: بریا ئـەو ساتەوەختە جوان و بە شکۆیانەی ئەوسا هـەر بەردەوام بوونایە.

زمانی شـیعـرەکانی حەج پاراوە. وەلێ وەک جـەستـەی ئـاسک جوانە، زێدەی لە خۆی بار نەکردووە. دوورە لە ئاڵۆزی.

ترس لـە ئێـسـتـا، هـەندێک جـاران بەرەو ڕۆژانی ڕابـردوو، بەرەو کـەیف و سـەفـای ڕابردوو پاڵمـان دەدات و خـۆزگـەی گـەڕانەوەی دەخـوازین، چـونکە

پێمان وایە جوانترین شیعر ئەوانەیە کە لەو زەمانە جوانە بەسەرچووەدا نووسراون.. بەڵام گەڕانەوە بۆ ڕابردوو تەنیا بە یادی شاعیرەوە گرێ نەدراوە، بەڵکو بە یادەوەریی گرووپییەوە بەندە. "هەندێک شاعیر هەن بەچاوی ئێستا ڕابردوو دەخوێننەوە، ئێستایش لە چاوی ڕابردووەوە دەبینن" واتە گومان لە هەردوو زەمەنەکە (ئێستا و ڕابردوو) پەیدا دەکەن.

گەڕانەوە بۆ ڕابردووی نازدار و جوان، گەڕانەوەیە بۆ سەروەختی ڕۆمانسی، بۆ لای شاعیرە نەجیبەکان. بۆ ئازار چەشتنی لە ناخەوە. لاڵانەوە و کڕووزانەوە بۆ دولبەران. ئەوان کاتێک شیعری خۆشەویستییان نووسیوە، بۆ خۆیان مەزنە دڵدار بوون. خەم و کۆڤانی سەردەمێکیشیان بە کۆڵەوە بوو.

بەگەڕخستنی یادەوەریی هەندێک جاران نیشانەی وەڕسبوونیشە لە هەنووکە. لە نێوان ئێستا و داهاتوودا، ئێمە حەنینمان بۆ ڕابردوو زیاتر هەیە. ئێستا مانایەکی ئەوتۆی نییە و جیوەییە. هەموو ئێستایەکیش دوای چرکەیەک دەبێتە ڕابردوو. هەرچی داهاتوویشە نادیارە و ناخوێنرێتەوە. ئێمە بۆیە باسی ڕابردووی خۆمان دەکەین چونکە تێیدا ژیاوین. بۆیە لە یادیشمانە.

ئەگەرچی ئەو دەمە برسێتی و جەنگ و نەخۆشی هەبووە. کۆلێرا و ئاوڵە لە نێودا بووە و چارەسەر نەبووە.. ئەوسا بە بەراورد لەگەڵ ئێستادا، تێکڕای تەمەنی مرۆڤ کەمتر بووە. ئەوان لەبەر ڕۆشنایی مۆم و فانۆس شەونخوونییان کێشاوە و شیعریشیان نووسیوە. لەگەڵ ئەوەیشدا وا پێ دەچێت لە ئێمە دڵئاسوودەتر ژیا بن. چونکە ئەو دەمە ژیان سادەتر و تەکلیفی کەمتر بووە. بەڵام دڵشاد عەبدوڵا باسی لایەنە جوانەکانی ئەو سەردەمانە دەکات. دەشێ مێژوونووس هەبێت باسی لایەنە تۆقێنەر و تاریکەکانی ئەو چاخانە بکات. وەک هەرەسی لە دوای یەکی ئەو هەموو میرنشینانەی ژێر سایەی ئێران و عوسمانی.

ئێمە گلۆڵەیەکین لە ڕابردوو، ئەگەر نەئالۆسکێین و سەری گلۆڵەکەمان لێ تێک نەچێت.. لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە ژیان ئەزموون دەکەین. هەمیشە هەستی

کات دەکەین و بۆنی دەکەین. برێ جاران هەستی شەشەمیشمان پێشبینی دەکات. بەڵام ئەمانە ناتوانن شیعر بخولقێنن. بۆیە پەنا بۆ زمان دەبەین. ئێمە لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە تاکو نهۆ، زۆر جاران بۆ مێژوو، ئەفسانە و حیکایەت گەڕاوینەتەوە. هەموو ئەمانە ڕابردوون و هەژموونیان لەسەر ئێمە هەیە و بۆیان هەیە لە ئێستادا ببن بە شیعر.

ئەو زمان و زاراوانە، ئەو ڕستەسازییەی ئەمڕۆ لە ئارادایە و کردەی نووسینی پێ ڕایی دەکەین، خولقاوی ئەم ساتەوەختە نییە کە ئێمە تێیدا دەنووسین، بەڵکو مێژوویەکیان هەیە و وەک ئەزموون کۆمان کردوونەتەوە.

لە نائاگاییدا، ڕەنگە خۆت دووبارە بکەیەوە، بێ ئەوەی بە خۆت زانیبێت. وەلێ ئەم پاتەکردنەوەیە غەیری ئەوانەی پێشووترە، کە ڕەنگە پێ نەزانی کەی بووە و لە بیریشت نەمابێ. ئێمە ئارەزووی کۆکردنەوەی ڕابردوومان هەیە، گەلێ ناویشمان لێ ناوە، وەک: کۆنینە، ئاسەوار و ئەنتیک. ئێمە بەدیدی ئێستاوە ڕابردوو دەیخوێنینەوە و بە پوختەکەی ئێستای پێ دەخوێنینەوە و دەنووسینەوە.

ئێمە ئەزموونی خۆمان بە ئاوایەکی ناڕاستەوخۆ بە شیعر، چیرۆک و ڕۆمان دەکەین. هەر ئەو لایەنەی ئەزموونیش گرینگە، کە بە هونەر دەبێت.. ئەدی ئەزموون ئەگەر پوختەی ڕابردوو نەبێ، چییە؟ هەرچی داهاتووە نادیارە، مەگەر بەخت و فاڵی بۆ بگرینەوە.

سەردەمی ساوایەتی بەشەر جوان بووە، وەک ڕۆژگارە پڕ لە داهێنانەکانی گریک و چین و ئیجپتییەکان و دۆڵی نێوان جووت زێ.. کاتێک ئێمە کەلاوە دەبینین، خەیاڵمان بۆ لای تەلار و باڵەخانەی ئاوەدان دەفڕێت. دارتوویەک لە پێش حەوشەدا، لە ناویشەوە داڵیت و گوڵی لاولاو و ڕێحانەی تێدا شین بووە. خانمخاس تێیدا بەلەنجەولار هاتوون و چوون. جووڵەی تێدا بووە. شاییان تێدا گێڕاوە.. واتە لایەنە ڕەشەکانی نایەنە پێش دیدەی خەیاڵمان. چونکە ئێمە هەردەم لە نێوان جوانی و دزێویدا یەکەمیان هەڵدەبژێرین.

ڕابردوو دەمانباتەوە بۆ لای بەهەشتێکی سروشتی نەک دەستکرد و

پلاستیکی. هەر گۆرانییەک باسی ڕابردوومان بۆ بکات، ئێمە حەنینمان بۆی دەجوولێت ئەگەرچی خۆمان خاوەنی ڕابردوویەکی درەوشاوەیش نەبووبین. بۆیە بە هەموو هەستمانەوە گوێدێری دەبین. وەک دەڵێن: "ڕابردوو بەهەشتێکی ونبووە"

"زارم پڕە لە تامەزرۆی
ئەو میوە ترش و شیرینانەی
لێرەوە بە پشتی خەیاڵ
دەیبەینە بەهەشت من و کۆماسی"

بەڵام دڵنیابە، لە پاڵ ئەو بەهەشتەدا دۆزەخێکیش نێڵەنێڵ سووتاوە. وەلێ ئێمە فێڵ لە خۆمان دەکەین و ئەم لایەنە تاریکەیان ناهێنینەوە پێش چاوی خۆمان. بە گوڵبژێری بەهەشتەکە دەخلافێین و دڵخۆشیی خۆمانی پێ دەدەینەوە، تاکو لە نەهامەتییەکانی ئێستا و نادیاریی داهاتوو هەڵبێین و خۆمانی لێ نەبان بکەین، کە نازانین لە دووتوێی خۆیدا چ بۆسەیەکی بۆ ناوینەتەوە. ئێمە زۆر جاران لە نێو وەهمی ئەوسای جوان و خاوێندا دەژین.

ڕابردوو تا بێت دەکشێت، ڕووبەری خۆی فراوانتر دەکات و تەنگ بە ئێستامان هەڵدەچنێت. ئێمە هەمیشە لە ژێر کارکرد و هەژموونی ڕابردوودا دەژین. ئەو ئەزموونانەی کەڵەکەمان کردوون سەر بە ڕابردوون و لە ئێستادا دەیانجووڵێنین و بەئاگایان دێنینەوە. دەیانکەین بە داینەمۆ بۆ جووڵەی نوێ. واتە ڕابردوو هەژموونی زۆری لەسەر ئێستامان داناوە. خوێندنەوەی هەر کتێبێکیش، وەک (حەج و گەیشتن بە ئاگر)ی دڵشاد عەبدوڵا، لە تەک خۆیاندا، بەسەر باڵی خەیاڵەوە بەرەو ڕابردوومان دەبەن.

جێی باسە ناوی شیعرەکانیش بە ڕادەیەک ساکارن، ڕەنگە شاعیرێکی تری ئەم سەردەمە بەلای ناوی وەک (حەج)دا نەچێت کە لای دڵشاد هەم ناوی شیعرێکە، هەمیش کتێبەکەی. کەچی ئەو وشە ساکارانەی بەو ئەندازەیە بە واتا دەوڵەمەند کردووە، خوێنەر سەرسام دەکات.. ئەم بەرهەمانە هەوڵی شاعیرن لەوپەڕی درەوشانەوەدا بۆ گەیشتن بە ئاستی ئەو شاعیرە نەمرانەی

بە خەیاڵفراوانیی خۆی سەردانی کردوون. نووسین و بەرهەمی ئەدەبییش لە خۆیدا تەقەلای مرۆڤە بۆ گەیشتن بە نەمریی و چالاکییەکی مرۆڤانەیە، بۆ وەستانەوە لە بەرانبەر عەدەم.. حەج کتێبە شیعرێکە، لێوانلێو لە شیعری خالیس.

٢٠١٠/٢/١

# کورتەچیرۆک هێشتا هەر بەڕێوەیە

لە کورتەچیرۆک دڵاودڵ مەبە، بەڵکو تەواو لێی دڵنیابە، دەبێتە ژانری هەرە لە پێشی داهاتوو. چونکە دەتوانێت بە باشترین شێوە ژیانی کۆمەڵایەتیمان بەرجەستە بکات. نەهۆ ژیانی مرۆڤ لە زۆر ڕووەوە، چنگ لەسەر شان بۆ پێشەوە تەکان دەدات. لە داهاتوودا ئەم ڕەزمەی ژیان خێراتریش دەبێت. ڕیتمی خێرای ژیان کاری لە بەستێنەکانی ئەدەب و هونەریش کردووە. لەمەولا پتریش کاریان تێ دەکات. بۆیەکا ئێستا و داهاتوویش هونەری کورتەچیرۆک دەخوازن و قەبووڵیشی دەکەن. هەر هەلومەرج و پێداویستی ئەم سەردەمە تیژتێپەڕەیشە هونەری (وردیلە چیرۆک)ی هێنایە ناوەوە، کە ئەمێستا بووەتە ژانرێکی سەربەخۆ.

کورتەچیرۆک پوختە و گوشراوی ژیانە لە چەند لاپەڕەیەکی چڕدا. ژیانە لە لقلقین و تەکان و شانشانێنیدا، بە تاڵی و شیرینییەکانییەوە، بە جەنگ و ئاشتی، خۆشەویستی و کینە و ماڵوێرانییەکانییەوە. بە چەوساندنەوە و ئازادییەکانییەوە. وەلێ ئەوەندە هەیە، ئەگەر زەمانە وەها تیژتێپەڕ بێت، گەرەکە هونەری کورتەچیرۆکیش فریای خۆی بکەوێت. کاژی کۆن فڕێ بدات و خۆی نوێ بکاتەوە. بە ڕادەیەکی ئەوتۆ وەخۆی بکەوێت، بتوانێت لە تەک لۆقی درێژ و خێرای سەردەمدا دەربچێت و پێشبڕکێ بکات. وەلێ بەو دەستمایە و تەکنیکە سواو و کۆنەوە کە هێشتا هەندێک نووسەر پەیڕەوی دەکەن، ناکرێ خۆی لە تەک ڕەزمی ئێستا و داهاتوودا بسازێنێت. ناکرێ بەو کەرەستە و ئایدیا کۆنانەوە لە گەوهەری ئەم سەردەمە بڕوانێت و لە بەرگێکی نوێی شیاویشدا نمایشی بکات.

پێداویستییەکی گرینگی قۆناغەکەیە، هونەری گێڕانەوەیش گۆڕانی

بەسەردا بێت، تاکو بتوانێ بەشدارییەکی کاراتر لەم پرۆسەی بەرەوپێشەوە چوونەدا بکات. ئەم قسانە لەگەڵ یەکدا ناکۆک نین، بەڵکو تەواوکەری یەکدین. هێشتا چیرۆک لە باریدا هەیە بۆ تێگەیشتن لە واقیعی ئەم چاخەی وا تێیدا ژیان بەسەر دەبەین یارمەتیدەر بێت. هێشتا چیرۆکی نوێ لە باریدا هەیە پرس و پرسیاری نوێ بورووژێنێت و خوێنەر سەرسام بکات. نووسەر دەتوانێت لە کورتەچیرۆک هێما و ئیماژە بەڕێ بخات و بە زمانی کورتەچیرۆک ڕەمز بخولقێنێ. چیرۆکنووس بۆی هەیە لە ڕێی بەکاربردنی ڕەمز و دەمامکەوە کە بە زۆری لە کەلەپوور و مێژووەوە دەیانهێنێت و لەگەڵ ئێستادا دێنەوە و بۆ گوزارشت لە کێشەکانی ئەم قۆناغەیش گونجاون، پرسیار لەسەر کێشە ئاڵۆز و پەنگخواردووەکان بورووژێنێ.

نووسین و خوێندنەوەیشی ماوەیەکی کورت دەخایێنێت، بەڵام خەیاڵ تێیدا مەودا فراوانە و بێ سنوورە. وەکو تر دەست گرتنەوەیە لە وشەگەل و دەربڕینگەلی زیادە. دەکرێ وەک فەنباز و خەیاڵفراوان پەل بۆ زۆرێک لە هونەرەکانی تر بهاوێت، بێ ئەوەی سیما و ڕێڕەو و چێژی خۆی وەک کورتە چیرۆک لە دەست بدات. هەر لە حیکایەتەوە هەتا دەگاتە هونەرەکانی شێوەکار و سینەما، هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەیش، لێیان بەهرەمەند دەبێت. بە نیازی دەوڵەمەندکردنی خۆی، بە ئاسانی دەتوانێ لە هەموویان بخوازێت و بە سەلامەتیش بگەڕێتەوە بۆ خولگە و نێو باخچە پەرژینکراوە ڕازاوەکەی چیرۆک و کەسیش حیسابی پێ لێ هەڵبڕین و پاوانخوازی بۆی نەکردبێت. واتە چیرۆک هێشتا هەر چیرۆک بێت. ڕەنگ و بۆی هیچ کام لەو ژانرانەی نەگرتبێت.

لەو ڕووبەرە بەرتەسکەی کورتە چیرۆکدا بوارێکی زۆر بۆ مانۆڕ لە بەردەستدایە. لە کوێوە دێیتە ناوەوە و لە کوێوە ماڵئاوایی دەکەی، خۆت سەرپشکی. بە کام زمان و کام زەمان دەدوێی؟ گێڕانەوەی حیکایەت بەکام ڕاناو و گۆشەنیگا دەسپێری؟ دیارە دەشێ گێڕانەوە بە چەند ڕاناوێکیش بسپێردرێت. لەمەیشیاندا ڕووبەرێکی بەرفراوانت بۆ مانۆڕ بەدەستەوەیە و

خۆت سەرپشکیت. لە ڕاستیدا بەرتەسکییەکەی کورتەچیرۆک چاوخاپێنە، دەنا هونەرێکە جێی جیهانی تێدا دەبێتەوە.

تۆ دەتوانی وەک تەکنیکی گێڕانەوە، پشت بە خودی گێڕانەوە (سرد)، گوتوبێژ، مۆنۆلۆج، شیعر، نامە، کاسێت و سیدی، جیهانی هونەری شێوەکار.. سینەما، حیکایەت، ڕۆژنامە و بیرەوەرییەکان ببەستیت و هونەرەکەتی پێ تێر و دەوڵەمەند بکەیت. ئەوەیش بزانە کە وێنەی شیعری، ئەگەر لە شوێنی خۆیدا بێت، جوانییەکی سیحراوی بە زمانی چیرۆک و ڕۆمان دەبەخشێت. کارێک دەکات دەوڵەمەندتر بەدیار بکەوێت و تا ماوەیەکی دوور لە زەینی خوێنەردا بدرەوشێتەوە. ئامێتەبوونی هونەری شیعر و هونەری گێڕانەوە، چیرۆک سەرنجکێشتر و توانای ورووژاندنی پتر سەردەخات.

گەرچی کورتەچیرۆک ژانرێکی نووزەدرێژیش نییە، وەلێ بۆی هەیە بەهۆی مۆنۆلۆج و شەپۆلی هۆشەوە بە قووڵی بە ناخی مرۆڤدا ڕۆبچێت و دۆخی سایکۆلۆجیی قارەمانەکان بەرجەستە بکات. وێنەی ورد و ڕاستگۆیانەی هەناسە گرینگ و یەکلاکەرەوەکانی ژیانیان بکێشێت.. هونەرێکی بەپێزە، جیرِی تێدایە، واتە بۆی هەیە بەچەند سەد وشەیەک دنیایەک بخاتە ڕوو. بۆی هەیە بەگوێرەی پێویست و هەلومەرجەکان بکشێت. وەنەبێ هونەرێکی هەروا ئاسانیش بێت. بۆیە وەک دەبینن، مەرج نییە هەر نووسەرێک هات و خۆی لێ دا، سەرکەوتوو بێت.

هونەری کورتەچیرۆک لە خۆیدا پرۆژەیەکی بەردەوامە و خاوەنی دنیای خۆیەتی و سەربەخۆیە. لە هەمان کاتدا هونەرێکی زەین و چاوخەڵەتێنیشە. بەوەیدا کە کورتە، زۆرن ئەوانەی خۆیانی (پێ)یان (تێدا) تاقی دەکەنەوە و منەی دەکەن، وەلێ چەندیان بە سەلامەتی لەو ڕووبارە بەنرکە و هاژەیە بەسەرکەوتوویی دەپەڕنەوە؟

من تەنیابالْم و بەوشکی سەما دەکەم! ئەدەب بە لەکەکانییەوە ئاوەهایە. سەمای تاکە. من دوور لە تەپڵ و دەف و موسیک سەما دەکەم. دوارۆژ بۆ ئەوانەیە کە پشتیان بە توانای خۆیان ئەستوورە.. هەندێک جاران چیرۆک

مێژوو وەردەگێرێتە سەر زمانی ئەدەب و دەبێتە حیکایەتخوان. بەسەرهات و جەنگی پادشا و سەرکردە بەزیوەکانیش دەگێرێتەوە.. چیرۆک لەسەر بۆشایی بنیات نانرێ. هەر دەبێ پێوەندیی بەجیهانی ڕاستینەوە هەبێ. برێ جاران ڕەنگە نووسەر قارەمانەکان بناسێ و لێیان بدوێ. یان ڕەنگە نووسەر بە جۆرێ لە جۆرەکان لە ڕێی چیرۆکەوە، ژیانی خۆی بنووسێتەوە.

تایبەتمەندییەک لە چیرۆکدا هەیە لە ڕۆمان ناوەشێتەوە. هەر ئەمەیشە وەهای کردووە کورتەچیرۆک هەوادار و خوێنەری زۆر بێت. ئەویش کورتییەکەیەتی. زوو خۆی بەدەستەوە دەدات. خوێنەر بە زوویی لە مەبەست، یان نامە و تیمە و بیرۆکەکەی دەگات. وەک ئاسک وەهایە، بۆ ئەوەی گورج و خۆشبەز بێت، ناکرێ زیادە گۆشت لە خۆی بار بکات، یان خۆی بە درێژدادڕی قەبە ناکات.

زمانێکی هەیە لە نێوان زمانی پەخشان و شیعردا.. چیرۆک خۆی بەواتا و هێما بارگاوی دەکات، وەلێ دیسان دوور لە زۆربلێیی. ئەمە وەهای کردووە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا گونجاو بێت.. تەشویقی تێدایە. چونکە هێزی کێشکردن و کەشفکردنی تێدا دەخرێتە کار. ئەمەیش وای کردووە، کەسانی ڕووناکبیر زیاتر هەڵوەدای بن.

ئێستا لە هەموو دنیادا مەرجێکی سەرەکیی چیرۆک، ڕوونییە. چونکە سەردەم سەردەمی ڕوونییە.. چیرۆک هەر دەبێ لە واقیعەوە دەستی پێ کردبێت و قارەمانەکانی نموونەیان هەبێت و وەهم نەبن. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە، چیرۆک بەشێوەیەکی کۆنکریتی باس لە کێشەکانی مرۆڤی سەردەم دەکات، نەک لە دوورەوە ئاماژەیان پێ بدات. داچوون بۆ نێو وەهم و خەیاڵاتی زڕی نێو کۆڵانە بە پێچ و پڵووچەکانی نەستی خودی نووسەر، کە بۆ تەمەنێکی درێژ بنیان ناوەتەوە؛ کە دەشێت ماکی پەژمووردەیی خودی خۆی بن، بە خوێنەر چی؟ ئەو وڕێنە و هەڵوەسانە تێکەڵ بە چیرۆک مەکە، ئەوانە کێشەی زۆر تایبەتیی خۆتن، لە ئەمبارە پەنامەکییەکانی نەستی خۆتدا قەتیس ماون و بوونە بە گرێکوێرەی لە کرانەوە نەهاتوو؛ ڕەنگە ئەو نووسەرە خۆیشی بە

تەواوی نەچیتەوە سەر بنج و بناوانیان.

نووسەر هەیە، وەهەمی ئەوەی لەلا چێ بووە، بۆ ئەوەی خوێنەر لە چیرۆکەکەی تێ بگات، دەبێ بە شێنەیی و لەسەر پشت دوو سێ جاران بیخوێنێتەوە. چونکە ئەو تەنیا بۆ دەستەبژێر دەنووسێ. ئەمەیش پەتایەکە، لە هەندێک کۆلکە نووسەری عێراقییەوە داکەوتووە. لەوێوە بە نێو نووسەرانی کوردی باشووریشدا بڵاو بووەتەوە. ئەدی ئەوە نییە ئێمە لە هەموو بەستێنێکدا ڕەنگدانەوە، یان دەنگدانەوەی ئەوانین؟ ئەوە بزانە، لەم سەردەمی خێراییەدا، کەسێک هۆشیار بێ بێجایی وەها ناکات، دوو جاران چیرۆکێک بخوێنێتەوە. لێرەدا قسەم لەسەر توێژەر نییە، کە لە ئێستای کوردستاندا بوونی نییە! دوای ئەوەیش، ئەم ناماقووڵی بۆ دەستەبژێر نووسینە، لە خۆیدا خۆ بەزل زانینە.

لێرە، لەم خۆرئاوای چەقی پێشکەوتنەدا چیرۆک بۆ ئەوە دەنووسرێت، خوێنەر لە نێو قەتار و میترۆدا بیخوێنێتەوە و کاتی پێ بەسەر بەرێت و چێژی لێ ببینێ. چیرۆکیش ژانرێکە بە نەژاد خۆرئاواییە. تۆی نووسەری کوردیش گەرەکە ڕاوێژ لەوانەوە وەربگریت. نەک لە کۆلکە نووسەری عێراقی. وتم (ڕاوێژ) نەک بێیت کتومت لاسایییان بکەیتەوە.

هەر چیرۆکێک ئەگەر خوێنەر لێی تێ نەگەیشت (کە دیاردەی وەها ڕوودانی دەگمەنە) ئەوا خوێنەر یان کڕیاری نابێت و هیچ دەزگەیەکی چاپیش کە لای خۆیەوە ڕاوێژکاری بۆ هەموو بوارەکانی ئەدەب هەیە، ئامادە نییە کاری وەها چاپ و پەخش بکات. هۆیەکەیشی زۆر ڕوونە. هەموو گێلێکیش دەیزانێت. چونکە چیرۆکیش وەک شەکر و قاوە و بیرە، کاڵایە و گەرەکە بازاڕی هەبێت و قازانج بکات.

لێرە لە پۆلی نۆیەمی قۆناغی بنەڕەتیدا، ساڵانە قوتابی چەندین چیرۆکی نووسەرە بەنامێیەکانی خۆیان و جیهان وەک پرۆگرامی خوێندنی زمان وەردەگرێت. ئەنالیزەیان دەکات و وەک وانەی زمان نیوەی نمرەکەی لەسەر ئەم بابەتەیە. مامۆستای زمان، لەمەڕ وردەکارییەکانی ئەو چیرۆکانە پرسیاری

وردیان لێ دەکات، وەک: ئەو ڕاناوە، یان ئەو گۆشەنیگایەی پێی نووسراوە و بۆچی؟ تیمە و بیرۆکەی چیرۆکەکان.. هەڵسەنگاندنی کەسێتیی قارەمانەکان.. قارەمانی سەرەکی و (بێ) قارەمان... هتد

بۆ زانین، پێرارەکە (٢٠٠٧) لێرە، لە بەرنامەی خوێندنی زماندا بۆ پۆلی نۆیەم، کورتەچیرۆکێکی نووسەری میسری (علاء الاسوانی) بەناوی (عیزەت ئەمین ئەسکەندەر) هەبوو. کە باس لە منداڵێکی قوتابیی کەمئەندامی دارشەق لە بن هەنگڵ دەکات، هەمیشە چاوی لەسەر هاوڕێکەیەتی کاتێک بە سواری دووچەرخەکەیەوە بە لایدا تێ دەپەڕێت. ئەمیش بووە بە خولیا و مەراقی بتوانێت تاوێک پایسکل لێبخوڕێت... جێی وتنە لێرە (نزیکەی) هەموو کەسێک ناوی (علاء الأسوانی)ی بیستووە.

بیرت بێ، خوێنەری کوردیش لە قەد نووسەری کوردە. کوڕی هەمان کۆمەڵگە و هەمان قۆناغی مێژووییە. واتە کێشەیان، خۆزیا و بریاکانیان تەواو لەیەکەوە نزیکن.. ئێستا زمانی چیرۆک لە هەموو دنیادا ئەوەندە سادەیە، لە زمانی ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامە دەچێت. ئەگەر بیرتان بێت لەمێژە (مارکیز)ی خاوەن نۆبڵ بەو زمانە ساکارە (زمانی رۆژنامە) ڕۆمانی (هەواڵی فڕاندن/ خبر إختطاف)ی نووسیوە کە وەریشگێڕدراوەتە سەر زمانی عارەبی.

هەیە چیرۆکێک دووان، یان ڕۆمانێک دووانی نووسیوە و باس لەوە دەکات ڕێباز و ڕێچکەی نوێی پەی پێ نەبراوی داهێناوە. لە کاتێکدا هێشتا خوێنەر، بە تەواوی ئەوی وەک نووسەر نەناسیوە. یەکەمین بەرهەم، واتە یەکەم کۆمەڵە چیرۆک، یان یەکەم ڕۆمان، بە مەرجێک تەواو سەرکەوتوویش بێت، مەگەر تەنیا ئەوەندەی لەدەست بێت خاوەنەکەی بە خوێنەر بناسێنێت. بۆ ئەوەی خۆت بناسێنی گەرەکە بە ئاسانی بچیتە دڵی خوێنەرەوە. دیارە بەنووسینی مەتەڵ و موعەما ناکرێت سەرنجی کەس ڕابکێشی. هیچ نووسەرێکیش ناتوانێت بە یەکەم بەرهەمی، کارێک بکات، پێشی ئەوانەی بەر لە خۆی چیرۆک دەنووسن بداتەوە. کەسێک هێشتا وەک ناوێک لە نێوەندەکەدا

نەناسـرابێت چلۆن دەتوانێت لە ئاسـایی و (مـەئلووف)ی تێ پەڕێنێت. تکایە براله، لێرەدا نموونەی بلیمەتەکانی جیهان مەهێنەرەوە. خۆت لە ڕیزی ئەواندا سەرژمێر مەکە. ئەوانە ڕیزپەڕن و پاتەبوونەوەیان جۆرێکە لە پەڕجوو.

خـەیاڵی بەپیـز و نوێ، چیـرۆکی لێـوانلێـو لە بزاڤ و لڤلڤین و درامـا، کۆنکریتی، واتە نزیک و ئاشنا بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، بە زمانێکی کوردیی پوخت و سـادە نووسـراو، دەشێ بە وردی سـەرنجی خـوێنەر بۆ لای خـۆی ڕابکێشێ. چیرۆکێک ئەگەر تان و پۆیەکەی ڕیزکردنی وشە هاوواتاکان بێت، ئەوە پەخشـانێکی بێزارکەرە و هیـچی تر. ئەوە ڕیزکـردنـی وشـەیە لەسـەر حیسابی ڕووداو و ملانێ، کە کرۆکی چیرۆک و ڕۆمانیشە.

هەوڵی لاساییکردنەوەی بیرۆکە، یاخۆ تەکنیکی نموونە جیهانییەکان مەدە. چونکە ئەو نموونانە زادەی سەردەمی خـۆیانن. مـەردمی ئێسـتا لەمێـژە ئەو زەمـانەیان تێ پەڕاندووە. هەروەها ئەوانە زادەی شـارسـتـانیـیـەت و مگێـز و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی تایبەت بە خۆیانن. هاودەردی و نزیکایەتییان لەگەڵ جڤـاکی کـوردەواریدا نیـیـە. ڕەنگە لە ڕووی ژیار و شـارسـتـانیـیـەوە چەند سەدەیەکیشیان نێوان بێت. لاساییکردنەوەشیان بە داهێنان حیساب ناکرێ. بگرە ئەو نووسەرانەی پێ گەورەتر دەبێت، کە تۆ لاساییان دەکەیتەوە.

سوور بزانـە ئەگەر خوێنەر لە چیرۆکەکەت تێ نەگەیشت و کتێبەکەتی نایە ئەولاوە، ئەوا لەلای خـۆیەوە، تۆی وەک نـووسـەرێـک (چز) کـردووە. ئێـدی ئەستەمە جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر بەرهەمەکانت. ئەمەیش مانای وایە ڕێک و ڕەوان پێی وتی: تۆ چیرۆکنووسێکی سەرکەوتوو نیت! تەواو وەک ئەو تاکە لاگرە ناسـۆسیالەی کە ناتوانێت و دەترسێت لەوەی تێکەڵ بە ئاپۆڕای کۆمەڵ ببێ. یانژی وەک ئەو کۆترەی تاکەکەی پشیلە خواردبێتی و بە تەنیا دەفڕێت، ئەوا تـۆی نووسـەر ناتـوانی خـوێنەر بۆ خـۆت پەیدا بکەیت. واتە تۆیش هەر ناسۆسیالی.

بیرت بێ، بێجگە لە باشووری کوردستـان لە هەموو جێیەکی دنیـادا خەڵات بەو نووسـەرانە دەدرێ، کە خـوێنەریان زۆرە. بێ مـەڵامـەت نییـە کـە نووسـەر

هەیە دە بەرانبەر نووسەرێکی تر خوێنەری هەیە و هەردوو لاشیان کوڕی یەک سەردەم و یەک کۆمەڵگەن!

چیرۆک هونەری گێڕانەوەیە. چیرۆکنووس ئەو کەسە ئەفسوونبازەیە کە دەتوانێ بابەتێکی ساکار و ئاسایی بەشێوەیەکی نائاسایی ئەوتۆ بگێڕێتەوە، خوێنەر ئەوق بکات. دەشێ کورتەچیرۆکێک دوو سەرەتا و دوو کۆتاییی هەبێ. لە بنەوە بەرەو لووتکە بینا کرابێت. یان بە بینای پێچاوپێچ و گەڕانەوە بۆ سەرەتا، بۆ دانانی چینی نوێ نووسرابێت. ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر، بە گێڕانەوەی سەیر و فانتاسیا دەبێتە هۆی سەرسووڕمانی خوێنەر.

هەندێ توێژەری عەرەب، پێیان وایە کورتەچیرۆک کۆتاییی نییە. چونکە دەکرێ کۆتاییی هەر چیرۆکێک سەرەتایەک بێت بۆ چیرۆکێکی تری نوێ. وەک چلۆن لە هەزار و یەکشەودا هەر حیکایەتە و لە حیکایەتی پێش خۆیەوە لەدایک دەبێت.

بیرت بێت، کاتێک ئێمە باس لە هونەری چیرۆک دەکەین، مانای وایە باس لە (شێواز+ تەکنیک+ زمان + ڕوانینی قووڵ بۆ دەوروبەر) دەکەین. دەشێ ئەم ڕەگەزانەیش گۆڕانیان بەسەردا بێت و پەرەیان پێ بدرێت. وەک پێویستییەکی سەردەم بە مەبەستی بەرەوپێشچوون و خۆگونجاندن لە تەک ڕەوتی مێژوو و تێپەڕاندنی ڕێسا و یاسا باوەکانی چیرۆکدا، گرینگە لەو هەموو (دەبێ و نابێ) و پێودانگانەی کە سالانێکی دوور و درێژ بوو خوومان پێوە گرتبوون، دەربچین و لە دوای خۆمانەوە بەجێیان بهێڵین؛ هەموو ئەم گۆڕانکارییانەیش بەچاکەی خودی هونەری چیرۆک بشکێنەوە.

سەرنج: لە ڕۆژنامەی (هەولێر) ڕۆژانی (٦/١٧- ٢٠٠٩/٦/١٨)دا، بلاو بووەتەوە.